# دیوان


سەرنووسەر
**سمکۆ عەبدولکەریم**

گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتییە، ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات

| بەڕێوەبەری نووسین | سەرپەرشتیاری گشتی | خاوەن ئیمتیاز |
| --- | --- | --- |
| **محەمەد گۆران** | **بێکەس حەمە قادر** | **مەسعودی مەلا هەمزە** |

ژمارە (١٥) ئابی ٢٠٢٣ زاینی - گەلاوێژی ٢٧٢٣ کوردی


## بەردەوام دەبین

لە بیستەکان و سییەکان و دواتریش، کەسێک تەنیا خوێندەوارییەکی هاکەزایشی هەبووایە، زۆر گرنگ بوو، چجای ئەوەی خاوەنی بڕوانامەیەکی ئەکادیمی، یان هەر بڕوانامەیەک بووایە. بۆیە دەبینین خوێندەوارەکانی ئەو سەردەم، زۆر دەگمەنن، ئەو دەگمەنییەیش ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر کۆی پانتایی ڕۆشنبیریی کوردی، ئەو کتێب و زانیاریانەی لەو سەردەم بۆ ئێمە ماونەتەوە، زۆر کەمن، هەر ئەمەش هۆکار بووە، بەشی زۆری مێژووەکەمان لە لایەن خۆرهەڵاتناسەکانەوە نووسراوەتەوە و بە ئێمە گەیشتووە. ئەو کتێبانەی خۆرهەڵاتناسەکان نەبووایە، ئێمە ئێستەش وەکو پێویست شارەزا و ئاگاداری کۆمەڵگەی کوردەواریمان نەدەبووین.

تاکە سەرچاوەی ئەو سەردەمە زووەی ئێمە، بریتییە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، بەڵام کە ڕووپەڕی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەش هەڵدەدەینەوە، دەبینین ناوەرۆکەکانیان بەهەمان شێوە ڕەنگدانەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی ئەو سەردەمی خۆمانە، لەگەڵ ئەوەشدا، ئێستەش کە دەیانبینین دڵمان پێ خۆشە و وەکو بەشێک لە جەستەی خۆمانی دەزانین. ئەوە بۆ ئێمە بووەتە پاڵنەرێکی بەهێز، لێیەوە شەوق و گڕ و تین وەربگرین و برەوی پێبدەین، بە دڵنیاییەوە ئەو دەلاقەیەی ئەوان نەبووایە، ئێمەش نەماندەتووانی ئەمڕۆ بە دونیابینییەکی تازەترەوە لە ئاسۆ بڕوانین.

بە پشتبەستن بەو ڕابردووە و تێگەیشتن لە ئێستە، دەستمان داوەتە دەرکردنی گۆڤاری دیوان، ئەگەر دەستخۆشی و پێزانینی ئێوەش، خوێنەران و نووسەران نەبووایە، ئاسان نەبوو بەردەوام بین.

بۆ من جێگەی ڕێز و پێزانینە کاتێک گوێم لە کەسێکی وەکو فەرید ئەسەسەرد دەبێت، ستایشی گۆڤاری دیوان دەکات.

بەدڵنیاییەوە ئەو ستایشەی ئەو و کەسانی دیکەش، بۆ ئێمە هاندەرێکی باش دەبێت، نەک بۆ ئەوەی هەر بەردەوام بین، بەڵکو بۆ ئەوەی بتوانین تەکانێکی دی بە گۆڤاری دیوان بدەین و ئاستەکەی لەوەی کە هەیە باشتری بکەین. باشتر بەو مانایەی، ئێمە ئەو گۆڤارە تەنیا بۆ توێژێک، یان دەستەبژێرێکی دیاریکراو دەرناکەین، هەوڵمان داوە و هەوڵدەدین گۆڤار بۆ هەموو ئاستەکان بێت، بەدیاریکراویش ڕەنگدانەوەی سەردەمەکە بێت، لەگەڵ ئەوەشدا بتوانین گۆڕانکاری، یان تێگەیشتنێکی تازە لە بیرکردنەوە و دونیابینی کەسەکان بخولقێنین، یەکدی خوێندنەوە و یەکدی قبوولکردن ببێتە بنەمایەکی قایمی هەر تاکێک لە ئێمە، چونکە وەکو چۆن پێمان وایە جێگرەوەی دیموکراتییەت، هەر دیموکراتیەتە، ئەوە جێگرەوەی بەیەکەوە ژیان و یەکدی خوێندنەوە و یەکدی قبوولکردنیش هەر ئەوەیە کە گوتمان.

سەرنووسەر


هەولێر - شەقامی ١٠٠ مەتری نزیک کۆلێژی دەرمانسازی
govaridiwan@gmail.com
(گۆڤاری دیوان) لەتیلیگرام



تیراژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانە: ڕۆژهەڵات
**دیزاین: ئاسۆ حەسەن ئەحمەد** (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)



هەموو ئەو وتار و بابەتانەی لە گۆڤاری دیوان بڵاودەکرێنەوە، ڕاوبۆچوونی نووسەرەکانیانە

# لەم ژمارەیەدا

*** دۆسیە: (ڕۆستەم باجەلان)**


١. ڕۆستەم باجەلان/ سمکۆ عەبدولکەریم ........ ٤
٢. ڕۆستەم باجەلان .. شاعیرێک، غەریبتر لەغەریبی/ قەهار شێخانی ........ ٥
٣. ڕۆستەم باجەلان و پرۆژەی (ئەدەبی منداڵان) و هەندێک شتی دی/ ئیسماعیل تەنیا ........ ١٠
٤. ئەو پیاوەی بۆ نووسین ژیا/ ئاری ئاغۆک ........ ١٤
٥. مامۆستا ڕۆستەم باجەلانم ئاوا ناسی/ شاخەوان عەلی حەمەد مامۆکی ........ ١٧
٦. هەڵوێستێکی دلێرانەی ڕۆستەم باجەلان/ مەغدید حاجی ........ ٢٠
٧. سیخوڕیکردنی ئەدەبیم بەسەر ڕۆستەم باجەلان-دا/ دڵشاد کاوانی ........ ٢٢
٨. نامۆبوون لەدونیای ئەدەبی ڕۆستەم باجەلان دا/ دڵزار حەسەن ........ ٢٣
٧. کتێبەکانی ........ ٣٦


*** مێژوویی:**


١. بەرەی نیشتیمانی و نەتەوەیی و پێشکەوتنخواز لە نێوان حزبی شیوعی و../ ئەمیرە حوسێن شەریف ........ ٣٨


*** ڕەخنە و لێکۆڵینەوە:**


١. محەمەد باوەکر درێژە بە (گەمەی پەنجەکان)ی دەدات/ بۆتان جەلال ........ ٥٢
٢. چەند جارێک ڕۆمانی (کتێبفرۆش)م خوێندەوە/ مستەفا نادر ........ ٥٦
٣. کەژاڵ ابراهیم خدر بوێریەکەی سەرسامی کردم/ عبدالجبار الجبوری - و: هێمن سە عید ........ ٦٥
٤. عیشق لای جزیری و مەحوی/ نەجات ئەسپیندارەیی ........ ٦٧
٥. مەدیحە برادۆستی .. کابانی شیعر/ نعمەت عەبدوڵڵاد ........ ٧١


*** دەق: (چیرۆک - شیعر)**


١. بەری وێرکشۆپێک لەسەر نووسینی داهێنەرانە ........ ٧٤
چیرۆکی یەکەم: ئەوێ/ هێلین عەبدولجەبار ........ ٧٥
چیرۆکی دووەم: هۆڵی ژێ/ بەسێ بەشیر ........ ٧٦
چیرۆکی سێیەم: سوێ/ هیوا پشتیوان ........ ٧٧
چیرۆکی چوارەم: لاس/ ڕێبوار یاخی ........ ٧٨
چیرۆکی پێنجەم: نامەی بێ وەڵام/ کارمەند خدر ........ ٧٩
چیرۆکی شەشەم: عەبدولڕەشید/ گۆران سەباح ........ ٨٠
٢. تێکستەعیشقی - کتێبێکی سوور/ شیعری: حەمە ئەحمەد جاف ........ ٨١
٣. غەریبستان! / سەعدوڵلا نوری ........ ٨٢


*** ڕۆشنبیریی گشتی:**


١. سوهراب سپێهری .. لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە/ وەرگێڕانی: مقداد شاسواری ........ ٨٤
٢. ئایا خوڕافیات بەرهەمی هۆشیارییە!؟ / حەمە هاشم ........ ٨٩


*** دیدار:**


١. دیداری سەعدی عەلی / دیمانە: سمکۆ عەبدولکەریم ........ ٩٢


*** هونەریی:**


١. چاوەش یان ناسنامەی گەلێک/ سالار کۆشار ........ ١٠٢
٢. زەردەشت بەمجۆرە قسەی کرد/ ئامانج غازی ........ ١٠٤


*** خوێندنەوەی کتێب:**


١. ئەدەب و هونەری منداڵان - کتێبێک بەدوای کتێبێکی دیکەدا دەگەڕێت/ فازیل شەوڕۆ ........ ١٠٨
٢. چەند سەرنجێک لە سەر کتێبی میر محەممەدەمین دەرگەڵەیی / دڵشاد باڵەکی ........ ١١٥
٣. خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی زۆربای ئێرانی/ سەدیق سەعید ڕواندزی ........ ١١٨


*** لەبری بیرەوەری:**


١. شەو لەکێوان (بەشی٩) / د. ئەرسەلان بایز ........ ١٢٤


*** وێستگەی دیوان:**


١. (١) پرسیار (ڕێباز مستەفا) ........ ١٣٠
٢. واجیدە هیبەتوڵلا پێشەنگی کچانی خوێندەواری ئاکرێ / محەمەد گۆران ........ ١٣٢
٣. بیبلیۆگرافیای گۆڤاری دیوان و سەرنجێک / ستار محەمەدئەمین ........ ١٣٦
٤.سەبارەی بە نازناوی مەزن/ سەلاح مەزن ........ ١٣٧
٥. لەدەفتەری نەمریدا / هونەرمەند (گۆڤار ئەنوەر) ........ ١٣٨
٦. گۆشەی دیوان ........ ١٣٩
٧. ساڵۆنی لاپەڕە (٩) ........ ١٤١


*** لاپەڕە ١٤٤:**


١- گۆڤاری (دیوان) ڕەنگی هەموو ڕەنگەکانە / نازم دڵبەند ........ ١٤٤


# دۆسیە

# ڕۆستەم باجەلان

## ١٩٤٦ - ٢٠١٨/٣/١٥

ڕۆستەم باجەلان ئێستەشی لەگەڵدابێت، مشتێک خاکی نیشتمانی نەگۆڕیەوە، بەهەموو سەروەتی دونیا، چونکە ئەو لەکاتی خۆشیدا، نەخۆی و نەقەڵەمەکەشی نەفرۆشت، هیچ کاتێک نیشتمانپەروەری لەبیر نەکرد، لەهیچ زەمەنێکیش نیشتمانی نەخستە مەزادێکی ئاشکرا بۆ خۆشگوزەرانی خۆی، ئەو دەمێک بوو، پەیامی ڕاستگۆیی هەڵگرتبوو، بەڵام نەیدەزانی بەگوێی کێ دا بچرپێنێت، زەمەنێک بوو بەدیار تەرمی پاکی هیواکانیدا گریانی دەنووسییەوە، عەیامێکیش بوو، لەگەڵ ڕەشەبای بێ مروەتیدا شەڕی ژیانی دەکرد، تا وای لێهات، هەموو ڕۆژێک قژی شیعرێکی، بە بەرچاوی حەزەکانییەوە سپی دەبوو، بەڵام ئەو هەر کۆڵی نەدا و خۆڕاگربوو، تا گرەوی خۆی لەژیان بردەوە و تک تک بەرائەت و پاکی لێ ڕژا، ئەو مرۆڤێک بوو گەورە، بەقەد نیشتمان، سپی بەقەد بەفر، پاک وەکو ڕۆحی منداڵ.

قەهار شێخانی



# ڕۆستەم باجەلان

**سمكۆ عەبدولكەریم**

سەردەمانێک گازینۆ مەچکۆ تاکە شوێنی بەیەک گەیشتن و دیتنی نووسەر و ئەدیبان بوو، ئەودەم تەکنەلۆژیا ئەوها پێشنەکەوتبوو، مەچکۆ وەکو ئامێرێکی پەیوەندی بێتەل وابوو، هەر کاتێک ویستبات ئەدیبێک ببینی، چارەت نەبوو، ئێوارەکەی دەبووایە هەر تەنیا ڕوو لەمەچکۆ بکەیت، هێشتە چایەکەت تەواو نەکردووە، ئەوەی بەدوایدا دەگەڕێیت و چاوەڕوانی دەکەیت، دەبینیت لە تەنیشتت، یان بەرانبەرت دانیشتووە.

من زۆربەی نووسەر و ئەدیبانی هەولێرم لەو چایخانەیە بینی و ناسی. ئەوکاتەی مەچکۆم پێزانی، منیش وەکو فەریکەیەک تازە سەرم دەرهێنابوو، ئەگەر هەموو ئێوارەیەک نەچووبامە ئەوێ، وەکو ئەوە وابوو لایەکی خۆم بزر کردبێت.

تا بەر لە ڕاپەڕین بەشەرمەوە لە ڕووخسار و هەڵسوکەوتی ئەو ئەدیبانە ڕادەمام، کە هەموو ئێوارەیەک لەوێ دەمبینین. دوای ڕاپەڕین، سەبر سەبر ئەو شەرمەم شکا و توانیم تێکەڵیان ببم، چونکە تا ئەودەم لەخۆم ڕانەدیبوو، تێکەڵیان ببم.

ڕۆستەم باجەلان یەکێک بوو لەو شاعیرانەی بەردەوام هامووشۆی چایخانەی مەچکۆی دەکرد، وادەزانم دوێنییە، ئەو و عەباس عەبدوڵڵا یوسف لە بەرانبەرم دانیشتوون. باجەلان پرسیاری ئەوەی لێکردم (هیوا عەوڵا غەفوور) کێیە؟ چونکە

ئەو شیعرەی ڕۆستەم باجەلان لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٢ لە ڕۆژنامەی پێشکەوتنی یەکێتی قوتابیانی پارتی بۆی بڵاوکردبوومەوە، پێشکێشی ئەوم کردبوو. یەکسەر لەوە گەیشتم بۆ ئەو پرسیارەم لێدەکات.

هیوا گەنجێکی تازە هەڵکەوتووی ڕۆشنبیر بوو، لە کۆتایی هەشتاکان یەکترمان ناسی، بایەخی بە ئەدەب دەدا و چیرۆکی بۆ منداڵان دەنووسی، دوای ڕاپەڕین زانیم کەسێکی شوێنکەوتووی یەکێتی-یە، بە داخەوە لە کۆڕەوەکەی دوای ڕاپەڕین شەهید کرا.

پاشان لەگەڵ ڕۆستەم باجەلان زیاتر ئاشنای یەکدی بووین، زۆر ئێوارە لە مەچکۆ سەرمان بەیەکەوە دەنا، ئەو باسی ڕابردوو و دونیابینی خۆی دەکرد. لەزاری خۆیەوە زانیم، ئەو کاتی خۆی یەکێک بووە لە ئەندامانی جیابووەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی، ئەو بۆی نەگێڕابوومایەوە هەرگیز نەمدەزانی (عەبدوڵڵا پەشێو)ی شاعیریش یەکێک بووە لەو باڵە و بەرپرسیشیان بووە.


کاتێک بزاڤی تەغریبیان ڕاگەیاند، من هێشتە ڕۆستەم باجەلانم وەکو شاعیرێکی تەغریبی نەناسیبوو، بۆیە یەکێک بووم لەوانەی کورتە نووسینێکی کورتم لەسەر نووسین، ویستم پێیان بڵێم، تەغریب بەشێک نییە لە ڕۆحی ئێوە، بەڵکو ئەوە دەرکەوتنی (شێرکۆ بێکەس و ئەنوەر مەسیفی و بەختیار عەلی)یە ئێوەی تووشی تەغریب کردووە.

بەڵام دواتر تێگەیشتم ئەوە عەباس عەبدوڵڵا یوسف و دکتۆر کەمال مەعرووف بوون، کە لە پاڵ ڕۆستەم باجەلاندا بانگەشەی ئەو بزاڤەیان دەکرد، منیان دەستخەڕۆ دا و پێم وابوو، ئەوەی ئەو سێ برادەرە بانگەشەی بۆ دەکەن، هیچ پەیوەندی بە دونیای تەغریبەوە نییە، ئەگەرنا ڕۆستەم باجەلان لە زوویەکەوە تێکەڵ بە دونیای نامۆیی بووە و لە شیعرەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە. لەبەرانبەردا عەباس زۆر بە توندی بەرپەرچی دامەوە، بەڵام باجەلان زۆر بە سینگێکی فراوان وەریگرت.

***(ئەی من نەم وت گیانە لە کونجی تەنیایی***
***شاری غوربەت دەرم بێنە***
***تۆزی وێڵ و دەربەدەری لەسەر ڕووما***
***بسڕنەوە***
***پێم نەوتی کەوتومەتە ناو چەمێکی شێت و شەیدا***
***دەرم بێنە)***



سمکۆ عەبدولکەریم و ڕۆستەم باجەلان



# ڕۆستەم باجەلان

## شاعیرێک، غەریبتر لەغەریبی

قەمار شێخانی

زۆر قورسە کاتێک دەتەوێت بابەتێک لەسەر کەسێکی نزیک لەخۆت بنووسیت، بەتایبەت ئەگەر کەسەکە لەژیاندا نەمابێت، بۆیە دەبێت ماوەیەک بیر بکەیتەوە، بۆ ئەوەی بڕیار بدەیت، لەکوێوە دەست پێ بکەیت، چونکە پێت وایە لەهەر لایەنێکی ژیانییەوە دەست پێ بکەیت لایەنەکەی دیکەت فەرامۆش کردووە.

من بۆ نووسینی ئەم بابەتە لەسەر مامۆستای ڕەوانشاد (ڕۆستەم باجەلان) هەمان هەستم هەبوو، نەمدەزانی لەسەرەتای بابەتەکەم چۆن دەست پێ بکەم و باس لەچ لایەنیکی ژیانی ئەم پیاوە بکەم، چونکە دڵنیام باسی هەر لایەنێکی ژیانی بکەم زمان کورت دەبم، بەهەرحاڵ دەڵێم مامۆستا ڕۆستەم، وەکو پیشە مامۆستا بوو بەداخەوە لەهیچ لەقۆناغەکانی خوێندن وارێک نەکەوت ئەو مامۆستا و من قوتابی بم، بەڵام لەڕووی نووسینەوە هەمیشە بەمامۆستای خۆمم زانیوە، لەهەمان کاتدا دۆست و برادەرێکی ئەزیزیشم بوو، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە هیچ نزیکییەکمان نەبوو، بەڵام هەردەم وەکو کەسێکی نزیکی خۆم لێم دەڕوانی و ڕێزم دەگرت.

من پێشتر مامۆستا ڕۆستەمم لەڕێی شیعرەکانییەوە ناسیبوو، وەکو شاعیرێک ناوێکی ئاشنابوو لەلام، بەڵام ناسینی من و مامۆستا ڕۆستەم بۆ ئەوکاتە دەگەڕێتەوە، لەسەرەتای ساڵانی دووهەزارەکان، من بەرپرسی بەشی ئەدەب و ڕۆشنبیریی دەزگای ڕۆشنبیریی گۆنا و گۆڤاری گۆنا بووم .

ڕۆژێک (هێرش مەسیفی) یادی بەخێر و ڕۆحی شادبێت، کە سەرۆکی دەزگای ڕۆشنبیریی گۆنا بوو گوتی: فڵانە ڕۆژ مامۆستایەک و شاعیرێکی پایەبەرز سەردانی دەزگاکەمان دەکات، تۆش وەکو بەرپرسی بەشی ئەدەب و ڕۆشنبیریی دەزگاکە لەگەڵ برادەرانی دی بەیەکەوە لەپێشوازیدا دەبین، گوتم: ئەو بەڕێزە کێیە؟ گوتی: دڵنیام ئەگەر لەنزیکەوەش نەیناسی، بەڵام بێگومانم لەدوورەوە ناوت بیستوە، ئەویش مامۆستا ڕۆستەم باجەلانە، کە گوتی ڕۆستەم باجەلان زۆر دڵخۆش بووم گوتم: دەمێکە دەمەوێت ئەو پیاوە لەنزیکەوە ببینم، ئەوەبوو مامۆستا ڕۆستەم باجەلان لە ڕۆژ و کات و ساتی خۆیدا هات و چەند کتێبێکی خۆشی بەدیاری بۆ کتێبخانەی دەزگا هێنابوو، ئەوە یەکەم ناسینی من و مامۆستا ڕۆستەم بوو، ئەو ڕۆژە تا درەنگانی شەو لەگەڵ مامۆستا ڕۆستەم و برادەران بەیەکەوە دانیشتین، بەمەبەستی بەرەو پێش بردنی دەزگای ڕۆشنبیریی گۆنا و گۆڤاری گۆنا، باسی زۆر بابەتمان کرد و بیرۆکەی چەند پرۆژەیەکیشمان گەڵاڵە کرد، بەڵام بەداخەوە دوای مانگێک بەهۆی کۆچی دوایی سەرۆکی



نووسەر لەگەڵ ڕۆستەم باجەلان



> “لەناوەڕاستی ساڵانی شەستەکانەوە دەستی کردووە بەشیعر نووسین و لەوکاتەشدا یەکەم بەرهەمی شیعری خۆی نووسی لەژێر ناوی (من چیمە)”

دەزگاکە و هەندێک بەربەست و کێشەی دارایی و نەبوونی بودجەیەکی پێویست پرۆژە ئەدەبی و کار و چالاکییە هونەرییەکان نەچوونە بواری جێبەجێکردن، تەنیا بەشێکی کەمیان نەبێت، لەو ڕۆژەوە من و مامۆستا ڕۆستەم تا کۆچی دوایشی کرد کەم و زۆر ئاگاداری یەکدی بووین، کەسێکی بەوەفا و بە ئەمەک بوو، کەسێکی سەر ڕاست و هەقبێژبوو .

لەم چەند ساڵەی دوایی کە نەخۆشیش بوو هەفتەی دوو تا سێ جار یەکدیمان دەبینی، زۆربەی ئێواران بڵندی کوڕی دەیهێنایە چایخانەی مەچکۆ، بەیەکەوە دادەنیشتین و کاتێکی خۆشمان بەسەر دەبرد، ئەگەر نەخۆشییەکەشی بێتاقەتی کردبا و چەند ڕۆژێک نەیتوانیبا بێتەدەرێ تەلەفۆنی دەکرد و دەیگوت بێتاقەتم، منیش دەچووم لەماڵەوە سەرم لێ دەدا، مامۆستا ڕۆستەم زۆر قسە و بەسەرهاتی خۆشی لەلا بوو، زۆرجار باسی ژیانی خۆی و ساڵانی خوێندنی لەشاری بەغدا دەکرد، باسی ئەو دۆست و ڕەفیقانەی دەکرد، کە لەکۆلێژ لەگەڵی بوون، کە هەندێکیان بەم دواییانە بەرپرسیاریەتی باڵایان هەبوو، بەڵام بەداخەوە لەکاتی نەخۆشیەکەیدا شتێکی وایان بۆ نەکرد، کە دڵی پێ خۆش بێت، باسی کاتی مامۆستایەتی و چۆنیەتی دۆزینەوەی بەهرەی قوتابیانی بەهرەداری دەکرد، کە هەندێکیان لەئێستادا ناوی دیارن، خۆشیان گەواهی ئەوە دەدەن، کە مامۆستا ڕۆستەم هاندەری سەرەکیان بووە، زۆرجار کە لە ماڵەوە سەردانیم دەکرد دەیگوت: ئەرێ ئەوە لۆ ئەتوو هەر بەتەنیا دێی؟ منیش دەمگوت مامۆستا تۆ بەخۆت نەخۆشی پێویستت بەپشودانە ڕەنگە قەرەباڵغی بۆتۆ باش نەبێت، دەیگۆت نا من



حەز دەکەم بەردەوام دەوروبەرم قەرەباڵغ بێت، ئەوەبوو چەند جارێکیش لەگەڵ برادەران چووینە خزمەتی، دڵی زۆر پێخۆش بوو .

ڕۆژێکیان دوای نیوەڕۆکەی تەلەفۆنم بۆ کرد، پاش چاک و چۆنی و هەواڵ پرسین گوتم: مامۆستا لەکوێی؟ بەپیکەنینەوە گوتی: تۆ وا دەزانی ئەمن لەباخچە و بەر و بازاڕان پیاسەی دەکەم، لەکوێ بم، والەماڵێمە دەوەرە، چووم ماوەیەکی باش لەلای دانیشتم بەڵام تەندروستی باش نەبوو ئەوە دواین یەکدی بینینی من و مامۆستا ڕۆستەم بوو، پاش چەند ڕۆژێک بەیەکجاری باری تەندروستی تێکچوو لەنەخۆشخانەی کۆماری لەبەشی چاودێری چڕ خەوێندرا .

هەر لەو ڕۆژانەی، کە مامۆستا ڕۆستەم لەنەخۆشخانە بوو ڕۆژێک بەسەردان چوومە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر، لای کاک عەلی ڕەشید سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا، دیاربوو ئەویش زانیبووی کە مامۆستا ڕۆستەم تەندروستی باش نییە گوتی: ئەو قسەیە ڕاستە کە مامۆستا ڕۆستەم لەنەخۆشخانەیە گوتم بەڵێ ڕاستە، بەداخەوە چەند ڕۆژێکە لەنەخۆشخانەیە گوتی: باشە مەڕۆ کەمێکی دی بەیەکەوە دەچینە لای، ئەوەبوو من و کاک عەلی ڕەشید و چەند برادەرێکی دی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا چووینە نەخۆشخانە، بەڵام بەداخەوە نەمانتوانی بیبینین لەبەر ئەوەی لەبەشی چاودێری چڕ بوو، بەڵام کاک عەلی هەر ئەوکات پەیوەندی




به دکتۆر سامان بەرزنجییەوە کرد، کە ئەوکات بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر بوو، داوای لێکرد چی بۆ مامۆستا ڕۆستەم دەکرێت درێخی نەکەن، ئەویش لەلایەن خۆیەوە بەڵێنی هەمووجۆرە چارەسەرێکی دا ستافی نەخۆشخانە و بەڕێوەبەر و کارمەندەکان درێخیان بۆ نەکرد لەچارەسەر کردن، بەڵام بەداخەوە دەردەکەی کاری بوو، ئەوەبوو مامۆستا ڕۆستەم لەرێکەوتی ٢٠١٨/٣/١٥ کۆچی دوایی کرد، ڕوحی شاد و ئارام بێت .

مامۆستا ڕۆستەم، مامۆستایەکی دڵسۆز و شاعیرێکی لێهاتوو و نوێخواز بوو، زۆر پاڵپشتی کەسانی بەهرەمەندی دەکرد و هەردەم هانیدەدان بەردەوام بن لەخزمەتکردن، ڕۆژێک لەگەڵ هێمن ڕەفیقی شاعیر و توێژەری کۆمەڵایەتی لەچاپخانەی مەچکۆ بووین، کاتێک دیتمان مامۆستا ڕۆستەم باجەلان هات، لەنێوان من و هێمن ڕەفیق دانیشت بەو نەخۆشیەش، کەچی هیشتا هەر پر وزە بوو، بەدەم چا خواردنەوە زۆر قسەی خۆشی بۆ کردین، پاشان ڕۆیی، ئەوکات بیرم لەوە کردەوە لەپای ئەو خزمەتە زۆرەی مامۆستا ڕۆستەم بە بواری شیعر و ئەدەبیات، هەقی ئەوەی هەیە ئەگەر بە تاکە کەسیش بێت مەراسیمێکی ڕێز لێنانی بۆ بکەم، پاش چەند ڕۆژێک بۆ ئەو مەبەستە چوومە لای کاک (عومەر زۆرباش) خاوەن کۆمپانیای شادی بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری، پاش دانیشتن و باسکردنی بیرۆکەی ڕێزلێنانەکە، کاک عومەر مەردانە و جوامێرانە گوتی: تۆ ئامادەسازی بکە، منیش بەهەموو شێوەیەک پاڵپشت و هاوکارت دەبم، چونکە بۆ مامۆستا ڕۆستەم هەرچی بکرێت هێشتا کەمە، ڕۆژی پاشتر چوومە ماڵی وەفایی لای کاک (سۆران عەزیز) خاوەنی ماڵی وەفایی باسی بیرۆکەکەم بۆ ئەویش کرد، ئەویش گوتی: تەنیا ڕۆژەکەم بۆ دیاری بکە، من هەموو ئامادەکارییەک دەکەم، ئەوەبوو دوای چەند ڕۆژێک لەگەڵ ستافی کۆمپانیای شادی و کاک عومەر ئیشکردن لەسەر چۆنیەتی دروستکردنی پۆستەر و فلێکس و کارتی داوەتنامە و ئامادەکاری تەواو کرا، لە ڕۆژی چوارشەم ٢٠١٧/٦/٢٧ کاتژمێر (٥،٣٠) ی ئێوارە لەکتێبخانەی ماڵی وەفایی بەئامادەبوونی چەندین ئەدیب و هونەرمەند و نووسەر و شاعیر و کەسایەتی و خانەوادەی مامۆستا ڕۆستەم و هەندێک لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن مەراسیمی ڕێزلێنانەکەمان بەهاوکاری کۆمپانیای شادی بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری و ڕێکخراوی ئاشتی خێرخوازی جیهانی ئەنجامدا، لەکاتی پێشکەشکردنی خەڵاتی ڕێزلێنانەکە، هەست بەوە دەکرا کە دڵخۆشییەکی زۆر بەرووخسارییەوە دیارە، چونکە ڕێز لەماندووبوونی چەندین ساڵەی گیراوە، بەقورگی پڕ گریانەوە چەند قسەیەکی کرد و گوتی: هەست دەکەم تازە لەدایک بوومە و زۆر منەتباری هەموو ئەو کەسانەم کە ئەو ڕێزلێنانەیان بۆ کردووم و سوپاسی ماندووبوونی هەموو لایەکتان دەکەم زۆر بەخێر بێن، لەو کاتەدا فرمێسک بەچاوەکانیدا هاتە خوارێ و بەکوڵ گریا، نەیتوانی قسەکانی تەواو بکات، بەڕاستی ئەو دیمەنە دڵی هەمووومانی پڕکرد لە ئاهـ و حەسرەت، کە ئەم مامۆستا و شاعیرە پایەبەرزە وەکو پێویست ئاوڕی لێ نەدرایەوە و ئەوەی دەبووایە بۆی بکرێت نەکرا .

دوای ئەو ڕێزلێنانە بیرم لەوە کردەوە کە پێویستە ڕیپۆرتاژێکی ڕۆژنامەوانیشی لەسەر بکەم، بەسوپاسەوە چەند نووسەر و شاعیرێک بەشداربوون و قسە و بیرەوەریەکانیان لەگەڵ مامۆستا ڕۆستەم لەریپۆرتاژەکە باس کرد، پێم نەگوت تا ڕیپۆرتاژەکە لەرۆژنامەی خەبات ژمارە/ ٥٣٣٨ ڕێکەوتی ٢٠١٧/٨/٢٧ لەژێر ناوی (ڕۆستەم باجەلان، مامۆستا و پەروەردەکارێکی دڵسۆز و شاعیرێکی لەبیر کراو) بڵاوکردەوە.

کاتێک ڕۆژنامەکەم نیشان دا زۆر دڵی پێ خۆش بوو، زۆر سوپاسگوزار بوو هەستم بەدڵخۆشی ئەو دەکرد چەندجارێک بە وردی سەیری لاپەرەی ڕۆژنامەکەی کرد و بزەیەکی بۆ کردم و ماچێکی بۆ هەڵدام .



**"لەو کاتەدا فرمێسک بەچاوەکانیدا هاتە خوارێ و بەکوڵ گریا، نەیتوانی قسەکانی تەواو بکات"**



ڕۆستەم باجەلان - شێرزاد عەبدولڕەحمان



> **"چەندجارێک بە وردی سەیری لاپەڕەی ڕۆژنامەکەی کرد و بزەیەکی بۆ کردم و ماچێکی بۆ هەڵدام"**

ماموستا ڕۆستەم، ئەو مرۆڤە بوو کە هەمیشە بەچاوی پڕ لەئومێدەوە لەو دیو پەنجەرە شکاوەکانی ژیانەوە دەیڕوانیە ئاسمانی پڕ لە ئەستێرەی خەیاڵ و دەستی شەنگەبی دەگرت بەدزییەوە شیعرێکی خۆی بۆ دەخوێندەوە، ئەو لە ئێوارەکانی تەنیاییدا، بەدەم پیاسە کردنەوە هەنگاوەکانی خۆی دەژمارد، بگەیشتبا هەر سنەوبەرێک سڵاوێکی لێ دەکرد و پێی دەگوت: لێرەوە چەند هەنگاوی ترم ماوە تا بگەمە ماڵی پەپوولەکانی حوزن، چەند عومری دیکەم ماوە بۆ نووسینی چامەیەکی دیکەی شیعر، ئێستە من چەند کوڵان لەو دیو باخچەی پڕ لەچێژی ژیانم .

ڕۆستەم باجەلان، هەموو ڕۆژێک چەند جارێک گوڵی ناو ئینجانەی خانمێکی خۆرهەڵاتی ئاو دەدا و گۆرانییەکی تازەشی بۆ باڵای زرافی شلکە نەمامی کیژۆڵەیەکی خۆراوایی دەچڕی و شیعرێکیشی بۆ زارۆکانی باکوور دەنووسی و دەیدایە دەست دۆتێکی دیار بەکرێ پێی دەگوت بۆیان بخوێنەوە، وانەی وەفاداری بەمنداڵانی باشوور دەوتەوە .


ماموستا ڕۆستەم تامردیش هەرهاودەمی گۆرانییە دڵشکاوەکانی ژیان بوو، بەردەوام لە وێستگەی چاوەڕوانییەکی درێژخایەنی پڕ لەجەفادا چاوەڕێی شەمەندەفەری مەراقی دەکرد تا بگاتە جێ، بۆ ئەوەی بزانێت کەسێکی لێ دانابەزێت، تا پیاسەیەک بە باخچەی زامەکانیدا بکات، بەڵکو دەستی بگرێت و لەگەڵ خۆی بیبات بۆ مەملەکەتێکی دی لێرە باشتر، بۆ ئەوەی لەوێ خۆی بداتە بەر شەپۆلی ویژدانی مرۆڤەکان و لەنێو لمی کەناری موحیبەتیدا منداڵ ئاسا یاری بە وردە زیخی چارەنووس بکات، بەڵکو هیچ نەبێت بۆ چەند ساتێک خۆی و مەراق و ژیانی لەبیر بچێتەوە .



ڕۆستەم باجەلان ئێستەشی لەگەڵدابێت، مشتێک خاکی نیشتمانی نەگۆڕیەوە، بەهەموو سەروەتی دونیا، چونکە ئەو لەکاتی خۆشیدا، نەخۆی و نەقەڵەمەکەشی نەفرۆشت، هیچ کاتێک نیشتمانپەروەری لەبیر نەکرد، لەهیچ زەمەنێکیش نیشتمانی نەخستە مەزادێکی ئاشکرا بۆ خۆشگوزەرانی خۆی، ئەو دەمێک بوو، پەیامی ڕاستگۆیی هەڵگرتبوو، بەڵام نەیدەزانی بەگوێی کێدا بچرپێنێت، زەمەنێک بوو بەدیار تەرمی پاکی هیواکانیدا گریانی دەنووسییەوە، عەیامێکیش بوو، لەگەڵ ڕەشەبای بێ مروەتیدا شەڕی ژیانی دەکرد، تا وای لێهات، هەموو ڕۆژێک قژی شیعرێکی، بە بەرچاوی حەزەکانییەوە سپی دەبوو، بەڵام ئەو هەر کۆڵی نەدا و خۆڕاگربوو، تا گرەوی خۆی لەژیان بردەوە و تک تک بەرائەت و پاکی لێ ڕژا، ئەو مرۆڤێک بوو گەورە، بەقەد نیشتمان، سپی بەقەد بەفر، پاک وەکو ڕۆحی منداڵ.

ماموستا ڕۆستەم هەموو شەوێ بەسەر پشتی خەیاڵێکەوە لەبەردەم پەنجەرەی نیوە کراوەی ژورەکەیدا چاوی دەبڕیە ئەستێران و حیکایەتی ژان و ئەوینی* بۆ دەگێڕانەوە، هەر لەنێو ئەو خەیالانەدا بەردێکی دەگرتە دڵدارەکەی کە لەشارێکی تر بوو*، دواتر دەستی سۆلینی* دەگرت و پێی دەگوت: وەرە بابچینە لای دەریا* وا لەباخچەی منالانی* گەرەک دانیشتووە و دەیەوێت ئەمشەو ڕەشەبا بخوێنێتەوە. سۆلینیش دەیگوت: بۆ تۆ نازانی ئەوە پێنج ڕۆژە من گرانەتام* گرتیە! ئەویش هەلوەستەیەکی دەکرد و لەوێوە دەستی دەخستە سەر شانی شاعیرێکی تینووتر* لەخۆی کە لەنێو پەڕاوی بیرەوەریەکانی ون بووە، پێی دەوت وەرە من و تۆ هەر بۆ ئەوە باشین لەپێناو یەکتریدا بمرین، وەرە تا پایزی تەمەن نەگەیشتۆتە لامان هەر یەکەمان چامەیەکی دیکەی شیعری لەژێر ناوی غەریبتر* لەغەریبی بۆ ژیان بنووسین .

ئەو کاتێک لەنێو ئەو خەیاڵانەدا بەئاگا دەهاتەوە دەیبینی وادەمە و سەحەرە، بۆیە زوو خۆی دەگەیاندە لای تیشکی خۆر و لەگەڵ گزنگی بەیاندا سەری دەکرد بەماڵی یەکە یەکەماندا و ڕووناکی دەخستە بەر قاپی ماڵی هەمووومان. پێمانی دەووت بەیانیتان باش و ژیانتان باش و شیعرتان باش.



**ژیاننامە:**

ناوی تەواوی (ڕۆستەم سەلام محەمەد ئەمین)ە لەشاری دێرینی هەولێر لەژێر سێبەری قەڵادا لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لەشاری هەولێر تەواو کردووە .

لەساڵی ١٩٧٣ بەشی کوردی لەکۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا تەواو کردووە. پاشان وەکو مامۆستا دادەمەزرێت .

ساڵی ١٩٦٨ پەیوەندی بەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستانەوە کردووە و لەبەر لێهاتوویی و کارامەیی خۆی کراوە بەکادیری چەندین گوندی دەشتی هەولێر. هەر لەسەر هەڵوێستی کوردانەی خۆی لەو ساڵە دەستگیر کراوە و پاش ئازار و ئەشکەنجەدانێکی زۆر بەر لێبووردنێکی گشتی دەکەوێت و ئازاد دەکرێت .

لەناوەڕاستی ساڵانی شەستەکانەوە دەستی کردووە بەشیعر نووسین و لەوکاتەشدا یەکەم بەرهەمی شیعری خۆی نووسی لەژێر ناوی (من چیمە) ئەم شیعرە بەنۆبەرەی بەرهەمە ئەدەبیەکانی مامۆستا ڕۆستەم دەدانرێت .

مامۆستا ڕۆستەم بەدەیان کۆڕی شیعر خوێندنەوەی لەزۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان سازکردووە. هەروەها نووسین و بابەتەکانیشی لەزۆربەی بڵاوکراوە ئەدەبییەکان بڵاوکردۆتەوە .

دەستەی نوسەران بووە لەچەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی و عەرەبی. یەکێکە لەدەستەی دامەزرێنەری ڕاستەقینەی بڵاوکراوەی هاودەنگ. ئەم بڵاکراوەیە زمانحاڵی قەڵەمە نوێخوازەکانی ئەوکات بوو. هەروەها یەکێک بوو لەدەستەی دامەزرێنەری بزافی تەغریبی کە بە سەدان نووسەر و هونەرمەند بەنووسینی هەمەجۆری نامۆگەرایی بەسەریان دەکردەوە، لە ئەنجامی ئەم هەوڵدانەدا کتێبێکی قەبارە گەورەی (٧٥٤) لاپەڕەیی لێ هاتە بەرهەم کە لەلایەن شاعیر و ڕۆژنامەنووس مامۆستا ئاری ئاغۆک بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی ئامادەکرا .

مامۆستا ڕۆستەم لەساڵی ٢٠٠٨ بەیاننامەیەکی دەرکرد لەژێر ناوی بزافی تەغریبی کەهەردوو نووسەر بەڕێزان (عەباس عەبدوڵڵا یوسف) و ( د.کەمال مەعرووف) تێیدا بەشدار بوون بەیاننامەکەش وەرگێردرایە سەر هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی .

مامۆستا ڕۆستەم لەژیانی مامۆستایەتیشدا هەمیشە بەدوای بەدەرخستنی بەهرەی ئەو قوتابیانەدا دەگەڕا کەبەهرەیان هەبوو، بۆیە توانی (٢٣) کوڕ بۆ قوتابییە بەهرەمەندەکانی ڕێکبخات و قوتابییە بەهرەمەندەکانیش شیعر و چیرۆک و ئۆپەرێت و شانۆی خۆیان پێشکەش بکەن، کە ئێستا هەندێکیان لەگۆڕەپانی ئەدەب و هونەردا هونەرمەند و ئەدەیب و شاعیری دیارن .

لەڕۆژی ٢٠٠٩/٤/٢٢ کەهێشتا ڕژێمی بەعس لەشاری کەرکوک حوکمڕانی دەکرد. مامۆستا ڕۆستەم بەبۆنەی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردییەوە توانی (٢٢) شاعیر و نووسەر ببات بۆ شاری کەرکوک لەوێ ئێوارە کۆڕێکی بۆ سازکردن لەگەڕانەوەدا بەدەم گووتنەوەی سروودی ئەی ڕەقیب و ئەی شەهیدانەوە بەنێو بازاڕی شاری کەرکوکدا گەڕان و هەڵوێستی کوردانەی خۆیان نواند بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە مەترسییەکانی ڕژێمی بەعس .

بەداخەوە دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشییەکەی لەڕۆژی ٢٠١٨/٣/١٥ لەشاری هەولێر کۆچی دوایی کرد .

مامۆستا ڕۆستەم تا لەژیاندا بوو ئەم بەرهەمانەی بەچاپ گەیاند و کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند کرد .

١- ژان و ئەوین ساڵی ١٩٧٧
٢- شاعیرێکی تینوو لەپەڕاوی بیرەوەریدا ساڵی ١٩٧٨
٣- سۆلین ساڵی ١٩٨٠
٤- دڵدارەکەم لەشارێکی ترە ساڵی ١٩٨٠
٥- دەریا ساڵی ١٩٨١
٦- لەپێناو تۆدا دەمرم ساڵی ١٩٨٢
٧- باخچەی منداڵان ساڵی ١٩٨٣
٨- نیشتمانی منال و ڕەشەبا بەهاوبەشی لەگەڵ بەندەکان ساڵی ١٩٨٣
٩- منداڵ و جیهانی وەرزش ساڵی ١٩٨٤
١٠- دەریای منداڵ ئەمەیان ڕۆمانێکە
١١- گرانەتا .ئەمە پێنج چامەی شیعریە
١٢- غەریب چامەیەکی شیعریە .دەتوانین بڵێین ئەم چامە شیعریە درێژترین چامەی شیعریە لەنێو ئەدەبی کوردیدا .
١٣- شیعرەکانم ٢٠٠٦
* بریتییە لە کۆپلەی شیعرەکانی

**“ ئەو کاتێک لەنێو ئەو خەیاڵانەدا بەئاگا دەهاتەوە، دەیبینی وادەمە و سەحەرە، بۆیە زوو خۆی دەگەیاندە لای تیشکی خۆر و لەگەڵ گزنگی بەیاندا سەری دەکرد بەماڵی یەکە یەکەماندا و ڕووناکی دەخستە بەر قاپی ماڵی هەمووومان ”**

# ڕۆستەم باجەلان و پڕۆژەی (ئەدەبی منداڵان) و هەندێک شتی دی



ئیسماعیل تەینا

مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٢، چوار ساڵ بەسەر شیعر نووسینم تێپەڕیبوو، چەند شیعر و بابەتێکیشم بڵاوکردبۆوە. ئەوکات، مانگ نەبوو، چەند کتێب و نامیلکەیەکی کوردی تێدا بڵاونەکرێنەوە، بەتایبەتیش شیعر، شیعرەکانی خۆم لە دەفتەرێکدا نووسیبووەوە. لە قۆناغی خوێندنی ناوەندی، بەتایبەتیش لە پۆلی دووەم و سێیەم، هاوڕێی هەرە نزیکم (دلێر ئیسماعیل ڕەزا) بوو. ناوبراو، کوڕە خەزوری (مەدحەت بێخەو)ی شاعیر بوو. پێشنیازی کرد کە شیعرەکانم بە (مەدحەت)ی زاوای پیشان بدەم. هاوینی ساڵی ١٩٨١، ئێوارەیەک لەگەڵ دلێر چووینە ماڵیان، لە گەڕەکی ڕووناکی، لە باخچەکەی دانیشتین، هەندێک لە شیعرەکانمی خوێندەوە، بەشێکی کەمی بە دڵ بوو، ڕێنوێنی زۆری کردم، هانیدام زێتر شیعر بخوێنمەوە، هەروەها لەم سەردەمە سەخت و دژوارەدا، گەلێک باسی کوردبوون و کوردایەتی بۆ کردین. ئەوەشی پرسی:

– کۆمەڵە شیعرەکانی منت خوێندۆتەوە؟



**نووسەر لەگەڵ ڕۆستەم باجەلان**

– نەخێر، لەبەر ئەوەی لە بازاڕدا دەست ناکەون.

دوای دوو هەفتە، دوو کۆمەڵە شیعری بڵاوکراوەی خۆی (ڕابەری ژیان- ١٩٦٨) (ورشەی ئاوات- ١٩٧٣) بە دلێردا، بۆ ناردم. دیار بوو لە کتێبخانەی (ئامادەیی ڕزگاری کوڕان) خواستبوونی، چونکە مۆری ئەوێی بەسەرەوە بوو. دوای خوێندنەوەیان، بەهەمان ڕێگا کتێبەکانم ناردنەوە. ئەوەندەی نەبرد، دلێر بە ماڵەوە چوونە بەغدا. چەند ساڵێک دوای ئەمەش لە ڕێگای نامەوە، پەیوەندیمان هەر هەبوو، ماوەیەک بێدەنگ بوو، پاش سۆراغکردن، بۆم دەرکەوت کە سەفەری (لەندەن)ی کردووە. زۆر پێش مەدحەت بێخەو، پەیوەندیم لەگەڵ مامۆستا (عەزیزی مەلای ڕەش) هەبوو، ئەو دوو نامیلکەی بۆ منداڵان بڵاوکردبۆوە (پشیلۆکە، شیعر، چاپخانەی کاکەی فەلاح، سلێمانی، ١٩٧٩، ٤٠ لاپەڕە) (قولەمەیتەر، چیرۆک، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی،١٩٨٠ ، ٣٠، لاپەڕە) شازدە پارچە شیعری خۆم هەڵبژارد و لە دەفتەرێکی شەست لاپەڕەیی هێلداری قەبارە (ئەی پێنج) نووسییەوە، کەوتمە خولیای چاپکردنیان. لەبەر ئەوەی مامۆستا عەزیز ئەزموونی کتێب چاپکردنی هەبوو، ڕێوشوێنی چاپکردنم لێپرسی، ناوبراو گوتی:

– دەبێت شیعرەکان، بە دەستخەتێکی درشتی خۆش و ڕوون بنووسییەوە. بینێریە بەغدا بۆ دائیرەی (ڕیقابەی گشتی) تاوەکو ئەوان شیعرەکان بدەنە پسپۆڕ (خەبیر)ێک، لەوێ مۆڵەتی چاپکردنی پێبدەن، واباشتریشە شیعرەکان بە قەڵەم ڕەنگ، کەرت (تەقتیع) بکەی، چونکە گەر مۆڵەتی چاپکردنت وەرگرت و بۆ چاپخانە ناردتە بەغدا، کارمەندانی چاپخانە عەرەبن و کوردی نازانن، دەبێت وشەکان بە قەڵەمی سوور لەیەکتر جودا بکرێنەوە، تاوەکو دوو وشە تێکەڵ بە یەکتر نەکرێن. ئەوکات، دەبوو وابکرێت، بەم پرۆسەیە



دەگوترا: (تەقتیع) پرسیم: من ناچمە بەغدا، چۆن بینێرم؟

ڕۆستەم باجەلان (ڕۆستەم سەلام محەمەد ئەمین) زوو زوو دەچێتە بەغدا، بەویدا بینێرە، ماڵیشیان لە بەرانبەر مزگەوتی (ئازادی)یە، سەلامی منیشی پێبگەیەنە.

هەفتەیەک دواتر لەگەڵ (نەجات هەمزە حوسێن)ی هاوڕێم، دەستنووسەکە (پەردەی شەرم)م، هەڵگرت و کاتژمێر نۆی سەرلەبەیانی، بە سۆراغکردن، ماڵی (ڕۆستەم)مان دۆزیەوە. لە دەرگاماندا، دەرگای کردەوە، خۆمم پێناساند. هەر خەواڵوو بوو، دیاربوو تازە لەخەو هەستابوو. ناوبراو، یەک دوو مانگ دەبوو کۆمەڵە شیعری: (لەپێناوی تۆدا دەژیم)ی، چاپ و بڵاوکردبۆوە، لەمەوبەریش، (ژان و دڵداری- ١٩٧٧) (شاعیرێکی تینوو لە پەراوی بیرەوەریدا- ١٩٧٨) (سۆلین، شیعری منداڵان- ١٩٨٠) (دەریا- ١٩٨١)ی، بڵاوکردبۆوە. ئەوانەم خوێندبۆوە، لە دوورەوە بە ناو دەمناسی، بە خەندە و ڕوویەکی خۆشەوە، وەکو ئەوەی لەمێژبێت من بناسێت پێشوازی لێکردم، سەربردەی گیرانی خۆی لەلایەن دائیرەی ئەمنی هەولێرەوە بۆ گێڕاینەوە، ئەو ڕۆژە یەک دوو ڕۆژ دەبوو ئازاد کرابوو.

ڕۆستەم، شەو لە یەکێک لە یانەکانی (مامۆستایان)یان (ئازادی) دوای خواردنەوە و مەستبوون و گەڕانەوە بۆ دونیای لێوانلێو لە ئازادی، هەقیقەت دەدۆزێتەوە، هیچ بەربەست و سانسۆرێک لەبەردەم خەیاڵ و ئازادی دەربڕین نابینێت، لەم دونیا ئازادەوە، لەناو حەشاماتی خەڵکەوە، ئەوەی لە هزر و دەروونیدا هەیە، دێتە سەر زمانی و نایانگێڕێتەوە، ئەوەندە جوێن بە ڕژێم و دار و دەستەکانی دەدات، تا سفتوسۆی دڵی خۆی دادەمرکێنێت. مەفرەزەیەکی دائیرەی ئەمن دێن و دەستگیری دەکەن. پاش دوو سێ ڕۆژ زیندانیکردن لە دائیرەی ئەمن بۆیان دەردەکەوێت ئەوکاتە خەیاڵ بووە، ئازادی دەکەن، ئەوەی من بیزانم، ناوبراو لەمکاتە سەختانەدا هەڵویستێکی دیشی هەبوو، حەز دەکەم هەر لێرەدا باسی بکەم: لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری بەیان، لەسەروبەندی هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی (تازە دامەزراو) بۆ سەر خەڵکی ڕاپەڕیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ڕۆستەم) شیعرێکی بۆ ئەم گۆڤارە ناردبوو، دیاربوو شیعرەکە نیشتیمانی و کەوتبووە خانەی شیعری بەرگرییەوە. سەرپەرشتکارانی ئەوکاتی گۆڤاری (بەیان) بێ گەڕانەوە بۆ شاعیر و ڕوخسەت لێوەرگرتنی، لەژێر ناوونیشانی شیعرەکەدا نووسیبوویان: (پێشکەشە بە شۆڕشگێرانی کوردستانی ئێران) ئەم پێشکەشکردنە هەرچەندە خەوش نەبوو، بەڵام بۆ ئەوەی لێکدانەوەی جیاواز و هەڵەی بۆ نەکرێت و شاعیر بە پاڵپشتیکاری ئەوکاتی سیاسەتەکانی ڕژێم دانەنرێت، ڕۆستەم بێبەری خۆی لەم پێشکەشکردنە ڕاگەیاند، گەر هەڵە نەبم ڕوونکردنەوەیەکی لە گۆڤاری (نووسەری کورد) بڵاوکردەوە.




دەستنووسی (پەردەی شەرم)ی لێوەرگرتم و بردییە بەغدا و تەسلیمی (لیژنەی ڕیقابەی گشتی) لە بەغدا کردبوو. لە کۆتایی ئەیلولی ١٩٨٢، لەگەڵ (نەجات هەمزە)بە کاروباری دامەزراندن، چووینە بەغدا، سۆراغی دەستنووسەکەشم کرد، مۆڵەتی چاپکردنیان دابوو، تەنیا یەک شیعریان سانسۆر کردبوو، دەستنووسەکەم وەرگرتەوە، ناردمە چاپخانەی ڕاپەڕین، لە سلێمانی، ئەوکات (ئەبوبەکر عەلی ئەحمەد)ی

**“ لە دوورەوە بە ناو دەمناسی، بە خەندە و ڕوویەکی خۆشەوە، وەکو ئەوەی لەمێژبێت من بناسێت پێشوازی لێکردم، سەربردەی گیرانی خۆی لەلایەن دائیرەی ئەمنی هەولێرەوە بۆ گێڕاینەوە ”**



خزمم، لە شاری سلێمانی سەرباز بوو، ئەو سەرپەرشتی و سۆراغی چاپکردنی دەکرد، بۆ وێنەی بەرگەکەش، هاوڕێی خوێندنم، هونەرمەندی شێوەکار، مامۆستا (جەوهەر عومەر محەمەد) وێنەیەکی جوانی کێشاو، دیزاینی بەرگەکەی کرد، لەدوا جاردا بەرگەکەی ئەو چاپ نەکرا، نامیلکەکە لە دوا قۆناغی تەواو بووندا بوو، کارمەندانی چاپخانەی ڕاپەڕین گوتبوویان: دەبێت بەرگەکە بنێرینە یەکێک لە چاپخانەکانی بەغدا، چونکە پێویستی بە (زەنگۆغراف) هەیە کە ئێمە نیمانە.

ئەگەر ڕازین ئێمە بەرگێکی خاکەڕایی بۆ دەکەین و زوو تەواو دەبێت، منیش پەلەی چاپکردنم بوو، بە پێشنیارەکەی ئەوان ڕازی بووم، بە هیمەتی هەموو لایەک: (عەزیزی مەلای ڕەش، ڕۆستەم باجەلان، ئەبوبەکر عەلی ئەحمەد) (پەردەی شەرم) وەکو نۆبەرە، بە تیراژی دوو هەزار دانە، لە دووتوێی کتێبۆلکەیەکی (٣٢) لاپەڕەی قەبارە زەنگیانە کتێب (ئەی شەش) لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٨٢ چاپکرا و لە چاپخانە دەرچوو و کەوتە بازارەوە.

بە بڵاوکردنەوەی زۆر دڵخۆش و کەیفساز بووم، دوای ماوەیەکی زۆر (غازی حەسەن) بابەتێکی بە ناوونیشانی (با ڕازی پەردەی شەرم بپشکنین!) لەسەر نووسی و لە ژمارە (١٥٨)ی مانگی ئابی ساڵی ١٩٨٩ی گۆڤاری (بەیان)دا بڵاوکردەوە. زێتر لایەنە باشەکانی خستبووە ڕوو. فوئاد سەدیق (فوئاد خۆگر)ی ئەوسا، ئەویش شتێکی لەسەر نووسیبوو، بەڵام ئەو زۆرتر لایەنە نێگەتیڤەکانی دەستنیشان کردبوو، پێش ئەوەی بۆ گۆڤاری (بەیان)ی بنێرێت، لە دوکانی (جەعفەر هاشم خەیات) کە ئەوکات شوێنی بەیەک گەیشتنی دۆست و ڕێکخستنەکانی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان) بوو، بۆی خوێندمەوە، بەڕاستی سەرنج و بۆچوونی جوان و دروستی دەربڕیبوو. بابەتەکەی نارد، بەڵام بەداخەوە، بڵاونەکرایەوە.

دوای ئەوە، ڕۆستەم بووە یەکێک لە هاوڕێکانم، جارێکیان لە گازینۆی (مەچکۆ) دانیشتبووین، پرسی: بە ئەسڵ خەڵکی کێندەری؟

– خەڵکی گوندی (گۆمەگرو)ی سەر بە ناحیەی (قوشتەپە)م.

– ئەها، من لە کۆتایی مایسی ساڵی (١٩٦٩) (گۆمەگرو)م بینیوە، ئەوکات من کادیرێکی باڵی مەکتەبی سیاسی (جەلالی) بووم، بیرت دێت

> **"فێری چوونە سەر مینبەر و مایکرۆفۆن گرتنە دەست و وتاربێژی و شەرم شکاندنی دەکردن، ئەوکات لەم بوارەدا ڕۆستەم باجەلان یەکێک بوو لەو کەسایەتییە پەروەردەییە ناوبەدەرانەی هەولێر"**




ڕۆستەم باجەلان لەکاتی نەخۆشیدا

(چالاک)ی هاوڕێمان، نیوەڕۆکەی تفەنگی برد و پەیوەندی بە پارتییەوە کرد؟

(ڕۆستەم) هەرچەندە تەمەنی بەرەو هەڵکشان دەچوو، بەڵام هێشتا ژیانی هاوسەرگیریی پێکەوە نەنابوو، تەواو خۆی بۆ شیعر و ئەدەب و فەنتازیا تەرخان کردبوو، لەپاڵ ئەوەشدا مامۆستا بوو و شیعری منداڵانیشی دەنووسی، کۆنتاکی ڕۆژانەی لەگەڵ منداڵاندا هەبوو، ناوە ناوە کۆڕی بۆ منداڵە بەهرەمەندەکان سازدەکرد، هانیدەدان کتێب بخوێننەوە و شیعر بنووسن، کتێبی منداڵانی بەسەردا دابەش دەکردن، هەوڵیدەدا لە دونیای خوێندنەوەو ئەدەب نزیکیان بکاتەوە، فێری چوونە سەر مینبەر و مایکرۆفۆن گرتنە دەست و وتاربێژی و شەرم شکاندنی دەکردن، ئەوکات لەم بوارەدا ڕۆستەم باجەلان یەکێک بوو لەو کەسایەتییە پەروەردەییە ناوبەدەرانەی هەولێر، یەکێک بوو لە هاندەرو پشتیوانە دیارەکانی منداڵان و نزیککردنەوەیان لە جیهانی خوێندنەوە.

لە کۆتایی ساڵی (١٩٨٤) لەبەرئەوەی ئەوکات گۆڤارێکی کوردی تایبەت بە منداڵان نەبوو، پێشنیازی پڕۆژەی (ئەدەبی منداڵان)ی کرد، هەرخۆی داینەمۆی سەرەکی پڕۆژەکە بوو، کۆمەڵێک شیعر و چیرۆکی منداڵانی کۆکردەوە و بردییە بەغدا و مۆڵەتی چاپکردنی لە (ڕیقابەی



گشتی) وەرگرت. بەرگ، یان ژمارە (١)ی لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٨٥) بە تیراژی دوو هەزار دانە لە چاپخانەی هەولێر (کوردستان)ی جارانی گیو موکریانی چاپ و بڵاوکرایەوە. بەشدارانی یەکەم ژمارە بریتی بوون لە: (ڕۆستەم باجەلان، نەجات ڕەفیق حیلمی، پیربال مەحمود، ئیسماعیل تەنیا، سەلاح سەلیم سەیدۆک، خالید شەیدا، فەیسەڵ دێهاتی) ئەم ژمارەیە لەسەر ئەرکی ئەوان چاپکرا.

(عەبدولغەنی عەلی یەحیا) لەیەکێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی (العراق)ی عەرەبی لاپەڕەی (الثقافة الكردية) لەسەری نووسیبوو، ئەو بەشدارانەی بە دامەزرێنەری پڕۆژەکە وەسف کردبوو. دوای ئەویش (سەعید زەنگەنە) لە بەرنامەی (ئەدەب و هونەر) لە تەلەفزیۆنی کەرکوک نمایشێکی باشی بۆ کردبوو.

لە نەورۆزی ساڵی (١٩٩٠)دا ویستم ژمارە دوو ئامادە بکەم، بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیم بە نووسەران کرد، بەتایبەتیش ئەوانەی زیتر بۆ منداڵان دەنووسن، دوای ماوەیەکی کەم نۆزدە بابەتم لەهەموو ناوچەکانی کوردستانەوە بۆ هات. هەمووم دووبارە بە خەتێکی جوان نووسییەوە، بە (٥٦) لاپەڕەی قەبارە فۆلسکاب ناردمە (کۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی کورد) بە مەبەستی پیاچوونەوە لەڕووی زمانەوە، کە پێیان دەگوت (سەلامە لوغەوی) دوای ئەمە ناردمانە (ریقابەی گشتی) پاش دوو مانگ چاوەڕوانی، لەوێش دەرچوو (سەعدوڵلا شێخانی) ئەوکات پڕۆژەیەکی هەبوو، کتێبی بۆ خەڵکی چاپ دەکرد، نازانم قازانجی دەکرد یان نا؟! دەستنووسی ژمارە دوومان دایە ناوبراو بە نیازی چاپکردن. لەسەر بەرگەکەی نووسیبووم (ئەدەبی منداڵان) کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەدەبییە بۆ منداڵان، بەسەرپەرشتی ئیسماعیل تەنیا، ژمارە (٢) نیسانی ١٩٩٠، هەولێر.

ناوەڕۆکی ژمارە دوو بریتیبوو لەم بابەتانە:

– بەردەوام بوون، چیرۆک، هیوا عەوڵا غەفور (بەداخەوە لەکاتی هاتنەوەی ڕژێم بۆ هەولێر لە ١٩٩١/٣/٣١ شەهید بوو) پێشتر لە ڕۆژنامەی هاوکاری چەند شیعرێکی بۆ منداڵان بڵاوکردبۆوە، خەڵکی گەڕەکی (کوران) بوو.
– هونەر و پەپوولە ڕەنگینەکە، چیرۆک، خالید عوسمان تەها.
– سوود وەرگرتن، چیرۆک، دایکی ڤیان.
– مەریوان و دار پرتەقاڵ، چیرۆک، غازی حەسەن.
– چونا ڕوڤی بۆ حەجێ، چیرۆک، حەسەن کوخی.
– مام هۆمەر، چیرۆکی فۆلکلۆری، ئاواز دزەیی.
– گرنگترین کارێک کە دەبێ ئەنجامی بدەیت، چیرۆک، وەرگێڕان لە فارسی: هیمداد حوسێن.
– مام کەروێشک و مام گورگ، چیرۆک، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: بەیان محەمەد کەریم.
– بۆق و مار، چیرۆک، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە: ئیسماعیل تەنیا.
– هەورۆکە و مناڵ، شیعر، ڕۆستەم باجەلان.
– ئاواتی من، قەڵەم، شیعر، جەزا عەلی ئەمین.
– ساڵی نوێی خوێندن، شیعر، ئیسماعیل تەنیا.
– جەژنی نەورۆز، سمۆرە، شیعر، عەبدوڵلا سالح شارباژێڕی.
– چرای زانست، شیعر، نەجم خالید نەجمەدین (نەجم ئەڵوەنی)
– پێنووس، شیعر، شۆڕش محەمەد عەلی.
– گوڵە جوان، شیعر، مەحمود خەسرەو کاوانی.
– ڕاوەکەو، شیعر، سالَح محەمەد کلێسەیی.
– پشیلە زەردە، شیعر، لەتیف عوسمان ئاسۆ.

پێشەکییەکیشم بۆ نووسیبوو، کە ژمارە دوو چاپکرا، سەعدوڵلا شێخانی بە ئارەزوی خۆی دەستکاری کردبوو، پێشەکییەکەی لادابوو، ناوی منی وەکو سەرپەرشتیار لەسەر بەرگەکەی لادابوو، هەندێک بابەتی دەرهێنابوو، لەجیاتی ئەوە هەندێک بابەتی دی دانابوو، کە پەیوەندی بە پڕۆژەکەی ئێمەوە نەبوو، زێتر لێکۆڵینەوە بوون. لەبەر ئەوەی ئەهلی کارەکە نەبوو، بە نەشارەزایی ئەم بابەتانەی دانابوو.


* ئەم بابەتە لە وێبسایتی (دەنگەکان) وەرگیراوە

هەولێر- (١٩٩٠/٥/٥)

**“ لە کۆتایی ساڵی (١٩٨٤) لەبەر ئەوەی ئەوکات، گۆڤارێکی کوردی تایبەت بە منداڵان نەبوو، پێشنیازی پڕۆژەی (ئەدەبی منداڵان)ی کرد ”**

**ئەوەندە جوێن بە ڕژێم و دار و دەستەکانی دەدات، تا سفتوسۆی دڵی خۆی دادەمرکێنێت. مەفرەزەیەکی دائیرەی ئەمن دێن و دەستگیری دەکەن**

# ئەو پیاوەی بۆ نووسین ژیا



ئاری ئاغۆک


> "به هاندانی مامۆستا ڕۆستەم باجەڵان لەو سێ ساڵەی قۆناغی ناوەندیم، جگە لە خوێندنە تەقلیدییەکە، شیعر و پەخشان و کتێب و قەڵەمیشم خۆشویست"

ناسین و دۆستایەتی من و مامۆستا ڕۆستەم باجەلان، ڕێک بۆ ٣٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، ئەو مێژووەش تەنیا بۆ زەمەنێکی دیاریکراو نەبووە، بەڵکو بەردەوامی و دەوڵەمەندی قۆناغی کارکردنی بەردەوامیمان ئەو پەیوەندیەی تۆختر و گەرموگوڕتر کرد، تا دوایین لەحزەی ژیانی کە هەمیشە نووسین ببووە پردی پەتەوی نێوانمان. قسە زۆرە لەسەر ئەو بەردەوامی و دۆستایەتییە، بۆیە لێرەدا لەچەند گۆشەنیگایەکەوە گەشتێکی خێرا دەکەین بۆ وێستگە بەردەوامیەکانی نێوان من و مامۆستا ڕۆستەم باجەلان و ئەزموونی نووسین و دەستگرتن و هاندانی ئەو گەنجانەی عیشقی کتێب و شیعر و ئەدەب و جوانی بوون.

**دواناوەندی سەربەستی کوڕان:**

ساڵی ١٩٩٢دوای دەرچوونم لە قۆناغی سەرەتایی و یەکەم ساڵم بۆ (دواناوەندی سەربەستی کوڕان) وێڕای گۆڕانکاری لە بیرکردنەوە و ژینگەی قوتابخانە و گۆڕینی شوێنی جوگرافی قوتابخانە، هەستکردن بەخۆ بەگەورە زانین، دڵم خۆش بوو کە بویمە قۆناغی یەکەمی دواناوەندی، سەرەتای دەوام و دوای دابەشکردنی خشتەی وانەکانی هەفتە، گوتیان وانەی کوردی لە پۆلی یەکەمی ئەلف، لەلایەن مامۆستا (ڕۆستەم باجەلان)ەوە دەگوترێتەوە، من ئەو ناوەم لا غەریب نەبوو، هەم وەکو دراوسێی کۆن و هەم وەکو دۆستایەتی، هەم وەکو مامۆستا، هەم شاعیرێکی ناسراو.

بیرمە یەکەم ڕۆژ و یەکەم وانە مامۆستایەکی سادە و ساکار، بە خولیا و خۆشەویستییەکی زۆرەوە بۆ بابەتی کوردی بە ژوور کەوت، سەرەتا وەکو ناسینێکی خێرا پرسیاری ناوی سیانی لێکردین، یەکە یەکە ناوی سیانی خۆمان دەگوت، کە گەیشتە من، گوتم ئاری ئاغۆک نادر، بیرمە هەڵوەستەیەکی کرد، بەبزەیەکەوە گوتی: کوری مام ئاغۆکی؟ برای شەهید ئازاد؟ منیش بە شەرم و ڕێزەوە گوتم: بەڵێ، بۆ ئەوکات هەر ئەوەندەبوو، ئیدی لەوانەکانی داهاتوو، هەمیشە بەشەرمێکەوە لەو مامۆستایەم دەڕوانی، بەڵام ئەو هەوڵی دەدا، خوێندن تەنیا لە پێناو دەرچوون و نمرەی باش نەبێت، بەڵکو فێربوون و تێگەیشتن و هەڵسەنگاندن و خۆدروستکردنی تاک بێت، لەڕاستیشدا هەروابوو، بۆیە وێڕای خوێندنی ڕۆژانە، مامۆستا ڕۆستەم باجەلان هەوڵی دەدا قوتابی ڕۆشنبیر و نووسەر دروست بکات، ئەویش لەڕێگەی




هاندان و چالاکی و فیستیڤاڵ، ڕۆژێکیان پێی گوتم: کورم ئاری من بنەماڵە و خێزان و براکانت دەناسم، حەز دەکەم توانای خۆت لەبواری نووسین و ئەدەب بدۆزیەوە، منیش بەشەرمەوە گوتم: زۆر حەز دەکەم


ماموستا، ئیدی یەکەم هاندانی سەرەتا بریتی بوو لە نووسینی دارشتن، بە بۆچوون و قەڵەمی خۆمان، بۆیە بە هەموومانی گوت: نامەوێت وەکو ماموستایەک من دارشتن بنووسمەوە و ئێوەش ئەزبەری بکەن، بەڵکوو دەمەوێت خۆتان بینووسن، هیچ مەترسن، با سادە و ساکاربێت، گرنگ دەمەوێت هەوڵ و بەهرەتان بدۆزمەوە، ئەوەبوو ئەو پەیام و قسەیەی ماموستا ڕۆستەم وای لەمن و بەشێک لە هاوپۆلەکانم کرد، کە بە دیدگای ئەوکاتی خۆمان بنووسین، هەرئەوەش بوو بۆ مێژوو دەیڵێم: (یەکەم ئیلهامی نووسین، کە لە زاکیرەی خۆمەوە بینووسم بێ لەبەرکردن و دەرخکردن، ئەو دارشتنەبوو، کە ماموستا ڕۆستەم باجەلان لە پۆلی یەکەمی دواناوەندی لەتەمەنی ١٣ ساڵی پێی نووسیم، کە بریتی بوو، لە نووسینێک دەربارەی ئازادی) بە هاندانی ماموستا ڕۆستەم باجەلان لەو سێ ساڵەی قۆناغی ناوەندیم، جگە لە خوێندنە تەقلیدییەکە، شیعر و پەخشان و کتێب و قەڵەمیشم خۆشویست، تائێستەش بەهەمان نەفەس و عیشقی ئەو زەمەنە دەنووسم و دەخوێنمەوە، ئەمە وەفایەکە و لەبیر ناکرێت.

**هاندانی ماموستا ڕۆستەم:**

ئەو سێ ساڵەی قوتابخانە، هاندانێکی باش بوو بۆ من، پاشان چوونم بۆ پەیمانگەی هونەرەجوانەکان و خوێندنەوە و نووسین، وای لێکردم زێتر هۆگری شیعر و پەخشانە شیعر و چالاکی ڕۆشنبیری بم، ئیدی لەگەڵ ماموستا ڕۆستەم باجەلان سەرپەرشتی پێشبرکێی شیعری منداڵان و نەوجەوانمان دەکرد، ئەو هاندانە بووە دەسپێکێکی باش بۆ من و ئەوانەی دەیانەوێت خۆیان لەنێو ئەو جیهانە جوان و پڕ ئیحساسە بدۆزنەوە، دووبارە بۆ مێژوو دەیڵێم، ماموستا ڕۆستەم یەکێک بوو لەو ماموستا ڕوناکبیرانەی شاری هەولێر، کە چەندین نەوە لەسەر دەستی ئەو توانیویانە خۆ بدۆزنەوە، لەبڕی کات بەفیرۆ دان بەشتی لابەلا، ئەو وای لێکردین بخوێنینەوە.

**گۆڤاری نواڵەو سەنتەری بەهرە:**

کاتێک گۆڤاری نواڵەی نوێمان وەکو پرۆژە لەخەیاڵ بوو، ڕۆژێکیان ئەو بیرۆکەیەم بە ماموستا ڕۆستەم گەیاند، ئەویش زۆر خۆشحاڵبوو، بەچەند تێبینیەک پرۆژەکەی دەوڵەمەند کردین، ئیدی لە ژمارەی یەکەمەوە



هاوکارمان بوو، تادواین ژمارە بە (نووسین، وتار، لێکۆڵینەوە، چاوپێکەوتنێکی بەندە لەگەڵ بەرێزیان) دواتریش لە سەنتەری ڕۆشنبیریی بەهرە بەهەمان شێوە لەچەندین پرۆژەی کتێب و چالاکی ڤیستیڤاڵی ئەدەبی هاوکاری هەمیشەییمان بوو، کە بووە پاڵپشتێکی مەعنەوی بۆ ئێمە و ئەو گەنجانەی حەز و بەهرەی شیعرییان هەبوو، بۆیە وەکو ئەمانەتێکی مێژوویی لەو گۆشەنیگایەوە حەزمکرد ئەم دڵسۆزی و خەمخۆریەی باجەلان بخەمەڕوو.

**بەیاننامەی بزاڤی تەغریبی:**

یەکێک لەمێژووە لەبیرنەکراوەکانی ڕۆستەم باجەلان، ئیعلانکردن و بڵاوکرنەوەی بەیاننامەی بزاڤی تەغریبی بوو، لە ٢٠٠١/٥/٢٨، کە بریتی بوو لە پرۆژەیەکی هاوبەشی هەریەک لە (عەباس عەبدوڵلا یوسف، ڕۆستەم باجەلان، د.کەمال مەعروف)

نامەوێت لێرەدا باس لە ئامانج و ناوەرۆکی ئەم بەیاننامەیە بکەم، چونکە لە شوێنی دی زۆر باسکراوە، بەڵام ئەوەی مەبەستە بیڵێم ئەوەیە، دوای ڕاگەیاندنی ئەم بەیاننامەیە لێرەولەوێ دەنگدانەوەی هەمەچەشنی هەبوو، بەشێک لە ئەدیبان لەگەڵی بوون، بەشێکیش دژ بوون،



نووسەر لەگەڵ ڕۆستەم باجەلان



هەندێکیش وەکو کارێک و بزاڤێکی ئاسایی وەریانگرت، منیش وەکو بابەتێکی ئەرشیفی و مێژوویی بیرۆکەی ئەوەم لادروست بوو کەسەرجەم دید و بۆچوونەکان، ئەوانەی قبوڵیانە و ئەوانەش قبووڵیان نییە، ڕاوبۆچوونەکانی ئەوان و ئەوانی دیکەش، هەروەها ئەو (شیعر، چیرۆک، چامە، لێکۆڵینەوە، ووتار ...هتد) کە دەکەونە قالبی تەغریب بوون، لەدووتوێی کتێبێکی ٢٠٠ لاپەرەیی بەچاپ بگەیەنم، وەکو یەکەمین کتێب و یەکەمین پرۆژەی بەئەرشیفکردنی بەیاننامەی بزاڤی تەغریبی، ئەم بیرۆکە و ئەم پرۆژەیەم بەمامۆستا ڕۆستەم باجەلان گەیاند، بەڕێزیشیان زۆر خۆشحاڵبوو، پێم گوت: هەموو بۆچوونە جیاجیاکان لەخۆ دەگرێت، بەبێ دەستکاری و لایەنگری، ئەویش گوتی: زۆرم پێ باشە و ئاساییە، ئیدی ئەم کتێبە چاپ و بڵاوکرایەوە، بەناوونیشانی (بزاڤی تەغریبی) پێشەکی، ئامادەکردن و کۆکردنەوە ئاری ئاغۆک، پاشانیش لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ناساندن و قسەی لەسەرکرا، دواتر ئەم پرۆژەیە فراوانتر و گەورەتربوو وێرای بەرگی دووەم و سێیەم، ئەوا دوا کتێب بەناوونیشانی (بزاڤی تەغریبی) کەکتێبێکی ٥٠٠ لاپەرەیی بوو بەهەمان ناونیشان و بەبابەتی زێتر و بۆچوونی زێتر لەسەر کتێبەکە و بزاڤەکە بڵاوکرایەوە، ئەوەی خۆشحاڵی کردین، ئەم کتێبە بووە سەرچاوەیەکی باش بۆ قوتابیانی ماستەر و دکتۆرا، بۆ سوود وەرگرتن و سەرچاوەیەکی زیندووی دەوڵەمەند. ئەمە مێژوویەکە لەیەکێک لەقۆناغەکانی ئەدەبی کوردی ئیعلانکراوە و ئێمەش شرۆڤەمان کردووە.

> **“ یەکێک لەمێژووە لەبیر نەکراوەکانی ڕۆستەم باجەلان، ئیعلانکردن و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی بزاڤی تەغریبی بوو ”**

**نەخۆشکەوتن و وورە بەرزی باجەلان:**

لەکاتی چوونی چالاکییەک بۆ شاری کەرکوک کە خۆشی سەرپەرشتی دەکرد بریاربوو بەندەش لەگەڵ ئەو شاندە بچێت، بەڵام بەچەند هۆکارێک نەمتوانی بچم، بەداخەوە لە ڕێگا تەندروستی مامۆستا ڕۆستەم باجەلان تێکدەچێت، کە دەگەیەنرێتە نەخۆشخانە، پزیشکان دەڵێن تووشی جەڵتەی دەماغی بووە، ئیدی مامۆستا ڕۆستەم بەو نەخۆشیەوە ساڵانێکی تێپەڕاند، وێرای خراپی دۆخی تەندروستی، بەڵام ئەو بە وورە بەرزییەوە، بەپێی توانا دەیخوێندەوە و جارجارەش دەینووسی، ماوە ماوەش لەماڵەوە سەردانیم دەکرد، ئەو پەیوەندییە ڕۆحیەی نێوانمان گەشبینیەکی لە مامۆستا دەخوێندەوە.

بەداخەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٣/١٥ کۆچی دوایی کرد، بەڵام ناو و کارە ئەدەبی و پاڵپشتییە مەعنەوییەکانی بۆ گەنجان و خۆشەویستی بۆ کتێب و قەڵەم و نوسین هەمیشە بە زیندوویی لەدڵماندا دەمێنێتەوە و یادی ئەو مامۆستا بەوەفایەم هەمیشە لەبەرچاوە تائەبەد خۆم بەقەرزای دەزانم، یادی بەخێر.



**ڕۆستەم باجەلان لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی**

# مامۆستا ڕۆستەم باجەلانم ئاوا ناسی

شاخەوان عەلی حەمەد مامۆکی

مرۆڤی ویژدان زیندوو ئەو کەسەیە کە هەمیشە لەبەردەم گەورەیی کەسانی سادە و خاکەڕا و خودان بەهرە و ئەزموونداری ژیان دۆش دادەمێنێت و بە لەدەستدانیان، پەست و پەرۆش و نیگەران دەبێت کاتێک دەبیت و دەبینیت، کە بەیەکجاری چاوەکانی لێکناوە و ڕۆحی بەرزەفڕی بەرەو جیهانی ئەبەدی لەشەقەی باڵ دەدات و هەموو پەیوەندییەکانی بەخۆشی و ناخۆشییەوە بەدونیا دەپچڕێت، وەلێ دووری ئەو ڕۆحە وابەئاسانی لەهزر و زەینی ئەوانەدا ناسڕێتەوە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەکاروانی بەردەوامی ڕەوت و ڕەوڕەوەی ڕۆژگاردا خزمەتێکی ڕوون و دیاری کۆمەڵگەو مرۆڤایەتیان کردووە، نەخاسمە ئەوانەی لەبواری پەروەردە و پێگەیاندن و ئەدەب و هەستی نەتەوایەتی و خۆشەویستی خاک و نیشتمان ڕۆڵی بەرچاویان بینیوە و شاکارەکانیان گەواهی ئەو هەقیقەتەیان بۆ دەدەن.

قسەکردن لەسەر ئەزموون و هەنگاوەکانی وشیاری کۆمەڵایەتی زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێت ئەگەر لەسەری بوەستین، بەتایبەت ڕامان و خوێندنەوەی قووڵمان بۆ دەلاقەیەک لە دەلاقەکانی دونیابینی ڕۆشنفکر و پەروەردەکار و نووسەر و ئەدەبی بەتوانا مامۆستا ڕۆستەم باجەلان، تا ئەو ڕۆژەی کۆچی دوایی کرد لەگەڵ مەرگ لەململانێ دابوو، سەرکێشی بەهەموو شتێک دەکرد، بۆ ئەوەی جوانییەکانی ژیان جوانتر بکات.

ئەوەی مامۆستا ڕۆستەمی ناسیبێت دەزانێت لەبواری پەروەردە و فێرکردن کارگەیەکی بەرهەمهێن بووە و خزمەتێکی دوورودرێژی لەو سێکتەرە کردووە و دەیەها کەس لەژێر بنیاتنان



و گۆشکردنی ئەودا بوونە دکتۆر و ئەندازیار و مامۆستا و هونەرمەند و نووسەر و شانۆکار، لەکاتێکدا لەتەک کاری ڕۆژنامەگەری و نووسینی شیعر و ئۆپەرێت و چیرۆکی منداڵاندا، هەردەم گرۆتینی بەقوتابی و خوێندکاران و گەنج و لاوان دەدا و هانی دەدان ناخی پەنگخواردوویان لە کۆپیکردنی کەسی بەرانبەر بپارێزن و لە کاری لاساییکردنەوەی تووتی ئاسا خۆیان بەدوور بگرن و دووربن لەدەستەمۆبوون و وەکو ڕۆبۆت ژیان نەکەن، بەڵکو بەرنامەڕێژی بۆ حەز و خولیاکانیان بکەنە شارێگا و لە مێشکیاندا نەخشە و وێنای جیهانێکی ئەرخەوانی بۆ بکێشن.



ئەوەندەی من لە نزیکەوە ئەو مامۆستایەم ناسیبێت، پێش ئەوەی چیرۆکی منداڵان بنووسم، دوور بەدوور بە بەرهەم و نووسین و کارەکانی ئاشنابووم، کە لەدەروونەوە حەز بەدیدەنی بکەم، هەر لەم ڕوانگەوە بۆ یەکەمجار لەبەردەم چاپخانەی مەچکۆ بەدیداری گەیشتم، کە چەند ڕۆژنامەیەکی ئەو ڕۆژەی بەدەستەوە بوو، دوای سڵاو و چاک و چۆنی، بێ ئەوەی لەنزیکەوە بمناسێت و بزانێت من کێم! بە ڕوویەکی خۆش و گەشەوە پێشوازی کردم.

پێمگوت: مامۆستا گیان ڕەنگە نەمناسیت؟

گوتی: ببوورە ناتناسم، فەرموو با خزمەتت بکەم.

منیش سەرپێیی خۆم پێی ناساند و کورتە باسێکی بواری ئەدەبی خۆمم بۆی کرد کە لەبواری نووسین، پێش ڕاپەڕین دوو بەرهەمی فۆلکلۆریم لەبەغدا چاپ کردووە و ناوە ناوەیش لەگۆڤاری هەنگ و پەریستان و ڕۆژنامەی پێشکەوتن شت بڵاودەکەمەوە، پێمگوت: زۆر دەمێکە تامەزرۆی بینینی تۆ بووم کە لەدەرفەتێکدا کۆمەڵە چیرۆکێکی منداڵانم ئامادە کردووە ئەگەر کاتت لێ نەگرم، پێمخۆشە لە دەرفەتێکدا چاوپێخشاندنەوەیەکم بۆ بکەیت و پێشەکیەکیشم بۆ بنووسیت، چونکە بەنیازم بوار بڕەخسێ هەر لەو ماوانە بەچاپی

> **ڕۆستەم باجەلان، تا ئەو ڕۆژەی کۆچی دوایی کرد لەگەڵ مەرگ لەململانێ دابوو، سەرکێشی بەهەموو شتێک دەکرد، بۆ ئەوەی جوانییەکانی ژیان جوانتر بکات**



بگەیەنم.

ئەویش بەدەم زەردەخەنەیەکی گەشەوە گوتی: جارێ وەرە با پێکەوە چایەک بخۆینەوە ئەوجا قسەی زیاتری لەسەر دەکەین.

بەم دەسپێشخەریە گەلێ دڵخۆش بووم، بەیەکەوە لەسەر کورسییەکی درێژی بەردەم چایخانەی مەچکۆ دانیشتین و بانگی یەک لە شاگردەکانی کرد کە دوو چامان بۆ بێنێت.

دوو چامان بۆ هات، بەدەم تێکدان و چا فڕکردنەوە ئەوەندە بەسادەیی منی پەلکێشی جیهانی منداڵان کرد، زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم هەر حەزم نەدەکرد لەلای بڕۆم چونکە بەڕاستی دەیویست دەستی گەنج بگرێت، یەک لەوانە من بووم ئەوەندە باسی داهاتووی منداڵانی بۆ کردم، کە ئەرکی سەرشانمانە وەکو مامۆستا خزمەتیان بکەین و بەپەروەردەیەکی گونجاو و سەردەمیانە گۆشیان بکەین، بۆ ئەوەی لەداهاتوودا ببنە پشت و پەنا و شانازییان پێوە بکەین.

پێش هەستان و جیابوونەوەمان، پێی گوتم: سبەی ئەوکاتە دێمەوە ئێرە، تۆش دەستنووسەکە بێنە بەسەرچاو وەکو بەرهەمێکی خۆم سەیری بەرهەمەکەت دەکەم، هەر کەم و کوڕیەکی هەبێت وەکو تێبینی دەینووسم و پێشەکیەکیشت بۆ دەنووسم.

بەم دیدەنیە ئەوەندە کەیفسازبووم کە ئەمڕۆ چاوم بەنووسەرێکی خاوەن ئەزموون کەوتووە، کە پێشتر تەنیا لەڕێی خوێندنەوەی بەرهەمەکانی نێو ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ناسیومە، کەچی ئەمڕۆ ڕووبەڕوو بەخزمەتی گەیشتووم.

ئەو شەوە بۆ جارێکی دی پێداچوونەوەیەکی دیکەی چیرۆکەکانم کرد، هەندێک شتم لێی لابرد و هەندێک شتم بۆی زیاد کرد.

هەستێکی زۆر خۆشم هەبوو، ئەو شەوە تا وەختانێکی درەنگ بیرم لەقسەکانی دەکردەوە کە بۆ من وەکو نوقڵ وابوون و بەلامەوە شتێکی تازە بوون، لەکاتێکدا نووسەرگەلێ هەن، ئەوەندە خۆپەرستن لەجیاتی هاوکاری و دەستگرتن، هەندێک جار وەها باسی ئەو بوارەت بۆ دەکەن کە بەژیانت لای لێ نەکەیەوە، ئەوەتا لە نموونەییەکی زیندووی خۆم لەتەمەنی ١٧ساڵی دا لەساڵی ١٩٩٠یەکەم بەرهەمم بەناوی (هاڕوون و بالوول لە چیرۆکی کوردیدا) چاپکرد کە لە بڵاوکراوەکانی کاک سەعدوڵا شێخانی بوو، بەدیاری دانەیەکم بۆ نووسەرێکی دیاری ئەم شارە برد گوتم: ئێستا دەستخۆشییەکی گەرمم لێ دەکات کە زیاتر برەو بەنووسین بدەم، سەیرم کرد تەماشایەکی بەرگەکە و دواتر بەخێرایی لاپەڕەکانی ناوەوەی لێک کردەوە، پرسی: ئەوە بەچەندت چاپ کردووە؟

گوتم: ئەوەی ڕاستیبێ بەپێنج سەد دینار لەسەر ئەرکی خۆم چاپم کردوە. ئەویش بەکەمتەرخەمییەکی زۆرەوە پێیگوتم: دەی پیرۆزە، بەڵام چونکە تۆ کەسێکی ناسراونی و خەڵک ناتناسێت، دڵنیابە تۆز لەسەر کتێبەکانت دەنیشێت و کەس دانەیەک چییە لێی ناکڕێت، بەقسەی من دەکەی خۆت لەو شتە مەدە، شتێکی دی بکە.

ئەو قسانە هێندە ساردیان کردمەوە، تا ماوەیەک لەکەلکەلەو ئەندێشەی ئەوەدابووم، دەمگوت: دەبێت ئەو کابرایە ئەو قسانەی هەر بەڕاست وابێت، یان لە حەسوودی و ئیرەییدا قسە فڕێ دەدات؟ وەلێ کۆڵم نەداو تا بەئەمڕۆ ڕادەگات نزیکەی سی چل کتێبی جۆراوجۆرم چاپ کردووە و قسەکانی لەجیاتی ساردبوونەوەو ڕووخاندن و بێ ئومێدی، بووە هاندەرێک شانی بدەمە بەر، قسەکان زیاتر ڕژدی کردم تا پەرە بەنووسین بدەم.

بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی بابەتەکە دەرنەچین، ڕۆژی دواتر دەمەو عەسرانێکی درەنگ لە کەسنەزان چوومە هەولێر و لەچایخانەی مەچکۆ سەرچاوەم گرت، نەختێک لەچاوەڕوانی مامۆستا ڕۆستەم وەستام تا دەرکەوت، دوای تەوقە و چاک و چۆنی، بەپێوە دەستنووسەکەم پێی دا، ئەویش چاوخشاندنێکی خێرای بەنێو لاپەڕەکاندا کرد و گوتی: باشە نووسینەکە ئەوەندە زۆر نییە کاتێکی زۆری بوێ، حەز دەکەی هەفتەی داهاتوو لەدەرفەتێکدا بۆتی لێرە دادەنێم ئاماژەی بەچایخانەی مەچکۆ کرد و لەقسەکانی بەردەوام بوو: جا دوو شەممە، یان سێ شەممە بێی وەری بگرییەوە خراپ نییە، نەوەک ئیشێکم بێتە پێش، یان نەیەمە ئێرە، لێرە دڵت ئاسوودەبێت پێداچوونەوەیەکی جوانی بۆ دەکەم و پێشەکیشی بۆ دەنووسم.

جارێکی دی دەستخۆشیم لێی کرد کە لەو کارەدا بووەتە دەستبار و هاوکاریم دەکات، لەکاتێکدا

**"بەدەم تێکدان و چا فڕکردنەوە ئەوەندە بەسادەیی منی پەلکێشی جیهانی منداڵان کرد، زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم هەر حەزم نەدەکرد لەلای بڕۆم چونکە بەڕاستی دەیویست دەستی گەنج بگرێت"**

ئەزموونی چیرۆکی منداڵانم کەمبوو، ڕوخسەتم وەرگرت و گەڕامەوە ماڵ، بۆ هەفتەی داهاتوو چوارشەمم دیاریکرد بۆ ئەوەی بچمە چایخانەی مەچکۆو دەستنووسەکەی لێ وەربگرمەوە، وەلێ کە پێم نایە نێو چایخانەکە، دوای سڵاوکردن لە خاوەنەکەی، گوتم: بێزەحمەت مامۆستا ڕۆستەم باجەلان هیچ شتێکی لێرە دانەناوە؟ ئەویش لەسەر ڕەفەکەی پشتیەوە زەرفێکی دەست دایێ و گوتی: تۆ شاخەوانی؟ گوتم: بەڵێ. زەرفەکەی بۆ ڕاگرتم: فەرموو.

بەخۆشحاڵییەوە زەرفەکەم لەدەست وەرگرت و سوپاسگوزاری بووم، ئەوجا بەرەو گەراجی کەسنەزان بەدەم ڕێوە دەستنووسەکەم دەرکرد، هێندە لێی بەپەلە بووم، سەرەتا کەوتمە خوێندنەوەی پێشەکییەکە، پاشان لاپەڕەکانم یەکە یەکە هەڵدەدایەوە، زۆر کەیفم بەو هەڵانە دەهات کە بەقەڵەمی سوور بۆی ڕاستکردبوومەوە و لەهەندێک شوێن زیادەی خستبووە سەر نووسینەکە.

هەر لەو ماوەیە پاکنووسم کرد و دوای تایپکردن و دیزاینکردنییەوە لەلایەن مامۆستا نەهرۆ عەلی تاڵەبانییەوە، ژمارەی سپاردنم وەرگرت و یەکسەر ڕێی چاپم گرتەبەر، بەمەیش بەکەمتر لەدوو هەفتە بەتیراژی هەزار دانە یەکەم نۆبەرە چیرۆکی منداڵانی خۆمم بڵاوکردەوە.

ئەوەی من لەگەورەیی ئەو مامۆستایەم بینی، لەدەرفەتێکدا دە دوانزە دانەم لەو نامیلکەیە بۆی لەچایخانەی مەچکۆ دانا، کەچی دەبینم دوای چەند مانگێک بەسەر بڵاوکردنەوەی، لەیەک لەژمارەکانی گۆڤاری (ڕامان) خوێندنەوەیەکی تێروتەسەل و تەواوی لەسەر تەواوی چیرۆکەکان کردووە، کاتێکیش ئەو گۆڤارەم کڕی، زیاتر لە شەش جار نووسینەکەیم خوێندەوە و هەستێکی خۆشم لا دروست بوو، کە ئەوە مرۆڤە مەزنەکانن گیانی هاندان لەخوێنی گەنجە تازە پێگەیشتوەکان بەگەڕ دەخەن، نەک ساردکردنەوە و ڕووخاندن، نەک هەر بەجارێ پشت لەو بەهرەیە بکات کە خوا پێی بەخشیوە.

سڵاو لەگیانی بەرزە فڕت، هەمیشە لەبیر و زەین و هزرمدا ئەو چراگەشەی، ئەگەر ڕووناکیت بۆ خۆت نەبوو بێت، ئەوە دەوروبەرەکەت ڕووناک کردۆتەوە.





**ڕۆستەم باجەلان لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی**



# هەڵوێستێکی دلێرانەی ڕۆستەم باجەلان

مەغدید حاجی

ڕۆژی ٢٨ی نیسانی ٢٠٠٣ ئێمە لە ئامادەیی ڕزگاری مامۆستا بووین. دوو مانگ بوو مووچەی مامۆستایان خەرج نەکرابوو، چەند مانگێکیش بوو کرێی وانەبێژیش نەدرابوو. ئەمەش نارەزایی لەناو مامۆستایان دروستکردبوو. لەو ڕۆژەدا، کە، مامۆستا ڕۆستەم باجەلان زیاتر لە (٢٠) مامۆستای ناوەندی کەرکوکی لەگەڵ خۆی هێنایە ئامادەیی ڕزگاری، گوتی: با بچین بۆ پێش پەرلەمان، خۆپیشاندان ئەنجام بدەین. من هەر زوو پشتگیریم کرد، هەر لەلای ئێمە لەسەر چەند فایلێک دروشمەکانمان نووسی و دامانە دەست مامۆستاکان، تاکو لەسەر شەقام بەرزیان بکەنەوە، ئێمەش ژمارەیەک لە مامۆستایانی ڕزگاری لەگەڵ مامۆستایانی ناوەندی کەرکوک کە مامۆستا ڕۆستەم ڕابەرایەتی دەکردن، بە ڕێپێوان بەڕێکەوتین، لە گۆڕەپانی بەرانبەر هۆڵی میدیا بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر مامۆستا (........) هاتە پێشمان، دیاربوو هەواڵی خۆپیشاندانەکەی زانیبوو، داوای لێکردین خۆپیشاندانەکە تێکبدەین و بە ئاژاوە نانەوە ناوی بردین!

مامۆستا ڕۆستەم وەکو شێر ڕووبەڕووی بووەوە و هاواری بەسەردا کرد و پێی گوت: (تۆ بەعسی بوویت، لەپێشمان لاکەوە، ئێمە خۆپیشاندان دەکەین بۆ پێش پەرلەمان) مشتومڕێکی توند لەنێوان مامۆستا ڕۆستەم و بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە دروست بوو. جەنابی بەڕێوەبەری گشتی هیچی پێ نەما، ناچار پێشی بەرداین و بە تەلەفۆن پەیوەندی لەگەڵ سەرپەرشتیارەکان و بەڕێوەبەرەکانی دواناوەندییەکان کرد و داوای لێکردن ڕێگا بە مامۆستایان نەدەن لە قوتابخانە دەربچن!

ئێمەش بەردەوام بووین لە خۆپیشاندانەکەماندا، لەسەر ڕێگامان لەنزیک (فولکەی بەتەمای خوای) من و مامۆستا ڕۆستەم لەهەردوو پەیمانگەی ئامادەکردنی مامۆستایانی کچان و هونەرە جوانەکان لاماندا و داوامان لە مامۆستایانیان کرد لەگەڵمان بێن، لەپێناوی خەرجکردنی مووچەکانیاندا لە خۆپیشاندانەکەدا بەشداربن، بەداخەوە کەسیان بەگەڵمان نەکەوتن.

هەر بەدەم ڕێگاوە مامۆستا ڕۆستەم داوای لەمن کرد داواکاری مامۆستایان لەپێش پەرلەمان پێشکەش بکەم، منیش هەربەدەم ڕۆیشتنەوە گرنگترین داواکارییەکانم لەشێوەی کورتە یاداشتنامەیەکدا نووسی و ئامادەم کرد. گەیشتینە پێش پەرلەمان، مامۆستایانی هەردوو ئامادەیی ئاڵای کچان و گەلی کوڕانیش هاتبوون بۆ خۆپیشاندانەکە، چاوەڕوانی ئێمەیان دەکرد. هەموو ژمارەمان گەیشتە دەوروبەری (٧٠) مامۆستای ژن و پیاو. چووینە ناو حەوشەی پەرلەمان، ڕێگایان بۆ کردینەوە، لەپێش دەروازەی ژوورەوەی تەلاری پەرلەمان، ژمارەیەک لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، کە مامۆستا ئەحمەد سالار لەپێشەوەیان بوو هاتنە پێشوازیمان، ئێمە هەموو گردبووینەوە، چەند کەناڵێکی ڕاگەیاندنیش



**نووسەر لەگەڵ ڕۆستەم باجەلاندا**

## ڕۆستەم باجەلانی شاعیر و پەروەردەکار و کوردی دڵسۆز وەکو پاڵەوانێکی سەرکەوتوو لەم پرۆسەیەدا دەرکەوت

ئامادەبوون. مامۆستا ئەحمەد سالار بەناوی سەرۆکایەتی پەرلەمان قسەی کرد و بەخێرهاتنی کردین، منیش داواکارییەکانم خوێندەوە، گوێیان لێگرتین و بەڵێنیان پێداین کە بە زووترین کات داواکاریەکانیان بگەیەننە سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی حکومەت.

خۆپیشاندانەکە دەنگی دایەوە، بەتایبەتی کە تەلەفزیۆنی ئازادی تەواوی ڕێپێوانەکە و گردبوونەوەکە و هەموو لێدوانەکانی پەخش کرد. ئەمە یەکەمین خۆپیشاندانی مامۆستایانی ناڕازی بوو لە هەولێر لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن.

تەنیا دوو سێ ڕۆژی پێچوو مووچەی مامۆستایان



دابەشکرا. بەڵام بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە فەرمانی سزادانی بۆ (٢٠) مامۆستای ناوەندی کەرکوک کە مامۆستا ڕۆستەم باجەلان لە پێشەوەیان بوو، دەرکرد. ئێمەش لە لیستی پیشەیی، هەروا یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بەتایبەتی مامۆستا عەزیز شوان (یادی بەخێر) سەرۆکی لقی هەولێر، هەوڵی زۆرماندا تاکو بەڕێوەبەری گشتی ناچاربوو سزاکە هەڵبوەشێنێتەوە.

بەڕێوەبەری گشتی بەر لە هەڵوەشاندنەوەی سزاکە بەهۆی سەرپەرشتیارێکی پسپۆڕی زمانی کوردی خەبەری بۆ مامۆستا ڕۆستەم ناردبوو بچێت داوای لێبوردنی لێبکات.

بەڵام مامۆستا ڕۆستەم ئەمەی ڕەتکردەوە و گوتی: (هەرگیز داوای لێبوردن لە کۆنە بەعسیەک ناکەم)

سزاکە هەڵوەشایەوە مامۆستا (ڕۆستەم باجەلان)ی شاعیر و پەروەردەکار و کوردی دڵسۆز وەکو پاڵەوانێکی سەرکەوتوو لەم پرۆسەیەدا دەرکەوت. دواتر مامۆستایان لە هەولێر لە هەموو لایەکەوە دەستخۆشیان لێدەکردین و دابەشکردنی مووچەیان بە ئەنجامی ئەم خۆپیشاندانە دەزانی.

یادت بەخێر شاعیر و مامۆستای بەهەڵوێست..

هەزار درود بۆ گیانی پاکت.




وێنەیەکی خۆپیشاندانەکە



# سیخوڕیکردنی ئەدەبیم بەسەر ڕۆستەم باجەلان-دا


دلشاد کاوانی

لە ساڵی نەوەد و نۆی سەدەی ڕابردوو، تازە چەند ساڵێک دەبوو لەگەڵ شیعر نووسیندا دەست و پەنجەم نەرم دەکرد. بە ڕێکەوت لەناو پاسدا (ڕۆستەم باجەلان)م کەوتە بەرچاو، کە ساڵانێک بوو بەرهەمە شیعریەکانم دەخوێندەوە.

بەتامەزرۆییەوە لێم دەڕوانی، بەتایبەتی سەر و قژێکی لوول قرژنەکەی زۆر سەرنجی ڕادەکێشام، گەنجێکی تازە پێگەیووی شەرمن بووم، لە دڵەوە حەزم دەکرد بیدوێنم.

کەچی نەموێرا قسەی لەگەڵ بکەم، تا گەیشتینە چەقی بازار هەردووکمان دابەزین و تاوێکی باش لێم دوورکەوتبۆوە، هەر لێی ڕامابووم.

خەفەتم لەوە دەخوارد کە هەلی بینینم هەبوو لێ حەزی قسەوباسم لە کیس چوو. من تازە چووبوومە گەڕەکی زانیاری، دیاربوو باجەلانیش ماڵی لە ئازادی بوو، بۆیە زوو زوو لە ناوپاس ڕێکەوتم دەکرد، بەڵام زاتی ناساندنیم نەدەکرد.


ڕۆستەم باجەلان

ڕۆژێکیان من هەرسەیری سەر و قژ و ڕۆژنامەی دەستیم دەکرد، بیرم چووبووەوە من بە پێوە وەستاوم و جێگەی تەنیشتی ئەویش چۆڵ بوو. ئەویش درکی بە نیگا نامۆکانی من کردبوو، بۆیە داوای کرد لە تەنیشتی دابنیشم.

منیش لەتەنیشتییەوە دانیشتم، تا نزیک بازار بوێری خۆناساندم نەکرد، هێزی قسانم دایە بەر خۆم و بەشەرمەوە پێم گوت: جەنابت (ڕۆستەم باجەلان)یت. ئەویش بەهێمنی گوتی: بەڵێ چۆنت زانی؟ منیش لە وەڵامدا گوتم، بە ئەزموون و بەرهەمەکانت ئاشنام. ناوی ژمارەیەک بەرهەمی شیعریم بۆ باسکرد، لەوانە لەپێناوی تۆدا دەژیم، منداڵ و ڕەشەبا و باخچەی منداڵان و منداڵ و جیهانی وەرزش و دڵداری شاعیرێکی تینوو، لە پەڕاوی بیرەوەریدا، سۆلین، شیعری منداڵان، دەریا چەندێکی دیکە و گوتم: ئێستا لە کاروان و ڕامان و گوڵان دەنووسیت.


خوالێخۆشبوو. تووشی شۆکی کردم گوتی: تۆ سیخووڕیم بەسەردا دەکەیت؟ منیش کەوتمە دڵەخورپە و بە پەشۆکاوی پێم گوت: سیخوڕی ئەدەبی، هەر بەسەر تۆنا، بەسەر زۆربەی شاعیرانی دیکەدا، من خوێنەری ئەدەبیم.

باجەلان پێکەنی و گوتی: هەر زوو زانیم، سەیرکردنەکانت ئاسایی نەبوو، بەڵام هەر ئەوەندە دەڵێم خۆزیا زۆربەی گەنجانی هەولێر وەکو تۆ سیخووڕی ئەدەب دەبوون، جوانییەکان ئاوا زوو وێران نەدەبوون.


هەرچەندە، هەر نەمتوانی پێی بڵێم منیش شیعر دەنووسم، بەڵام هێشتا منداڵم لە ئاست دەربڕینی دا.

بەداخەوە ئەمە یەکەم دیدار و دواناسینم بوو لەگەڵ ڕۆستەم باجەلان تا مردنی.

> "باجەلان پێکەنی و گوتی: هەر زوو زانیم، سەیرکردنەکانت ئاسایی نەبوو، بەڵام هەر ئەوەندە دەڵێم خۆزیا زۆربەی گەنجانی هەولێر وەکو تۆ سیخووڕی ئەدەب دەبوون"



# نامۆبوون لەدونیای ئەدەبی ڕۆستەم باجەلان دا




دلزار حەسەن

لەبەردەم شاعیرێک وەستاوین، بۆ ئەوەی لە تایبەتمەندی دونیای ئەدەبیەکەی تێبگەین، بزانین لە کام دیوی ژیانی نووسینی بکۆڵینەوە و لە کوێوە دەست پێبکەین؟ بەمانایەکی دیکە خاڵی دۆزینەوەی جیهانە شاراوەکەی ئەو چییە؟ چونکە گشت ئەدیبێک، نووسەرێک، شتێک لە بیرکردنەوە و جۆری نووسین و جیهانبینییەکەیدا هەیە، بتوانیت لێیەوە تێ بگەیت، ئاخۆ جیاوازییە ئەدەبییەکەی لە چیدایە؟ یان لەکام دونیای ئەدەبییەوە جوایەز و تایبەتمەندی خوڵقاندووە؟ بە درێژایی تەمەنی ئەدەبی ئەو پیاوە، سێ قۆناغ لە جیهانی نووسینیدا دەرکەوتووە. جیهانی منداڵان، کە بەشی زۆری مێژووی نووسینی ئەوەی داگیرکردووە. لەگەڵ دونیای ئەدەب و شیعر، کە تایبەتمەندییەکی تایبەتی لای ئەو جێهێشتووە. دوا قۆناغی ئەدەبیشی پرۆژەی تەغریبی بوو، کە لەگەڵ د. کەمال مەعروف و عەباس عەبدوڵڵا یوسف لە ٢٠٠١/٥/٢٨ بەیاننامەی بەرەو بزاڤی تەغریبییان بڵاوکردەوە. من خۆم دەپارێزم لە وێستگەی ئەدەبی منداڵان، کە پێویستی بە کەسانی پسپۆر هەیە لەو بوارەدا و پیشموابێت درێغی نەکراوە زۆریان لەبارەیەوە نووسیوە. باجەلانیش لەدونیای شیعری منداڵاندا، بەشی شێری بەردەکەوێت. جگە لەوە خۆم دەپارێزم لە قسەکردن لەسەر بزاڤی تەغریبی، چونکە لەکاتی خۆیدا وتاری زۆری لەسەر نووسراوە. هەرچەندە ئەو سێ کەسایەتییە جیهانبینییان زۆر لێک دووربووە، نە دکتۆر کەمال و نە عەباس عەبدوڵڵا یوسف دونیای نووسین و ئەدەبییان، هیچ پەیوەندییەکیان بە تەغریبییەوە نەبووە. مەبەستم وەکو حاڵەتی زاتی و تێکستیش، بەڵام ڕۆستەم باجەلان بەتەواوی حاڵەتی نامۆیی، چ لە ڕەفتار و بیرکردنەوەی، چ لە تێکست و بەرهەمەکانیدا هەستی پێدەکرا. بەکورتی تەنیا ڕۆستەم باجەلان دونیایەکی نامۆیی هەبوو، لەهەمووشیان باشتر هەزمی ئەو دۆخەی کردبوو. جگە لەوەیش لە دەقەکانیدا، بەباشی تەوزیفی کردووە. بەمانایەکی دیکە ڕۆستەم بۆ نامۆبوون ژیا، تەنیا ژیا، هەر بەتەنیایش مایەوە، بۆیە هەوڵدەدەم خۆم لەو دوو بابەتە بپارێزم و لە دیوێکی دیکەوە خوێندنەوەی بۆ بکەم. ڕەنگە ئیشکردن لە دونیای کەسێکدا ئاسان نەبێت، کە جیاوازی لەگەڵ نەوەی پێش خۆی نەکردبێت، یان نەیتوانی بێت ئەوانی دیکە تێپەڕێنێت. من لەو ڕووەوە ڕۆستەم باجەلان جیاوازتر دەبینم، کە بەڕاستی ئەگەر بەوردی بیخوێنیتەوە تێدەگەیت، کە خاوەنی چ مانیفێستێکی ئەدەبی و ڕوانگەیەکی شیعری و ئەدەبی تایبەتی بووە. بەشێوەیەک لە شێوەکان، تا سنوورێک بەشی زۆری شاعیرانی (پێشەخۆیی و جیلی خۆیی و ئێستاشی) تێپەڕاندووە، بەڵام ئەوە کەمترخەمی ئێمەیە وەکو پێویست کەس ناخوێنینەوە، یاخود نامەنەوێت بیانخوێنینەوە. ئەگینا بڕۆن کتێبی (گرانەتا و غەریب) بخوێننەوە، کە لای من تێکستە بەمانای وشە، ڕوئیای تێدایە، ئیستاتیکە و قسەی تێدایە، پڕە لە حاڵەتی نامۆیی و بزربوون. دونیایەکی تەواو جیاوازە. لەدرێژەی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا جەوهەری جوایەز و نوقتەی تەحەولی ئەو پیاوەتان بۆ دەردەخەم.

وەستان لەسەر جیهانی نووسەر و ئەدیب هەر وا ئاسان نییە. کاتێکیش دەتەوێت لەدونیای کەسێک بگەیت، پێویستە جەوهەری ئەو شتە بدۆزییەوە، کە بووەتە هۆی قسە لەسەرکردنی، یان کردنەوەی مەلەف و تەوەر لەسەری. من لێرەدا ستافی گۆڤاری دیوان بەعاقڵ دەزانم، کە بیریان لەبەسەرکردنەوەی ئەو شاعیرە کردووەتەوە. قسەکردن لەسەر باجەلان پەیوەندی بە بێکەسی ئەو پیاوەوە نییە، بەڵکوو دۆخی ئەدەبی باجەلان ئەوە دەخوازێ لەسەری بووەستین. ئێمە تەنیا گوێ لەوانە دەگرین کە دەنگە دەنگ دەکەن، بیرمان نەچێت قسەی جدی لای کەسە هێمن و لەسەرخۆکانە. ئەوانەی بەبێدەنگی دەنووسن، بە نەمریی دەمێننەوە، بۆیە ئافەرم بۆ گۆڤاری دیوان، کە بیردەکاتەوە، دەزانێت چۆن هەنگاو بهاوێت و

> “ ڕۆستەم باجەلان بەتەواوی حاڵەتی نامۆیی، چ لە ڕەفتار و بیرکردنەوەی، چ لە تێکست و بەرهەمەکانیدا هەستی پێدەکرا ”



> ئەوانەی ڕۆستەم باجەلانیان لەنزیکەوە ناسیوە، بەکەسێکی نیشتمانپەروەر ناویان هێناوە و خۆیشی هەمیشە خۆی بەدوورگرتووە لە ناوەندە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی سەردەمی بەعس

چۆن چۆنیش کەسە بێدەنگە جدییەکان بەسەر بکاتەوە. هەڵبەتە گەر ئەو حاڵەتەیش لە دونیای ئەدیب و نووسەر نەبینییەوە ڕەنگە زیانت هەم لەخۆتدا بێت، هەمیش لەبەرانبەرەکەت. بەڕاستی کاتێک داوایان لێکردم لەسەر ڕۆستەم باجەلان شتێک بنووسم، نەختێک وەستام و لەخۆم پرسی لەکوێوە دەست پێبکەم. هەرچەندە پەیوەندی من و ڕۆستەم باجەلان بۆ دوو شت دەگەڕێتەوە، لە قوتابخانە مامۆستام بووە، لە جێگەیەکی دیکە هانی داوم شت بنووسم و شت بڵاوبکەمەوە، هەر لەڕێگەی ئەویشدا لەساڵی ١٩٨٩ یەکەم شیعرم لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکراوەتەوە، بەڵام ئەوانە هیچ نیین لەبەرانبەر دەقدا، لێرە تێکست، نووسین دەدوێت، نەک سۆز و برادەرایەتی. خراپترین شتێکیش، کە دەرهەق بە بەرهەم و جیهانی ڕۆشنبیریی، ئەدەبی، هونەری، هتد... کەسانێک کرابێت نووسین و پیاهەڵدانی ئینشایانە و سۆزدارانە بووە، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان تۆ جارێکی دیکە ئەو مرۆڤە دەکوژییەوە، بۆیە باشترین شتێک لێکۆڵینەوەی وردە لەسەر ئەو چەمک و ڕەهەندانەی جەوهەری جیاوازییەکانی ئەو دەگەڵ دونیای ئەوانی دیکە دەردەخات. من ئەو سەرە داوەم لە دۆخی نامۆیی و نامۆبوونی لەنێو دەقە ئەدەبییەکانی ڕۆستەم باجەلاندا دۆزیوەتەوە، بۆیە بڕیاری ئەو نووسینەم دا.

هەرچەندە بۆ دەستخستنی کۆی بەرهەمەکانی باجەلان ماندووبووم، گەر هاوکاری بەشێک لە نووسەر و ئەدیبە هاوڕێکانم نەوبوایە، ڕەنگە بەو ئاسانییە نەمدەتوانی لەسەر دونیای ئەدەبی ڕۆستەم باجەلان بنووسم. سەرەتا کاک بڵندی ئازیز، کە هەم کوڕی مامۆستا ڕۆستەمە و هەمیش بە ڕاستی شاعیرێکی بەتوانایە، چەند کتێبێکی ئەوی بۆ هێنام. وەکو دیوانی (دەریا) کە لە چاپخانەی الحوادث لە بەغدا ساڵی ١٩٨١ چاپکراوە. دیوانی (گرانەتا) لە کوردستان ساڵی ٢٠٠٢ چاپکراوە، کتێبی (غەریب) کە بە قەسیدەی تەغریبی ناونراوە، ساڵی ٢٠١٣ چاپکراوە. جگە لەوەیش چەند بەرهەمێکی تایبەت بە دونیای منداڵان وەکو (بەندەکان و باجەلان) ساڵی ١٩٨٢ لەبەغدا چاپکراوە (مناڵ و جیهانی وەرزش) کۆمەڵە شیعری منداڵانە ساڵی ١٩٨٦ لە بەغدا چاپکراوە. کتێبی (دەریای منداڵ) کە بە ڕۆمانە شیعر شوناسی پێدراوە. ساڵی ٢٠٠٤ لە بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری چاپ بووە. دیوانی (شیعرەکانم) شیعری منداڵان ساڵی ٢٠٠٦ دەزگای بەدرخان بۆی چاپکردووە. لەگەڵ چەند کتێب و دەستنووسێکی دیکەی تایبەت بە دونیای ئەدەبی مامۆستا ڕۆستەم باجەلان.

دوای ئەو پەیوەندیم بە زۆرێک نووسەران کرد، تا بەرهەمەکانی دیکەیم دەست کەوێت، خۆشبەختانە ئەسکەندەر زراری شاعیر دیوانی (دڵدارەکەم لە شارێکی ترە)ی بۆ هێنام. ساڵی ١٩٨٠ لە بەغدا چاپکراوە، پاشان سەردانی کتێبخانەی گشتی هەولێرم کرد (زەیتونە) چوار دیوانی ئەوم دەست کەوت وەکو (شاعیرێکی تینوو لە پەڕاوی بیرەوەریدا) ساڵی ١٩٧٨ لە چاپخانەی کامەران لە سلێمانی بە چاپگەیەندراوە. (سۆلین) شیعری منداڵان ساڵی ١٩٨٠ لە بەغدا چاپکراوە (لەپێناوی تۆدا دەژیم) ساڵی ١٩٨٢ لە بەغدا چاپکراوە. دیوانی (غەریب) ساڵی ٢٠٠١ بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخواز بۆیان چاپکردووە. تەنیا بەرهەمێک کە زۆر پەرۆش بووم دەستم کەوێت دیوانی (ژان و دڵداری) بوو کە لە ساڵی ١٩٧٧ چاپکراوە بەداخەوە دەستم نەکەوت. مەبەستیش لەوە گەیشتن بوو بە دۆخی نامۆیی و دونیای نامۆبوونی شاعیر، هەر لە سەرەتای نووسین و تێکەڵ بوونی بە دونیای شیعر و ئەدەب. دەبووا بزانم ڕەگی ئەو نامۆبوونە بۆ کوێ دەگەڕێتەوە، ئەو حاڵەتە لە کەیەوە لای شاعیر دروست بووە، ڕەهەندە تەغریبییەکانی شاعیر بۆکام قۆناغ و وێستگەی ئەدەبی ئەو دەگەڕێتەوە. ئەوانە بۆ من سەرەداوی گرنگ بوون، تا لێیەوە تێبگەم شاعیر چۆن ئەو دۆخەی بۆ دروست بووە. ئایە دۆخێکی ئاساییە، یان بەهۆی بەرکەوتنییەتی بە جیاوازییەکان. بەڕاستی تێگەیشتن لەو دۆخەی شاعیر ئاسان نییە، گەر تەواوی بەرهەمەکانی ئەوت لەبەردەستدا نەبێت.

**نامۆیی وەکو چەمک:**

بەر لەوەی نامۆیی وەکو بابەتێکی زانستی باسی لێوەبکرێت و لێی بکۆڵدرێتەوە، وەکو دیاردە لە سەرەتای بوونی مرۆڤایەتییەوە هەستی پێکراوە و مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە. زۆرجار لە ئاکار و ڕەفتاری ئەو کەسانە دەردەکەوێت، کە گۆشەگیر و دوورە پەرێزن. لەوانەیە گۆشەنشین نیشانەیەک بێت لەنیشانەکانی نامۆیی، بەڵام ناشبێت ئەوە لەیاد بکەین، کە مرۆڤ وەکو کائینێکی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەک لە شێوەکان هەڵگری خاسییەتی نامۆیی و نامۆبوونە. هەرچەندە بە کۆمەڵایەتی بوونی

ئادەمیزاد دیاردەییەکی مرۆڤایەتییە، نەک ویست و ئـــارەزووی مـرۆڤـەکـان، بـەگـوێرەی وێستگە مێژووییەکانیش فۆڕمی ئەو بە کۆمەڵایەتی بوونە گۆڕانی جەوهەری بەسەردا هاتووە. سەرباری دونیایەک نووسین لەسەر چەمگەلی نامۆیی، بەڵام هێشتا ئەو زاراوەیە وەکو خۆی پێناسەنەکراوە. ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕبوونەوەی ئەو چەمکە بۆ نێو کایە جیاوازەکان، لە بوارەکانی (زانستی دەروونـی و کۆمەڵایەتی و ئابووری) کۆی ئـەو پێناسانە دواجـار بـەدەوری چەمکە گشتییەکەدا دەخولێنەوە، ئەویش جیابوونەوەی تاکە لە کۆمەڵ، یان دوورکەوتنەوەی کۆمەڵێک کەس لە کۆمەڵگە.

واتـــای کۆمەڵایەتی بۆ نامۆبوون لای هیگڵ، بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ فەلسـەفەی پـەیمانی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی بۆچوونەکانی ڕۆسۆ، کە پێی وایـە نامۆبوون جیابونەوەی خـودە لە ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی و وا دەکات تـاک هەست بـەبوونی خـۆی نـەکات و دەسـت لـە مافـەکانی خـۆی هـەڵبگرێت و لەنێو کەسـانی دیکەدا بتوێتەوە.

واتـای دەروونشیکاری بۆ وشـەی Alienatio مانای حاڵەتی بێ هۆشی، هەروەها لەدەستدانی هێزی عـەقڵی، یان هەستەوەرەکان دەگـەیێنێت، ئــەریک فـرۆم لــە کتێبەکەیدا (کۆمـەڵگـەی تەندروست) واتای کۆنی نامۆبوونی بـەکارهێناوە بۆ کەسێک، کـە (شێت) بێت. فرۆم وادەبینێت، کـە هـەردوو وشـەی Alieneی فەرەنسی و Alienadoی ئیسپانی بۆ کەسێک بـەکاردێت، کـە بە تـــەواوی لـە عەقڵی خـۆی نامۆ بێت، تا ئێستاشی لەگەڵدابێت وشـەی Alienistی ئینگلیزی بـــەکاردێت بـــۆ پزیشـــکێک، کە چارەسەری نەخۆشییە عەقڵییەکان بکات. ئەریک فرۆم هەڵەیەکی کۆمەڵایەتی و مەعریفی دەکات لەبارەی پێناسەی نامۆییەوە، کە دەیخاتە خانەی شێتییەوە. شێتیش لای فرۆم نەخۆشێکە وەکو باقی نەخۆشەکانی دیکە! لە دیوێکی دیکەوە لە زانستی سایکۆ سۆسیۆلۆژیەوە ماناکەی دەگۆڕێت و بەمانای جیابونەوەی مرۆڤ لەخودی خۆی و سەرپێچیکردنی ئەو شتانەی، کە لە کۆمەڵگەدا باون دێت. لەگەڵ ئەوەیشدا لە دونیای ئاییندا پێناسەیەکی میتافیزیکیانە بۆ ئەو حاڵەتە کراوە، کەسێک پەیوەندی خۆی لەگەڵ یەزداندا بپچڕێنێت بەو دەگوترێت کەسێکی نامۆ. لەزمانی عەرەبشدا



زاراوەی نامۆیی Alienation جێگیر نییە و چەندەها چەمکی وەک (غربـة، التغريب) (التغرب) (الاستلاب)ی بۆ بەکار دێت، بەڵام ئەوەی کە لە عەرەبیدا زۆر بەکاردێ هەردوو زاراوەی (غربة، الاغـتـراب)ە ئـەگـەر سـەرنج بدەینـە زۆربـەی فەرهەنگـە عـەرەبییـەکان، دەردەکـەوێت ئـەو زاراوە عـەرەبیانـەی لەسـەرەوە باسمانکردن زیاتر سیمای شوێنییان هەیە، بۆ نموونە (خەلیلی فەراهـیدی) لـە کتێبی (العين) و (إبـن فارس) لـەکتێبی (مقايس اللغـة) و (إبـن منضـور) لەکتێبی (لسـان العـرب) (جەوهـەری لەکتێبی الصحاح) و (ئەزهەری لەکتێبی تهذيب اللغة) پێیانوایە، کە زاراوەکانی (غربـة، غـرب، تغريب، اغربتـه، غربتـه، دوورخستنەوە و دووری لە نیشتمان دەگەیەنێت. لەفەرهەنگە کوردییەکانیشدا ئاماژە بەو زاراوەیە کراوە و لێکدانەوەی جیاوازیان بـۆی کـــردووە. فه ر هـه نگی (هه نبانه بۆرینه) مـانـای( بێگانەیی) لـەبـەرانبـەر وشـــــەی (نـــامـــۆیـــی) دانـــــــــاوە. فەرهـەنگی (خــاڵ) یش پێی وایـە نامۆیی حـاڵـــەتـێـکـی دەروونـیـیە و واتـای بــێ





خەوی و بێ کەیفی دەگەیێنێت، کە لەڕانەهاتنی شوێنێک پەیدا دەبێت. لەفەرهەنگی کوردستاندا، بۆ وشەی (نامۆ) واتای (هۆگرنەگرتوو)ی داناوە. بە مانایەکی دی، نامۆگەرایی بریتییە لەدۆخێکی سایکۆ کۆمەڵایەتی، کە لەکات و شوێنی نادیاردا دووچـاری مرۆڤ دەبێت و بەهۆی ئەوەوە هەست بەنامۆیی و دووریی و ئاوارەیی دەکات. لە پەرتووکی (معجم علم الاجتماع) یش هەمان ڕای هەیە سەبارەت بەنامۆبوون و پێی وایە (حاڵەتێکی سایکۆ کۆمەڵایەتییە، کە بەشێوەیەکی تەواو کۆنترۆڵی مرۆڤ دەکات و وای لێدەکات هەندێک لایەنی واقیعە کۆمەڵایەتییەکەی لا نامۆ بێت، دەتوانین بڵێین نامۆیی دیاردەیەکە هەردوو ڕووی دەروونیی و کۆمەڵایەتی ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینن. زۆرجار نامۆیی دوورکەوتنەوەی تاکە لەخودی خۆی، هەندێک جاریش نامۆیی پچرانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تاکە لەکۆمەڵگەکەی بەگشتی و ڕەتکردنەوەی هەموو پێوەرەکانی کۆمەڵگەیە، بەڵام هەندێک جار نامۆییەکە فراوانتر و قووڵتر دەبێتەوە، بە دورکەوتنەوەی تاک لەخودی خۆی و ژینگەی دەوروبەری و کۆمەڵگەکەی بەگشتی کۆتایی دێت. بێگومان نامۆبوون خۆی دەرهاویشتەی ئەو حاڵەتە نێگەتیڤانەی کۆمەڵگەیە، کە تاک ناتوانێت لەگەڵیاندا هەڵبکات و ڕەتیان دەکاتەوە، زۆرجار مرۆڤە نامۆکان توانای گۆڕینی ئەو واقیعە نەگونجاوەی نییە و ناتوانێت گۆڕانکاری بەسەردا بهێنێت و بە ناچاری پەنا بۆ جیهانێکی دیکە بەرێت، کە خۆی تێدا سەرکارە. بە کورتی نامۆبوون، یاخود بەمانایەکی دیکە نامۆیی وەکو چەمک بۆ سەرەتاکانی سەدەکانی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە، زیاتر بە مانای «دەست بەسەرداگرتن» یان «لێسەندن» هاتووە. لە زمانی ئەڵمانیدا Entfremdung ی بۆ بەکارهاتووە، بەڵام لە فەرهەنگی ئینگلیزدا زاراوەی نامۆیی Alienation لە ئاوەڵناوی Alien هاتووە، کە بەمانای نەناسراو، یان بێگانە دێت.

گەر بەمانای حەرفیش وەریگریت، بە مانای دوورکەوتنەوە، یاخود دووری لەکۆمەڵگە دێت. هەڵبەتە ئەو چەمکە لای ئەڵمانەکان تا ئەمڕۆکەیش بۆ دۆخی نامۆبوون بەکاردەهێندرێت، لەتەک ئەوەیشدا وشەی Fremder بۆ کەسی نامۆ بەکارهاتووە. بەکورتی نامۆبوون چەمکێکی فەلسەفییە چەندین بیرمەند و نووسەر لەبارەیەوە بە میتۆد و تیۆری جیاواز قەسەیان لەسەر کردووە. لەزانستە جۆراوجۆرەکان و لە زۆربەی ئایینەکانیشدا تا ئەفلاتوون و ڕوسۆ و هیگڵ و فیورباغ و مارکس، دواتریش لە زانستی دەروونی و بونگەرایەکانەوە بە وردی لەسەر ئەو چەمکە وەستاون. نامۆبوون، بەواتای دەرچوونی مرۆڤە لە خودی خۆیدا، یان ونبوون و نامۆبوون لە خۆیدا. نامۆبوون لە خود، بە واتای نەبوونی چالاکی، یان نەبوونی دەرئەنجامی ماددیی و ڕۆحی چالاکییەکانی مرۆڤە، جۆرێکە لە ململانێ لەگەڵ کایەکانی بوون. لە ئاستی کۆمەڵایەتی، ململانێیە لەگەڵ هێزی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و سیاسی، مانەوەیە وەکو بوونێکی بێ کاریگەر و نامۆ. ونبوون لەو جیهانەی تیایدا دەژین، جۆرێکی دیکەیە لە نامۆبوون، کە بەهۆیەوە مرۆڤ تێک دەشکێنرێت. وەکو پسپۆرە دەروونشیکارەکان دەڵێن، بۆ دەربازبوون پەنا دەباتە بەر جیهانی خەیاڵی و ڕۆحی. لە بری بیرکردنەوە لە گۆڕینی، لەو ڕێگایەوە پەنا دەباتە بەر دیدێکی میتافیزیکی. بیرمەندێکی وەکو کارل مارکس کێشەی نامۆبوون، لە پرۆسەی کار و بەرهەمهێناندا دەبینێتەوە. لە دەستنووسە (فەلسەفی- ئابوری) یەکەیدا نامۆبوون بە خۆدەردان ناوزەند دەکات.

مارکس ئەو میتۆدەی لە تێزە فەلسەفی- ئایدیالیستییەکەی هێگڵەوە وەرگرتووە و ماتەریالیستیانە داڕشتۆتەوە. مارکس پێیوایە نامۆبوون لە پرۆسەی کار و بەرهەمهێناندا دێتەگۆڕێ، کە پرۆلیتاریا شوناسی پێدەبەخشێت. پێیوایە خاوەنداری بەرهەمەکەی خودی خۆی نییە، بەڵکوو سامانی کەسێکی دیکەیە، کە بە خودی ئەو نامۆیە. زەحمەتکێش لەو پرۆسەیەدا تەنانەت لە خودی خۆی نامۆ دەبێت، یاخود هەست دەکات بووە بە بەشێک لە برغوویەک لەنێو ئەو جیهانەدا. مارکس ئەو نامۆبوونە، بە (کۆلێکتیڤ / دەستەجەمعی) شیکار دەکات. لەو ڕوانگەیەوە تێدەگەین، کە خاوەنداریی تایبەتی (ملکیە خاصە) هۆکاری نامۆبوونی کرێکارە، چونکە کار و بەرهەمی کارەکەی دەچێتە دەستی کەسێکی دیکەوە، کە مارکس بە سەرمایەدار / کەپیتالیزم پێناسەی دەکات. مارکسی بیرمەند پرۆسەی کار بە سەرچاوە و دەستپێکی سەرهەڵدانی دیاردەی نامۆبوون لە تەواوی مێژوودا دەناسێنێت، بە هەموو فۆرم و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئەوە هەر لە پەیوەندییە ترادیسیۆنەکان و سەردار و بەرکاردا، لە کۆمەڵگەی فیۆداڵی سەدەکانی ناوەندا (دەرەبەگایەتی) تا دەگات بە سەرهەڵدانی

**«لە هەشتاکانیش سەرچاوەی ڕۆشنبیریی ڕۆستەم باجەلان گۆڕانکاریان بەسەردادێت و بەتەواوی دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو لێشاوە وەرگێڕانەی ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتین و قوتابخانە فیکرییەکانی ئەوروپا و خۆراوایی»**



سیستەمی سەرمایەداری و فاشیزم و سۆسیالیزم.
گەر بە چاوێکی ورد بڕوانینە مانیفێستەکەی مارکس لەمەڕ دۆخی نامۆبوون، دەبینین لە فۆڕم و سیستەمی سەرمایەداریدا هەر تەنیا کرێکار نییە، کە نامۆیە بەرانبەر بەرهەمی کارەکەی، بەڵکوو بەرکەوتنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لەم سیستەمەدا لە ئاستەنگێکی ژیاری قووڵ دان، کە تەواوی مرۆڤایەتی بە ژینگەیەکی سەختی نامۆبوون گوزەر دەکات. کەواتە نامۆبوون تەنیا پەیوەندی نییە بە دونیای مۆدێرنەوە، بەڵکوو لە تەواوی مێژووی مرۆڤایەتیدا، هەروەها لە فۆڕم و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکاندا، کە مارکس بە ڕێکخەرە کۆمەڵایەتییەکان ناوی دەبات بەرجەستە بووە. کێشەی سیستەمی سەرمایەداریش ئەوەیە، کە نایەوێت چارەسەرێکی جەوهەری بۆ گرفتی نامۆبوون بدۆزێتەوە. یاخود هەر بەمەبەست نایەوێت چارەسەرێکی مرۆڤدۆستی بۆ دیاردەی نامۆبوون بە شێوەیەکی گشتی بدۆزێتەوە، یان بەرەنگاری بێتەوە، چونکە بەرەنگاربوونەوەی ئەو پرۆسەیە لە توانا و هێزە سروشتی و مادییەکانی ئەو سیستەمەدا نەماون. بە شێوەیەکی دیکە دەتوانین بڵێین نامۆیی دۆخێکە، کە مرۆڤ هەست بە نائومێدی و بێ توانایی لە گۆڕینی بارودۆخی ژیانی خۆیدا دەکات. بە مانایەکی دی، مرۆڤ لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەست بوون بەوانی دیکەوە، هەست بە دڕدۆنگی و ڕاڕایی دەکات، چ لە ناو کایەی خێزان، یاخود لەنێو ناوەندەکانی دیکەدا هەست پەراوێزخستنی خۆی دەکات، هەست بە بێڕێزی بەرانبەرەکەی دەکات. خۆبەزلزانین و فشاری دەروونی ئەوانی دیکە بەسەر خۆیدا، بە ئاشکرا هەست پێ دەکات. بە جۆرێک، کە تاک توانای بۆ وەرچەرخاندنی ئەو واقیعەی نامێنێت. هەرچ کاتێکیش لە نەریتە باوەکە بچێتە دەرەوە وێنەی ناشیرینی بۆ دروستدەکەن و فرێی دەدەنە دەرەوە. هیچ جۆرە دەروازەیەک بۆ هەناسەکانی نامێنێتەوە و هەست بە نامۆیی بەردەوام دەکات. بە شێوەیەکی گشتی نامۆیی بەوە ناسراوە، کە تاکەکان لەگەڵ یەکدیدا، یان لە دۆخێکی دیاریکراودا هەست بە نامۆبوون دەکەن. نامۆبوون ئەنجامی فشارە کۆمەڵایەتییەکانە، کە مرۆڤەکان تێکدەشکێنێت و ئیستاتیکە ژیارییەکەی لێ دەسێنێتەوە. نامۆیی لەمرۆدا زیاتر بە بەسەر دونیای نووسەر و ئەدەب و هونەرمەند و مێژووی بیریی کۆمەڵایەتیدا باڵی کێشاوە، بەڵام لەسەرەتای دەرکەوتنی زانستی کۆمەڵناسی وەکو زانستێکی سەربەخۆ، چەمکی "نامۆیی" بە هاوبەشیکردنی دامەزرێنەرانی زانستی کۆمەڵناسی، وەکو (ئیمێل دۆرکایم) (مارکس) (ماکس ڤیبەر) و (کارل مانهایم) گۆڕینی گەورەی بەسەردا هاتووە. بە شیکاریی نوێی بارودۆخی کۆمەڵایەتی واتاگەلێکی دیکەی نوێی لە خۆ گرتووە. لە ڕێگەی (کارل مارکس) ـەوە بە شێوەیەکی سەرەکی و ڕوون چەمکی نامۆیی بنەمای زانستی دۆزییەوە، کە بەسەر هەموو نووسینەکانییەوە نامۆیی ڕەنگی دابووەوە.

لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکانی دەربارەی دۆخی نامۆیی وەکو لە دەستنووسەکانیدا ـ دەردەکەوێت وا لێکی داوەتەوە، کە نامۆیی هیچی تر نییە جگە لە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و دۆخێکی دەروونی، کە بە هۆکاری هەستکردنێکی شاراوە بە بێزاری و دابڕان دێتە ئەنجام. بە درێژایی مێژوو، بیری مرۆڤ و ڕای بیرمەندەکان دەربارەی پێناسەکردن و بەکارهێنانی چەمکی نامۆیی جیاوازیی بە خۆیەوە بینیوە. ئەو جیاوازییەش بە پلەی یەکەم لە گۆشەنیگای جیاوازی بیرمەندانەوە بۆ ئەو چەمکە سەرچاوەی گرتووە، لەگەڵ ئەوەی تیۆرییە نوێکان دەربارەی بابەتی نامۆیی لەسەر لێکۆڵینەوەی (ئاستی ڕەفتار و کرداری کۆمەڵایەتیی) ڕاوەستاوە، کە پەیوەندی هەیە بە سیفەتە کرۆکییەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە. دانانی شرۆڤەیەکی قووڵ و گشتی بۆ زاراوەی نامۆیی دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامی هەڵوێستە تیۆرییە جیاوازەکان، کە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکانیان لەسەر هەڵنراوە و ئەم چەمکەی لێوە هاتووە و لێکدراوەتەوە. لە ڕاستیدا لە لایەن چەندین قوتابخانە بیرکەرەوەکان وەکو زانستی کۆمەڵایەتی و فەلسەفە و زانستی سیاسیی و زانستی دەروونیی و بونگەراییەوە ئەو چەمکە بەکارهێنراوە. کاتێکیش، کە بابەتی نامۆیی دەبەسترێتەوە بە زانستی کۆمەڵایەتییەوە، واتە پێوەندیدارە بە لێکدانەوە جۆراوجۆرەکانی ڕەفتار و کرداری کۆمەڵایەتییەوە. لە تێڕوانینی ئاینییشەوە نامۆیی لەگەڵ چەمکێکی بناغەیی دینییدا یەک دەگرێتەوە، کە بە (جیابوونەوەی) مرۆڤ لە خواوەند لێکدراوەتەوە، هەروەها بە جیابوونەوەی مرۆڤ لە سروشت و جیابوونەوەی (باوەڕداران) لە (بێ باوەڕان) پەیوەستکراوە. تێگەیشتن و لێکدانەوەی دینیی بۆ نامۆیی لەوانی دیکە و لە سروشت ئەوەیە، کە نامۆیی بە دیاردەیەکی بێ چەندوچوون لە بوونی مرۆڤ و

> **"کاتێک دیوانی (گرانەتا) لە ساڵی ٢٠٠٢ چاپدەکات، تێگەیشتنمان بۆ شاعیر دەگۆڕێت، گۆڕان بەومانایەی شاعیر تەواوی ئەو دیوان و نامیلکە و شیعرانەی لە ساڵانی ١٩٧٧ وە تا ٢٠٠٠ شتێک بووە، ئەوانەی لە کتێبی گرانەتا بڵاوی کردووەتەوە شتێکی دیکەیە"**



ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی دادەنێت. لە ڕوانگەی دینییەوە نامۆیی هیچی نییە، جگە لە نامۆبوون لە نیشتیمانە نەمر و هەتاهەتایی و بەهادارە ڕەهاکە، کە پێییوایە مرۆڤ ناحەسێتەوە، تا نەگەڕێتەوە بۆ شوێنە ڕەسەنەکەی، کە ئەودیو سروشت و بەهەشت و ڕۆژی پەسڵانە. بەدیوێکی دیکەوە قسەکردن لەسەر چەمکی نامۆبوونی «مرۆڤ لە مرۆڤ» کە دەرەنجامی نامۆبوونەکانی پێشووترە. ئەوەمان پێدەڵێت: مرۆڤ نەک بەرانبەر ئەویتر نامۆیە، بەڵکوو بەرانبەر خودی خۆشی نامۆیە، بۆیە نامۆیی مرۆڤەکان بە یەکدی دەرەنجامی نامۆبوونی خودی مرۆڤە بەخۆی. لە دونیای ئاییندا قسەیەک هەیە دەڵێت: چۆن بۆخۆت پێخۆشە، ئەوها بۆ بەرانبەرەکەشت پێخۆش بێت. کۆی ئەو گوتارانە پێمان دەڵێت کە ئەوی دیکە بەتۆ نامۆیە، بۆیە سەرنجمان بۆ خۆشویستنی ڕادەکیشێت. تەواوی جۆرەکانی ئەو سکێچانە لەو گریمانەوە دەست پێدەکەن، کە ئەویدی نامۆ و بێگانەیە و سەر بەناوەوەی من نییە. بە ناواخن و جەوهەری مرۆڤانەی من غەریبە، بۆیە دەبێت ئەویترم وەکو خۆم خۆش بوێت، تا سەلامەتی و مانەوەی خۆم مسۆگەر بکەم. گوتاری جیاکردنەوەی «من» و «ئەو» لەو جیهانە نامۆیەدا سەرچاوە دەگرێت کە «من» و «ئەو» لەڕێگەی چالاکیی بەرهەمهێنانی نامۆبوو و کاری نامۆبووەوە دروستمانکردووە. کاتێک مرۆڤ نەک هەر بە دەوروبەری، بەڵکوو بەخودی خۆشی نامۆدەبێت، ئەوکات هەست بە هیچ لێک نزیکبوونەوەیەکی ئۆرگانی بە جیهانەوە نەکات و واهەست دەکات شتێکی زیادە، هەم بۆخۆی هەمیش بۆ ئەوانی دی. غەریبوون و بێگانەبوون لەنێو گەردووندا، قوڵترین و قورسترین بار دەخاتە سەرشانی مرۆڤ. هیچ سەیر نییە، کە لە پارادایمی چینایەتیدا، تێکڕا دینەکان و تەنانەت ژینگە دونیاییەکانیش لەسەر ئەوە کۆک بن، کە ژیان ئازارە و پڕە لە پەژارە و ناخۆشی بکوژ. نامۆبوون لە تێگەی کۆمەڵناسیدا بەو مانایە دێت، کە مرۆڤ لە دەرئەنجامی پرۆسەی بەتاکبووندا بەرانبەر بە قەرەباڵغی خێزان لەدەست دەدات. کۆمەڵناسی فەرەنسی ئێمیل دورکهایم لەو باوەڕەدایە، کە نامۆبوون بە لەدەستدانی نەریتە جڤاکییەکان و دینییەکان بەرجەستە دەبێت.

تاک لە کۆمەڵگەدا لە پاڕادۆکسێکدا دەوران دەخوات و لەو پڕۆسەیەشدا ئاوارە و سەرگەردان دەمێنێتەوە. لەڕوانگەی ڕۆسۆوە مرۆڤی دۆخی سرووشتی، دوو غەریزەی هەبووە کە لە پێگەی دوو هێزدا هاوسەنگیی ژیانی پاراستووە، ئەوانیش بریتیبوون لە (عەشقی غەریزی و هاوسۆزیی غەریزی) عەشقی غەریزی بنەمای مانەوەی خۆی بووە و هاوسۆزیی غەریزی بنەمای مانەوەی جۆری خۆی بووە. مرۆڤی دۆخی سرووشتی لەڕێگەی عەشقی غەریزییەوە ژیانی خۆی پاراستووە و هەوڵی مانەوەی خۆی داوە و لەڕێگەی هاوسۆزیی غەریزییەوە هەوڵی پاراستن و هێشتنەوەی جۆری خۆی داوە. نامۆبوونی سرووشتی لەو خاڵەوە لە ڕوانگەی ڕۆسۆوە دروست دەبێت، کاتێک دۆخی سرووشتی دەگۆڕێت بۆ دۆخی کۆمەڵایەتی، عەشقی غەریزی دەگۆڕێت بۆ خۆپەرستی، هاوسۆزیی غەریزی دەگۆڕێت بۆ کێبڕکێی کۆمەڵایەتی... هتد. دواجار مرۆڤ، ئازادی سنورداردەبێت و دەکەوێتە ناو ململانێی هێزە کۆمەڵایەتییەکانەوە و هاوکات وابەستە و پابەندی ئەوانی دی دەبێت. لێرەدا ناکۆکی لەنێوان تاک وەک خۆی کە هەیە و ئەو وێنەی کە لەدەرەنجامی بەشداریی ناچارانەی کۆمەڵایەتییەوە بۆی دروست دەبێت، دێتە ئاراوە. بەدەربڕینێکی وردتر، نامۆبوون لەڕوانگەی ڕۆسۆوە بریتییە لە جیاوازیی نێوان وێنەی تاک وەکو خۆی و ئەو وێنەی، کە لە فەزای کۆمەڵایەتیدا وەریدەگرێت، کە مرۆڤ کەرت و دوولەت دەکات، ئەوەیش واتە نامۆبوون.

**وێستگەی ئەدەبی ڕۆستەم باجەلان:**

ڕۆستەم باجەلان لە ساڵانی ١٩٧٧ بەولاوە، دوای لەچاپدانی چەند دیوان و نامیلکە شیعرێک، ئیدی لە ساڵانی ١٩٨٣ تا ١٩٩٠ بە پچڕ پچڕی تەنیا شیعری منداڵانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی بەعس بڵاوکردووەتەوە. لە ساڵی ١٩٨٢ نامیلکەی (نیشتمانی مناڵ و ڕەشەبا)ی لە بەغدا چاپکردووە. دوای ئەوەیش دیوانی (منداڵ و جیهانی وەرزش)ی لە ساڵی ١٩٨٦ لە بەغدا بە چاپگەیاندووە. ئەوەیش هۆکاری خۆی هەبووە، کە پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەم هەبووە. مامۆستا ڕۆستەم باجەلان لەو مێژووە بەولاوە، دەتوانم بڵێم نزیکەی ١٥ ساڵ هیچ دەقێکی شیعری بڵاونەکردووەتەوە، جگە لەو شیعرانەی تایبەت بەمنداڵان نەبێت. ئەوانەی ڕۆستەم باجەلانیان لەنزیکەوە ناسیوە، بەکەسێکی نیشتمانپەروەر ناویان هێناوە و خۆیشی هەمیشە خۆی بەدوورگرتووە لە

> **”پێموایە لەو سەردەمە ڕۆستەم باجەلان زۆرترین کتێبی خوێندبێتەوە، باش لە فەلسەفە وجودییەکەی سارتەر و دادایی و سوریالی و پوچگەراییەکان گەیشتووە“**



ناوەندە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی سەردەمی بەعس، بۆیە لەو ماوەیەدا زیاتر شیعری منداڵانی بڵاوکردووەتەوە، لەوەشیان سەرکەوتوو بووە. دەتوانین وەکو ئەدەبی بەرگری و شۆڕشگێڕیی و پەروەردەیی چاوی لێبکەین، چونکە وشە و ڕستە و دێڕەکانی زیاتر هاندانی منداڵان بووە بۆ ئازادی، فێربوون، زانست، خۆشویستنی خاک، نەورۆز و گیانفیداکردن بۆ نیشتمان. بیرشتان نەچێت ڕۆستەم باجەلان لە سەرەتای لاویەتییەوە کاریگەربووە بە فکری چەپ و لەژێر ڕۆشنایی ئەدەبیاتی سۆسیالیزمی بیری کردووەتەوە، هەمیشە وەکو ئەدیبێکی نامۆ و گۆشەگیر لەنێو دەقە شیعرەکانیدا دەردەکەوت، بەڵام لەکۆتایی هەفتاکاندا گوتاری شیعریی ئاڵۆزتر دەبێت و زیاتر قووڵ دەبێتەوە لە جیهانی نامۆبوون.

شاعیر لەکتێبی (غەریب: قەسیدەی تەغریبی) کە لەساڵی ٢٠١٣ چاپکراوە و لاپەڕە ٥ – ٦ –٧ چەند وێستگەیەک، بۆ ئەو دۆخەی خۆی دیاریدەکات و دەنووسێت:

( کات: شەوی ٢٧/ ٧/ ١٩٥٠ یە، تریفەی مانگ کەزیی خۆ لێکردۆتەوە، داوەڵێکی کارەبا تەحریی لە ئاسمانی شار هەڵخستووە، بۆنێکی خۆش ڕووی کردۆتە ئەم ناوە، ئەمە بۆنی قژی مانگ نییە تێکەڵ بە کزەبای درەنگانی شەو بوو، ئەمە بۆنی ماچ و مووچەی، لەسەر چاوەی مەراجی ماچی نێوان باوک و کوڕ و دایک و کۆرپە و خودا و منداڵ هەڵیکردووە.

قەڵە ڕەش دەقغێنێ

کۆتر دەگمێنێ.....

ڕەشبینی و گەشبینی لەگەڵ حاڵەتی نامۆی ئەو وارە تواونەتەوە، ڕەشەبای ئاژاوە ڕووی لە ئاوەدانی بەندەی جێنشین کردووە، شتەکان تێک دەشکێنێ و تێکەڵ و پێکەڵیان دەکا. میلی زەمەنێکی تازە لە ناو کاتژمێرە بە دیوار هەڵواسراوەکانی خانووە مردووەکان هاموشۆ دەکا، سەر لە منداڵ و گەنج و بەساڵ کەوتووەکان دەشێوێنێ وململانێ لاریان لەگەڵ دەکا، بە زمانە ئاڵۆز و پاڵۆزەکەی خۆی دەیاندوێنێ.....

کات: ١٩٦٥/٨/٢٧– ە، کەسانێک هەن سیناریۆی سەرچاوەی ڕەشەبای ئاژاوە بەدی دەکەن، خەڵکی بەندەنیش وەک دانیشتوانی دوورگەکان و وڵاتە لە کارتۆن دروستکراوەکان و سەقەتەکان بینەرێکی سەر لێشێواون، بۆ حاڵەتی پڕ لە نامۆیی خۆیان دەگرێێن.

ئەو منداڵە قژ پەشۆکاوە لەناو لانە مردووەکانی، هەر بە داڵغە وێنەی باوکە ونبووەکەی دەکێشێ، دیمەنە خۆشەکانی تەمەنی بچکۆڵەی دەخاتە ناو تەنی درز و بۆشاییەکانی بیرکردنەوەی گوزارەیی میوانی.... باوک سەرابە، ئەم منداڵەش تەنیا بە خەیاڵ دەیگاتێ، لە نێوان تەنی منداڵ و باوکی سەراب، شەقامەکان بە تارمایی سیخوڕ تەنراون، ئەم منداڵە:

– دەورووبەری خۆی دەناسێتەوە.

– گومانی لە میلی زەمەنی تازە پەیدا کردووە...، کە شەو بەنامراد لێی دەخەوێ، خوا بە میوانی لێی دێتە ژوورەوە، بە دەستی قژە پەشۆکاوەکەی دادێنێ، چەند جارێکیش ڕوومەتە بە ئەشک شۆراوەکەی ماچ دەکا، ئەویش بە دەنگێکی سەمفۆنیا تەحری بەم تازەیە پێدەکەنێ تریفەی پێکەوین لانەی تاریکی لێ ڕووناک دەکاتەوە، سەری خۆی بۆ کەشی دەرەوە هەڵدەکێشێ، لەگەڵ بزربوونی خودا بزر دەبێ.........

کات: ١٩٨٩/١٢/٢٧ –ە، ئەم منداڵە گەورە بووە و ڕوبارێکی نامۆیە، دەمی خۆی بۆ چۆڕە شەونمی ئاسمانی نامۆ داپچڕیوە، چاوەڕوانی چریکەکانی هەل دەکا، لەنێوان دوو کەناری گەچلاو گۆرانی غەریب بۆ حاڵەتی وجودی خۆی دەڵێ، مەڵبەندی لە دایکبوونی خۆی لە ئاوێنەی تەمەن دەبینێ، بەڵام یەکەم سەرچاوەی هەڵقوڵانی خۆی نابینێتەوە، بۆ ڕنینی خرنووک و مەحچەچەی سەر برکەکان دەگری.... یا بەم حاڵەتە پێ دەکەنی.......


غەریب: گریانە

غەریب: لە ناو گریانی گومان نووقم بووە، هەڵیش قرچاوە، دەگری، پێدەکەنی).

لەو سکێچەدا شاعیر پۆلینی ژیانی خۆی، بۆ سەر سێ وێستگەی جەوهەری دابەش دەکات. سەرەتای منداڵیی و سەرەتای نووسینی شیعر و قۆناغی گەورەبوون و کامڵ بوون. لە درێژەی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدەین لەسەریان بوەستین و بە وردی دۆخی نامۆیی تیایدا بدۆزینەوە.

بە شێوەیەکی گشتی لە هەشتاکانیش سەرچاوەی ڕۆشنبیریی ڕۆستەم باجەلان گۆڕانکاریان بەسەردادێت و بەتەواوی دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو لێشاوە وەرگێرانەی ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتین و قوتابخانە فکرییەکانی ئەورووپایی و خۆراوایی،

“ ڕاپەڕینیش، نەک هەر بۆی نەبۆتە وێستگەیەکی گرنگ، بەڵکوو نامۆتری کردووە، بێ هیوا و گۆشەگیری کردووە. ڕاپەڕین لە جیهانبینی ڕۆستەم باجەلاندا، دابڕان نەبووە لە سەردەمی پێشەخۆی ”



که دەکرانە عەرەبی. شارەزابوونی لەزمانی عەرەبی، هۆیەکی گرنگبووە بۆ خۆپێگەیاندنی لەڕووی فیکری و مەعریفییەوە. ئەو قۆناغە بە وێستگەی خۆناسینی باجەلان دادەندرێت، کە بەتەوای خۆی ناسیوە، بەڵام هیچ نانووسێت و بێدەنگ تەنیا بیردەکاتەوە، یاخود جار جارە ئەزعەفولئیمان شیعری منداڵانی بڵاوکردووتەوە. هەڵبەت چەند هۆکارێکیش هەبووە بۆ نەنووسین، یەکێک لەو خاڵانە نەیویستووە ببێتە بەشێک لەو ستەمانەی کە بەعس بەرانبەر کورد دەیکات، هەرچەندە لەوەیش درێغی نەکردووە و شتی باشی نووسیوە. بۆ نموونە لە ڕۆژنامەی (العراق) ژمارە ٢٢٠٧ ڕێکەوتی ١٩٨٣/٨/٣١ شیعرێک بڵاودەکاتەوە بەناوی «چیرۆکێک» دەڵێت:

*(منداڵینە!*

*ئەی بێگەرد و خوێن گەرمینە!*

*دەگێڕنەوە ناحەزەکان*

*دێنە حەوشەی فێرگەیەکی*

*شاری زەیتوون*

*هەر لەوکاتە*

*فاشییەکی بەدەمامکی پیری چڵکن*

*کە قسەی خۆشی هەرجوون بوو، جوون*

*مامۆستایەکی بەنەترەی هۆگری خاک*

*بەگوللەی تاوان لەنێو خوون*

*دەگەوزێنێ*

*ئا لەم کاتەش*

*فاشییەکە*

*پێی دەڵێ: بۆ؟*

*بۆ مامۆستای ئێمەتان کوشت؟*

*فاشی دەبەنگ*

*کە چڵێس بوو وەکو نەهەنگ*

*دەڵێ: چونکە*

*مامۆستاتان نەگریس و ئاژاوە چی بوو*

*بەدنیهاد و ناحەزتان بوو*

*کە ئەمەی بیست*

*لە دەمی پیری کەمتیار*

*وتی: بەخوا درۆدەکەی*

*مامۆستا ئێمەی خۆش دەویست)*

> **پێموایە بیرکەرەوەکان نامۆترین بوونەوەری سەر زەوین، ئەوانەی رادەمێنن، تێدەفکرن، زیاتر لەگەڵ ئازارەکانی ناخیاندا دەژین**

ئەوە جۆرێکە لە ئەدەبی بەرگری، بەڵام بە فۆڕمی جیاواز و بە زمانی منداڵ. لەگەڵ ئەوەیشدا لە (نووسەری کورد) ژمارە (٢) خولی دووەم ١٩٨٢دا شیعری «دوو تابلۆی شیعری بۆ منداڵان» بڵاودەکاتەوە.

*(١- حەز*

*منداڵەکان!*

*ئای حەزدەکەم*

*باڵی خوڕەی دەریای ڕەش و*

*دەریای سپی تێکەڵ یەک کەم!*

*وای حەزدەکەم*

*وشەی مێشکم*

*بەلایەنی پێوەندەکەم!*

*بەڵام چی بکەم*

*دڵدارەکەم کۆت کرایە....*

*ناشزانێ لەو دیو پەردە*

*چ کۆدێتاو چ هەرایە....*

*٢-نیشتمان*

*منداڵەکان!*

*کچێکی خوێن گەرمی کوبی*

*خوشکە بچکۆڵەکەی لە ئامێزگرتبوو*

*دەیوت: دایە*

*ئەها! ئەها!*

*دەنگی گرمەی فڕۆکە دێ*

*دەنگی ناپاڵم و قازیفە و نارنجۆک دێ*

*هەربەتەنها نارنجۆکێ توانای هەیە*


*خوشکم «نەزەند» و بوکەکەم*

*لەنێو خوێنا بگەوزێنێ؟*

*هەر بەتەنها نارنجۆکی توانای هەیە*

*قوتابخانەکەم برمێنێ؟*

*ئەویش دەیوت: کچۆلەکەم*



***ناحەزەکان***
***وەک درندە هێرش دێنن و***
***قوتابخانە و دار و خانووش دەسووتێنن***
***بەد نیهادن***
***لەنێو خاک و نیشتمانمان***
***دەرمان دێنن....).***

هەر بەو هەناسەیە بەهەمان حاڵەتی نامۆیی و نامۆبوون، درێژە بە بڵاوکردنەوەی دەقی شیعریی تایبەت بەمنداڵان دەدات. لە گۆڤاری (ئۆتۆنۆمی) ساڵی ١٩٧٦ ئۆپەرێتی «نەورۆز و بەهار» بڵاودەکاتەوە. لە ژمارە ١ی خولی هەشتەمی ساڵی ١٩٨٤ دووبارە بە شێوازێکی دیکە و ناوەڕۆکێکی جیاواز «ئۆپەرێتی نەورۆز» بڵاودەکاتەوە. لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، تا ساڵانێکی زۆر لەسەر ڕیتمی بڵاوکردنەوەی شیعری منداڵان بەردەوام بووە. لەساڵی ٢٠٠٤ ڕۆمانێکی منداڵانی بڵاوکردۆتەوە بە ناوی (دەریای منداڵ) ١٠١ لاپەڕەیە و بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری/ هەولێر وەشاندوویەتی.

شاعیر لەوەتەی دەنووسێت نامۆیانە ژیاوە، دونیایەک بووە لە نامۆبوون و گەڕان و دوورکەوتنەوە، بەردەوام بیری کردۆتەوە. ڕایکردووە، بۆ ئەوەی بگات بەخۆی، جار جارەیش خۆی فڕێداوە و ویستوویەتی دەربازی ببێت لە خۆیشی. ئەو دۆخە شاعیری گەیاندۆتەوە پلەی وەرزبوون لەهەمووشتێک، بەڵام هیچ کاتێک نەوەستاوە، بەردەوام بەدوای خۆیەکدا گەڕاوە. کە لەخۆی بچێت. درێژە بەو حاڵە نامۆییەی دەدات، کە لەساڵی ١٩٦٥ وە بەبێ پچڕان لەگەڵیدا دەژیت. لە دیوانی (شاعیرێکی تینوو لە پەڕاوی بیرەوەریدا) چاپ/ ١٩٧٨، چاپخانەی کامەران/ سلێمانی. دەقێکی بڵاوکردووەتەوە بەناوی (نامە بۆ خاتوون) کە لە ١٩٦٩/١/٢ لە بەغدا نووسیویەتی دەڵێت:

***(خاتوونەکەم....!***
***گەر نامەکان ناگەنەلات لێم ببورە***
***کەوتومەتە بەر شەپۆلی یادەکانی هۆی ناخۆشیم***
***دڵ ژاکاوم و ..... بریندارم***
***وەک ئەو مەلەی***
***هێلانەکەی***
***لێ ڕووخابێ و..... هەناسەی ساردی بخواتەوە***
***وەک چەمێکی شێت و..... شەیدا***
***ئەڕوا و..... ئەگری***
***بێدار و ..... بێ هێلانەیە ئاوارەیە و...... بەسەر چڵی***
***هێلانەکەی دڵی ژاکاو ئارام ئەگری)***

شاعیر لەو دەقەدا هێندە بێهوایە توانای نامە نووسینیشی نییە بۆ یارەکەی، چونکە هێندە دڵ بریندارە، وەک ئەو مەلەی لێهاتووە، کە هێلانەکەی لێ ڕووخابێ و هەناسەی سارد بخواتەوە. خۆی بە چەمێکی شێت و شەیدا دەچوێنێت، کە ئەوە ئەوجی نامۆیی و دوورکەوتنەوەیەتی لە دەوروبەر. بەو هەموو جنوون و یەئسەوەش هێشتا نەوەستێت و داوای ئارامی لە یار دەکات و دەڵێت: تیشکی چاوەکانت لەلای دڵی زاماوەمە.

دوای ئەوە لە ١٩٦٩/٤/٢١ لەشاری هەولێر دەقێکی دیکە دەنووسێت بەناوی (پەشیمانی) و لە هەمان دیوانی (شاعیرێکی تینوو لەپەڕاوی بیرەوەریدا) بڵاودەکاتەوە.

***(لەدوای دوو ساڵ جیابوونەوە***
***دێیتەوە لام و.....***
***گڕی ئەشکێ پڕ تاوانت ئەبارێنی***
***لەدوای ئەوەی جگەرەیەک بووم بەدەمتەوە***
***داتگیرساندم بوومە سۆتکە و.... چیت گەرەکە؟***
***ئەی من نەم ووت گیانە لە کونجی تەنیایی***
***شاری غوربەت دەرم بێنە***
***تۆزی وێڵ و.... دەربەدەری لەسەر رووما***
***بسڕنەوە***
***پێم نەووتی کەوتومەتە ناو چەمێکی شێت و شەیدا***
***دەرم بێنە***
***گوێت نەگرتە وشەکانم***
***خۆت نەخستە دەریای قووڵی ئاخەکانم***
***ئێستاش بوومە خۆڵەمێشی***
***سەر ژیلەمۆی ناو ئاگردان***

**“ جیهانبینی شاعیر لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ دوە لە رووی بڵاوکردنەوە گۆڕانکاری بەسەر دادێت ”**



**کڵپە و گڕی خۆشەویستیت لەناخی دڵ دامرکاوە.**

**غوربەت و نامۆبوون، لە شاعیر نابێتەوە بە دڵدارەکەی دەڵێت:**

**ئەی من نەم ووت گیانە لە کونجی تەنیایی**

**شاری غوربەت دەرم بێنە**

**تۆزی وێڵ و.... دەربەدەری لەسەر رووما**

**بسڕنەوە**

**پێم نەووتی کەوتۆمەتە ناو چەمێکی شێت و شەیدا**

**دەرم بێنە.**

شاعیر دووبارە دەبێتەوە بە مەل و لەژێر خۆری بیابانی وشک و گەرم تینوو.... تینوو ئەخنکێ. هاواری شاعیر جۆرێکە لە غوربەت، غەریبی دایڕزاندووە، ئۆقرەی لێبڕیوە، بۆیە دەڵێت:

**(گوێت نەگرتە وشەکانم**

**خۆت نەخستە دەریای قووڵی ئاخەکانم**

**ئێستاش بوومە خۆڵەمێشی**

**سەر ژیلەمۆی ناو ئاگردان**

**کڵپە و گڕی خۆشەویستیت لەناخی دڵ دامرکاوە)**

لە هەمان دیواندا (شاعیرێکی تینوو لەپەڕاوی بیرەوەریدا) دەقێکی دیکە بەناوی ژوانی شەوان، کە لە ١٩٧٠/١/٢٤ نووسیویەتی دەڵێت:

**(لەگەڵ تومە هۆ .... کچەکە...!**

**بیرتە گیانە لەشەوانی تاریکە شەو**

**لە کۆڵانە باریکەکان ئەوەستام و....**

**تۆش بەدزی و..... دڵە کوتەو.... چاو پڕ لەخەو**

**بەنهێنی باوەشت پیا ئەکردم و.....**

**منیش تیشکی زەردەخەنەی سەر لێوەکەم**

**ماچ ئەکردی)**

ئەوە جۆرێکە لە نۆستالیژیا، کە مرۆڤ بەهۆی غوربەتەوە، بەهۆی یادەوەری و گەڕانەوە بۆ ساتی ڕابردوو بەسەری دێت، شاعیر ئەو حاڵەتە دەکاتە بەهانەیەک و خۆی وەکو شتێکی غەریب و پەنهان دێتە بەرچاوان و هەرچی لەو شەوەدا کردوویەتی دەهێنێتەوە بەردیدەنی.

لە دیوانی (دەریا)دا کە لە ١٩٨١ لەبەغدا چاپکراوە.

**"هەرکەسێک بیری کردەوە، تەنیا دەبێت وەکو غەریبەیەک لەنێو ژیاندا پیاسە بکات"**

شیعرێکی دیکەی بەناوی (دڵێکی شەیدا) کە لە زستانی ساڵی ١٩٧٢ نووسیویەتی دەڵێت:

**(هۆ کچەکەی هەرزەکاری قژ زەردەکە**

**لە دڵەی ماندووی منی شاعیر چیت گەرەکە**

**خۆ جیاوازی نێوانمان بێ سنوورە**

**بەقەد ماوەی نێوان زەوی و ئاسمان دوورە**

**ئەی نازەنین دڵ ناکەمە هێلانەی تۆ**

**دڵم شەیدای گوێ بنار و کۆسارە خۆ**

**زەردەخەنەی هیچ جوانێ نامبزوێنێ**

**چرپەی ووشەت ژێ ی گوێ ی خەمم نالەرێنێ**

**ئەی نازەنین مەبە لەمپەر لەڕێگەمە**

**بەچاوی شین دڵم چاوگەی ئێش و خەمە)**

شاعیرباس لەو جیاوازییە بێ سنوورە دەکات، کە بەقەت نێوان ئاسمان و زەوییە، دڵێک هەمیشە سەرگەردان و بێ ئۆقرە لە هیچ دەوارێک، لە هیچ کیشوەر و خاکێک هێورنابێتەوە، چۆنکە دڵی شاعیر چاوگەی ئێش و خەمە.

شاعیر ڕۆستەم باجەلان دەقێکی دیکەی بەناوی «گریان» لە دیوانی (دەریا) لاپەڕە ٥٩ بڵاوکردووەتەوە، کە هەمان دۆخی نامۆبوون و پەژارەیی پێوە دیارە. مێژووی نووسینی، بۆ زستانی ١٩٧٣ دەگەڕێتەوە و دەڵێت:

**(هۆ بێ مەیل نامەکانت ڕنییکن**

**جار جار بە کوڕ هێرش دێنن**

**بەڵام دڵنیام گەر بێت و ئەو کات بمرم**

**لە بانما دەتوێتەوە و دەدگرێنن)**

هەرچەندە دۆخی نامۆبوون و نامۆیی لەدونیای شاعیر، پەیوەندی بە خودی خۆیەوە هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ڕووداوەکان و گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بێکاریگەری نین و مەترسی جێدەهێڵن، بەڵام شاعیر گشت ئەمانە لەدونیای تایبەتی خۆیدا جێدەکاتەوە و لەوە زیاتر قووڵتر و نامۆتر دەردەکەوێت. بۆ نموونە لە ٢٣/ ٣/ ١٩٧٤ تێکستێکی دیکە بەناوی «سەربەستی» کە لە ناوچەی «پیرئۆمەر» نووسیویەتی. لە دیوانی (شاعیرێکی تینوو لەپەڕاوی بیرەوەریدا) لاپەڕە ١٦- ١٧ -١٨ بڵاوبووەتەوە دەڵێت:

*ئەی سەربەستی*

*چۆن بانگت کەم؟*

*تولێم وونی و..... بەدواتەوە ئەگەڕێم و...*

*خۆم وون ئەکەم*

*بەسەر هەموو پەیژەکانی نزم و..... بەرز سەرئەکەوم*

*بتدۆزمەوە*

*کەچی گیانە*

*لەکام پەیژە ئێجگار بڵندە*

*ئەتخەنە خوار*

*بەند ئەکرێم و..... لێت نابمەوە*

*گۆرانیشم بۆ بەهارە*

*کەچی گشت ئەو گۆرانیانەی*

*بۆ تۆم ووتبێ سزا ئەدرێم..... لێت نابمەوە*

*ئەی سەربەستی*

شاعیر لە دەقێکی دیکەیدا بەناوی «ئینسان» کە ساڵی ١٩٧٦ نووسیویەتی و لە دیوانی (دەریا) چاپکراوە. تێڕوانینی خۆی لە بارەی مرۆڤ و ژیانەوە بەو جۆرە دەردەبڕێت و پێیوایە مرۆڤ لەو سەر زەوییە میوانە و چۆن هاتووە و ئەواش دەڕوات.

*(ئەی چرکەی ژین....*

*دڵەی پڕ لە ژان و برین*

*گەرەکێتی*

*ڕەنگ و دەنگی*

*ڕێلی گشت ئەم کیشوەرانە*

*لەئامێز کا.....*

*بەبێ جیا....*

*ئەی چرکەی ژین.....*

*ئینسان لەلام گەورەترین،*

*شتە لە سەدەی بیستەمین*

*دەزانی بۆ؟*

*چونکە لەژین*

*گشت میوانین*

*چۆن هاتین و ئەواش دەچین)*

شاعیر لە تێکستێکی دیکەیدا لەدیوانی (دەریا) بەناوونیشانی «سترانی خۆم هەر دەڵێم و دەڵێمەوە» کە لە زستانی ١٩٧٧ بۆ «شێرکۆ بێ کەس»ی شاعیر نووسیویەتی، شاعیر دۆخی ئەدەبی و جیهانی بیرکردنەوەی خۆی دەبەستێتە بە شاعیر و ترپەی دڵی خۆی وابەستەی ترپەی دڵی ئەوشاعیرانە دەکات، کە لەبەر تەنیایی و پەژارەیی و زام و ئازارەوە خەویان زڕاوە:

*(ئەمشەو کێ یە دڵی بەقەد دڵی منا لێدەدات و*

*ئازاریش هەرگیز نایەڵێت خەوی شیرین بیباتەوە؟*

*ئەمشە و کێ یە دەمی وەک من خستۆتە ناو دەمی خەم و*

*تێر.... تێر ئاوی دەخواتەوە؟*

*ئەمشەو کێ یە دەیەوێت ببێت بە شیعر و شیعریش بە ئەو*

*دەیەوێت ببێت بە خەم و خەمیش بە ئەو؟).*

لە شیعرێکی تردا، لە دیوانی (لەپێناوی تۆدا دەژیم) بەناوی «خەم» کە پایزی ١٩٧٨ نووسیویەتی دەڵێت:

*(ئەگەر عود ژەن خەم دایبگرێ*

*دەستی بۆ عود درێژ دەکا*

*ئەگەر عاشق ئاوارەی شارەکان بکرێ*

*پەنا بۆ مەیخانە دەبا*

*ئەگەر ئافرەت ئازار بدرێ*


*چاوەنواڕی ئەشک دەکا*

*ئەگەر منیش هەست بەخەم و پەژارەکەم*

*دەست بۆ خامەی گیرفانەکەم*

*درێژ دەکەم).*

جیهانبینی شاعیر لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ ەوە لە ڕووی بڵاوکردنەوە گۆڕانکاری بەسەر دادێت، بەتەواوی قووڵ دەبێتەوە لە ناو نووسین و ئەدەبیاتدا. ڕەهەندە فیکرییەکانی زیاتر ڕامان بووە، لە بوون و ماهییەتی مرۆڤ و ژیان. پرسیارگەلێکی زۆری لەبارەی گەردوون لای دروست بووە، بۆتە بەشێک لە خەمەکانی. بێگومان خەمی شاعیر پەیوەندی بەدۆخی نامۆیی دەروونییەوە هەیە، کاتێک مرۆڤ وەکو



**“ هیچ کاتێک نەوەستاوە، بەردەوام بەدوای خۆیەکدا گەڕاوە، لەخۆی بچێت ”**



گەڕیدە و غەریبێک لەخۆیی و دەورووبەری ڕوانی، ئیدی دادەبڕێت لە هەموو ئەو شتانەی، کە وەکو کەرەستەیەک لە دونیای ئێمەدا هەیە. دۆخی نامۆیی شاعیر جۆرێکە لە هەڵاتن، بەڵام بۆ ناوەوەی خۆت. هەموو ئاوڕدانەوەیەک، گەڕانەوەیەک بۆ زات، مرۆڤ باڵا دەکات و دەیگەیەنێت بە ئەوجی بیرکردنەوە، هەرکەسێک بیری کردەوە، تەنیا دەبێت وەکو غەریبەیەک لەنێو ژیاندا پیاسە بکات.

بیرکەرەوەکان نامۆترین بوونەوەی سەر زەوین، ئەوانەی ڕادەمێنن، تێدەفکرن، زیاتر لەگەڵ ئازارەکانی ناخیاندا دەژین. ڕۆستەم باجەلانی شاعیر نموونەی مرۆڤێکی بیرکەرەوە بوو. لە قەسیدەی (غەریب) کە لە ٢٠٠١ چاپکراوە و بە حاڵەتە تەغریبییەکانی ١٩٨٩ – ٢٠٠١ ناسراوە، شاعیر لەو مێژووەدا وەرچەرخانێک لە بیرکردنەوەی ڕوودەدات، بەڵام نابێت بیرمان بچێت، کە هەموو ئەو گۆڕانانە پەیوەندی بە سەردەمی تاریکی هەشتاکانی دونیای بەعس هەیە، کە بێدەنگی و بڵاونەکردنەوە وای لە شاعیر کردووە زۆر بخوێنێتەوە، پێموایە لەو سەردەمە ڕۆستەم باجەلان زۆرترین کتێبی خوێندبێتەوە، باش لە فەلسەفە وجودییەکەی سارتەر و دادایی و سوریالی و پوچگەراییەکان گەیشتووە، زۆر باش لە بیرمەند و ڕوناکبیرەکانی خۆراواو و ئەوروپا و قوتابخانە ئەدەبییەکانی ئەمریکای لاتینی هەزم کردووە. بە وردی تێگەیشتووە لەمەنزومەی کەپیتالیزم و بەهەدەردانی مرۆڤ لەدونیای سەرمایەداریدا. سەرباری ئەوە ڕاپەڕینیش، نەک هەر بۆی نەبووەتە وێستگەیەکی گرنگ، بەڵکوو نامۆتری کردووە، بێ هیوا و گۆشەگیری کردووە. ڕاپەڕین لە جیهانبینی ڕۆستەم باجەلاندا، دابڕان نەبووە لە سەردەمی پێشەخۆی، بەڵکوو درێژکراوەی هەمان دۆخ بووە، ئەوجارە زامەکەی قووڵتریش دەردەکەوێت.

ئیشکردن لەسەر دونیای بیرکردنەوە و فیکرو ئەدەبی ڕۆستەم باجەلان بەوە دەکرێت. بگەڕێینەوە ڕابردووی ئەو، چاو لە دەقە شیعرییەکانی بکەین. باجەلان نووسەرێکی باش نەبوو، وەکو ئەو نووسەرانەی کتێبیان هەبێت، یاخود لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا شت بنووسێت و بڵاوبکاتەوە. قسەکەرێکی وردیش نەبوو، کەسێکی بێدەنگ دیاربوو، بۆیە نووسینی زۆر کەمە و زۆر بەکەمیش وتاری داوە و سیمناری کردووە.

بەمانایەکی دیکە کەم دەرکەوتووە لە میدیا و کەمترین لێدوانیشی هەبووە، بەڵام لەناو تێکستدا ورد و بیرکەرەوەیەکی کوشندە بووە. بەمانای وشە توانیویەتی فکری خۆی دونیابینی خۆی بەدروستی بگەیەنێت و ڕوئیایەکی زۆر تایبەت وەک شوناسێک بە خۆیەوە بلکێنێت. ئاخر ئاسان نییە بێ گەڕانەوە بۆ مێژووی دەقە شیعرییەکانی بگەیت بەو ئەنجامەی، کە بەجددی دونیای باجەلان دونیایەکی قووڵ بووە. نامۆگەری، نامۆیی، نامۆبوون، کەوتن بەسەر پەژارەیی و دوورکەوتنەوە لە دەورووبەر، گۆشەگیری غەریب بوون لەنێو گێژاوی بیرکردنەوە، بوون و مردن و ژیان و گەردوون،، هەموو ئەمانە ڕۆستەم باجەلانیان بەتەواوی داگیرکردبوو. کاتێک دیوانی (گرانەتا) لە ساڵی ٢٠٠٢ چاپدەکات، تیگەیشتنمان بۆ شاعیر دەگۆڕێت، گۆڕان بەومانایەی شاعیر تەواوی ئەو دیوان و نامیلکە و شیعرانەی لە ساڵانی ١٩٧٧ وە تا ٢٠٠٠ شتێک بووە، ئەوانەی لە کتێبی گرانەتا بڵاوی کردووەتەوە شتێکی دیکەیە، لەکاتێکدا هەر یەک لەو دەقانەی، کە لە دیوانی گرانەتا هاتووە مێژووی نووسینیان بۆ ساڵانی ١٩٧٨ تا ١٩٩٠ دەگەڕێتەوە، بەشی زۆری تێکستەکانی ناو ئەو دیوانە، پێشتر بڵاوی نەکردوونەتەوە. زمان و تەکنیک و وێنە و ڕیتمی کۆی شیعرەکانیش لەگەڵ ئەو دەقانەی باجەلان جیاوازە، ئەوە گومانی لادروستکردم. هەرچەند ڕێکەوت و مێژوو دانان لای شاعیرانی کورد، کە شیعرەکەی لەو ڕۆژ و مانگ و ساڵ و شوێنە نووسیوە بە گرنگ زانراوە و وەکو شتێکی پێویست پەیرەوییان لێکردووە، بەڵام ئاسان نییە دوو جۆر تێکست لە یەک ساڵ و مانگ و ڕۆژدا بنووسیت، زمان و تەکنیکی هەردووکیان جیابێت و یەکێکیان بڵاوبکەیتەوە، کە بۆ ئەو سەردەم گونجاو بێت، چونکە بیرت نەچێت هەفتا و هەشتاکان بەعس هەبووە، ڕەقابە و پۆلیسی ئەدەب هەبووە، لەپاشان قوتابخانەی ئەدەبی تایبەت هەبووە، زیاتر ئەو زمان و تەکنیکانە باو بووە، کە شاعیرانی پێشوو پێیان نووسیوە، ئاسان نەبووە دەرچون لەو فۆرمە، بەڵام ڕۆستەم باجەلان بەشی زۆری ئەو دەقانەی لە هەفتاکان و هەشتاکاندا نووسیویەتی لەکاتی خۆیدا بڵاوی نەکردوونەتەوە، هەم زمانەکەی، هەم تەکنیک و ڕیتم و قووڵییەکەی لە دەقەکانی دیکەی جیایە. من باسی حاڵەتی نامۆیی و تەغریبییەکانی ناکەم، چونکە ئەو فۆرمە نامۆبوونە لە دونیای ئەدەبی

باجەلاندا وەکو خۆی بێ پچڕان درێژەی بووە، تا کۆتایی ژیانی، بەڵام لەو دەقانەی بڵاوی نەکردوونەتەوە زۆر جوایەز دەرکەوتووە. خاڵی جەوهەری جیاوازی ئەویش لەگەڵ شاعیرانی (پێشەخۆی، سەردەمی خۆی، پاشەخۆی) ئەوەبووە.

شاعیر لەکتێبی گرانەتادا، شیعری»من و بەردەبووک» کە ساڵی ١٩٧٨نوسیویەتی: لاپەڕە ١٣٠ دەڵێت:

***( - ئەی بەردەبووک!***
***ساڵانێکە،***
***منی نامۆو نیگەران***
***تۆی جاوید و چاوەڕوان***
***لەحەوقەوە سەیری دۆڵی درێژخایان دەکەین***
***دوێنێ لە کەوانەی ئەو دۆڵەوە***
***هەمووشتێک چاوەڕوانی بارانە زێڕینەی دەکرد***
***زەردەخەنە لەهەر لاوە***
***بەڕاشکاوی سەری دەردەکرد***
***- خانوو گەورەتر دەبوو***
***- تووڵەڕێ، جێ پێی حەشاماتە مرۆی زیاتر دەکردەوە).***



جگە لەوەیش لە پەرتووکی (غەریب/ قەسیدەی تەغریبی) کە لە ٢٠١٣ چاپکراوە/ ٢٣٨ لاپەڕە، شاعیر مێژووی نووسینی دەقەکانی بەو شێوەیە پۆلێنکردووە. چاپی یەکەم: ٢٠٠١ حاڵەتە تەغریبییەکانی ١- ١٧، چاپی دووەم ٢٠١٣ : حاڵەتە تەغریبییەکانی ١-٥٨. ئەو کتێبە لای من دوای دیوانی (گرانەتا) کە لە ٢٠٠٢ چاپکراوە و ١٩١ لاپەڕە. بە دەقێکی جددی و تایبەتی ڕۆستەم باجەلانی دەزانم، لە مێژووی ئەدەبی خۆیشی هەر ئەو دوو کتێبەی بەسە تا شاهێدی ئەوەی بۆ بدرێت بەڕاستی جوایەز بووە، بە مانای وشە شاعیر بووە، هەڵگری زمان و تەکنیک و جیهانبینی و ڕیتمێکی شیعری تایبەت بە خۆی بووە.

***( غەریب لەنیوە ڕێگای شەوی بە تارمایی داپۆشراو قەپێلکی چاوی لێکدەنێ،***

***لەباوەشی خەوێکی ئەفسانەییدا بەسەر قژی فەلسەفەی هەڵوەران هەڵدەگەڕێ،***

***ئەم فەلسەفەیە گومانی لێ دەبارێ***

***قەناعەتی لێ دەبارێ***

***گومان و قەناعەتی لێ دەبارێ***

***بەڵام، لە هەموو حاڵەتەکاندا غەریب هیچێکی بەنرخە، دەبێ بە هیچ).***

---

## سەرچاوە عەرەبییەکان:


١- الفسلفة الوجودية: د. زكريا ابراهيم/ دارالوثبة دمشق

٢- الوجود والعلوم: جان بول سارتر/ ترجمة، عبدالرحمان بدوى، منشورات دار الادب - بيرت/ ١٩٦٦.

٣- الاغتراب: ڕيتشارد شاخت/ ترجمة، كامل يوسف حسين، المؤسسة العربية للدراسات والنشر - بيروت/ ١٩٨٠.

٤- مخطوطات ١٨٤٤ الاقتصاد السياسي والفلسفة: كارل ماركس: ترجمة، الياس مرقص. منشورات وزارة الثقافة دمشق/ ١٩٧٠.

٥- الإنسان والاغتراب في فلسفة نيتشه: هجران عبد الاله الصالحي، دار الفرقد للطباعة والنشر والتوزيع - الصفحات ٢٣٩، تاريخ الاصدار ٢٠١٥.

٦- الاغتراب سيرة ومصطلح: محمود رجب / / ط٣ / القاهرة / مطبعة دار المعارف / ١٩٨٨ / ص ١٧٨.


## سەرچاوە کوردییەکان:


١- جۆن ماکواری: و، ئازاد بەرزنجی/ فەلسەفەی بوونگەرایی - چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم - ٢٠٠٧.

٢- د.موحسین محەمەد حوسێن: نامۆبوون/ بەکوردیکردنی، ئاواز فاتح جاف - چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم/ ٢٠٢١.

ئینتەرنێت:

١- فوئاد ئەلکەنجی: نامۆیی ـ الاغتراب/ بەکوردیکردن: جیهاد موحەمەد.

WTARIKURD ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ئەهلی سەربەخۆ و ئازادە.


نامۆیی لە ڕۆمانەکانی سەلاح عومەردا/ نامەیەکە لەلایەن سەرکەوت سەعدی قادر وەک بەشێک لە پێویستییەکانی ماستەر پێشکەش بە زانکۆی سەلاحەدین کراوە/ کوردیپێدیا.




# کتێبەکانی




ڕۆستەم باجەلان
شیعرەکانم
شیعری منداڵان
2006



دەریا
ڕۆستەم باجەلان
شیعر ١٩٨١



ڕۆستەم باجەلان


شیعر
شیعر ١٩٨٠
ڕۆستەم باجەلان


ڕۆستەم باجەلان
شیعری منداڵان


شیعر
1982
شیعری منداڵان


شیعر
ڕۆستەم باجەلان


ڕۆستەم باجەلان
FALAKADIN AMIN 2001
2001


چامە


دەریای منداڵ
ڕۆستەم باجەلان

# مێژوویی

- بەرەی نیشتیمانی و نەتەوەیی و پێشکەوتنخواز لە نێوان حزبی شیوعی و حزبی بەعسدا ١٩٧٣ - ١٩٧٩

ئەمیرە حوسێن شەریف

## بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی و پێشکەوتنخواز

# لە نێوان حزبی شیوعی و حزبی بەعسدا

# ( ١٩٧٣ – ١٩٧٩ )

ئەمیرە حوسێن شەریف

لەکاتێکدا نزیک بەسێ ساڵ بەسەر بەیاننامەکەی حزبی دەسەڵاتدار لەعێراقدا (حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی) لەگەڵ سەرکردایەتی کورد و شۆڕشی ئەیلوول تێپەڕ دەبوو، بەبێ ئەوەی بەعس هەنگاوێک بێتە پێش و دان بەمافەکانی کورد وەکو نەتەوەکی خاوەن جوگرافیا و زمان و مێژووی تایبەت بەخۆیدا بنێت، لەو کاتەدا کە پێویستبوو ئەمە ببێتە بەرچاو ڕوونی بۆ (حزبی شیوعی عێراق) کە بەعس فێڵبازە لەیاریکردن بەکات و بنکۆڵکردنی نەیارەکانی، بەڵام هیچکام لەمانە، نەبوونە ڕێگر لەوەی حزبی شیوعی عێراق بسلەمێتەوە و لەگەڵ بەعس نەچێتە دروستکردن و پێکهێنانی بەرە.

بەرە بەرێورەسم دەستپێکرد، بەڵام دوای حەوت ساڵ، لەگرتن و ڕاوەدوونان و بنچاوکردن و لەسێدارەدانی شوعییەکان لەلایەن بەعسەوە، سەرکردایەتی شیوعی نەیتوانی لەوە زیاتر ئارام بگرێت، ئەندامە دیارەکان و سەرکردایەتی حزب، یەک بەدوای یەکدا، بەغدای پایتەختیان بەجێهێشت، بەرە لەساڵی ١٩٧٩ کۆتایی پێهات!

دوای زیاتر لە ٥٠ ساڵ لە پێکهێنانی ئەو بەرەیە، چەندین پرسیار هەن دەکرێت وەڵام بدرێنەوە.

حزبی شیوعی عێراق، بۆچی بەو لاوازییە لەگەڵ بەعسییەکان چووە بەرە، چونکە هەر لەسەرەتاوە حزبی شیوعی ڕازی بوون بەوەی بەعس، حزبی دەسەڵاتدار و کاریگەرە. شیوعییەکان نابێت ڕێکخستنیان لەناو سلکی سەربازی و پۆلیسدا هەبێت. دواجار شوعییەکان بەوەش ڕازی بوون ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی حزب (قوتابییان، لاوان، ژنان) هەڵبوەشێننەوە و هەموو پارچە چەکێ، تەنانەت دەمانچە و ئەوانەی خۆشیان کڕیبوویان، ڕادەستی حکوومەتی بکەنەوە.

حزبی شیوعی عێراق وەکو حزبێکی نێونەتەوەیی کە خۆی بەپاڵپشت و لەسەر کەرەوەی نەتەوەکان بەبێ جیاوازی دەزانێت، بۆیە هەقە لێرەدا ئەو هەڵوەستەکردنە وەکو پرسیارێکی جەوهەری ڕووبەڕووی مێژووی حزبی شیوعی بکرێتەوە کە بۆچی چووە بەرەیەک لەگەڵ بەعس، لەکاتێکدا هێشتا کێشەکانی کورد لەگەڵ بەغدا بەهەڵواسراوەیی مابوونەوە؟ ئایا فشارەکانی (یەکێتی سۆڤییەت) بوون؟ یاخود بەرژەوەندی تایبەتی چەند کەسێکی دیاریکراوی ناو حزب؟ یاخود مەسەلەکە ئایدۆلۆژی و متمانە بوونیان بوو بەحزبی بەعس؟

هاوکات دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین، کە لەبەر ئەوەی حزبی شیوعی، حزبێکی ئایدۆلۆژییە، بۆیە وەکو هەموو ئایدۆلۆژیاکانی دیکە، یار و نەیاری هەیە و ئەوانەی دەکەونە باسکردنی، یان تەواو لەگەڵی کۆکن، یاخود نەیارن و باشەی لێ ناخوێنن. هەر لەبەر ئەمەشە کە دوای نیو سەدە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئەوانەی باس لەو ماوەیەی پێکهێنانی بەرە لەنێوان بەعس و شیوعی دەکەن، ئێستاش بەشێکیان پاساوی بۆ دەهێننەوە و بەشەکەی دیکەش بەتەواوی ڕەتی دەکەنەوە!

### هۆکار و مەبەستی دروستکردنی بەرە، بەلای حزبی شیوعی عێراقدا

حزبی شیوعی عێراق لەگەڵ دەرکەوتنی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا، وەکو حزبێکی چینایەتی باوەڕبوو بەتیۆری (مارکسی) هەمیشە داکۆکیکاری یەکپارچەیی و یەکێتی نیشتمانی بووە، ئەم باوەڕەشی وەکو پرەنسیپ لەکۆنگرەی یەکەمی ساڵی ١٩٤٥ جێگیر کردووە. ئەمە قسەی شیوعییەکان خۆیانە، دەشڵێن: «هیچ حزبێکی سیاسی یاخود بزووتنەوەیەکی نیشتمانی

ڕاستگۆ، نەیتوانیوە داوای هاوپەیمانی، یان بەرەی نیشتمانی بکات، ئەگەر حزبی شیوعی لایەنەکی بەهێزی ئەم هاوکێشەیە نەبووبێت، بۆیە هیچ لایەنێک نەیتوانیوە حزبی شیوعی تێپەڕ بکات. هەر ئەمەش هۆکاربوو کە لەساڵی ١٩٧٣ وەکو هەنگاوێکی ڕاست و باوەڕێکی ڕاستەقینە، دواجار (بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز)ی لێبکەوێتەوە« زۆر هەوڵدرا، هۆکار و مەبەستی دامەزراندنی بەرە، بەئاراستە تەواوەکەی خۆیدا بڕوات و لەڕاستەڕێ لانەدا، لەگەڵ ئەوەی هەندێک پێیانوابوو، کە بەرە هەر لەبنەڕەتدا هەنگاوێکی هەڵە بووە، بەبێ دەستنیشانکردنی هۆکاری هەڵە بوونەکەی، ڕەنگە بەشێکی ئەمەش، نەبوونی بوێری بووبێت لای ئەوانەی بەشداربوویەکی کارا بوون لەسەرەتاوە. هەرچۆنێک بێت، بەرە ماوەی پێنج ساڵ بەردەوام بوو، بەبێ ئەوەی هەوڵی ڕاستکردنەوەی بدرێت «هەڵەی گەورە و سەرەکی ئەوە بوو، زۆرینەی ئەندامانی سەرکردایەتی حزبی شیوعی، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ بەرپرسانی بەعس هەبوو، ڕاستگۆ و وەفادار نەبوون لەچالاکی و کاری حزبیان، بەڵکو هەمیشە بەدوای ئارەزوو و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانەوە بوون. ئەندامانی سەرکردایەتی لایانوابوو، پێکهێنانی بەرە، واتە کۆتایی هێنان بەچالاکی و ململانێی حزبی.

بەکاری خۆیان نەدەزانی، بەعسییەکان لەکەموکوڕی و پێشلکارییەکان ئاگادار بکەنەوە و سنوورێکی بۆ دابنێن، کە دڵنیام ئەگەر ویستبایانە، دەیانتوانی، چارەسەری زۆر لەکێشەکان بکەن و ڕێگا چارەی ئاشتیانەی بۆ بدۆزنەوە« (خزندار، ٢٠٠٥: ٢٣٩).

مۆرکردنی پەیمانی (عێراق و سۆڤییەت) لەنیسانی ١٩٧٢دا، خاڵی وەرچەرخان بوو لەپەیوەندییەکانی عێراقدا. بەدەیان لەنوێنەرانی سۆڤییەت و وڵاتانی سۆسیالیستی و پارتە کۆمۆنیستەکان بەدوای یەکدا ڕوویان لەبەغدا دەکرد. بەمجۆرە پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان پارتە کۆمۆنیستەکانی جیهان و ڕژێمی عێراقدا دروستبوو، تەنانەت شیوعییەکانی عێراقیش، هەر لەژێر ئەو فشارەی سۆڤییەتدا بوون، خۆیان لەڕژێمی بەعس نزیک کردەوە (عومەر، ٢٠١٩: ٣١٣).

کۆمەڵێ هۆکار هەبوون کە پاڵیان بەسەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراقەوە نا، کە باوەڕ بەحزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی بکات. یەکێ لەوانە فریودانی حشع و وڵاتانی سۆسیالیستی بەوەی کە حزبی بەعس و حکوومەتی عێراق وازی لەکردەوە نەگریسەکانی هێناوە و بەڕێگای ناسەرمایەداریدا بەرەو سۆسیالیزم دەڕوات و هەندێک چاکسازی ئەنجام دەدات، وەکو خۆماڵیکردنی نەوت و چاککردنی یاسای کشتوکاڵی ژمارە (٩٠) و یاسای فێرکردنی بەزۆر و بڕیاری نەهێشتنی نەخوێندەواری و یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران. لەلایەکی دیکەوە حکومەتی عێراق بەیاننامەی ١١ی ئازاری لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان مۆرکرد و بڕیاریدا مافی کورد بدات، چوار ساڵ دانرا بۆ گفتوگۆ واتە لە ١١-٣-١٩٧٤ دەبوو دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی ڕابگەیەنرێت، کەواتە ئەگەر (حشع) لەگەڵ حکوومەتی عێراق ڕێکنەکەوێت، دەبێت بەتەنیا لەشاخ بمێنێتەوە، ئەوکاتەش دەبوو ڕووبەڕووی حکوومەت و پارتی ببێتەوە. هەرچەندە دوایش ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ هەردوو لایان ڕوویدا و زەبری کوشندەیان بەرکەوت. (شوانی، ٢٠١٨: ١٨٠).

تەواوی ئەندامانی حزبی شیوعی عێراق لەگەڵ بەرە نەبوون، بەڵکو «لەوکاتەدا مشتومڕێکی توند لەنێو لیژنەی ناوەندی (حشع)دا ڕوویدا، کە دابەشبوون بەسەر دوو بەرەدا، بەرەیەکیان پشتگیری بەرەکەی دەکرد، ئەویدیکەشیان دژ بوو. کاتێک سکرتێری حیزب (عەزیز محەمەد) بابەتی پەیوەندیکردنی بەبەرەکەوە لەگەڵ حیزبی بەعس پێشکەشکرد، تەنیا ٧ کەس دەنگیان بۆ دا، ٨ کەس لەدژی دەنگیاندا. بەپێی دابونەریتی دیموکراسیش،

**“ سۆڤییەت دەوری سەرەکی لە دروستکردنی بەرەدا هەبوو ”**



سوێندخواردنی د. موکەڕەم تاڵەبانی

دوای کۆبوونەوەکە پێویستبوو، بە بەعسییەکان ڕابگەیەنرێت کە لیژنەی ناوەندی حیزبی شیوعی، لەسەر بنەمای ئەو پرۆگرام و مەرجانەی پێشنیاز کرابوو، پشتگیری لەبەرەکە نەکردووە، بەڵام دیموکراسی لەسەرکردایەتی (حشع) نەبوو بەدابونەریتی جێگیر لەکاری سیاسیدا. سکرتێر دەستەوەستان نەبوو لەبەردەم ڕەتکردنەوەی بەرەکە. دوای گفتوگۆی نوێ، ئەوەی ویستی بۆی جێبەجێکرا. دوای ئەوەی ئەندامی لێژنەی ناوەندی (ئەحمەد بانیخێڵانی) لەدەنگدانی دووەمدا، لەریزی ئەوانەی کە دژی بەرەکە بوون، بازیدا بۆ ڕیزی ئەوانەی پشتگیریان دەکرد» (نوری، ٢٠١٩: ٩٧)

بەڵام (ئەحمەد بانیخێڵانی) لەسەر گۆڕینی ڕاکەی، وەها بەرگری لەخۆی دەکات کە «بەشی زۆری ئەندامان پێیانوابوو، نابێت ئەو بڕگەیە قبوڵ بکەین، کە حزبی بەعس لەبەر ئەوەی حزبی حوکمڕانە، دەوری سەرکردایەتی لە (بەرە)کەدا هەبێت و دەورێکی تایبەتی پێ بدرێت. من سەرەتا لەگەڵ ئەو ڕایەدا بووم و دژی ئەو بڕگەیە بووم، کە ئەو دەورە بۆ بەعس بڕیار بدەین، بەڵام دوای هەندێک گۆڕانکاری ڕووکەشانە کە لەڕاستیدا هیچی لەناوەڕۆکی مەسەلەکە نەگۆڕی، من چوومە پاڵ لایەنەکەی دیکە، کە لەسەرووییانەوە هاوڕێ عەزیز بوو، بەم شێوەیە لەکۆمیتەی ناوەندی حزبدا، بڕیار لەسەر بەرە درا» لەگەڵ ئەوەشدا (بانیخێڵانی) پێیوایە «ئەو کەمینە و زۆرینەی دەنگ لەسەر چوونە (بەرە)وە لەناو کۆمیتەی ناوەندیدا، خۆی لەخۆیدا، کارێکی دروست نەبوو، چونکە زۆر بابەتی و کەمایەتی دەنگ لەسەر مەسەلەیەکی وا چارەنووسسازی سیاسی، دەبوایە لەهەموو حزبدا و لەکۆنفرانسی شارەکانەوە بۆ کۆمیتەی ناوەندی دەسپێبکات، ئەوکاتە بەجۆرێکی ڕاست و مەوزووعیانە دەردەکەوت، کە ئایا شیوعییەکان، دەیانەوێ (بەرە) لەگەڵ بەعسدا بەو شێوەیە کە ڕوویدا پێکبهێنن؟» (بانیخێڵانی، ٢٠١٤: ٢٨١).

تاهیر کەریم عەلی ناسراو بە (مامۆستا ڕەوەند) سەبارەت بەهۆکاری بەستنی بەرە لەنێوان بەعس و شیوعی، بۆچوونی وابوو: لەدوای گرتنەدەستی حوکمڕانی بەغدا لەلایەن بەعسییەکان، یەکێتی سۆڤییەت خۆی لەبەعس نزیک دەکردەوە و یارمەتی دەدان، هاوکات بەعس لەڕووی ئابووری و سیاسی و دیبلۆماسی، بەربەرەکانی خۆراوای دەکرد، بەتایبەت ئینگلیز و ئەمەریکا و ئیسرائیل، لەهەمانکاتدا بەعسییەکان تا دەهات

“

کاتێک سکرتێری حزب (عەزیز محەمەد) بابەتی پەیوەندیکردنی بە بەرەکەوە لەگەڵ حزبی بەعس پێشکەشکرد، تەنیا ٧ کەس دەنگیان بۆ دا، ٨ کەس لە دژی دەنگیاندا

”

## بەبێ ئاگاداری سەرکردایەتی حزبی شیوعی، عەزیز محەمەد کۆمەڵێ تەنازولاتی بۆ بەعس و سەدام کردبوو

لەوڵاتانی سۆسیالیستی نزیک دەبوونەوە، بۆیە کاتێک بینیمان بەعس لەبلۆکی خۆرهەڵاتی و شیوعییەکان نزیک دەبێتەوە، ئێمەش وەکو حزب، کە ئەلقەیەک و گرێدراوی سۆڤییەت و شوعییەت بووین لەجیهاندا، ئەمانە هۆکاری سەرەکی نزیکبوونەوەی ئێمە و بەعس بوون.

مامۆستا ڕەوەند، نکۆڵی لەوە ناکات کە «بەدڵنیاییەوە سۆڤییەت دەوری سەرەکی هەبوو، کاتێک سۆڤییەت پێی باشە بەرە ببێت، کاتێک سۆڤییەت پێی باشە پشتگیری بەعس بکرێت، کاتێک سۆڤییەت پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی عێراق و حزبی بەعس زۆر بەهێزە، کاتێک سۆڤییەت یارمەتی عێراق دەدات لەدەرهێنانی نەوت، لەکەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و ئابووری هاوکاری عێراق دەکات، ئەمانە هەمووی خۆی لەخۆیدا ئەگەر پێت نەڵێ فشارە، هەرخۆی فشارە، چونکە حشع دژ بەو بۆچوونانەی سۆڤییەت ئیش ناکات، بەڵکو لەگەڵیان دەڕوات و هاوکاری و پشتگیری دەکات، هەربۆیە دەتوانین بڵێین، سۆڤییەت دەوری سەرەکی لەدروستکردنی بەرەدا هەبوو» (عەلی، ٢٠٢٠/٢/٢٥)

لەدوای گەنگەشە و گفتوگۆیەکی بەردەوام لەنێوان لایەنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان، لەکاتژمێر شەش و بیست و پێنج خولەکی ئێوارەی ١٧ی ٧ی ١٩٧٣ واتە لە ساڵڕۆژی کودەتاکەی بەعسدا، لەناو کۆشکی کۆماری، بەیاننامەیەکی هاوبەش لەنێوان حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی و حزبی شیوعی عێراق، بەئامادەبوونی (ئەحمەد حەسەن بەکر) وەکو نوێنەری بەعس و (عەزیز محەمەد) وەکو سکرتێری حزبی شیوعی عێراق، بەڵگەنامەی (بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز) مۆرکرا و ئاهەنگێکی گەورەیان سازکرد، ڕاستەوخۆش لەتەلەفزیۆن و ڕادیۆی بەغدا بەخشکرا (حەیدەری، ٢٠١٩: ١٠٠).

گومان لەوەدا نییە کە بەشداریکردنی حزبی

شیوعی لەو بەرەیەدا، فشارێکی دەرەکی گەورەی بەسەرەوە بوو، هەندێک لەئەندامانی حزب لەو بڕوایە دان، کە پاڵنەری سەرەکی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤییەت بوو، فشاری خستۆتە سەریان، تا بەرە لەگەڵ بەعسدا بکانەوە (عومەر، ٢٠١٩: ٣١٣- ٣١٧)

حزبی شیوعی لەسەرەتادا هیوای زۆریان لەسەر هاوکاری خۆیان و بەعس هەڵچنیبوو، (پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری) لەگەڵ یەکێتی سۆڤییەت و (رێگای ناسەرمایەداری) بەعس و دروشمە بریقەدارەکانی، بەجۆرێک سەری لەسەرانی (حشع) شێواندبوو، کەسێکی خاوەن ئەزموونی وەکو (عەزیز محەمەد)ی سکرتێری یەکەمی کۆمیتەی ناوەندی حزبەکە، چاوەڕوانی ئەوەبوو (سەدام حوسێن) ببێتە (کاسترۆ)ی عێراق و سەرئەنجام حیزبی شیوعی و حیزبی بەعس تێکەڵاوبن و ببن بەیەک حزب (ئەمین، ١٩٩٧: ٢٧)

کۆنگرەی سێیەمی حزبی شیوعی عێراق، کە وەرچەرخانێکی سیاسی تازە بوو لەمێژووی حزبدا، بەوەی یەکەم کۆنگرە بوو بەشێوەی ئاشکرا و لەناو بەغدا لە بەهاری ساڵی ١٩٧٦دا بە بەشداری ٣٢٠ ئەندام ببەسترێت. یەکێ لەو خاڵانەی کە جێگای مشتومڕی زۆر کادیر و ئەندامانی کۆنگرە بوو، تێگەیشتن و پەرەسەندنی ناسەرمایەداری بوو، کە بەعس و حکوومەتی عێراقی بانگەشەیان بۆ دەکرد، گوایە لەم ڕێگایەوە هەنگاو بەرەو سۆسیالیستی دەهاوێژێت.

هەربۆیەش لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی سێی حشع، سەردانێکی مۆسکۆ دەکات و لەسەر ئەو بابەتە ڕاوێژ بەسەرکردایەتی حزبی شیوعی سۆڤییەتی (بلیاییف و ڕیزینکوف و نیجکن) دەکات. وەفدی هەردوو حزبی شیوعی عێراق و سۆڤییەت ماوەی چوار ڕۆژ لەگفتوگۆکان بەردەوام دەبن. وەکو (جاسم الحلوائی) ئەندامی هەڵبژێردراوی لێژنەی مەرکەزی حشع لەکۆنگرەی سێ، دەڵێت: «وەفدی حزبی شیوعی سۆڤییەتی بەردەوام ئەوەیان دووبارە دەکردەوە، کە ئێمە وەکو حشع ناچارنین، بۆچوونەک پەسەند بکەین، ئەگەر بڕوامان پێی نەبێت، ئێمە بەرپرسیاری سەرەتا و کۆتایی هەموو بڕیارەکانی ناو حزبین» بەڵام وەکو ئەو ئەندامەی لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی سێ (جاسم الحلوائی) دەڵێت «بڕواناکەم ئەوان هێندە بێ ئاگا بووبن، لەوەی کە بەدرێژایی ماوەی گفتوگۆکان، چ فشارێکی مەعنەویان بۆ سەپاندنی بۆچوونەکانی خۆیان بەسەر وەفدی حشع و لێژنەی مەرکەزی ئێمەدا دەکرد» (القیسی، ٢٠١٤: ٤٦٦).

## هۆکار و مەبەستی دروستکردنی بەرە، بەلای حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکیدا

پێش واژۆکردنی ڕەشنووسی (بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز) کە حزبی شیوعی عێراق یەکێ لەلایەنە دیارەکانی ئەو بەرەیە بوو، ئەوکاتەش دانوستان لەگەڵ چەند لایەنەکی بزاڤی نیشتمانی لەلایەک و حزبی بەعسیش لەلایەکی دیکە هەبوو، لەناو لایەنەکانی دانوستانەکەش، پارتی دیموکراتی کوردستان هەبوو (سامی عەبدولڕەحمان) ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و نوێنەری مستەفا بارزانی و وەزیری کاروباری باکوور بوو، سەردانی بارەگای کاتی حشع لەبەغدا کرد و چاوی بە (عەزیز محەمەد) سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حشع کەوت و ڕێک ئاوای گوت: «حزبەکەی ئێوە، حزبی شیوعی عێراق، هەڵوێستی نیشتمانی و جێگەی ستایشی هەبووە بەرامبەر کێشەی کورد و شۆڕشی کورد، بۆیە پێشنیاز و داواکاری ئێمە (بەناوی بارزانییەوە) ئێمە ئامادەین لەگەڵ ئێوە ڕێکبکەوین، هەر چۆنەک کە ئێوە پێتان خۆشە، تەنیا مەرجیشمان ئەوەیە کە لەگەڵ حزبی بەعس نەچنە هیچ بەرە و دانوستانێک بەیەکەوە«.

سامی عەبدولڕەحمان بەر لەوەی بێتە لای عەزیز محەمەد، بەدوو ڕۆژ پێش ئەوە چووبووە لای (سەدام حوسێن) بۆیە کاتێک ئاوای گوت، عەزیز محەمەد تووشی شۆک بوو، بەهەڵچوونەوە، بەسامی گوت: «ئەوە چ جۆرە سیاسەت و یاریەکە، دوو ڕۆژ پێش ئێستا چوویە لای سەدام، ڕێک ئەو قسەیەشت بەو گوتووە: «بەناوی بارزانییەوە، ئێمە هیچ شتێکمان لەئێوە ناوێت، تەنانەت لامەرکەزیشمان ناوێت، تەنیا مەرجمان ئەوەیە، لەگەڵ حزبی شیوعی نەچنە بەرەوە« ئێستاش دەڵێیت حزبمان، شیوعی هەڵوێستی نیشتمانی و جێگای ڕێز بووە« بەبێ هیچ قسەیەک، سامی چووە دەرەوە و ڕاست بۆ کوردستان گەڕایەوە. بۆیە لێرەدا جێگەی پرسیار کردنە، ئایا سەدام حوسێن کاتێک قسەکانی سامی عەبدولڕەحمانی گەیاندووە بە عەزیز محەمەد، لەپەرۆشی و خۆشویستنی بۆ شیوعییەکان بووە؟ یاخود ئەمە یارییەکە لەیارییەکانی ناو سیاسەت، «پەرتکە و زاڵبە«، بۆ چاندنی گومان و ناکۆکی لەنێوان

**“ کاتێک بینیمان بەعس لە بلۆکی ڕۆژهەڵاتی و شیوعییەکان نزیک دەبێتەوە، ئێمەش وەکو حزب، ئەڵقەیەک و گرێدراوی سۆڤییەت و شوعییەت بووین، ئەمانە هۆکاری سەرەکی نزیکبوونەوەی ئێمە و بەعس بوو ”**

هێزە نیشتمانییەکان؟ یاخود ئایا وەڵامی سەدام حوسێن بۆ سامی عەبدولڕەحمان چی بووە؟ وەڵامی هەموو ئەمانە بەنهێنی مایەوە. (خزندار، ٢٠٠٥: ٢٣٠).

بەعس، هەر لەسەرەتاوە نەخشەی لێدانی حزبی شیوعییان هەبوو، هەرچەندە نەخشەکەیان بەتەواوی نەخستەکار تا کاتی خۆی هات، بەڵام بەردەوام لێرە و لەوێ، هەوڵیان دەدا تاک و تەرا، ئەندام و کادیرانی حزب، لەو ڕێکخراوە و لەوەی دیکە بگرن و هەڵیانخزێنن، لەهەندێک ناوچە و شوێنیشدا، بەئاشکرا و بەبیانووی جۆراوجۆر، هاوڕێیانیان بانگ دەکردە دایرەی ئەمن و هەڕەشەی لەناوبردن و کوشتنیان لێ دەکردن. (بانیخێڵانی، ٢٠١٤: ٣٠٠).

لەو ماوەیەشدا، کە حزبی بەعسی دەسەڵاتدار لەگەڵ هەردوو حزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕێککەوتنامەی مۆرکرد و شەڕی چەکداری ڕاگیرا، بەعس هەوڵی بەهێزکردنی سوپاکەی و کڕینی چەکی تازەی دەدا. پەیوەندی ئابووری و سەربازی خۆی لەگەڵ زۆر لەوڵاتاندا بەهێزکرد، هەنگاو بەهەنگاو کەوتنە داڕشتنی نەخشەی شەڕ، بەرانبەر بەحشع و پارتی. (شوانی، ٢٠١٨: ١٨١)

هەر ڕاستەوخۆ لەدوای مۆرکردنی بەرەی نێوان حزبی شیوعی و بەعسییەکانیش، کێشە کەوتە نێوان (حشع و پدک) لەکوردستاندا. ئەمەش مەبەستێکی گرنگی بەعس بوو لەو بەرەیەی لەگەڵ (حشع)دا کە «ئەو بەرەیەش، ڕۆڵێکی کاریگەری لەلێدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا بینی» (حەمەد ئەمین، ٢٠١٠: ١٩٧).

مامۆستا ڕەوەند دەڵێت: «کاتێ لە ١٧ی تەمووزی ١٩٧٣ پەیمانی بەرە لەنێوان ئێمە و بەعس مۆرکرا، ئیدی پەیوەندی نێوان ئێمە و پارتی بەتەواوەتی بەرەو ساردی و خراپی چوو، هەرچی هەبوو لە (طريق الشعب) دەردەچوو، ئەوانیش لەڕۆژنامەی خۆیان (برایەتی) وەڵامیان دەدایەوە و بووە شەڕە قسە، دوای ئەوە زیاتر پەرەی سەند و لەمانگی ١١ی ١٩٧٣ ڕەشبگیری لەکوردستان، بەتایبەت لەهەولێر دەستپێکرد، دەیانگوت: «ڕاوە شیوعی دەکەین، ئیدی هەندیک لەهاوڕێیانی ئێمە شەهید کران و هەندێکیش بریندار و بەشێکیش دەسگیر و زیندانی کران» (عەلی، ٢٠٢٠/٢/٢٥)

پابەندنەبوونی حکومەتی عێراق و پاشگەزبوونەوەی لە جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتنامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ کورددا و خۆ بەهێز زانینی بە (بەرە لەگەڵ حزبی شیوعی عێراق و دۆستایەتی لەگەڵ سۆڤییەت و خۆماڵیکردنی نەوت) هەموو ئەو فاکتەرانە لەخزمەتی بەعسدا بوون، بۆ پێداگرتن لەسەر سیاسەتی خۆسەپاندن و فەرزکردن. (حەیدەری، ٢٠١٤: ١٥٧).

“

**حزب سی ملیۆن دۆلاری لە سەدام وەرگرت لەژێر ناوونیشانی (پشتگیری ڕاگەپاندن) بەڵام لە ڕاستیدا وەرگرتنی پارەکە بە مانای پێفرۆشتنی ڕاگەیاندنی حزب بوو**

”

دوای واژۆکردنی حزبی شیوعی لەسەر بەرەکە لەگەڵ حزبی بەعسی دەسەڵاتدار، ئاڵۆزییەکان ڕوویان لەزیادبوون کرد لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی و بزووتنەوەی چەکداری کورد. وەکو ئەو دابونەریتە باوە دواکەوتووانەی کۆمەڵگەی خۆرهەڵاتی، بارزانی لەو جۆرە کەسانە نەبوو کە قبووڵی گوێڕایەڵ نەبوونی شیوعییەکان بکات. لەبەرانبەردا هەڵوێستی دەسەڵاتی بەعسی فەرمانڕەوا. ئەوە ئاشکرابوو کە فشار دەکات و دواتر ئەو فشارەش دەگۆڕێت بۆ کەمپینێک لەبەدواداچوونی کرداری لەدژی (حشع). لەبەر ئەوەی هەردوو لایەن ڕۆژنامەی تایبەت بەخۆیان هەبوو، هەر خێرا ئەو ئاڵۆزیانە گۆڕا بۆ شەڕی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی ئاشکرا و توند، کە تێیدا هەر لایەنەک، بەرانبەرەکەی تۆمەتبار دەکرد. سەرکردایەتی بەعس و سەدامیش بەگەرم و گوڕییەوە، تەماشای ئەم دیمەنەی دەکرد، بەو پێیەی کە لاوازبوونی هەر لایەنەک لەم دوو لایەنە لەقازانجی ئەواندایە« (نوری، ٢٠١٩: ١٠٠).

بەعس لەو بەرەیەی لەگەڵ حزبی شیوعیدا هیچکات مەبەستی ئەوە نەبووە شیوعییەکان لەگەڵ خۆیدا بەشداری دەسەڵات، پێبکات، بەڵکو لەهەلێک دەگەڕا چۆن حزبەکە بەچەند قۆناغێک بچووک بکاتەوە و پاشتر لەناوی بەرێت. ئەو گفتوگۆیەی نێوان (کەریم ئەحمەد) وەکو ئەندامی دیاری سەرکردایەتی حزبی شیوعی ئەوکات، لەگەڵ سەدام دا، بەڵگەیە بۆ مەبەستەکانی بەعس «من و ئەبو یەحیا لەدیداری سەدامدا بووین. بارودۆخەکەمان بۆ باسکرد، کە پێویستە پەرەسەندنی ئابووریمان، بایەخی پێبدرێت، بەتایبەتی پیشەسازدارکردنی وڵات و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی و نەهێشتنی بێکاری و نەخوێندەواری و هاوکاری و پێکەوە ڕۆیشتن، تا عێراق بکرێتە نموونەیەکی سەربەخۆی پەرەسەندووی دیموکراسی. سەدام گوتی: لەوەی باستان کرد لەگەڵتاندام، بەڵام دەمەوێ بۆتان ڕوون بکەمەوە کە هاوکاریمان بەتەنیا هاوکارییە و بەس، بەهیچ جۆرێک بیر لەگرتنە دەسەڵات

**سامی عەبدولڕەحمان بەر لەوەی ببێتە لای عەزیز محەمەد، بەدوو ڕۆژ پێش ئەوە چووبووە لای (سەدام حوسێن)**

مەکەنەوە، چونکە هاوکاریمان لەگەڵتان بۆ ئەوە نییە، ئێوە ئەم تاکتیکە بەکاربێنن بۆ نزیکبوونەوە لەدەسەلات. ئێمە لێتان نزیک بووینەتەوە لەو پێناوەدا نییە غافڵگیرمان بکەن و بازدەنە سەر دەسەلات. پەندێکی میللی هەیە، دەڵێت: لەدوامەوە سواربوو، دەستی بۆ ناو جەواڵەکە درێژ دەکرد» (ئەحمەد، ٢٠٠٧: ٢٦٥).

لەساڵی ١٩٧٧دا ئیدی ڕاوەدوونان و شاڵاوی بەعس، دژی حزبی شیوعی دەستیپێکرد و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تەشەنەی دەسەند و شێوازی تازەی دەگرتە خۆی «سەرەڕای گرتن و ئازاردان و ترساندن، بەعس گەلێک کاری نامرۆڤانەی دیکەی بۆ هەڵخزاندن و ڕووخاندن و خۆپێدۆڕاندنی هاوڕێیانمان دەکرد. یەکێک لەشێوازە دزێوەکانیان، بەکارهێنانی ئافرەتی سەر بەئەمن بوو، بەنیازی دڵداری، یان سۆزانچێتی و ڕابواردنەوە، ئافرەتیان دژی خەڵکی تێکۆشەر بەکاردەهێنا» (بانیخێلانی، ٢٠١٤: ٣٠٨).

شاڵاوی بەعس دژ بەحزبی شیوعی، تا زەبری خۆی لەڕێکخراوەکانی شارە عەرەبنشینەکانی عێراق نەوەشاند، لە کوردستان توندوتیژتری نەکرد، چونکە بەعسییەکان دەیانزانی ئەگەر شاڵاوەکەیان لەیەک وەختدا و وەکو یەک توندوتیژ بکەن، ڕێکخراوەکانی کوردستان خۆیان دەگەیەننە شاخ و هاوڕێیانی باشوور و ناوەڕاستیش پەناگەیان بۆ پەیدا دەبێت و لەنەخشەکەیان سەرکەوتوو نابن. لەگەڵ ئەوەشدا بەعس نەیتوانی هەمان زەربە، وەک شارە عەرەبنشینەکان، بەڕێکخراوەکانی کوردستانی حزبی شیوعی بگەیەنێ. (بانیخێلانی، ٢٠١٤: ٣٠١).

**سوود و زیانەکانی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی، لە پێکهێنانی بەرەدا**

بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز، هەر لەسەرەتای درووستبوونییەوە بێهێزبوو، بەدرێژایی تەمەنی هەر بەبێ هێزیش مایەوە. کاریگەری ڕاستەقینەی نەبوو و هیچ شتێکی گرنگی پێشکەش بەگەل و نیشتمان نەکرد کە بەدەستەکەوتێکی سیاسی، یان ئابووری دابنرێت، چونکە ئازادییە سیاسییەکان بۆ خەڵک و بۆ حزبەکان، بەحزبی شیوعییەوەش، هێشتا فەراهەم نەکرابوو. تیرۆری پۆلیسی نەوەستابوو، دەسەڵاتی بەعس بەردەوام بوو لەقۆرغکردنی هەموو شتێک بۆ خۆی. هەروەها هیچ پەرەسەندنێک لەئابووری و پەرەسەندنی ئاستی بژێوی خەڵکیدا ڕووی نەدابوو، کە بڵێن ئەمە ئەنجامی هاوپەیمانییەتەکەیە، بەڵکو وەک بانگەشەیەک بەکاردەهێنرا بۆ جوانترکردنی وێنای ناشرینی بەعس، بەتایبەت لەدەرەوەی عێراق. (نوری، ٢٠١٩: ١٣٤).

تەنیا لەماوەی یەک ساڵدا، لە ١٩٧٣ بۆ ١٩٧٤ ئەفسەرانی بەعس لەنێو سوپا، توانیان دەست بەسەر هەموو پێگە هەستیارەکانی دەوڵەتدا بگرن، هەر لەسەرۆکایەتی کۆمار، سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، سەرۆکایەتی هێزە چەکدارەکان، تەنانەت پۆستی هەردوو وەزارەتی بەرگری و ناوەخۆشیان گرتە دەست. یەکێ لەکارە گرنگ و سەرەکییەکانی بەعس کە لەو ماوەیەدا ئەنجامی دا، ئەوەبوو کە سوپای عێراقی، کردە سوپایەکی تەواو بەعسی. ئەمەش نەوەک تەنیا بەسەرلەنوێ دارشتنەوەی هەیکەلییەتی سوپا، بەڵکو بەهێنانی ئەندامانی بەعسی مەشقپێکراو و ڕاهێنراو و ئەندامانی پلە یەکی بەعسی، ئەمە لەکاتێکدا، کە حزبی شیوعی عێراق لەواژۆکردنی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز لەگەڵ بەعسدا، پێشتر بەوە ڕازی بووبوو، هیچ ڕێکخستنێکی لەناو سوپا و پۆلیس و هێزەکانی ئاسایشدا، نەبێت و کارێکی لەو جۆرەش، ئەنجام نەدا. (بگاگو، ٢٠٠٦: ٤٠٠).

حزبی بەعس لەهەردوولا (پارتی و شیوعی) زیرەکتر سیاسەتی دەکرد، چونکە توانی دوو هاوپەیمانی ستراتیژی لێک جیا بکاتەوە. هەڵوێستی هەردوو حزب (پارتی و شیوعی) هەڵەبوو، چونکە لەخزمەتی بزاڤی ڕزگاریخوازی و دیموکراسییەتدا نەبوو، بەڵکو لەخزمەتی بەعس بوو، بەزانین یاخود نەزانین. (حەیدەری، ٢٠١٤: ١٥٠).

> "کەسێکی بە ئەزموونی وەکو (عەزیز محەمەد) چاوەڕوانی ئەوەبوو (سەدام حوسێن) ببێتە (کاسترۆ)ی عێراق و سەرئەنجام حزبی شیوعی و حزبی بەعس تێکەڵاو بن و ببن بەیەک حزب"

له ٩ی نیسانی ١٩٧٣ دا حکوومەتی بەعس (پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری) لەگەڵ یەکێتی سۆڤییەت ئیمزا کرد. ئەم هەنگاوەی بەعس بەلای سەرانی (حشع)ەوە ئەوەندە گرنگ بوو، ئیتر هەموو جۆرە هاوکارییەکی بۆ حەلالکردن. بەعس بۆ پتەوکردنی ڕیزەکانی ناوخۆیشی ویستی (جەبهە) لەگەڵ پارتی و حشع ئیمزا بکا. لەم جەبهەیەدا:

١ بەعس لەبڕیاردانی سیاسی ناو جەبهە و دەوڵەتدا، (حزبی قائید) و حزبەکانی دیکە، حزبی دووەم دەبوون. هەموو ڕەخنەیەک لەدامودەزگاکانی حکوومەت و حزبی دەسەڵاتدار دەبوو لەناو چوارچێوەی جەبهەدا نەبرێتە دەرەوە.

٢ ڕێکخستنی سیاسی لەناو هێزە چەکدارەکاندا، سوپا، سوپای میللی، پۆلیس، ئاسایش.... بەتەنیا پاوانی بەعس دەبوو، هیچ حزبێکی دیکە بۆی نەبوو، حیزبایەتییان تێدا بکا.

٣ ڕێکخراوە پیشەیی و دیموکراتییەکانی کرێکاران، جووتیاران، قوتابییان، مامۆستایان... دەبوو یەکبخرێن.

٤ حوکمی عێراق لەڕێگای (مجلس قیادة الثورة)ەوە بەتەنیا لەدەست خۆیدا دەبێت.

لەناو سەرکردایەتی پارتیدا هەبوو، بەتایبەت هەندێک لەوانەی وەزیر بوون، بەشداربوونی لەم جەبهەیەدا بەچاک دەزانی، بەڵام (مەلا مستەفا) بێ سێ و دوو، ڕەتی کردەوە. (حشع) بەو مەرجە قورسانە، بەتەنیا لەگەڵ بەعس چووە جەبهەوە، بەڵام (بەرەیەکی سیاسی نابەرانبەر) بوو. (ئەمین، ١٩٩٧: ٢٦-٢٧).

بەعس زۆر زیرەکانە پارتی و شیوعی لەبەرژەوەندی خۆی بەکارهێنا، لەگەڵ هەردوولا چووە ناو پەیوەندی، بەیاننامەی لەگەڵ واژۆکردن و بەرەی لەگەڵ دروستکردن، پارتی و شیوعی کرد بەگژ یەکدا و بەشەڕی هێنان. دواتر هەردووکیانی غافڵگیر کرد و پاشتر لەگۆڕەپانی سیاسی عێراق دووری خستنەوە

(مامۆستا ڕەوەند) دەڵێت «وەختێک شۆڕشی ئەیلوول تووشی نسکۆ هات و هەرەسی هێنا، ئێمە وەکو حزبی شیوعی، لەگەڵ بەعسییەکان پەیوەندیمان بەتین بوو، لەحکومەتدا بەشداربووین و لەکوردستانیش چەکدارمان هەبوو، بارەگامان لەشارەکان هەبوو و بەئاشکرا کارمان دەکرد»

> **“ دوای مۆرکردنی بەرەی نێوان حزبی شیوعی و بەعسییەکان، لە کوردستان کێشە کەوتە نێوان (حزبی شیوعی) و (پارتی دیموکراتی کوردستان) ئەمەش مەبەستێکی گرنگی بەعس بوو ”**

دەشڵێت: «ئەوکات باوەڕمان وابوو، عێراق بە بەرەوپێشچوونی ناسەرمایەداری، بەرەو سۆشیالیزم هەنگاو دەنێت، ئیشمان بۆ ئەوە دەکرد و زۆر قەناعەتی ئاواش هەبوو کە بەعس بەرەو پێشەوە دەچێت و دواجار لەبزووتنەوەی شیوعییەت لەعێراق نزیک دەبێتەوە« (عەلی، ٢٠٢٠/٢/٢٥)

بەعس و سەدام حوسێن، زۆر زیرەکانە، هەر لەو ڕۆژەی کودەتایان تێدا ئەنجام دا (١٧ی ٧ی ١٩٦٨) واژۆکردنی بەرەشیان لەگەڵ حشع خستە هەمان ڕۆژ و مانگ «سەدام حوسێن پێداگیربوو لەسەر ئەوەی کە دەبێت عەزیز محەمەد و مەکتەبی سیاسی حشع، کودەتای بەعس وەکو شۆڕش تەماشا بکەن، بێگومان سکرتێر و تەواوی مەکتەبی سیاسی بەمە ڕازی بوون، هەر بۆیەش شەوی ١٧-٧-١٩٧٣ عەزیز محەمەد و ئەحمەد حەسەن بەکر، لەشاشەی تەلەفزیۆن دەرکەوتن و ڕەشنووسەکەیان واژۆکرد، بەوجۆرەی کە سەدام دەیویست، ڕێورەسم بەڕێوەچوو، ئەمەش دانپیانانێکی فەرمی و ڕاستەوخۆ بوو بە (شۆڕشی!) بەعس» (خزندار، ٢٠٠٥: ٢٤١).

لەتەمووزی ١٩٧٣ ئەو ڕۆژەی کە ڕێککەوتنی بەرە واژۆ کرا. وەکو بەهائەدین نوری دەڵێت «ئێمە کە دژی ئەو هاوپەیمانییە پاشکۆییە بووین، ڕێژەمان زۆربوو لەئەندامانی سەرکردایەتی، بەڵام ژمارەمان ڕۆژ بەڕۆژ لەکەم بوونەوەدا بوو. لەنێوانمان کەسانێک هەبوون کە لەسەرەتادا زۆر بەتوندی دژی هاوپەیمانییەکە وەستابوون، بەڵام دواتر لەوانەی سەرەتا کە پشتگیریان کرد، زیاتر لەگەڵ بەرەدا بوون و پشتگیریان دەکرد». (نوری، ٢٠١٩: ١١٢).

«لەدوای نسکۆی بزووتنەوەی چەکداری کورد لەبەهاری ١٩٧٥ ڕایەک لەناو (حشع) دەرکەوت، ئەم نسکۆیەیان بەلەناوچوون و کەوتنی (الجیب العمیل) -بەپێی وتەی ئەوان، سەرکەوتنی مێژوویی بۆ فەرمانڕەوایی پێشکەوتنخواز بەئاراستەی سۆسیالیستی دەزانی. ئەمە بۆچوونی هەموویان، یان زۆرینەی سەرکردایەتی حزب بوو. لێرەدا چەند بەشێکی ئەو ڕاپۆرتەتان بۆ دەنووسم کە سەرکردایەتی بەناوی لیژنەی ناوەندییەوە لەکۆنفرانسی سێیەم پێشکەشی کرد «لەکارە لەپێشینەکانی ئەم بەرەیە بریتییە لەیاسای جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچەی کوردستان و پاکتاوکردنی لەیاخیبووە میانڕەوەکان». هەروەها «دارمانی یاخیبووان لەدەسەڵات بواری باشتری

ڕەخساند بۆ جێبەجێکردنی شێوازی چارەسەری ئاشتیانەی دیموکراسی بۆ بابەتی کورد». ئەم وتانە لەڕاپۆرتی (ل.م) کە (عەزیز محەمەد) لەکۆنفرانسی سێیەم پێشکەش کرد. (نوری، ٢٠١٩: ١١٥).

لەو ڕێککەوتنەی نێوان (حشع) و بەعسدا، بەعس دوو ئامانجی ڕەچاو کردبوو:

یەکەمیان: بەنیاز نەبوو خاڵەکانی ڕێککەوتنامەی ١١ی ئازار جێبەجێ بکات.

دووەمیشیان: ئەوەبوو کە بەعس لەنێو کۆمەڵگەی دەرەوە و ناوەوەدا، بەدناو ببوو. بۆ ئەم مەبەستە بەپێویستی دەزانی لەگەڵ شیوعییەکان ڕێکبکەوێت. زۆر بەئاسانیش توانی شیوعییەکان لەخشتە ببات. (عومەر، ٢٠١٩: ٣١٤)

لەململانێی بەعس و کوردا ساڵی ١٩٧٤ (حشع) هەموو قورسایی خۆی خستبووە لای بەعس، لەسەر ئاستی دنیا، هەوڵێکی زۆریدا شۆڕشی کورد بەدناو بکات و لەهەموو حزبە کۆمۆنیستی و سۆسیالیستەکانی دنیای دابڕی. لەسەر ئاستی ناوەخۆش، هەرچییەکی پێکرا لەبواری سیاسی، ڕاگەیاندن، چەکدار، تەنانەت کۆکردنەوەی دەنگوباس و هەواڵ بۆ حزبی بەعس و دەزگا ئەمنییەکان کردی. (ئەمین، ١٩٩٧: ٢٧)

سیاسەتی هاوپەیمانیەتییەکە لەگەڵ بەعسی فەرمانڕەوا بریتی بوو لەزنجیرەیەک ملکەچی کە درێژەی خایاند بۆ ماوەی حەوت ساڵ و بەکارەساتێکی گەورە بۆ حیزبی شیوعی کۆتایی هات. یەکێک لەم ملکەچییە دیارانە ئەوەبوو کە مەکتەبی سیاسی لەدوای دارمانی بزووتنەوەی چەکداری کورد، بڕیاریدا بەقەدەغە کردنی چالاکییەکانی (حشع) لەریزی هێزە چەکدارەکاندا. کۆپییەک لەبڕیارەکە نێردرا بۆ سەدام بۆ دڵنیا کردنەوەی لەوەی حشع ئەو کارە دەکات کە ئەو دەیەوێت. بەمشێوەیە حشع دوورکەوتەوە لەهەر بیرۆکەیەکی پەنابردن بۆ توندوتیژی لەدژی ڕژێم کە بەتەواوی پشتی بەتوندوتیژی بەستبوو. (نوری، ٢٠١٩: ١٢٧)

سوود و زیانەکانی حزبی شیوعی عێراق، لەپێکهێنانی بەرەدا

دکتۆر کاوە مەحموود شاکر، ناسراو بە (هادی مەحموود) سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان، دوای ٥٠ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر بەرەی نێوان حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی و حزبی شیوعی عێراق، دەڵێت: «بەرەئی خۆم، بڕیارێکی زۆر هەڵەبوو، زیانێکی زۆری گەیاند بەحزبی شیوعی عێراق. بڕیارەکە پەیوەندی بەبۆچوونێکی فیکری هەڵەوە هەیە، بەتایبەتی کە بیر لەوە کراوەتەوە، لەو هەلومەرجەدا لەگەڵ حزبی بەعس بەرە دروستبکەن و سۆشیالیزم دروستبکەن، لەکاتێکدا پێکهاتەی بەعس هیچ پەیوەندی بەوەوە نییە کە بتوانێت، نەک سۆسیالیستی، دیموکراتییەت، سادەترین ئازادییەکان دابین بکات. جگە لەوەش، پێموایە لەهەڵوێستەکەیان شتێکیان فەرامۆش کردووە، هەڵوێستی حزبی بەعس بەرانبەر مەسەلەی کوردستان. ڕاستە بەعس، بەیاننامەی ١١ی ئازاری مۆرکرد، بەڵام دوای ١٩٧٣ هیچ هەنگاوێکی عەمەلی نەنا، بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی بەیاننامەکە«

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان، پێیوایە هەڵوێستەکەی حزبی شیوعی عێراق، ڕەنگدانەوەی کاریگەری و کارتێکردنی یەکێتی شورەوی جاران بوو، سۆڤییەت فشاری لەحزبی شیوعی کرد کە بەو ئاراستەیەدا بڕوات، ڕووسەکان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان ئەو کارەیان کردووە، بۆ ئەوەی شوێن پێی خۆیان لەناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکەنەوە. (هادی مەحموود) بیروڕای وایە کە ئەگەر بارودۆخی ئابووری گەلانی عێراق لەو ماوەیە تۆزێک باش بووبێت، بۆ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت دەگەڕێتەوە، نەک باشی حوکمڕانی و ئەوەی پێیدەڵێن، چەمکی گەشەپێدان.

لەمیانی نرخاندنەکەی بۆ بەرە و هاوپەیمانێتی بەعس و شیوعی، هادی مەحموود، سکرتێری

> “
> **سەدام حوسێن پێداگیربوو لە سەر ئەوەی کە دەبێت عەزیز محەمەد و مەکتەبی سیاسی، کودەتای بەعس وەکو شۆڕش تەماشا بکەن، سکرتێر و تەواوی مەکتەبی سیاسیش بەمە ڕازی بوون**
> ”



**سەدام حوسێن و عەزیز محەمەد**

> “ **حزبی شیوعی عێراق لەگەڵ دەرکەوتنی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا، وەکو حزبێکی چینایەتی باوەڕبوو بەتیۆری (مارکسی) هەمیشە داکۆکیکاری یەکپارچەیی و یەکێتی نیشتمانی بووە** ”

حزبی شیوعی کوردستان، بەمجۆرە زیانەکانی بەرەی ڕیز دەکات:

یەکەم: بەرە بووە هۆی ئەوە کە خەڵک لەحالەتێکدا بێ، قبوڵی حوکمڕانی حزبی بەعس بکات. لەکاتێکدا بەعس لەگۆشەگیریدا بوو، بەڵام کە شیوعی هات و لەگەڵیدا چووە بەرەوە، ئەمە وایکرد کە بەعس لەو گۆشەگیرییە قورتاری بێت و بێتەوە ناو خەڵک.

دووەم: شیوعی کاتێک چووە بەرەوە، هەڵەیەکی گەورەی کرد و هەرچی ڕێکخستنی کە هەیبوو، ئاشکرای کردن، بەمەش بەعس لەڕێگای سیخوڕ و دەزگا ئەمنییەکانەوە توانی بچێتە ناو ڕێکخستن.

سێیەم: قەدەغەکردنی کاری ڕێکخراوەیی، هەموو ڕێکخراوە مەدەنییەکانی حزبی شیوعی (لاوان و قوتابییان و ژنان) لەلایەن بەعسەوە، ئەمەش کودەتایە بەسەر دیموکراتییەت و کاری مەدەنی.

چوارەم: ڕازی بوونی حزبی شیوعی، کە واز لەکاری ڕێکخستن لەناو سەرباز و پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکانی دەوڵەت بهێنێ و تەنیا بەعس بۆی هەبێت کاری ڕێکخستن بکات. لەمەش خراپتر بەعس هەرجارە و پۆلێک هاوڕێی لەسێدارە دەدا یاخود دەیگرتن و پاکانەی پێدەکردن کە ڕێکخستن لەناو دەزگاکانی دەوڵەت نەکەن. (شاکر، ٢٠٢٠/٢/٢٥)

سەرکردایەتی حشع هەر کۆبوونەوەیەکی ئاسایی لەگەڵ لیژنەی بەرەکەی بەسەرکەوتن و ڕووداوێکی گرنگ هەژمار دەکرد و لەرۆژنامەکانی حزبدا زۆر بایەخی پێ دەدا. لەگەڵ ئەوەدا خاڵی لێکۆڵینەوە لەو کۆبوونەوانەدا بریتی بوو لەپێشکەشکردنی زنجیرەیەکی دوورودرێژ لەگازاندەی نوێنەرەکانی حشع بۆ دەسەڵاتی بەعس دەربارەی دەسگیرکردنی فلان کەس و سەرکوتکردنی فیسار شیوعی، ئەنجامەکەش لەدوای پێشکەشکردنی گلەیی و گازاندەکان، بریتی بوو لەزیاتربوونی ئاڵۆزییەکان. (نوری، ٢٠١٩: ١٣٥)




ساڵی ١٩٧٤ کە شەڕی بەعس و کورد دەستی پێکردەوە، دوو ساڵ زیاتربوو، حزبی شیوعی هاوپەیمانی بەعس بوو. چالاکی قانوونی دەستپێکردبوو. ڕێکخراوەکانی بارەگای ئاشکرایان لەشارەکان دامەزراند بوو. ڕۆژنامەی (طريق الشعب) و حەفتەنامەی عەرەبی-- کوردی (الفكر الجديد-- بیری نوێ)ی لەبەغدا دەردەکرد و لەبەرەدا ببوون بەئەندام و بەدوو وەزیر (عامیر عەبدوڵا) و (موکەڕەم تاڵەبانی) بەشداری لەوەزارەتدا و بەچەندین ئەندامی وەکو (یوسف حەننا، شێروان عەلی ئەمین، ئەحمەد حامید قادر، ئەحمەد دڵزار، ئیبراهیم حاجی مەحموود، حەمە سەعید حەبیب، قادر ڕەشید، خەیری عەبدولحەمید قازی، مەحموود فەقێ خدر، سامیە شاکر) لەدامودەزگا کارتۆنییەکانی حوکمی زاتی بەعسی دا (مەجلیسی تەنفیزی و مەجلیسی تەشریعی)دا بەشداری کردبوو. (ئەمین، ١٩٩٧: ٢٧)

دەستکەوتەکانی بەرە سەبارەت بەشیوعییەکان لەنێوان ساڵانی ١٩٧٣ -- ١٩٧٩ چۆنبوو، بەهەمانشێوەش بوو بۆ جەماوەرەکەی، کەواتە بۆچی سەرکردایەتی حزبی شیوعی بەو جۆرە هاوپەیمانی و بەرەیە ڕازی بوو؟ بۆچی بەهێزکردن و پارێزگاریکردن لەم هاوپەیمانییەی کرد بەئەرک و خاڵی سەرەکی لەسیاسەتەکانیدا، تەنانەت دوای لەسێدارەدانی ٣١ شیوعی و دیموکراتیخواز؟ «من ڕەتی دەکەمەوە هۆکاری ئەم دیاردەیە بریتی بێت لەئەقڵیەتێکی میانڕەوی پاشکۆیانە، بەڵکو هۆکارەکەی سوود و بابەتی تاکە کەسی بوو، چونکە گرەوکردن و سووربوون لەسەر بەردەوامی دان بەم بەرە لاوازە تەنیا مەزەندەی سیاسی نەبوو، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ سووربوونیشیان لەسەر لەدەستنەدانی ئەو ژیانە شاهانە و خۆشەی کە هەندێک بەهۆی ئەم هاوپەیمانییەوە بۆیان فەراهەم ببوو». (نوری، ٢٠١٩: ١٣٥).

هەرچەندە حزبی شیوعی عێراق لەگەڵ حزبی بەعس

لەبەرەدا بوو، بەڵام بەعس بەهەموو شێوەیەک، ڕاستەخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لەشیوعییەکانی دەدا، پەڕوباڵی دەکردن، بیانووی پێدەگرتن، ڕێکخراوە پیشەیی و دیموکراتییەکانی سەر بەحزبی شیوعی سەرکوت دەکرد، ئەندام و هەوادارانی لەناو لەشکر زیندانی دەکردن و هەندێکیانیشی بە لە سێدارەدان مەحکووم دەکردن. (حەیدەری، ٢٠١٤: ٢٠١)

لەدوای ڕاگەیاندنی هاوپەیمانی و واژوکردنی بەرەی نێوانیان، بارەگای حزبی شیوعی لەزۆر لەشارەکاندا کرایەوە و زۆر لەئەندامانی حزبی شیوعی ئاشکرابوون، ئەوەش هەڵەیەکی گەورەبوو. (شوانی، ٢٠١٨: ١٨١).

سەبارەت بەئاشکراکردنی ڕێکخستن و بەرپرسانی پلە باڵای حزب لەشارەکاندا (عەدنان عەباس) دەڵێت: «لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٤ بانگهێشتی سکرتاریەتی لێژنەی ناوچەکان و هەرێمی کوردستان بۆ بارەگای لێژنەی مەرکەزی لەبەغدا کرا، بەمەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ سکرتاریەتی لێژنەی ناوەندی و لێژنەی ناوەندی ڕێکخستن، ئامانج لەو کۆبوونەوەیەش شەنوکەوکردنی ڕاسپاردەیەکی مەکتەبی سیاسی حزب بوو، سەبارەت بەبەرزکردنەوەی ئاستی نوێنەرایەتی و پەیوەندی لەناوچەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، بەجۆرێک کە بەرپرسی هەرێمەکان و پارێزگاکان، بەشێوەیەکی چڕتر نوێنەرایەتی و پەیوەندی لەگەڵ بەرپرسانی بەعس لەسەرانسەری عێراق ببەستن. لەو کۆبوونەوەیەدا، لەسکرتاریەتی لێژنەی مەرکەزی (باقر ئیبراهیم و ماجد ڕەزا) لەلێژنەی ناوەندی ڕێکخستن (جاسم الحلوائی) و سکرتێری هەرێمی باشوور (سەلیم ئیسماعیل) و سکرتێری هەرێمی ناوەڕاست (باوکی سیروان) لەهەرێمی کوردستان (ئەحمەد بانیخێلانی) و لەبەغدا عەزەت عوسمان (باوکی ستار) و لەهەرێمی فورات (عەدنان عەباس) گفتوگۆمان سەبارەت بەراسپاردەکەی مەکتەبی سیاسی و بەرزکردنەوەی ئاستی نوێنەرایەتی و پەیوەندیمان لەگەڵ حزبی بەعس، لەلایەن هاوڕێیانەوە کرد. هەندێک لەهاوڕێیانی حزب لەسکرتاریەتی ناوچەکان بەشێوەیەکی زۆر گەرموگوڕ و ئەرێنی لەڕاسپاردەکەیان دەڕوانی و لایەنە باشەکانیان تاوتوێ دەکرد بەتایبەت هاوڕێیانمان لەناوچەکانی باشوور، کە وەکو ئەوان ئاماژەیان بۆ دەکرد، لەڕووی کرداری سوودی زۆریان پێ دەگەیەنێت، ئەمە لەکاتێکدا ناوچەکانی باشوور پێش ئەو ڕاسپاردەیەش، ئەوان لەگەڵ خۆ ئاشکراکردنی نوێنەرایەتی حزب بوون لەو ناوچە و بارەگایانەی لەوێ کرابوونەوە. (عباس، ٢٠١٦: ١١٩).

هاوکات مەترسییەکانی خۆی ئاوا دەخاتەڕوو «ڕاسپاردەکەی مەکتەبی سیاسیم ڕەتکردەوە و لەدژی وەستامەوە، لایەنە خراپییەکانم باسکرد و هۆشداریشم لەلێکەوتەکانی دا، ئاماژەم پێدا کە ڕۆژێک دادێ بەقورسی وەک حزب لەسەرمان دەکەوێ و پەنجەی پەشیمانی دەگەزین، کە ئەوکاتە پەشیمانی دادمان نادات» لەوکاتەدا (ماجد عەبدولڕەزا) گوتی: عەدنان تەنیا ڕوویەکی مەسەلەکە دەبینیێ؟ وەڵامی منیش ئەوە بوو کە «ئەو بابەتە پەیوەندی بەمنەوە نییە وەکو تاکەکەس، ئەگینا منیش دواتر لەلایەنە باشەکانی ئەو مەسەلە سوودمەند دەبم، بەڵام ترسی من لەوەیە کە ئەم هەنگاوە تەواوی نوێنەرایەتی و هێزی ئێمە ئاشکرا دەکات و دواتر دەبێتە خاڵی لاوازمان و لەدژمان بەکار دەهێنرێتەوە« گوتم: «ناشمەوێت لەگرنگی ئەو هەنگاوە کەم بکەمەوە، بەتایبەت بۆ هەرێمی فورات، چونکە توانیمان لەبەرژوەندی حزب، وەبەرهێنانی باشی تێدا بکەین، لەپەیوەندی گرێدان لەگەڵ بەرپرسەکانی حکومەت و بەعس لەو هەرێمە بەتەواوی پارێزگاکان، کە لەوکاتەدا (محەمەد عایش) ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و بەرپرسی لقی فورات و وەزیری دەوڵەت بوو لەحکوومەتی عێراقدا». (عباس، ٢٠١٦: ١١٩).

بەڵام سەربارى لایەنە باشەکانی بەرە، دواتر هەموو پێشبینییەکان لەبارەی ئاشکرابوونی ڕێکخستن و نوێنەرانی حشع بەتایبەت ئەوانەی لەلێژنەکانی بەرە و نوێنەرایەتی ڕێکخراوە پیشەییەکاندا لەگەڵ بەعسییەکان لەپەیوەندی دابوون، هەموویان کەوتنە بەر شاڵاوی گرتن و ئەشکەنجەدان و لەناوبردنیان. ساڵی ١٩٧٨ زۆربەی نوێنەرەکانیان لەباشوور و ناوەڕاست دەسگیرکران، ئەوانەشی بەربەرەکانی بەعسیان دەکرد و ڕۆڵی کارایان هەبوو، لەناو بران. وەکو (عەلی نوری) ئەندامی لێژنەی هەرێمی فورات و سکرتێری ناوەخۆی کەربەلا و نوێنەری حزب لەلێژنەی بەرە لەو پارێزگایە، هەروەها (فازڵ وتوت) ئەندامی لێژنەی ناوەخۆی بابل و نوێنەری حزب لەسەندیکای مامۆستایان. لەگەڵ (قاسم محەمەد هەمزە) ئەندامی لێژنەی ناوەخۆی بابل و بەرپرسی نوسینگەی ڕۆژنامەوانی لەفورات.

**“ سووربوون و بەردەوامی لەم بەرە لاوازە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژیانە شاهانە و خۆشەی هەندێک لەوانەی بەهۆی ئەم هاوپەیمانییەوە بۆیان فەراهەم ببوو ”**

> **"کارەسات و زیانی گەورەی حشع لەدوای بەستنی بەرە، لەساڵی ١٩٧٨دا بوو. کاتێک ٣١ هاوڕێیان گرت و بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ دەرچوو"**

ئەندامەکەی کۆمیتەی ناوەندی حزب لەو هەرێمە، دەشڵێ: «هەندێک لەهاوڕێیانمان دەسگیرکران، بەڵام ئەوان دواتر ئازاد کران». (عباس، ٢٠١٦: ١٣١).

بەمجۆرە گیروگرفتەکان زۆربوون و دەستدرێژی زیادی کرد و دیسان هێرشی گرتنی هاوڕێیان و ئازاردانیان و تەنانەت کوشتنیان دەستپێکردەوە. «هەروەکو چۆن هاوڕێ (محەمەد زخۆک) گیرا و تا مردن ئازار درا. لەکۆمیتەی باڵای بەرەدا مەسەلەکەم خستە پێشچاوی سەدام و گوتم چۆن دەکرێت، هاوڕێیەکی ئێمە تا مردن ئازار بدرێت، لەم ڕۆژەدا کە لەنێوان حزبی شیوعیمان و حزبی بەعسدا بەرە و هاوکاری هەیە، ئاخۆ هۆی گرتن و ئازاردانی تا مردن چی بێت؟ سەدام پرسیاری لە (تاریق عەزیز) کرد کە زانیاری لەسەر ڕووداوەکە چییە؟ تاریق عەزیز فایلێکی گەورەی هێنایە پێشەوە و دەستی بەخوێندنەوەی ئەوی لەوێدا نووسرابوو، کرد: «محەمەد زخۆک چەکی هەڵگرتبوو، خەڵکی هاندەدا بۆ شۆڕش دژی بەعس. گوتم: ئەبو عودەی... ئەو چەکەی محەمەد زخۆک هەڵیگرتبوو، دەمانچەکی گچکەیە و لەکوردستان پێی دەڵێن (مێشکوژ) چونکە ئەم دەمانچەیە مرۆڤ ناکوژێت، بەڵکو دەشێ تا مەسافەی پێنج مەتر، برینێکی گچکە بکات. جا ئایا ماقووڵە، محەمەد زخۆک، بەم دەمانچەیە ڕژێمی حوکم هەڵگێڕێتەوە؟». (ئەحمەد، ٢٠٠٧: ٢٦٤).

لەبارەی داخستنی بارەگای ڕێکخراوە پیشەییەکانی حشع (لاوان و قوتابییان و ژنان) لەلایەن خودی حزب خۆیەوە، عەزیز محەمەد کە ماوەی ٣١ ساڵ سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق بوو (١٩٦٤ -- ١٩٩٣) دەڵێت «بڕیاری داخستنی بارەگای ڕێکخراوە پیشەییەکان، بڕیارێکی هاوشێوەی نەشتەرگەری قەیسەری بوو، ئەو بڕیارە مەکتەبی سیاسی حزب، بەبێ ڕاوێژکردن و ڕازیبوونی بنکەی خوارەی حزب کردی، کە ناوی لێنرا (هەڵپەساردن) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە ناخۆشەی حزب لەو کاتەدا تێی کەوتبوو، لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و عەرەبی و نێودەوڵەتی، ئەمە جگە لەو هەموو ئاستەنگ و فشارەی، دەوڵەت و حزبی بەعس، خستبوویە سەر حشع، هەموو ئەمانە هۆکارێکی خولقاند، کە ڕازی بین بەبەشێکی کەمتر لەوەی هەیە« دەشڵێت: «لەترسی لەدەستدانی هەموو شتێک و لەسەر بنەمای ئەو وتەیەی دەڵێ، «کەمێک بەردەوام

> **بڕیاری داخستنی بارەگای ڕێکخراوە پیشەییەکان، بڕیارێکی هاوشێوەی نەشتەرگەری قەیسەری بوو، ئەو بڕیارە مەکتەبی سیاسی حزب، بەبێ ڕاوێژکردن و ڕازیبوونی بنکەی خوارەی حزب کردی**

بێ، باشترە لەزۆرێکی پچڕپچڕ» کە پشتبەستووە بەوتەیەکی هاوشێوەی خۆی دەڵێت، «ڕازیبە بەوەی هەیە و تەماع مەبە، چونکە تەماعی، ئەوی خڕیشت کردۆتەوە دەیبا» بۆیە لەپێناو زۆرەکە، دەسبەرداری کەمەکە بووین و ئەو بڕیارەمان دا». (محمود، ٢٠١٣: ١٢٣).

لەهەڵە و کەموکوڕی و کورتبینی حزبی شیوعی لەو ماوەی لەگەڵ بەعس چووە بەرەوە، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حشع ناچێتە ژێرباری تەواوی بەرپرسیارەتی و وەک (شەوکەت خەزنەدار) دەگێڕێتەوە «من و عەزیز محەمەد ڕووبەڕوو لە ٢٩ی ٧ی ١٩٧٨ لەدیمەشق پێکەوە دانیشتین و ئەو ڕێک ئاوهای بەمن گوت: «باوکی جەلال، ئایا بەڕاستی، من بەتەنیا بووم کە بەشداری بەرە بووم و واژۆم لەسەری کرد؟» گوتم: بێگومان نەخێر، هەر هەمووتان لەمەکتەبی سیاسی بەرپرسیارەتیتان دەکەوێتە ئەستۆ، جا بەڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، بەڵام بەرپرسیارەتی گەورە و سەرەکی دەکەوێتە ئەستۆی تۆ، چونکە تۆ کەسی یەکەمی حزبی. کێشەکە ئەوەبوو، بەرە گەیشتبوو بەقۆناغێک لەبنبەستبوون، نەیدەتوانی بەهیچ شێوەک بەرگری لەبەرە بکات، لەوەش گرنگتر عەزیز محەمەد کۆمەڵێ تەنازولاتی بۆ بەعس و سەدام، بەبێ ئاگاداری سەرکردایەتی حشع کردبوو. بەو پێیەشی کە لەشوێنەکی هەستیار بووم، زۆرچاک دەمزانی کە عەزیز محەمەد بەتەنیا نییە، بەڵکو تەواوی مەکتەبی سیاسی لەمە لەگەڵیدا بەشداربوون. جێگای خۆشییەتی کە لێرەدا ئاماژە بەتەواوی ئەو تەنازولاتانە بکەین، جێگیریان بکەین کە ئاخۆ چۆن و چیبوون؟»

یەکەم: پەلەکردن و ڕازیبوون بەهەڵوەشانەوەی ڕێکخستنی حزب لەناو هێزە چەکدارەکان، قەدەغەکردنی و سزای لەسێدارەدان. ڕازی بوون بەوەی بەتەنیا حزبی بەعس مافی کاری چالاکی سیاسی لەناو هێزە چەکدارەکان هەیە. ئەمە تەنازولێکی پڕ لەشەرمەزاری بوو، سزای لەسێدارە؟ بۆ کێ؟ تەنیا شیوعییەکان.

دووەم: تەنازولی گەورە و شەرمهێنەتر، بەشداریکردنی حزب لەشەڕی نەگریسی ڕژێم بۆ سەر گەلی کورد، هەڵگرتنی چەک و بەشداری شیوعییە کوردەکان لەو شەڕەدا و لێکچواندنی ڕێککەوتنامەی عێراق و ئێران لەجەزائیر، بە (ڕێککەوتنامەی برێست) ئەو ڕێککەوتنەی کە لینین کردی بۆ پارێزگاریکردن لەدەسەڵاتی شیوعییەت و خاکی سۆڤییەت.

سێیەم: هەڵوەشاندنەوەی تەواوی ڕێکخراوەکانی قوتابییان و لاوان و ژنان لەبەرژەوەندی حزبی بەعس و بەچۆڵی هێشتنەوەی کورسی حزب لە (براگ) و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان.

چوارەم: فرۆشتنی دەزگای ڕاگەیاندنی مەرکەزی حزب لەبەرژەوەندی دەسەڵاتدا، ئەمەش کاتێک ڕوویدا کە حزب ٣٠ ملیۆن دۆلاری لەسەدام وەرگرت لەژێر ناونیشانی (پشتگیری ڕاگەیاندن) بەڵام لەڕاستیدا وەرگرتنی پارەکە بەمانای پێفرۆشتنی ڕاگەیاندنی حزب بوو.

پێنجەم: بێدەنگبوون لەبەرامبەر پێشلکارییە بەردەوام و دووبارە بووەکانی بەعس، بەتایبەت بێدەنگی لەبەرانبەر گرتنی دەیان کادیری شیوعی لەماوەی پێنج ساڵی بەرەدا، هەموو کاردانەوەی حزبی شیوعیش بەدرێژایی ئەو ماوەیە، داواکاری شەرمنانەی حزب بوو بۆ دەستهەڵگرتنی بەعس لەو پێشێلکاریانە، ئەویش لەڕێگای (سکرتاریەتی بەرە). (خزندار، ٢٠٠٥: ٢٤٠).

کارەسات و زیانی گەورەی حشع لەدوای بەستنی بەرە، لەساڵی ١٩٧٨دا بوو. کاتێک ٣١ هاوڕێیان گرت و بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو، هەرچەندە سەرکردایەتی حزب لەبەرەی نیشتمانی ناڕەزایی دەربڕی سوودی نەبوو، بەپەلە پەیوەندی بەسەرکردایەتی حزبی شیوعی سۆڤییەت و حزبی شیوعی بولغارییەوە کرد، سکرتێری حزبی شیوعی سۆڤییەت (برجنێف) و سەرۆکی بولغاریا (جفکۆک) داوایان لەئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆک کۆمار و سەدام حوسێنی جێگری کرد، ئەو هاوڕێیانە لەسێدارە نەدەن، کەچی وەڵامی ڕژێمی عێراق بۆ ئەوان، ئەوەبوو گوتیان: ئەو داوایەی ئێوە، دەسخستنە ناو کاروباری عێراقە. (شوانی، ٢٠١٨: ١٨٧).

«لەدوای لەسێدارەدانی (٣١) کەسەکە لەئایاری ١٩٧٨ سەرەتای کەمپینێکی فراوانی تازە بوو کە (سەدام) پیلانی بۆ دانابوو، بەئامانجی لەناوبردن و گۆڕینی حشع بۆ حزبێکی کارتۆنی.. هەروەها لەگەڵ ئەم کەمپینەشدا، کەمپینێکی توندی ڕاگەیاندن دژی (حشع) وەکو ئایدۆلۆژیا و ڕێکخراوی سیاسی ئەنجامدرا. سەرکردایەتی حشع لەساڵی ١٩٧٨-١٩٧٩ تەنیا پایە و ڕەوشتە شۆڕشگێڕانەکانی نەخستە ژێر پێ، بەڵکو پایە و ڕەوشتە مرۆڤایەتییەکانیشی خستە ژێرپێ، ئەوەش بەبوونی بەپاشکۆی حزبی بەعس. بەمشێوەیە دوو وەزیرەکەی حشع (عامر و موکەڕەم) لەپۆستەکانیان مانەوە، هەروەها نوێنەرەکانی حزب لەکوردستان لەئەنجوومەنی یاسا دانان مانەوە و تەماشای دیمەنی لەناوچوونی ڕێکخستنەکانی حزبیان دەکرد». (نوری، (٢٠١٩) ل١٤٠).

«پاش هێرشی نارەوا و دڕندانەی حزبی بەعس بۆ سەر حزبمان، لەساڵی ١٩٧٨ەوە، حزب لەسەر ئەم بارودۆخە، هەندێک هێڵی تایبەتی نوێی نەخشەکێش کرد، بۆ خۆئامادەکردن، بۆ جۆری تێکۆشانێکی جۆراوجۆر و نوێ لەبواری ڕێکخستندا. هەر لەڕاگەیاندن و ڕامیارییەوە، تاکو پێشمەرگایەتیش (چەکداری) و جەماوەری» (تاڵەبانی، ٢٠٠٦: ٢٤٦).

دوا دیداری بەرە، وەکو (کەریم ئەحمەد) دەیگێڕێتەوە: لەم کۆبوونەوەیەدا سەدام باسێکی لەسەر بارودۆخەکە خستە بەرچاو، ئینجا هاتە سەرباسی پەیوەندی نێوان ئێمە و ئەوان کە پەیوەندی پاشکۆییە بۆ حزبی سەرکردە، هەروا پێناخۆشی خۆی دەربڕی لەچالاکی و گەورەبوونی حزبی شیوعی لەناو کەرتە جۆربەجۆرەکانی گەلدا. چەند هاوڕێیەک لەپارێزگاکانەوە قسەیان کرد و هاتنە سەرباسی تەنگ پێهەڵچنین و شێوازی تیرۆریستی لەلایەن دامەزراوەکانی ئەمن و ڕێکخستنەکانی بەعسەوە لەدژی هاوڕێیان و ڕێکخراوەکانمان و لەپێشی هەموویانەوە، هاوڕێ (عادل سەلیم) لەهەولێر قسەی کرد. هەروا هاوڕێ (صباح الدرە) بەڵام وتارەکەی بەرپەرچدانەوەی وتارەکەی سەدام بوو لەکۆبوونەوەکەدا. (ئەحمەد، ٢٠٠٧: ٢٦٦).

**“ بەعس لەو بەرەیەی لەگەڵ حزبی شیوعیدا هیچکات مەبەستی ئەوە نەبووە شیوعییەکان لەگەڵ خۆیدا بەشداری دەسەڵات پێبکات، بەڵکو لەهەلێک دەگەڕا چۆن بچووکیان بکاتەوە ”**

کۆمیتەی ناوەندی حزب، لەئایاری ١٩٧٨دا کۆبۆوە و بەتوندی ڕەخنەی لەسیاسەتی تیرۆریستانەی بەعس گرت کە چۆن بۆتە مایەی زیان گەیاندن بەسەربەخۆیی وڵات و ئابووری نیشتمانی و هەر دەشبێتە دیکتاتۆری، پاشان کاروباری پێویست بۆ گەڕانەوە بۆ کاری نهێنی و بەرگری چەکدارانە جێبەجێکران و تیپەکانی پارتیزان بەهاوکاری پێشمەرگەکانی کوردستان دامەزرێنران. بەمجۆرە (حشع) لەهاوپەیمانی و هاوکاری بەعسەوە، کە هیوا دەکرا لەحیزبێکی تیرۆریستی دیکتاتۆرەوە ببێتە حزبێک بۆ خزمەتی گەل و پەرەپێدانی وڵات «دەڵێم حیزبەکەمان بووە حیزبێکی بەرهەڵستکار». (ئەحمەد، ٢٠٠٧: ٢٦٧).

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم/ کتێب بەزمانی کوردی:-**

١- ، نەوشیروان مستەفا ئەمین (١٩٩٧) پەنجەکان یەکیتری ئەشکێنن، بڵاوکراوەی بەرلین، ئەڵمانیا.

٢- ئەحمەد باوەڕ، (٢٠١٨)، مێژووی هاوچەرخی عێراق ١٩١٤-١٩٦٨، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ.

٣- ئەحمەد حەمەد ئەمین (٢٠١٠) چەند لاپەڕەیەک لەمێژووی نوێ و هاوچەرخی عێراق، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٤- ساڵح حەیدەری (٢٠١٩) کۆمەڵە وتارێکی گرنگی بڵاونەکراوەی ساڵح حەیدەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٥- فاتح ڕەسوڵ (٢٠٠٥) بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا.

٦- کاروان شوانی (٢٠١٨) مێژووی دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراق، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئازادی.

٧- سەروەر عبدولڕەحمان عومەر (٢٠١٩) حزبی شیوعیی عێراق و مەسەلەی کورد (١٩٣٤-١٩٧٥) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی-سیاسیە، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، سلێمانی.

**دووەم/ کتێب بەزمانی عەرەبی:-**

٨- حنا بطاطو (٢٠٠٦) العراق، کتاب الثالث (الشیوعیون والبعثیون و الضباط الأحرار) ترجمە: عفیف الرزاز، المکتبە الوطنیە الایرانیە، تهران.

٩- شوکت خزندار (٢٠٠٥) سفر ومحطات (الحزب الشیوعی العراقی ... ڕؤیە من الداخل)، الطبعە الأولی، بیروت- لبنان.

١٠- عدنان عباس (٢٠١٦) هذا ما حدث، الجزو الاول- الجزو الثانی، الطبعە الثالثە، إصدار دار سطور للنشر والتوزیع، بغداد.

١١- سیف عدنان القیسی (٢٠١٤) الحزب الشیوعی العراقی فی عهد البکر ١٩٦٨-١٩٧٩، الطبعە الأولی، دار الحکە - لندن.

١٢- أحمد عبدالعزیز محمود، نضال الرفیق عزیز محمد السکرتیر العام السابق للحزب الشیوعی العراقی، المطبعە ازادی

**سێیەم/ یاداشت:-**

١٣- کەریم ئەحمەد (٢٠٠٧) ڕێڕەوی تێکۆشان، وەرگێڕانی: جەلال دەباغ، چاپخانەی ڕەهەند.

١٤- ئەحمەد بانیخێڵانی (٢٠١٤) بیرەوەرییەکانم، چاپخانەی کارۆ، چاپی دووەم، سلێمانی.

١٥- فەخرەدین نەجمەدین تاڵەبانی، (٢٠٠٦) وەکو خۆی، چاپخانەی کارۆخ، چاپی یەکەم، سلێمانی.

١٦- جەمشید حەیدەری (٢٠١٣) لاپەڕەی بیرەوەرییەکانم (١٩٦٦-١٩٩١) بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئازادی، هەولێر.

١٧- بەهادین نوری (٢٠١٩) بیرەوەریەکانی بەهادین نوری، چاپخانەی تاران، بەرگی دووەم.

**چوارەم چاوپێکەوتن:-**

١٨- هاوڕێ (ڕەوەند) طاهر کریم علی، بەرپرسی لیژنەی ڕێکخستنی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان (لە کاتی خۆی) لەساڵی ١٩٤٦ لەگەڕەکی خانەقای شاری هەولێر لەدایکبووە، لەمانگی ٨ی ساڵی ١٩٦٢ پەیوەندی کردووە بەحزبی شیوعی عێراقی.

١٩-هاوڕێ (هادی) کاوە مەحموود مەجید، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان، لەساڵی ١٩٥٨ لەشاری کەرکوک لەدایکبووە، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەیە لەبواری یاسا، بڕوانامەی دکتۆرا لەبواری (زانستە ئایینیەکان).

**ئەم بابەتە لە بنچینەدا بریتییە لە پووختەی توێژینەوەی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریوس.**

# ڕەخنە و لێکۆڵینەوە

- **محەمەد باوەکر درێژە بە (گەمەی پەنجەکان)ی دەدات**

بۆتان جەلال

- **چەند جارێک ڕۆمانی (کتێبفرۆش)م خوێندەوە**

مستەفا نادر

- **کەژاڵ ابراهیم خدر بوێریەکەی سەرسامی کردم**

نووسینی/ عبدالجبار الجبوری - و/ هێمن سه عید

- **عیشق لای جزیری و مەحوی**

نەجات ئەسپیندارەیی


- **مەدیحە برادۆستی .. کابانی شیعر**

نعمەت عەبدوڵڵا



# محەمەد باوەکر

# درێژە بە (گەمەی پەنجەکان)ی دەدات ...



بۆتان جەلال

محەمەد باوەکر دەمێکە شیعر دەنووسێت، کەم دەنووسێ و کەمتر بڵاودەکاتەوە، هەڵپەی خۆدەرهێنان و خۆڕەپێشکردنی زۆر کەمە، بەدەگمەن لە شیعرەکانیدا کە زۆربەیان کورتن، یان مام ناوەند (من)ی جێناوی کەسی سەربەخۆ بۆ کەسی یەکەمی تاک بەکاردەهێنێت، ئەو حەز دەکات وەکو شاعیرێکی ژەنەڕاڵ دەربکەوێت و لە دەقە شیعرییەکانیدا ڕۆشنبیرییەکەی بەرجەستەی بکات.

(ئاین، هونەر، مێژوو، فەلسەفە، بابەتە مسیۆلۆژییەکان) وەک تێکەڵەیەکی ئەفسوناوی دەپرژێنێتە ناو بۆتەی کەرستەکانی و بونیادی دەقی هەمەڕەنگی مەعریفی لێ پێکدەهێنێت.

بەم تێرم و مژارارانە، پردێک لە نێوان خۆی و دەرەوەیدا دروست دەکات و بە زمانێکی مەعریفی دەدوێت، هەست و نەستی دەکاتە هەوێنی خەم و ئاواتی بابەتە ورۆژێنەرەکانی ناو خەڵک و لەگەڵیاندا سەوداسەر پیشاندەدات. شێوازی دەربڕینەکانی لە شێوازی سوریالیستەکان نزیک دەکاتەوە، ڕەنگدانەوەی شاعیرە سوریالیەکانی فەڕەنسی لەسەرە، وەلێ بە ڕەنگ و بۆی کوردییانە، لە یەک گۆشە نیگا بۆ شیعر ناڕوانێت، شیعرەکانی دەخاتە ئاوی ڕووبارێک بۆ ئەوەی بگاتە دوورترین شوێن و زۆرترین خوێنەر بەدەستیان بگات، ئەو مەراقیەتی خوێنەرانی زوو دەستیان نەگاتە کۆد و هێما شاراوەکان، پێی باشە ماندووبن بەدوای سەراسیمابوون و دۆزینەوەی مانا و چێژەکانی هونەری خوێندنەوە.

لە شیعری (سێینەی پیرۆز) وەکو نموونەیەک لە کۆمەڵە شیعری (گەمەی پەنجەکان) ئەم سەرنجانەم دەخەمەڕوو:

***دیتیان ئاگر***

***رووخسار دەدوێنێ و***

***شوێنێک نەماوە***

***پڕۆڤەی ئاوازەکانیان تێدا بژەنن.***

***گوناحی شیرین***

***دەستی لە تاتۆکردنی***

***جوانییەکانی ڕۆح***

***هەڵنەدەگرت.***

***جۆگەلەی پەیڤەکان***

***چک نەدەبوون***

***قەشەکان سێینەی پیرۆزیان***

***لە زاردا نەدەهاتەگۆ***

***بە تەمای حاملەبوونی مریەمێکی تر بوون***

***نوێژیان دابەست***

**درووود خوێندرایەوە**

**بۆ مژدەهێنانی جارێکی تری**

**هەڵکشانی عیسای ناسری**

**ئەمانیشان**

**لە ترسی دۆزەخ،**

**خودایان نەدەپەرست**

**ئەوان**


**لە پێناوی خۆشەویستی خودادا**

**هەموو خوداکانیان**

**خۆشدەویست**

ئەم دەقە (چەق) یان سەنترالێکی نییە، ماناکان لە تەوەر و میترالێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگوازرێنەوە، لە دەلالاتی هێمایی و ئاماژەییەوە، بۆ لێکەوتە هەستیی و مەعنەوییەکان پەلوپۆ دەهاوێژن، لە ناوەندی ئایینەوە بۆ ئەوپەڕی ئەفسانە و مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست خۆی نمایش دەکات، لە هێما بەرگ و قاوغێکی ماسکداری مانا پەنهانەکانی ڕەنگرێژ دەکات، تەوەری بنچینە لەم شیعرەدا ململانێی نێوان قەشەکان و مرۆڤە ئازادیخوازەکانە، کە دەیانەوێ لە کۆت و زنجیری عەقڵە کۆنەکان ڕزگایان بێت، لێرەدا شاعیر چۆتە پاڵ بەرەی ئەوانەی عیشقی ئازادییەکانن و ژیاندۆستن و ڕقیان لە ڕەمزە ئایینیەکان دەبێتەوە کە داپلۆسێنەرن و دژ بەمافی ئازادییەکانی مرۆڤن و نایانەوێت خۆری ئازادی بگاتەماڵەکانیان، شاعیر دەیەوێت وای نیشانمان بدات کە سەرکەوتن لەدوای هەموو ململانێیەک لە کۆتاییدا بۆ خۆشەویستی و ژیاندۆستانە.

ئەگەر (خەیاڵ) لە شیعردا ڕەگەزێکی سەرەکی بێت، ئەوە (زمان) نیوەی جوان بەخشییەکەیەتی، ڕواڵەتی زمانی محەمەد باوەکر، ڕەقە، چڕە، فرەدەنگە، لە بەرجەستە مانایی و ئینشائییەکانیدا، مۆرکێکی تایبەت بەخۆی هەیە و پێناسراوە، وشەی کاریگەر و ڕستەی کورت و دەلالاتی فرە میتۆد و پاشخانی ڕۆشنبیرییەکی هەمەچەشنە (وێنەی



“

**بە ڕێکەوت بەرهەمی (گەمەی پەنجەکانم) بە وردی خوێندەوە، ئێستە زانیم کە چەند شاعیرێکی نایاب و غەدرلێکراوە**

”

شیعریی) ئـیـسـتـێـتـیـکـی پێکدەهێنن، هەر وێنەیەک لەگەڵ وێنەی دوای خۆی ئایکۆنی پڕ ئاماژەیین بۆ لێکدانەوە و ڕامان.

شیعر، دەهشەیە، ئەگەر لەهەر تێکستێکدا زیاتر بەسەریەک دەهشە تێنەپەڕیوت، بزانە شیعرەکە لەبار و دۆخی ناکامڵبوونیەتی، ماویەتی ئەزموونی شاعیر و کەش و هەوای شیعرەکە ڕەخسابێت بۆ خۆ خەملاندن و پێگەیشتن، شاعیر لە (گەمەی پەنجەکان) پشت بە کرداری لەناکاو و سەرسوڕماندن دەبەستێت، بۆ ئەوەی ئەزموونداریەتی خۆی دووپـات بکاتـەوە، با ئـەم بۆچوونانە لە شیعری (هاوکوف) ببینین:




***ئەم کەڵبە شەکرەش نەیتوانی***

***ئاسەواری ماچ***
***و مووچەکانی***

***جەستەی ژیان***
***ڕەشبکاتەوە،***

***لەبەر خەمی***
***برادەرەکەم***

***ئەو مانگە هیلالییە***
***سەر شێتە***

***هەموو شەوێک بە***
***شەڕابی هونەر***

***سەرخۆش دەبێت.***

***ئەویش لەگەڵ گێڕانەوەی***

***هەر دەنکە چیرۆکێکدا***

***زەمەنی ڕادەگرت***

***تاڵەموویەکی لەهەموو ڕەنگەکانی***
***دونیا***

***لە باخەڵ دەردەهێنا***

***لە نوکەوە بۆ ئێمەی دەگێڕایەوە.***

***قژ زەرد و ئەسمەرەکانی لە دانوبەرە***

***تا زێی بادینان دەنووسیەوە***

***لەولاشەوە بلاک گوجیلە بە مەستی،***

***ئەو شەوە لیکاوی هەوەسی تێربوونی***

***بە هێوری بۆ ئێمە نمایش دەکرد***

***لە هاوکوفێک دەگەڕا***

***هەر هیچ نەبێت تا کۆتایی بەزمەکە***

***هاودۆستی بکات.***

شیعرێک هەیە ئەکتیڤە، ئەو شیعرە وەکو ئەو بازنە کارەباییە وایە هەرچەند کایەکانی لێکبخشێندرێن و خول بخۆنەوە، بەهێزتر وزە دەبەخشن و ڕۆشنایی بەسەر ڕووپێوی دەقدا پەرش دەکەن.

شاعیر لە دەرەوەی (گەمەی پەنجەکانی)ش یارییەکانی خۆی دەکات و درێژەیان پێدەدات، کاتێک بە هەستێکی موگناتیسی پانتاییەک بۆ ئاوێتەبوون بە میتافیزیک لەمانا شاراوەکانی دەق دەدۆزێتەوە، لە ساتەوەختی هۆشیاریدا بێت، یان نا هۆشیاری، ئەو دەزانێت گەمەکردن بە وشەی شیعر ڕسکێکی دوو سەرەیە، یان دەتباتە فەزای پیتاندنی عەقڵ و دەرهاویشتەکانی، یانیش بە کرچ و کاڵی و بێدەرەتانی لە جەستەی دەق دوورتر ناجولێت و مەودای فەزای خەیاڵت کۆتایی پێدێت.

یەکێک لە ڕواڵەتە درەوشاوەکانی شیعری باوەکر، چۆنیەتی مامەڵەکردنی هونەرییانەی ڕستە شیعرەکانیەتی لەنێوان خۆیاندا، بە فۆرمێک کە ببێتە هۆکاری لە دایکبوونی ڕووبەرێکی تەکنیکی و زمانەوانی و کانگایەک بۆ دەرهاویشتەی دەلالاتی هێمایی لەبەرگی ئێستێتیکایەکی درەوشاوەی نادیار.

**باوەکر پێدەچێت زۆر باوەڕی بەو قسەیەی نووسەر و فەیلەسوفی ناودار (ژان پۆل سارتەر) هەبێت کە دەربارەی زمای شاعیران دەڵێت: (ئێمە لەناو زماندا دەژین وەکو چۆن لەناو جەستەشماندا هەین)**

لەهەر دۆخێکی شیعردا، ئەگەر ڕستەکانی لەڕووی (زمان) و (خەیاڵ) و (فانتازیا)وە بارگاوی بوون بە هێزی ماناکانیانەوە، ئەوە بزانە دەقێکی باشت لەبەردەمە بۆ خوێندنەوە و چێژوەرگرتن، ڕستەی بارگاوی بوو بەهێزی میتافیزیکی وجودی و فانتازیای ئۆرگانی، وێنەی شیعریی چالاک دەخولقێنن و لەکۆتایی دیمەنەکان دەقێکی سەرکەوتووی واتادار بەرهەمدێت، شایستەی ماندووبوونی خوێنەرەکەی بێت.

باوەکر پێدەچێت زۆر باوەڕی بەو قسەیەی نووسەر و فەیلەسوفی ناودار (ژان پۆل سارتەر) هەبێت کە دەربارەی زمای شاعیران دەڵێت: (ئێمە لەناو زماندا دەژین وەکو چۆن لەناو جەستەشماندا هەین) بەو واتایەی کە (زمان) بەقەد هەموو تەمەن و ژیانمان گرنگە بۆ پاراستن و پێشکەوتنی کلتوورێک بتوانێت پەرە بە توانستەکانی بدات و هەمیشە بە زیندوویی و دینامیکییەت بیهێڵێتەوە، وشە و دەستەواژەی نوێشی لێ بخاتەسەر.

ئەوەی من لێرە نووسیوومە ڕاوسەرنجی خۆمە بەرامبەر بە کۆمەڵە شیعری (گەمەی پەنجەکان)و شیکاری دەقەکانی، ڕەنگبێت خەڵکی دیکەش هەبن خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکەن ( جاک دریدا ) لای وایە هەر دەقێکی ئەدەبی بە چاوێکی جیاواز و عەقڵێکی جیاواز دەخوێندرێتەوە، لەوانەیە ئەوەی تۆ بۆی دەچیت تەواو پێچەوانەی من بێت، کە لێیتێدەگەم، ئەمەش کردارێکی سروشتی و ئاساییە.

تەنیا ئەوەندەم ماوە بیڵێم وەکو درکاندنێک، لە ژیانمدا، کە نزیکەی چل ساڵ دەبێت شیعر دەنووسم وەریدەگێڕم و لەسەری دەنووسم، هەرگیز ئارەزووم نەبووە شیعرەکانی محەمەد باوەکر بخوێنمەوە و لەسەری بنووسم، جا بە چاک بێت، یان خراپ، بەڵام لەم دواییەدا بە ڕێکەوت بەرهەمی (گەمەی پەنجەکانم) بە وردی خوێندەوە، ئێستە زانیم کە چەند شاعیرێکی نایاب و غەدرلێکراوە، لە زۆرێک لە شاعیرانی کوردستان لێهاتووترە، کە ناوبانگی زۆریشیان هەیە و زۆریشیان لەسەر دەنووسرێت.

**“ لە ژیانمدا، کە نزیکەی چل ساڵ دەبێت شیعر دەنووسم، وەریدەگێڕم و لەسەری دەنووسم، هەرگیز ئارەزووم نەبووە شیعرەکانی محەمەد باوەکر بخوێنمەوە و لەسەری بنووسم ”**




# چەند جارێک ڕۆمانی (کتێبفرۆش)م خوێندەوە

ڕۆمانی کتێبفرۆش نووسینی ڕۆماننووس (سابیر ڕەشید) لە چاپێکی قەشەنگ و بە قەبارەیەکی خنجیلانە لە دووتوێی (٢٥٥) لاپەڕە لە ساڵی ٢٠٢٠ بڵاوکرایەوە. دوای خوێندنەوەی جاری یەکەم سەرنجی ڕاکێشام، لەبەر ئەوەی وەکو هەر تاکێک لەناو ئەو واقیعە تاڵ و شیرینە ژیاوم، بۆیە دووبارە و سێبارە خوێندمەوە و ئەو سەرنجانەم لا گەڵاڵە بوون.



**مستەفا نادر**

**ناوەڕۆک:**

ڕۆمانی کتێبفرۆش باس لە مەینەتی و ئێش و ئازاری (ئومێد)ی شاعیر و کتێبفرۆش دەکات، سەرەڕای ئەو هەموو هەڵوێستە جوامێرییانەی بەرامبەر بە هەریەکێک لە کارەکتەرەکانی دیکەی ناو ڕۆمانەکە وەکو (خاتوون، دلاوەر، کاوە سەرسپی، سیامەند و تەنانەت عەباس ئەلسولتانی) یش کەچی سەرتاپای ژیانی مەینەتی و تێهەڵدان و ئەشکەنجە و زیندانی بووە. بەتایبەتی ئەو ئازار و ئەشکەنجە دەروونییەی لەپای خیانەت و لێ جیابوونەوەی خاتوون چەشتوویەتی. ئەوانە هەموو (ئومێد)یان نائومێد کرد، وایان لێکرد بڕیاری کۆتایی هێنان بە ژیانی خۆی بدات.

**تەکنیکی نووسینی ڕۆمانەکە:**

نووسەر هەوڵی داوە، خوێنەر هەمیشە کەسێکی بە ئاگا بێ و سەد لەسەد ڕوونەچێتە ناو ڕووداوەکان، تا نەکەوێتە ژێرکاریگەری هەستەکانی و بە هۆیەوە بیرکردنەوە و بڕیاردانی خۆی لە دەست بدات. هەروەها وەکو (دابڕانێک) دوای هەر ڕووداوێک، یان چەند ڕووداوێک بە بیرمان دەهێنێتەوە کە (ئومێد) لەسەر بانی ماڵی خوشکی بەنیازی خۆکوشتنە. ئەمەش وا دەکات خوێنەر هەمیشە وەکو خوێنەر بمێنێتەوە و تێکەڵ نەبێت بە موعانات و کێشە و حاڵەتە دەروونییەکانی پاڵەوانەکە.

لە شانۆی درامی ئەرستۆیی کە ستانسلافسکی ڕابەرایەتی دەکات، هەمیشە هەوڵدەدات بینەر بەتەواوی تێکەڵی ڕووداوەکانی ناو شانۆییەکە بێت و بەدوای هەستەکانی بکەوێت، هەستەکانی بەسەر بڕیاردانی زاڵ بێت. ئێستا و ڕابردوو تێکەڵ بکات. واتە: هیچ فاسیلەیێک لەنێوان کات و بارودۆخی ئەوسای ڕووداوەکە و کات و بارودۆخی ئێستەی ناهێڵێت. بەمەش بینەر دەستەوەستان دەبێت بەرامبەر ئەو قەدەرەی ڕووبەڕووی پاڵەوانەکە دەبێتەوە، بەتەواوی ئاوێتەی بارودۆخی پاڵەوانەکە دەبێت، تا دەگاتە حاڵەتی پاکژبوونەوە (کاپارسیس) بەهۆی بەزەیی هاتنەوەی بە حاڵەتی پاڵەوانەکە. واتە ئەوەی لە دەست بینەر بمێنێتەوە تەنیا بەزەیی هاتنەوەیە بە پاڵەوانەکە، بەبێ ئەوەی بتوانێت هۆکارەکانی ڕووداونی ئەم کارەساتە شیتەڵ بکات.

بەڵام برێخت وەکو پەرچەکردارێک بۆ ئەم شێوازە، شێوازێکی دیکەی پەرەپێدا. شانۆی داستانی _ فێرکاری. تێیدا بینەر بەبەردەوامی کەسێکی وشیارە و لەباری بیرکردنەوەی تەواو دایە بەدیار ڕووداوەکان و بەشدارە لە بڕیاردان و لە چارەنووسی پاڵەوانەکە. ئەمەش لە ڕێگای ئەو تەکنیکانەی کە لە دەقەکان و کاری دەرهێناندا بەکاری دەهێنا، بۆ ئەوەی حاڵەتێکی (نامۆبوون) لای بینەر دروست بکات، تا بتوانێت شیتەڵی هۆکاری ڕووداوەکان بکات، بە عەقڵ بیربکاتەوە و دوور لە هەستەکان بڕیار بدات.

نووسەر لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا خوێنەر سەر پشک دەکات لە دیاری کردنی چارەنووسی پاڵەوانەکە (ئومێد) هەرچەندە نووسەر کۆتایی بە ڕۆمانەکە هێناوە، بەوەی کە پاڵەوانەکە لە کۆتایدا بڕیارەکەی جێبەجێکرد و لە سەربان خۆی فڕێدایە خوارەوە. بەڵام ئایا دوای خۆ فڕێدانەکە گیانی سپارد، یان نا؟ لێرەدا دوو ئەگەر دێنە پێش:

ئەگەری یەکەم: گیانی سپارد. کەواتە: ڕۆمانەکە کۆتایی هات. خوێنەر ناتوانێت بەشداری بکات و کۆتاییەکی دی بۆ ڕۆمانەکە دابنێت.

ئەگەری دووەم: گیانی نەسپارد. ئەوکاتە بوارێک بۆ خوێنەر دەرەخسێت کە بەشداری بکات لە دیاریکردنی کۆتایی ڕۆمانەکە (بەگوێرەی خوێندنەوەی خۆی).


بۆ پێکانی مەبەستی ئەو دوو دێڕەی کۆتایی ڕۆمانەکە (تۆی خوێنەریش بەشدارێکی ئەم ڕۆمانەی، بۆیە دەتوانیت بە ویستی خۆت کۆتاییەکەی لە هزری خۆتدا بئافرێنی) ل٢٥٥.

وەکو خوێنەرێک پێم باش بوو، نووسەر، پاڵەوانەکەی لەناو کێشمەکێش و دڵەڕاوکێیەکی قووڵ بەجێهێشتبووایە و خۆی فڕێ نەدابووایە خوارەوە، بۆ ئەوەی کۆتاییەکی کراوە فەراهەم ببووایە و خوێنەر بەشداری کردبووایە لە دیاریکردنی چارەنوسی پاڵەوانەکە و کۆتایی هێنانی ڕۆمانەکە.

وەکو دەڵێن دەق لە چەند وشە و وێنەیەکی بێ گیان پێکدێت. ئەوەی گیان بەبەر دەقدا دەکات خوێنەرە. هیچ کاتێک ئاستی خوێندنەوە و لێکدانەوە و تێگەیشتن لەنێوان خوێنەراندا لەیەک ئاستدا نییە. کەواتە هەر خوێنەرێک بە جۆرێک لە دەقەکە تێدەگات. بە واتایەکی دی هەرخوێنەرێک مەدلولێک بۆ ئەو داڵە دادەنێت کە نووسەر لەڕێی دەقەکەوە فڕێی داوە، جیاوازیشە لە مەدلولەکانی دی. جاری وا هەیە ئەو لێکدانەوە لۆژیکییەی خوێنەر بۆ دەقێکی دەکات، ڕەنگە بە خەیاڵی نووسەری دەقەکەدا نەهاتبێت. ئەمەش دەوەستێتە سەر ئاستی تێگەیشتن و هەڵهێنجان کە لە خوێنەرێک بۆ خوێنەرێکی دی جیاوازە. تێر و ا نینیشیا ن بۆ ڕووداوەکان جیاواز دەبێت. لە ئاکامیشدا کۆتایی جیاوازیش بۆ ڕۆمانەکە دیاریدەکرێت، کە ئەمە ڕۆحی (نامۆبوونەکەیە).

**نامۆبوون:** ڕووداوێک، یان کەسایەتییەکە، سەرەتا (بەدیهی و ناسین و ڕوونی) لە ڕووداوەکە، یان کەسایەتییەکە دادەماڵرێت، پاشان کاریگەر دەکرێت بە سەرسوڕمان و نزیک بوونەوە و خۆ تێهەڵقورتاندن بۆ ئاشنابوون لێیان*

ئەو حاڵەتەی بەسەر (ئومێد)ی پاڵەواندا هاتووە ناکرێت گشتگیر بکرێت. هەرچەندە حاڵەتەکە حاڵەتێکی ئینسانیشە. ڕەنگە هەندێک کەس وەکو پاڵەوانەکە هەست بەم حاڵەتە نەکەن، یان وەکو ئەو بیر نەکاتەوە. کەواتە ناکرێت ئەو ئەزموونەی پاڵەوانەکە فێری بووە، هەمان کاریگەری هە بێت



بەسەر هەموو کەسێک و لەهەموو سەردەمێکدا. چونکە هەر ڕووداوێک زادەی هۆکار و سەردەمێکی تایبەتە. کەواتە نامۆبوون کردارێکی بەمێژووکردە، واتە وێنای ڕووداو و کەسایەتییەکان دەکات وەکو حاڵەتێکی مێژوویی تایبەت بە ڕابردوو، خودی ئەو ڕووداوە لەوانەیە لەگەڵ مرۆڤی ئەم چەرخەش بێتەدی. کەواتە دەکرێت وێنای هەڵوێستیان بکرێت لەسەر بنەمای پەیوەست بوونیان بە سەردەمەکە.

لێرەدا پاڵەوانەکە ئەسیری ئەو قەدەرە نییە کە بۆی دیاریکراوە. واتە: قەدەرەکە بەدیهی نییە. بەپێچەوانەی تێڕوانینی ئەرستۆ لە (شانۆی درامی)دا کە پێی وایە قەدەر لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤەکان دایە، واتە: هێزێکی دەرەکییە، مرۆڤەکان توانای گۆڕین، یان بەرەنگاربوونەوەیان نییە. پاڵەوانەکەش ئەو پاڵەوانە نییە کە نووسەر هێڵی بیرکردنەوەی بۆ کێشاوە، بەڵکو خوێنەر هێڵی بیرکردنەوەی بۆ دیاری دەکات. بۆ نموونە:

خوێنەرێک وەکو ئەوەی نووسەر هێڵی بیرکردنەوەی بۆ پاڵەوانەکە دیاریی کردووە بیر دەکاتەوە. وای پێ باشە پاڵەوانەکە وەکو بێچارەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت.

خوێنەرێکی دی، ئەو بارە دەروونییە تێکشکاوەی پاڵەوان دەقۆزێتەوە، ئەو خۆشەویستییەی بۆ خاتوون هەی بوو دەیگۆڕێت بۆ ڕق. ڕقێکی ئەستوور، تا ڕاددەی ئەوەی ببێتە هاندەرێک بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی؛ مادام ژیان بۆ من نەبێ، نابێ بۆ تۆش بێ. بۆیە بڕیار دەدات، بەر لە خۆکوشتن، خاتوون و ڕێدار دەکوژێت دواتر کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت.

یەکێکی دی لە خوێنەران، دونیا بینییەکی دیکەی هەیە، بە پێویستی نازانێ کەسێک ژیانی خۆی بکاتە قوربانی کەسێکی دی، کە لە ڕاستیدا ئەو کەسەش شایستەی ئەو قوربانی دانە نەبێت. بۆیە پاڵەوانەکە پەژیوان دەکاتەوە لەو بڕیارەی پێشووی. هەوڵدەدات ژیانێکی تازە دەست پێ بکات، وەکو چۆن ئەوی دیکەش ژیانێکی دیکەی دەست پێکرد.

خوێنەرێکی دی لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە دەڕوانێتە ڕووداوەکان، جیاواز لەوانی پێشووتر. ئەو وای دەبینێت، کەمرۆڤ سەرباری ئەوەی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، دیلی کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای ئایینی و داب و نەریتی داسەپاویشە،

> «نووسەر هەوڵی داوە، خوێنەر هەمیشە کەسێکی بە ئاگا بێ و سەد لەسەد ڕوونەچێتە ناو ڕووداوەکان»

بەڵام ئەگەر لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و ئایینی دەربهێنرێت، بریتییە لە کۆمەڵێک غەریزە.

هەر هەوڵدانێک بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەک غەریزەیە. کەسێکی برسی، یان تینوو کاتێک دەیەوێت نان بخوات، یان ئاو بخواتەوە، ئەوە غەریزەی خۆ تێر کردنە پاڵی پێوە دەنێت، یان کەسێک دەیەوێت ئایندەیەکی باش مسۆگەر بکات، ئەوە غەریزەی هەوڵدان و خەو بینین و ئاوات خواستنە پاڵی پێوەدەنی بەرەو ئەو ئایندەیە. سێکسیش بە هەمان شێوە. مرۆڤەکان لە هەر تەمەنێک بن، یان لە هەر بارودۆخێکدا بن ئەو غەریزەیە لەگەڵی بەردەوامە. کەواتە؛ غەریزە بریتییە لە پڕکردنەوەی ئەو بۆشایی و کەموکوڕییەی لە بوونیدا هەستی پێدەکات.

ئەو وای دەبینی کە پاڵەوانی ڕۆمانەکە کەسێکی ڕۆشنبیر و پێشکەوتنخوازە، ئەو مافە بە خاتوون دەدات لە بڕیاردانێکی ئاوادا (دامەزراندنی پەیوەندییەکی نوێ) لەبەرامبەر ئەوەی خۆی توانای سەرجێی و پیاوەتی نەماوە (وەکو کەم و کوڕییەکی فیزیکی) بۆیە لە بڕیاردان بە خۆکوشتن پەشیوانی دەکاتەوە و ژیانێکی نوێ دەست پێدەکات.

ئەوانە و چەندان خوێندنەوەی دیکە، ئەگەری جوودان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی پاڵەوانەکە و کۆتایی هێنان بە ڕۆمانەکە. کەواتە قەدەری مرۆڤ خودی مرۆڤ خۆیەتی. بۆیە مەرج نییە هەموو ئەو ئەزموونانەی پاڵەوانەکە فێری بووە، یان ئەو دەرەنجامەی پێگەیشتووە، هەمان کاریگەری هەبێت لای کەسانی دی. لێرەدا نووسین لە پاڵ ئەرکە سەرەکییەکەی کە (چێژ) بەخشینە، ڕۆڵی فێرکردنیش دەبینێت.

**زمان:**

ڕۆمانەکە بە زمانێکی پاراو و بێ گرێ و گۆڵ، سانا لە تێگەیشتن، ڕستەی کورت و تێکهەڵکێش بە پەیڤ و دەستەواژەی دیالێکتیکە جیاجیاکان نووسراوە. سەرەڕای هەندێک تێبینیم لەسەر ئاخاوتن و ئاستی دەربڕینی کەسایەتییەکان.

هەندێک لە ڕۆماننووسەکان شوێنی جوگرافی بۆ ڕۆمانەکانیان دیاری ناکەن. ڕەنگە بابەتی باسکراوی ناو ڕۆمانەکە وا بخوازێت کە تایبەت نەکرێت بە شوێنێکی دیاریکراو، بەڵام زۆربەی جاران ڕۆماننووس وڵاتێک، یان شارێک دیاریدەکات بۆ گۆڕەپانی ململانێ و چنینەوەی

ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەی. لێرەدا ڕۆماننووس لە کاتی دیاری کردنی پاڵەوانەکان پەیوەست دەبێت بە هەندێک دابونەریت و شێوازی ژیان و جۆری بیرکردنەوەی تاکەکانی ئەو شوێنە.

شوێن لە ڕۆمانی کتێبفرۆشدا شاری هەولێرە. زۆربەی ڕووداوەکان لەو شارەن، زۆربەی کەسایەتییەکانیش خەڵکی ئەو شارەن. ئەوەی مەبەستمە زیاتر شێوەزارە.

کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکە بەشێکیان نووسەر و ڕۆشەنبیرن، ئاساییە ئەگەر بەو شێوەزارە بدوێن کە نووسەر نووسیویەتی، بەڵام کەسایەتییە نۆرماڵەکان، وەکو؛ حاجی کاکۆ، یان دایک و باوکی کاوە، ئەگەر حیوارەکان بە شێوەزاری هەولێری بووایە، هەم ئامانجی نووسەری دەپێکا لە تێکەڵکردنی شێوەزارەکان و هەمیش ڕەنگدانەوەی شوێنی ڕاستەقینەی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە دەبوو.

سەبارەت بە ئاستی بیرکردنەوە و دەربڕینی کەسایەتییەکان، دەبووایە دەربڕینەکان ڕەنگدانەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی و ئاستی وشیاری کەسەکان بوونایە. بۆ نموونە:

حاجی کاکۆ: با کەسوکاریشی مەیلیان لێبێت، بەڵام ئێمە موسڵمان و ئەوانیش (سابیئە)ن، ئایینمان جیاوازە چۆن دەبێت؟ ل٧٩

ڕەنگە بەشێکی زۆری خەڵکی خوێندەوار و ڕۆشەنبیرەکانیش نەزانن ئایینێک هەیە بەناوی (سابیئە) چ جای کەسێکی وەکو حاجی کاکۆ. چونکە زۆنی ئەو ئایینە هەولێر نییە و هیچ بەریەککەوتنێک لە نێوان هەڵگرانی ئەو ئایینە لەگەڵ خەڵکی هەولێر نییە. ئایا کەسێکی وەکو حاجی کاکۆ کە ئاستی بیرکردنەوەی بەو شێوەیە بێ بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕای کاوە و کچەکەی، لای خۆیەوە بڕیاری داوە کچەکەی بدات بە برازاکەی (کاوە) دەبێت چ زانیارییەکی هەبێت لەسەر ئایینی (سابیئە) پێموایە لەجیاتی وشەی (سابیئە) دەستەواژەی (غەیرە دین) یان وشەی (گاور) بەکار بهاتبووایە گونجاوتر بوو لەگەڵ ئاستی کەسایەتییەکە.

**شێوازی گێڕانەوە:**

نووسەر بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە (جێناوی کەسی سێیەمی تاک)ی بەکارهێناوە واتە: (ئەو)

ئەگەر نووسەر (جێناوی کەسی یەکەمی تاک)ی بەکاربهێنابووایە واتە (من) ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە کاریگەری ئەوتۆیان لەسەر خوێنەر نەدەبوو، ڕۆمانەکەش ئەو چێژەی نەدەبوو. چونکە سەرتاپای ڕۆمانەکە دەبوو بە پیاهەڵدانی خود. ڕەنگە خوێنەر تووشی بێزاری ببووایە و نەیتوانی بووایە لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بەردەوام بێت. ئەگەر (جێناوی کەسی دووەمی تاک)ی بەکاربهێنابووایە واتە: (تۆ) واتە: ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەی بۆ خودی پاڵەوانەکە بگێڕابووایەوە، پێم وایە کارێکی ئەدەبی لاواز دەردەچوو، چونکە هیچ لۆژیکی تێدانییە ڕووداوی کەسێک بۆ کەسەکە خۆی بگێڕیتەوە و باسی حاڵەتە دەروونییەکانی بکەیت، لەکاتێکدا کەسەکە لەباری (عاقڵانی تەواو) دابێت، چونکە خۆی زیاتر هەست بە موعانات و حاڵەتە هەڵچوونییە دەروونییەکانی دەکات.

بەکارهێنانی (جێناوی کەسی سێیەمی تاک) واتە: (ئەو) نووسەر زیاتر بواری بۆ دەڕەخسێت فۆکس بخاتە سەر هەڵسووکەوتی دەرەکی پاڵەوانەکە و شۆڕبوونەوە بۆ ناواخنی و شیکردنەوەی بارە دەروونییەکانی. خوێنەریش زیاتر بە پەرۆش دەبێت بۆ ئاشنا بوون بەو کەسایەتییەی لە دەرەوەی بوونی هەردووکیانە (نووسەر و خوێنەر).

**هەڵبژاردنی پاڵەوان - ڕۆڵی کتێب لە ڕۆمانەکەدا:**

نووسەر دەبێت زۆر زرنگانە کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمان هەڵبژێرێت، بەتایبەتی ئەوانەی ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە بەرەو پێشبردنی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە. ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئایدیۆلۆژی هەریەکەیان لەبەر چاو بگرێت و پەیوەندی خوێن و کۆمەڵایەتییان دیاری بکات. لەگەڵ بەردەوام بوونی چنینەوەی ڕووداوەکان، هەم لە هزری نووسەردا، هەم لە هزری خوێنەردا دابڕێن و بەپێی پێویست چارەنووسییان دیاری بکات. بەڵام هەندێک لە کەسایەتییەکان لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە دەرکەوتن و دواتر ون بوون، بەبێ ئەوەی بەدیڕێک چارەنووسیان دیاری بکرێت، وەکو دایک و باوکی ئومێد، یان شێرزادی ئامۆزای، یان سەید حەسەنی کوڕی سەید عەزیزی دووکاندار، کە ئەوانە بۆ ئومێد کەسی گرنگ بوون.

نووسەر بۆ هەڵبژاردنی کەسایەتییەکان فۆکسی خستۆتە سەر توێژێکی زیندووی ناو کۆمەڵگە،

“ ئەو چەند دێڕە و تێبینییانە بە هیچ کلۆجێک لە شکۆی ڕۆمانەکە کەم ناکەنەوە ”

> نووسەر لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا خوێنەر سەر پشک دەکات لە دیاری کردنی چارەنووسی پاڵەوانەکە

کە بەشێکی زۆریان کەسانی خوێنەر و نووسەر و ڕۆشەنبیر و سیاسین. کەواتە زۆربەیان سەر بە توێژێکی کاریگەری ناو کۆمەڵگەن کە خوێنەر و دۆستی کتێبن. نووسەر ڕۆڵێکی تەواو بە کتێب دەدات. بەلای ئەو، ئەو داتا و زانیارییانەی لە ڕێگەی خوێندنەوە لە کۆگاکانی مێشکی مرۆڤ تۆمار دەبن کاریگەری دوور مەوداتریان هەیە لەو داتا و زانیارییانەی لە ڕێگای گوێگرتن وەریان دەگرێت. هەروەها بۆ پتەوکردنی کۆڵەگەکانی ڕۆمانەکە ژینگەیەکی وای فەراهەم کردووە کە کتێب پشکی شێری بەر دەکەوێت. کتێب واتە عەقڵ، واتە بیرکردنەوە، واتە مرۆڤ، لە ژوورێکدا چەند کتێبی لێبێت، ئەوەندە مرۆڤەی لێیە، دەست بۆ هەرکتێبێک دەبەیت، مرۆڤێک لەگەڵت دەدوێت، ئامۆژگاریت دەکات و ڕابەرایەتیت دەکات، کتێب پوختەی کۆکراوەی بیرکردنەوەی کەسانی دیکەیە. هۆکارێکە بۆ گواستنەوەی داتاکان لە کەسێکەوە بۆ کۆمەڵە کەسێکی دی، یان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە، کارئاسانییە بۆ ئەوەی بگەیت بە بیرکردنەوەی ئەو کەسانەی ناتوانی بیانگەیتێ، کەواتە کتێب گەنجینەیە، هاوڕێیە، مامۆستایە، هیچی کەمتر نییە لەو چەکەی بەدەستی شۆڕشگێڕێکەوەیە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمن. ڕەنگە لە هەندێک باردا وشەکانی ناو پەرتووکێک کاریگەری زیاتر بێت لە فیشەک، بۆیە دوژمن سانسۆرێکی توندی خستۆتە سەر کتێب و خوێنەرانی کتێب، وەکو ئەوەی ئەرکی چاودێری کردنی کتێبفرۆشان لەلایەن (چیاد)ی مفەوەزی ئەمن کە ڕۆڵێکی نێگەتیڤانەی ناو ڕۆمانەکەیە.

**جەسارەت لای پاڵەوانی ڕۆمانەکە:**

ئەو هەموو کوشتن و بڕین و ئەشکەنجەدانەی میللەتی کورد بەدەستی ڕژێمی بەعس نەیتوانی وا لە (ئومێد) بکا ببێتە کەسێکی خەباتگێڕ، ڕاستە هەڵوێستەکانی مرۆڤ دۆستانە بوون، چەندین جار ژیانی کەوتۆتە مەترسی و لێدان و ئەشکەنجە و زیندان، بەڵام بەهۆی ئەتککردنی کەرامەتی میللەتەکەی نەبووە، بەڵکوو بۆ بەدەست هێنانی دوو دینار بووە (تاکە کەسیش جگە لە ئومێد و دلاوەر و کاوە، ئەنوەری سەعیدی عەولا بوو، کە بی ئاگاداری ئومێد و دلاوەر دەهاتە بەستەستێن و هەر لای سەید عومەر، بەرگی کتێبەکانی شاری دەکردە بەرگی چاپەمەنییەکانی ئەدەبیاتی شاخ وەکو کارێکی نیشتمانی خۆبەخش دەیهێنانە هەولێر و بەسەر خەڵکی ڕۆشنبیری هەولێردا بڵاوی دەکردنەوە، وەکو پەیامێکی کوردپەروەرانە، وەلی هی ئومێد و دلاوەر و کاوە وەکو پیشە و بۆ مەبەستی پارە بوو) ل١٣٢.

> گرفت لە وشەی پێشکەوتن خواز نییە. بەڵام شایەدمانی بە خودا و بیروباوەڕی چەپڕەوی دوو ئاراستەی پێچەوانەی یەکدین و (١٨٠) پلە لێکدی دوورن

هەرچەندە کەسێکی بە ئاگا بوو لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە و دووروونزیک زانیاری هەبوو لەسەر جموجۆڵ و چالاکی ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناو شار، بەڵام جارێک لە جاران بڕیاری نەدا وەکو کەسێکی مولتەزم پەیوەست بێ بە یەکێک لەو ڕێکخستنانە و ژیانی خۆی بخاتە مەترسی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڵمەتەکانی ڕژێم لە ئەتککردنی کەرامەتی میللەتەکەی، کەچی بەهۆی لەدەستدانی ئافرەتێکی سۆزانی، وەکو ئەوەی خۆی لەدوا دیداردا بەڕووی دادەداتەوە (ئەگەر من نەبووام، تاکوو ئێستەکەش تۆ جەستە و ئەندامی مێینەت بۆ خەڵکی بوو) ل٥٢.

ژیانی خۆی هێندە لا بێ ئەرزش بێ و بڕیاری کۆتایی هێنان بە ژیانی خۆی بدات، هەرچەندە لەو بڕیاردانەش شێلگیر نییە و ترسنۆکانە ڕەفتار دەکات. ماوەیەکی دووروودرێژ لە سەربانی ماڵی خوشکی بەنیازی خۆ فڕێدانە و باشترین دەرفەتیشە بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەی، چونکە کەس لە ماڵەوە نییە تا ڕزگاری بکات. کەچی جەسارەتی نییە خۆی فڕێ بدات، بە یادەوەرییەکانەوە خۆی خەریک دەکات، باشترین بەڵگە لەسەر شێلگیر نەبوونی (ئومێد) بۆ خۆکوشتن ئەوەیە، لە سەربان دێتە خوارەوە تا بە قومێک ئاو تینوویەتی خۆی بشکێنێت ل٢١٧.

کەسێک ژیانی خۆی لا هێندە بێ نرخ بێ تا ڕاددەی خۆکوشتن چ باکی بە تینوویەتی برسیەتییە.

بە پێچەوانەی (ئومێد) (چیاد)ی مفەوەزی ئەمن زۆر ئازاتر و بە جەسارەت تر بوو، لە بڕیاردانەکەش زۆر لە (ئومێد) ڕاستگۆ تر بوو، لە خۆشەویستییەکەشی بە هەمان شێوە. بۆیە بەبێ دوو دڵی بڕیارەکەی خۆی گەیاندە سەر و خۆی کوشت.

**ڕایەڵەی ڕووداوەکان:**

هەندێک بەروار، لە دید و هزری گەلانی عێراق و کوردستان تەنیا ژمارە نین، بەڵکو بەرواردگەلێکی گرنگن و کاتی جیاکردنەوە و پێناسە کردنی خودی ڕووداوەکەن. ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ی گەلی کوردستان و کۆڕەوی چەند ملیۆنی، دوو ڕووداوی مێژوویی و کاریگەر بوون چ لەڕووی ڕزگاربوون لە جەور و ستەمی ڕژێمی بەعسی

فاشیست و هەڵمژینی هەناسەیەکی ئازادی. چ لەڕووی کرانەوە بەڕووی دونیای دەرەوە و دروستکردنی پەیوەندی هاوخەمی و بە دەنگەوە هاتن و سەرەتای کاری دیپلۆماسی. هەروەها یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمان و یەکەم ئەزموونی حوکمڕانی کوردی لە کوردستانی باشوور، ئەو ڕووداوە گرنگانەن کە نووسەر بەهیچ شێوەیەک لای بەدا دا نەکردۆتەوە. لەکاتێکدا بەشێکی زۆری هەوڵ و کۆششی پاڵەوان و کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکە بۆ بەدیهێنانی ئەو ڕۆژانە بوون. ناشکرێ بڵێین ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە هەمووی کەوتۆتە پێش ئەو ڕووداوانە، چونکە نووسەر لە لاپەڕە (٦٣) بە ڕاگوزەری باس لە ژیانی دوای ڕاپەڕین دەکات (دوای ڕاپەڕین فەهد و فریاد بەرگەی بێکاری و بارودۆخی ناڵەباری کوردستانیان نەگرت و..... دواجاریش لە ئەڵمانیا گیرسانەوە) و (چەند کەسێکی دیکە، وەکو ئەوان کتێبفرۆش بوون، بەڵام تا پێش ڕاپەڕین قاتی دوو پارچەی ڕەفیق حزبییەکانی بەعسیان دەپۆشی، لە ڕۆژی ڕاپەڕینیشدا وێنەی سەرکردەکانی کوردییان بەرزکردەوە، دوایی هەر ئەوانیش بوون بە بەڕێوەبەری گشتی و کەسی لە پێشی دەزگە حزبی و حکومییەکان)ل١١٤

نووسەر دەبێت ئاگاداری بەروارەکان بێت لەکاتی ڕایەڵەکردنی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە، تا نەکەوێتە هەڵەی پاش و پێش کردن، یان فەرامۆش کردنی ڕووداوە گرنگ وچارەنووس سازەکان، یاخود نەگونجانی ماوەی زەمەنی نێوان ڕووداوەکان و بەروارە گرنگەکان. وەکو ئەو حاڵەتانەی لە ڕۆمانی (کتێبفرۆش) ڕوویداوە:

١. (ئومێد) لە بەرواری ١٩٨٨/٩/١٤ دوای (سێ) ساڵ زیندانی ئازاد کرا. ل٢٢٢

واتە: لە ساڵی ١٩٨٥ زیندانی کراوە

دوا لاپەڕەی یاداشتەکانی (چیاد)ی مفەوەزی ئەمن لە ١٩٨٩/٢/١٣ نووسراوە کە هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی خۆکوشتنی (چیاد) ل٢٥١

کوشتنی (چیاد) کەوتە ئەستۆی ئومێد. بەڵام کاتێک (چیاد) لە غاباتی کوران خۆی کوشت، ئومێد پێش ئەو کاتە (سێ) ساڵ زیندانی کراو ئازاد کرا بە تاوانی کوشتنی ئەو.

٢. شەڕی عێراق – ئێران لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٠ دەستی پێکرد.

کەماڵی برای خاتوون لە شەڕی (خەفاجیە) شەهید بوو ل٢١ (ئەو شەڕە (خەفاجیە) لە ساڵانی سەرەتای شەڕی عێراق – ئێران بوو، نزیکەی ساڵی ١٩٨٢)

دوای شەهید بوونی کەماڵ، خاتوون پۆلی سێی ناوەندی تەواو دەکات و واز لە خوێندن دێنێت. ل٢٢ (واتە تەمەنی خاتوون لەو کاتەدا لانیکەم ١٥ ساڵ دەبێت، شەش ساڵی منداڵی و نۆ ساڵی خوێندن).

دوای چەند ساڵێک لە شەهید بوونی کەماڵ دایکی دەمرێت. ل٣٣ (لانیکەم ٢ ساڵ).

دواتر باوکی خاتوون ژنی دووەم دێنێ (سەعدیە)ی باوەژن لەگەڵ خاتوون خراپە، بۆیە خاتوون لە سەربان خۆی فڕێ دەدا (سێ) مانگ لەسەر جێگا دەکەوێت. پاشان وردە وردە باشتر دەبێت. ل٢٣ (هەمووی بەسەر یەکەوە بە نزیکەیی یەک ساڵ).

خاتوون و سلێمان ڕادەکەن بۆ بەغدا بە ئاسوودەیی دەژین. ل٢٣ – ل٢٤ (لانیکەم ٦ مانگ).

سلێمان نەخۆشییەکی سەخت دەیخات، یەک ساڵ لەسەر جێگە دەمێنێتەوە. ل٢٤ (یەک ساڵ).

دوای مردنی سلێمان، خاتوون لە یانەی شەوانە کاردەکات ل٢٤ (لانیکەم ٦ مانگ).

ئەگەر هەموو ئەو ماوانە بەسەر یەکەوە هەژمار بکەین نزیکەی (٥) ساڵ دەکات لەدوای شەهید بوونی کەماڵ لە ساڵی ١٩٨٢. کەواتە ئومێد و خاتوون نزیکەی ساڵی ١٩٨٧ هاوسەرگیرییان کردووە. کەچی ئومێد لەو ساڵدا لە زیندانی ئەبوغرێب بوو و لە ساڵی ١٩٨٤ بەهۆی ئەشکەنجە لە پیاوەتی کەوتبوو.

٣. لەکاتی هاوسەرگیری کاوە و مەروە، ئومێد تاکە هاوڕێی کاوە بوو کە لەگەڵی چوو بوو. چونکە لە کاتی هاوسەرگیری ئومێد و خاتوون، کاوە تاکە هاوڕێی ئومێد بوو ئامادەبوو. ل٨٠

بەگوێرەی داڕشتنی ئەم پەرەگرافە، کە لە دوو ڕستە پێکهاتووە، لەڕووی کاتەوە، ڕستەی دووەم پێش ڕستەی یەکەمە. وشەی (چونکە) ڕوونکردنەوەی ڕستەی دواترە کە بووەتە هۆی ڕوودانی ڕستەی یەکەم. واتە (ئومێد و خاتوون) پێش (کاوە و مەروە) هاوسەرگیرییان کردووە.

کاوە لە ساڵی ١٩٨١ دوو منداڵی هەبوو (مەروان و سیروان) ل٨٠ ل٨١ (کەچی خاتوون لەو ساڵەدا هێشتا منداڵ بوو لە ماڵی باوکی بوو)

**“ دەق لە چەند وشە و وێنەیەکی بێ گیان پێکدێت. ئەوەی گیان بەبەر دەقدا دەکات خوێنەرە ”**

**“ بیرکردنەوەی پیاوسالاری هەمیشە زاڵە بەسەر بیرکردنەوەی نێرینەکانی کۆمەڵگەدا، جا هەڵگری هەر بیروباوەڕێک بن ”**

> نووسەر بۆ هەڵبژاردنی کەسایەتییەکان فۆکسی خستۆتە سەر توێژێکی زیندووی ناو کۆمەڵگە، کە بەشێکی زۆریان کەسانی خوێنەر و نووسەر و ڕۆشنبیر و سیاسین

٤. بەگوێرەی بڕیاری لێبووردنی ڕژێم لە ساڵی (١٩٨٨) کە ئومێد بەهۆیەوە دوای (٣) ساڵ زیندانی ئازاد کرا. کەواتە: ئومێد لە ساڵی ١٩٨٥ لە ئەمنی هەولێر گیرا بە تاوانی کوشتنی (چیاد)ی مفەوەزی ئەمن، پاشان ڕەوانەی دادگای شۆڕشیان کرد لە بەغدا، لە ڕێگادا لە دڵی خۆیدا ڕووی لە خودای گەورە بوو و دەیگوت (خوایە گیان بۆچی ئێمەت بە ژێردەستەیی دروست کرد، چی دەبوو میللەتی منیش وەکو هەموو میللەتانی دونیا ئازاد بووایە مرۆڤەکانی لەجیاتی زیندان و تێهەڵدان و کوشتن و قڕکردن و ئەنفالکردن و کیمیاباران و...... ) ل٨٥

ئومێد باس لە ئەنفالکردن و کیمیاباران کردن دەکات. کەچی لەو ساڵەدا واتە ساڵی (١٩٨٥) ئەو دوو ڕووداوە دڵتەزێن و کارەساتبارە بەسەر میللەتی کوردا نەهات بوون.

بۆ پشت ڕاستکردنەوەی قسەکەم، نووسەر دەڵێ: (ئومێد و هاوڕێکانی لەناو زیندانەوە کاتێک هەواڵە ناخۆشەکانی میللەتەکەیان دەزانی لە کوشتن و دەربەدەری و کیمیاباران و ئەنفال و وێرانکردنی گوند و شار و شارۆچکە و ڕاگوێزانی خەڵکی سڤیل....) ل٢١٤

کەواتە لە دوای دادگایی کردن و لە ماوەی زیندانییەکەی ئومێد ئەو کارەساتانە ڕوویان دا.

٥. کاتێک مەروە کۆچی دوایی کرد منداڵەکانی لە خەم دەرچوو بوون، مەروان کوڕە گەورەکەی تەمەنی (١٨) ساڵ بوو. ل٦٥

کاتێک کاوە و مەروە گواززانەوە هەولێر لە ساڵی ١٩٨١ تەمەنی مەروان لە ساڵێک زیاتر بوو. ل٨٠ – ٨١ (کەواتە بە لانیکەم ساڵی ١٩٩٨ مەروە هیلالی کۆچی دوایی کردووە).

لە کاتی نەخۆش کەوتنی مەروە و لە دوا ساتەکانی ژیانیدا، سیامەند و ئەمەل هیلالی یەکدییان ناسی و هاوسەرگیرییان کرد. کەواتە هاوسەرگیرییەکەیان دوای ڕاپەڕینی ئاداری ساڵی ١٩٩١ بوو بە چەند ساڵێک.

سیامەند دەرچووی پەیمانگای کارگێڕی بوو لە هەولێر. داواکاری پێشکەشی ئەمینداریەتی ڕۆشنبیری و لاوان کردبوو. دوایی لەگەڵ لیستێک لە ئەمینداریەتی وەرگیرا. ل٩٤

(ئەمینداریەتییەکان تایبەت بوون بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەپێش ڕاپەڕین، دوای ڕاپەڕین ئەمینداریەتی نەما، دوای هەڵبژاردن بوو بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان سەر بە حکومەتی هەرێم).

٦. ئەگەر تەمەنی خاتوون لە ساڵی ١٩٨٢ پانزدە ساڵی بوو بێت وەکو ئەوەی لە خاڵی (٢) ڕوونمان کردەوە، لە ساڵی (٢٠٠٢) تەمەنی گەیشتۆتە (٣٥) ساڵ. کەواتە ئەوکاتی لەگەڵ ڕێدار پەیوەندی خۆشەویستی دەبەستێت ساڵی (٢٠٠٢)ە.

– ڕێدار: بۆ چەند ساڵانی؟

– خاتوون: تەمەنم سی و پێنج ساڵ پترە. ل٤٤

(کاوە سەرسپی ئەرکی لێدان و تەمێکردنی ڕێداری بە موسای ئامۆزای سپارد، ئەویش پیاوانی خۆی ناردە سەر ڕێگەی، ڕۆژێکیان بەنیوە مردوویی ناردیانە ماڵەوە، چەند ڕۆژێک ئەو کوڕە لەناو جێدا کەوت) ل٥٨. بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٢) دائیرەی ئەمن لە هەولێر نەبوو، تا پیاوەکانی مووسا ئەبوشواربی سەر بەدائیرەی ئەمن لەڕێدار بدەن.

### حاڵەتە ناکۆکەکانی ناو ڕۆمانەکە

* ئومێد هەڵگری بیروباوەڕی چەپڕەوی و هزری پێشکەوتن خواز بوو. ل١٨

کاتێک (ئومێد) لە بەندیخانەی ئەمن ئەشکەنجە دەدرێت بە تۆمەتی کوشتنی (چیاد)ی مفەوەزی ئەمن، ئەشکەنجەدانەکەی هێندە توند و تیژ دەبێت باوەڕ بە بەرگەگرتن و مانەوەی خۆی نامێنی، بۆیە کاتێک بە هۆش خۆی دێتەوە (ئەوسا بڕوای بەوە هێنا خودای گەورە پێنووسی لە سڕینەوەی نەداوە، ئینجا شایەدمانێکی بەهەقی هێنا). ل١٦٩

هەروەها وەکو وەفایەک بۆ (چیاد) و ڕاستگۆیی و وەفادارییەکەی بۆ (عوەیشە)ی خۆشەویستی، ئومێد (لە کاتی خوێندنەوەی دوا لاپەڕەی یاداشتنامەکەی چیاد لە دڵی خۆیدا فاتیحا و قولوەڵایەکی بۆ خوێند و ڕەحمەتی بۆ نارد). ل٢٥٤

گرفت لە وشەی پێشکەوتنخواز نییە. بەڵام شایەدمانی بە خودا و بیروباوەڕی چەپڕەوی دوو ئاراستەی پێچەوانەی یەکدین و (١٨٠) پلە لێکدی دوورن. کەسێکی (مارکسی) چارەنووسی خۆی ڕادەستی قەدەر ناکا هەروەها، فاتیحا و قوولوەڵڵا بۆ کەسێکی مردوو ناخوێنێ (مەگەر بۆ مجامەلە نەبێت).

* تاکە کێشەی خاتوون نەزۆکی بوو، بۆیە لە دووەم دیداردا لەگەڵ ئومێد بە ڕاستگۆیی ئەم

باسەی لەگەڵ کردەوە. ل٢٦

* ئومێد بەهۆی فەلاقەی زۆر و کارەبا لێدانی لە چوک و ئەندامی نێرینەیدا، سوودی سەرجێیی نەمابوو. ئەم ڕووداوە و گرتنەی ئەو، چەند ساڵێک دوای هاوسەرگیری بوو لەگەڵ خاتوون. هۆکاری منداڵ نەبوونیشیان، سەرەتا خاتوون خۆیشی نەیدەزانی. ل١٨

* هەرچەندە سەردانی دەیان دکتۆری بەناوبانگی هەولێر و بەغداشیان کردبوو، هۆکاری منداڵ نەبوونەکە زانرا، کە خاتوونە، ئیدی ئومێد وازی لێ هێنا و بیری نەوە خستنەوەی لە مێشکی خۆیدا سڕییەوە. ل١٥

* خاتوون لای مێردی یەکەمی منداڵی نەبوو گومانی هەبوو کە نەزۆک بێت. ل٢٤

(کارەبا لێدانی لە چوک و ئەندامی نێرینەیدا) هەڵەیە، ڕاستییەکەی (لێدانی کارەبا لە چوک و ئەندامی نێرینەیدا). چونکە (کارەبا لێدان....) واتە کارەبا لێیداوە، بەڵام ڕەنگە دەستی کەسی تێدا نەبێ. بەڵام (لێدانی کارەبا..) واتە کەسێک کارەبای لێداوە.

لە کاتی یەکدی ناسینیان خاتوون بە ئومێدی ڕاگەیاند کە منداڵی نابێت. وا گومانی دەکرد، بەهۆی خۆ فڕێدانی لە سەربان کۆئەندامی زاوزێی تووشی کێشە بووبێت. واتە: لە سەرەتاوە دەزانرا کەخاتوون منداڵی نابێت، نەک دوای سەردانی کردنی دکتۆر لە هەولێر و بەغدا.

* کاوە سەرسپی هەمووجار کە لەگەڵ ئومێد دەچوونە بەغدا بۆ کتێب کڕین سەرێکیان بە یانەی شەوانەدا دەکرد، جاری واش هەبوو دەچوونە بەردەم سینەما نەصر لە شەقامی سەعدوون. لەوێندەر زۆرینەی هەرە زۆری گەوادەکانیان دەناسی. جارجارە بەهۆی ئەوانەوە دەچوونە ڕابواردنی شەوانە. ل٨٥

* ئومێد لەو چرکە ساتەدا، کە لەسەر بانی ڕاوەستا بوو، هەستی دەکرد زەوی گازی دەکات، ئەو هێشتە خاتوونی خۆشدەویست، لێ هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەی لێ نەدەکرد ئەوینەکەیان بەو دەردە بیات، نەک هەر کارێکی ئاوای لێ بوەشێتەوە، بگرە گومانێکی واشی لا دروست بکات. ل١٤

* بیرکردنەوەی پیاوسالاری هەمیشە زاڵە بەسەر بیرکردنەوەی نێرینەکانی کۆمەڵگەدا، جا هەڵگری هەر بیروباوەڕێک بن، وەکو ئەوەی زاڵە بەسەر بیرکردنەوەی ئومێدی چەپڕەوی پێشکەوتنخواز.

بۆ (ئومێد) ئاساییە لەگەڵ کاوە بچێتە ماڵی ژنە لەشفرۆشەکان، لەکاتێکدا خێزانداره، بەڵام بۆ خاتوون هەرگیز بە خەیاڵیدا نەدەهات خۆشەویستییەکەیان بەو دەردە ببات. سەرەڕای ئەوەی خۆشی پیاوەتی لەدەستدا بوو. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ:
– ئومێد، ئەگەر هەڵگری بیروباوەڕی چەپڕەو و پێشکەوتنخوازیش بێت، تەنیا بە ڕواڵەتە.

– خۆشەویستییەکەی بۆ خاتوون و ئەو ئاخ هەڵکیشان و دەرد و کۆڤانە شتێکی قەرپە (مزیف)ە.
* ئومێد کە لە زیندان هاتەدەر زۆر بیری لەوە دەکردەوە دەبێت کێ بێت ئەو کەسەی لە دائیرەی ئەمن چاودێری کتێبفرۆشان دەکات... بیری بۆ ئەو کورە ڕەشتاڵەیە چوو، کە هەموو ڕۆژێک دەهاتە لای و کتێبی لێ دەکڕی.... لە میانی لە یەکدی پرسین و دەمەتەقێ و پرسیار و وەڵام و لێکۆڵینەوەی ڕەچەڵەک و هەڵدانەوەی پەڕاوی یەکدی، زانی ئەو پیاوە ڕەشتاڵە ڕۆشنبیرە: ناوی چیاد عوگلە خلەیف لهیبی بوو.
خەڵکی مەخمور بوو.

عارەب بوو، بەڵام کوردی بە نووسین و خوێندنەوە و قسەکردنیش بەباشی دەزانێ. ئەوەی کە ئومێد پەی پێنەبردبوو ئەوە بوو، کە نەیدەزانی سەر بە دائیرەی ئەمنە. ل١٢٧ – ل ١٢٨

دواتر لە پەرەگرافێکی دیکەدا دەڵێ:

– وەلێ ئومێد و کەسانی دیکەش بەناوی ڕاستەقینەی خۆیان نەیاندەناسی، بگرە لای ئەوان ناوی عەباس ئەلسولتانی بوو... ل١٤٠

هەروەها دەڵێ:
– ئەو دەمەی چیاد هاتە بەردەم ئومێد لە غاباتی کوران... ئومێد هەرگیز بیری بۆ ئەوە نەدەچوو کە ئەمە ڕاستییەکە بێت، بگرە تا ئەو دەمەش هەر عەباس ئەلسولتانی ڕۆشنبیر و خوێندەوارەکەی جاران بوو. ل١٤١

پێم وابێ (بەناوی ڕاستەقینەی خۆیان نەیاندەناسی) هەڵەیە، چونکە (خۆیان) بۆ ئومێد و کەسانی دی دەگەڕێتەوە، نەک عەباس ئەلسولتانی. ڕاستییەکەی ئەوەیە (بەناوی ڕاستەقینەی خۆی نەیاندەناسی). ڕەنگە کەسانی دی لە کتێبفرۆشان نەیانزانی بێ ناوی ڕاستەقینەی عەباس ئەلسولتانی نییە. بەڵام ئومێد دوای هاتنەدەری لە زیندان، زانی ناوی

**«مەرج نییە هەموو ئەو ئەزموونانەی پاڵەوانەکە فێری بووە، یان ئەو دەرەنجامەی پێگەیشتووە، هەمان کاریگەری هەبێت لای کەسانی دی»**

ڕاستەقینەی عەباس ئەلسولتانی چیاد عوگلە خلەیف لهێبی یەو عارەبی مەخمورە.

* کاتێک ئومێدیان لە سەربانی گرتووخانە بەستەوە وەکو ئەشکەنجەدانێک.

– کە بەیانی بۆوە، چاوەکانی کردەوە هێشتاکە بەڕووتی هەر لە سەربان بوو... تەماشای دەست و قاچەکانی خۆی کرد. ل١٦٧

لە لاپەڕەی دواتر دەڵێ:

– بەیانییەکی درەنگ دونیا ڕووناک ببووەوە، ئەو هێشتا پێڵوی چاوەکانی نەدەتروکاند، نەیدەتوانی چاوەکانی بەتەواوی لێک بکاتەوە و بزانێت چ کاتە. ل١٦٨
وشەی (درەنگ) وەسف کردنی کاتە (بەیانی) واتە پەرەگرافی یەکەم لە ڕووی کاتەوە لە پێش پەرەگرافی دووەمە. لە کاتێکدا لەپەرەگرافی یەکەم چاوەکانی کردەوە و سەیری دەست و قاچەکانی خۆی کرد. کەچی لە پەرەگرافی دووەم کە (درەنگترە) واتە دواترە، ناتوانێت پێڵوی چاوەکانی هەڵبێنێ و بزانی چ کاتە.

* تا ئەو دەمەی یەکدی بینینیان لەگەڵ یەکدی دانا، لەغاباتی کوران پێکەوە دانیشتن و یەکدییان بینی، دواییش بەرامبەری ڕاوەستا و دەمانچەکەی دەرهێنا و پێی وت:

– ئومێد هەرچەندە من و تۆ برادەرین، بەڵام من بۆ کوشتنی تۆ ڕاسپێردراوم.

– بۆچی دەمکوژیت و لەسەر چی و کێ ڕایسپاردووی؟

– پێت ناڵێم کێ ڕایسپاردووم...... ل١٣٣

– کە لە گۆشەیەکی غاباتی کوران پێکەوە ڕۆنیشتن، کاتەکەشی نزیک نیوەڕۆ بوو، بۆیە تۆزێک لەئاستی هاتنی یەکەمجاری ئارامتر بووەوە. ل١٣٧

– ئەو دەمەی کە چیاد هاتە بەردەم ئومێد و لەغاباتی کوران یەکدییان بینی، دوای گوتوویژ و یەکدی بینینێکی کورت دەمانچەکەی بەر پشتی دەرهێنا و.... بەزمانێکی پچڕ پچڕ و شپرزەوە، کەسایەتی خۆی و ناوی ڕاستەقینە و ئامانجی کوشتنەکەی و پلە و شوێنی کارەکەی خۆی بە ئومێد گوت. ل١٤١

> شوێن لە ڕۆمانی کتێبفرۆشدا شاری هەولێرە. زۆربەی ڕووداوەکان لەو شارەن، زۆربەی کەسایەتییەکانیش خەڵکی ئەو شارەن

پێم وابێ (لەغاباتی کوران پێکەوە دانیشتن و یەکدییان بینی) هەڵەیە، لەڕووی کاتەوە پاش و پێش کراوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە (لەغاباتی کوران یەکدییان بینی و پێکەوە دانیشتن) ئەم ڕووداوە بە دوو شێوەی جیاواز گێڕانەوەی بۆ کراوە:

**گێڕانەوەی یەکەم:**

ئومێد و چیاد ژوانێک دادەنێن لە غاباتی کوران، دوای ئەوەی یەکدی دەبینن، دادەنیشن. پاشان چیاد بەرامبەری دەوەستێت و ڕووی دەمانچەکەی تێدەکات. پاش قسەکردن و ڕوونکردنەوەی هۆکاری یەکدی بینینەکەیان کە کوشتنی ئومێدە، بەبێ ئەوەی ناوی ڕاستەقینەی خۆی و پلەی وەزیفی پێ بڵێت (پێت ناڵێم کێ ڕایسپاردووم) دوای گوتووێژێکی زۆر دووبارە لە سووچێکی غاباتەکە دادەنیشن لەوکاتەدا باری دەروونی چیاد ئارامترە لەو کاتەی لە سەرەتای یەکدی بینینەکەیان.

**گێڕانەوەی دووەم:**

دوای یەکدی بینین و گفتوگۆیەکی کورت دەمانچەکەی بەر پشتی دەرهێنا. خۆی پێ ناساند بەناوی ڕاستەقینە و پلە و شوێنی کارەکەی، هەروەها هۆکاری هاتنەکەی پێ گوت. بەبێ ئەوەی ئاماژە بەوە بدات کە بەیەکەوە دانیشت بوون.

لە گێڕانەوەی یەکەمدا، بەیەکەوە دانیشتن، بەڵام ناو و پلەی وەزیفی خۆی پی نەگوت. کەچی لە گێڕانەوەی دووەمدا بەیەکەوە دانەنیشتن بەڵام ناو و پلەی وەزیفی خۆی پی ڕاگەیاند.

* ئومێد چیدی نەیتوانی لە هەریر بمێنێتەوە، زۆر هەوڵی دا، ئەوەبوو بەهۆی مووسای ئامۆزای کاوە گوێزرایەوە بۆ کارگەی جگەرەی هەولێر. ل٩٤ – ٩٥

لەهیچ شوێنێکی ڕۆمانەکە باس لە دامەزراندن و کارمەند بوونی ئومێد نەکراوە، بەڵکو کاوە سەرسپی و کاروانی هاوڕێی دوای دامەزراندنیان لە بەصرە گوازرانەوە کارگەی شەراب دروست کردن لە هەریر.

لە کۆتاییدا نووسینی ئەو چەند دێرە و تێبینییانە بە هیچ کلۆجێک لە شکۆی ڕۆمانەکە کەم ناکەنەوە. چونکە دانسقەیی سەرتاپای ڕۆمانەکەی گرتۆتەوە و یەکێکە لە کارە ئەدەبییە جوانەکانی ئەمڕۆی ئەدەبی کوردی.

**سەرچاوە:**

*** بۆ (نامۆبوون) سوودم لە (مسرح التغییر/ مقالات فی منهج بریشت الفنی) وەرگرتووە.**

# کەژاڵ ئیبراهیم خدر

## بوێریەکەی سەرسامی کردم

نوسینی/ عبدالجبار الجبوری
و/ هێمن سه عید



شاعیرێکی کوردی دانیشتوی سلێمانییە لە هەرێمی کوردستان، بە دیاریکراوی لە (قەڵادزێ).

لە ڕۆژنامەی (الزمان) هۆنراوەکانی و بوێریەکەی سەرسامیان کردم کە لەسەر خۆشەویستی و دلداری و یاخیبون و نەهێشتنی توندوتیژی و پێکەوە ژیان دەینووسین. هەروەها بوێریە بێ کۆتاییەکەی سەرسامی کردم لەسەر یەکسانی و ئازادی ژن. هۆنراوەکانی بوونە جێی سەرنجی ڕەخنەگران و شاعیران و خوێنەران، لەهەمان کاتدا ئەو کچی شاخ و بەفر و جوانییە. نەمتوانی بگەم بەدیداری پێش کۆچە ناوادەکەی دوای ئەوەی کە دەیان کۆمەڵە شیعری بە زمانی کوردی بەرهەم هێنا و وەریگێردرانە سەر زمانە جیهانییەکان لەوانە زمانی فارسی، ئیسپانی، و امازیغی و صربی، لاتینی، ئەڵمانی، ڕووسی، ئینگلیزی. ئەمە جگە لە وەرگرتنی دەیان خەڵاتی عێراقی و عەرەبی.

هەشت کۆمەڵە شیعریان بۆ وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی. ئەوەی جێگەی سەرنجە هەر هەموو کۆمەڵە شیعرەکانی، کە خۆی لە ٣٠ کۆمەڵە دەدات، هەموی لەسەر ئەرکی خۆی چاپکراون. لەکاتێکدا دەیان لە هۆنراوەکانی لێکۆڵینەوەی نامەی ماستەر و دکتۆرای لە سەر کراوە.

کەژاڵ ئیبراهیم تاکڕەو بوو لە نووسینی هۆنراوەی ڕوون و خۆشەویستی یاخی بەسەر داب و نەریت و کۆمەڵگەی داخراودا.

**هێزی هەموو پەنجەکانت بەکاربێنە**
**گرێی لەچەکەکەم بکەرەوە**
**ئەو پەردەپۆشە بشکێنە**
**جوانییەکانمی ونکردوە**
**هەموو تاڵەکانی قژمی بۆ خۆی**
**زیندانی کردووە**

ئەم جۆرە هۆنراوەیە مەبەستمان هۆنراوەی دڵداری و یاخی بوون لەڕاستیدا، کۆمەڵێک شاعیری ئافرەتی عەرەب پێشڕەو بوونە لە نووسینی وەکو:

(غادة السمان، احلام مستغانمي) و کەسانی دیکەش.

ژنێک، لەناو کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاری و خێڵەکی و دەشتەکیدا، کە پابەندن بە دابونەریت، بە شێوەیەک کە یاخی بون تیایدا ئەستەمە، ئەمە بوێریەکی لە ڕادە بەدەری دەوێت.

کەژاڵ بە شیعر زانییەکەی و هۆشمەندیەکەی و یاخیبونەکەی توانی هەموو ئەو کۆت و بەندە ئاسنینانە بشکێنێت، بەڵکو پێی خستە سەری و لەو کۆتە دەرباز بوو. بەرە و ئاسمانی ئازادی و سەربەستی، هەمو سنوورەکانی بەزاند و شیعرەکانی بڵاوبونەوە و ناوبانگی دەرکرد، لەشارە نووستوەکەی، کە لەژێر شاخەکانی کوردستان، پارێزگای سلێمانی، کە بەشاری ئازادی و ئاشتی و ڕۆشنبیریی و ئەدەب و هونەر دادەنرێت. بە شارێکی جیاواز دادەنرێت لە ئاسمانی عێراقی و عەرەبی و جیهانیدا

بە هەوڵی کەسێتی خۆی و بەهرە گەورەکەی توانی جێگەی خۆی بکاتەوە لە پێشەنگی شاعیرە گەورەکانی عێراق.

کەژاڵ ئیبراهیم شاعیرێکی تاکرەوە و زمانێکی تایبەتی خۆی هەیە. وشەکانی لەدڵا شیرینن، ئەو کچی لادێیە، بەو هۆیەوە دەبینین وشەکانی لە سروشت و ژیانیدا، نەریتی لادێیانە بە شیعرەکانییەوە دیارن، زۆربەی هۆنراوەکانی گفتۆگۆن لەگەڵ سروشت، بە وشە جوانەکانی هاوار دەبەن بۆ خۆشەویستی و ئازاری دڵداری. لە وشەکانیدا هەست پێدەکەین، شیعرەکانی نرخی دڵداری و خۆشەویستی لەخۆ دەگرن. خۆشەویستی پاک، کە نوقم بووە لە ڕاستگۆیی و خۆرەسی و جوانی.

منی نووسەر بەو جۆرە هۆنراوەکانیم خوێندەوە کە لێرە و لەوێ پرشوبڵاو بوون، ئەوانەی لە ڕۆژنامە عێراقی و عەرەبی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکرابوونەوە.

هیچ کەسێک نەبووە هۆنراوەکانی کەژاڵی نەخوێندبێتەوە و نەبوبێت بە بارمتەی وشەکانی و بابەتە ساناکانی، کە نوقم بووبون لەناخی ڕۆحیدا، دەربڕینێکە لە توانایەکی سەرسوڕهێنەر، لە درێژکردنەوەی پیتەکان.

ئەم شاعیرە تێگەیشتنێکی قووڵی هەبوو بۆ ئازاری ئەو پیتانەی کە دەکەوتن و چێژی ئازاربوون.

بۆیە وا هەست دەکەم و لەوانەیە وشەکانم بێ توانابن لە وەسفی ژیاننامە و ڕێرەوی شاعیرێکی گرنگ، ئەوەی لە ئەستۆ گرتوە کە ناوبانگ و ئامەدەبوونی هەبێت و توانی بە ئەسکەنەی پیتەکەی جێگەی خۆی لەنێو شاعیرە گەورەکانی عێراق بکاتەوە، ئەم شاعیرە ئەو دەسکەوتەی لە ماندووبوون بەدیهێناوە و وەرگێردراوەتە سەر زۆربەی زمانە جیهانییەکان، ئەو شتە نەگەیشتووە بە هیچ شاعیرێک، یان ئەدیبێکی عێراقی و عەرەبی. ئەو پشتی بەستوە بە هەوڵی خۆی و داهێنانی شیعریی و بەهرە گەورەکەی و سووربوونی لەسەر ئەوەی کە جیاواز دەرکەوێت.

وشەکان نەیانتوانی مافی ئەزموونی شاعیری کۆچکردوو بدەن لە ڕێرەوە ئەدەبییە دوور و درێژەکەی، دەمەوێت ئاماژە بەوەش بکەم کە ئەم شاعیرە وەکو هەموو ئەو کەڵە شاعیرانەی دی، ئەو هەلە ئەدەبییەی وەرنەگرت لەڕەخنەی عێراقی، وەکو ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین، کە دەخولێتەوە لەنێوان ڕەخنەی (ئیخوانی و میزاجی)دا.

**«**
**هیچ کەسێک نەبووە هۆنراوەکانی کەژاڵی نەخوێندبێتەوە و نەبوبێت بە بارمتەی وشەکانی**
**»**

# عیشق لای جزیری و مەحوی

کاتێک شیعرێکی مەلای جزیری، یان مەحوی دەخوێنینەوە هەست بە حەسانەوەیەکی دەروونی دەکەین و چێژەکەی لەگەڵ ڕۆحمان تێکەڵ دەبێت.

مەلای جزیری دەڵێت:

***عاشق کێیە هاتی ژ مەجازی ب حەقیقەت***
***سورەت نەشناسی و بە مەعنی نە فەناگرت***
***تەنها نە لەمن لامیعی حوسناتە شەفەق دا***
***عالەم بەخۆ وی حوسن و جەمالی دە خوداگرت***

جزیری لەعیشقی مەجازییەوە دەڕوا بەرەو عیشقی حەقیقی، عیشق بە جۆرێک لە دەروونیدا ڕەنگ دەداتەوە و وای لێدەکات تارماییەکان ڕابماڵێت و ڕووبکاتە دونیایێکی پاک و بێگەرد دونیایەک کە جگە لەعیشق و خۆشەویستی هیچی دیکەی تێدا نەبێت، تا لەوێوە عیشقی حەقیقی لەنێو دڵیدا جێگیر ببێت.

مەلای جزیری سەبارەت بە پاکبوونەوەی دڵ دەڵێت:

***قەلبێ مە شوبهێ زێڕ ژ فەیزاتە جەلاگرت***
***ما ڕوو سیەهو ێیفر ێیفەت ڕەنگێ ێەفاگرت***

جزیری دڵی ژەنگگرتووی وەکو زێڕ پاک دەبێتەوە، چۆن لای زێڕینگر ئاگر دەبێتە سەنگی مەحەک و زێڕی خالیی پێ دەناسرێتەوە، عیشقیش بە هەمان شێوە دەبێتە سەنگی مەحەک و دڵی پڕ لە خۆشەویستیی پێ جیا دەکرێتەوە لە دڵی خاڵی، یاخود چۆن دار و درەخت، یان گژوگیا تۆزاوی دەبێت و لەنێو تەپ و تۆز و گەردەلوولدا غەرق دەبێت، بەڵام کە ڕێژنە بارانێکی بەسەردا دەبارێت، ئەو تەپ و تۆزە دەشواتەوە و سروشتی جوان لەبەر ڕۆشنایی خۆر دەبریسکێتەوە، جزیریش کە حەقیقەت دەدۆزێتەوە بەم شێوەیە دڵی لە ژەنگ و ژار پاک دەبێتەوە، بێگومان دڵی مرۆڤ ئەگەر پەیوەست بوو بە عیشقی دونیەوی، ئەوە وەکو وەرزەکان وایە زوو دەگۆڕێت، بەڵام ئەگەر عیشق چووە خانەکانییەوە ئیدی ئەو عیشقە قەرار دەگرێت و گۆڕانی بەسەردا نایەت.



نەجات ئەسپیندارەیی

مەلای جزیری لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت:

***پیری موغان ژ شیشەیی دامە سەفینەکی مەیی***
***شوکری خودێ کر قولزمەک من ژ خوەرا قەبالەکر***
***خزری برەمزو موعجیزی مەستی مە دی ددینگزی***
***هات پیالەیێک ددەست ئەشکەرە ێەد پیالەکر***

مەبەستی ئەوەیە کە پیری تەریقەت دڵی خۆی واڵاکرد و بە هەتاوی ناوەوەی دڵی، دڵ و دەروونی منیشی ڕووناک کردەوە، شوکر بۆ خودا پیری موغان دڵی وەکو دەریایەکی قووڵە و هەموو کەس دەتوانێت بەشی خۆی لێهەڵێنجێ، زۆربەی شاعیرە پایە بەرزەکان لە شیعرەکانیاندا باسی مەی دەکەن، بەڵام ئەوان مەبەستیان ماددەکە نییە، کە مەیە بەڵکو مەبەستیان حاڵەتەکەیە، کە مەستبوون و بێهۆش بوونە، واتە چۆن لە مەیخانەدا خەڵک بەمەی خواردنەوە بێهۆش دەبن و فریان بەسەر دونیاوە نامێنێت، پیری موغانیش بە بیرکردنەوە و تێڕامان لە عیشق و خۆشەویستیدا تووشی حاڵەتی مەست بوون و بێهۆش بوون دەبێت.

جزیری لێرەدا دەچێتە نێو دونیای حیکمەت و دەڵێت:

عاشق و مەعشووق لە سەرەتا و لە بنەڕەتدا هەردووک یەکبوونە بەڵام پاش دروست بوونی ئەم گەردوونە لێک جیابوونەتەوە، بۆیە ئێستاش ئاوێنەن بۆ یەکدی.

**لەمدا ئەو بەدی دەکەیت و لەودا ئەم بەدی دەکەیت، عەبدولکەریم سروش لەم بارەیەوە دەڵێت:**

(عاشق پێی خۆشە جگە لە ئەو کەس عاشقی مەعشووقەکەی نەبێت، یاخود کەس لەو دڵسۆزتر نەبێت بۆ مەعشووقەکەی، مەعشووقیش پێی خۆشە عاشقان جگە لەو مەعشووقێکی دیکەیان نەبێت) عاشق کە پێی نایە ناو دونیای عیشقەوە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی و قووڵ لە دەروونیدا ڕوودەدات، مەیل و خۆشەویستی جێگای ڕکوکینە دەگرێتەوە، بزە و خەندە جێگای گرژومۆنی دەگرێتەوە. دڵ گەورەیی و سینگ فراوانی جێگای دڵ تەنگی و چاوچنۆکی دەگرێتەوە. ئەمانە هەمووی دەبنە سیفەتی کەسێک، کە عیشق لە دڵیدا قەرار بگرێت.



مەلای جزیری دەڵێت: بەر لە دروست

**مەحوی سێبەری بە جیهانی هەستی داناوە و هەتاویش بە جیهانی نەستی**

بوونی جیهان و هەروەها هێشتا عەرش و کورسی لەنێو غەیب و قودرەتی خودا دابوون، بەڵام جوانی و عیشقی حەقیقی هەر هەبوون وەکو ئێستا، جوانی و عیشق لەم گەردوونە زۆر قەدیمن.

### عیشق لای مەحوی

مەحوی غەرقی تەئەمول دەبێت و ڕۆدەچێتە ناخی هەرە قووڵی خۆیەوە و لە دڵیدا هەتاوێک هەڵدێ، کە تەماشا دەکات ئەو هەتاوە بەتینە هەتاوی مەعشووقەکەیەتی کە مەبەستی خودای گەورەیە، پرشنگی ئەو هەتاوە ئەوەندە بەتین و بەهێزە دڵ لە بەرانبەریدا توانای خۆڕاگرتنی نییە و دەتوێتەوە، هەروەکوو چۆن سبەینان شەونمی سەر گژوگیا و پەڕەی گوڵ کە خۆری لێدەرکەوت و گەرمایی گەیشتێ دڵۆپ دڵۆپ بە قەدی گژوگیاکەدا دێتە خوارەوە و دەتوێتەوە، دڵی مەحویش بەم شێوەیە کە هەتاوی مەعشووقەکەی بینی، دەکەوێتە حاڵەتی مەستی:

***کە دڵ دەتوێتەوە بۆتۆ، دەکەی ئەو ڕۆژە تۆ بڕوا***
***کە خۆ دەرخەی وەکو خۆر دڵ وەکو شەونم لەخۆ بڕوا***

لەوحاڵەتەدا لە دونیای ماددی دادەبڕێت و دەچێتە جیهانی ڕۆحانییەوە، لەگەڵ خۆشەویستی خودا تێکەڵ دەبێت، یاخود لەنێو خۆشەویستی خودا دەتوێتەوە و دەکەوێتە حاڵەتی (الفنا فی الله) کە بریتییە لە حاڵەتێک کە سۆفی تێیدا لە هۆش خۆی دەچێت و ئاگای لەدەوروپشتی خۆی نامێنێت، بە مانایەکی دیکە دەتوێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی سەرەتایی کە نەبووە، لە (تیۆری فەیزی)یشدا هاتووە: کە لە سەرەتاوە تەنیا بوونی خودا هەبووە، ئینجا بوونەکانی دیکەش لە ئەنجامی جۆشانی بوونی خوداوە پەیدا بوون و جودابوونەتەوە، بۆیە هەموو بوونەوەرەکان بە تاسەوەن بۆ بە خودا گەیشتنەوە، بەڵام ئەوەش

ماناى گۆڕانى خودى ئادەمیزاد، بە زاتى خوداى ناگەیەنێت، هەر وەکو هەندێک کەس بەهەڵە لە (حەللاج) گەیشتبوون و سەرەنجام لەناویان برد، مەبەستى حەللاج لە (انا الحق)دا ئەوەیە کە تووشى ئیستیغراق ببوو، یاخود لەنێو کەشفى خودادا تووشى فەناى زات ببوو، بێگومان ئەم گوتەیەشى لە حاڵەتى نەستییەوە درکاندووە، ئەمەش بەرزترین پلەى سۆفیگەرییە (حەللاج) لێرەدا پشکۆى خۆشەویستى و عیشقى خودا وەها لەکوانووى دەروونیدا گەش بووەتەوە، تا ڕادەیەک ئارمى لێبڕیوە و نەیتوانیوە بەسەر جۆر و شێوەى دەربڕینەکەیدا زاڵ بێت، بۆیە ئەگەر هەڵەیەک هەبێت، هەڵەکە لە مانا و مەبەستەکەدا نییە بەڵکوو لە شێوەى دەربڕینەکەدایە چونکە عارفە گەورەکان هەمیشە بە ڕەمز و هێما قسەیان کردووە، غەزالیش لە کتێبی (مشکاە الانوار) دا دەڵێت: (حەللاج عارفێکى گەورە و خواپەرستێکى بێ وێنە بووە. لە خوداپەرستیدا ئەوەندە بەرزبۆتەوە تاگەیشتۆتە بینینى بەشێک لە حەقیقەتەکانى خودا ئیدى دەسەڵاتى بەسەرخۆیدا نەماوە و هەندێک شتى گوتووە کە خەڵکى سەردەمەکەى پێیان هەزم نەکراوە) شێخ عەبدولقادرى گەیلانیش بەرگرى لە حەللاج کردووە و گوتوویەتى: (حەللاج خوداناسێکى گەورە بووە و گەیشتووەتە مەقاماتى بەرز لە عیرفاندا و دەڵێت: ئەگەر من لە سەردەمى ئەو بوومایە نەمدەهێشت بگلێت) بەگوێرەى ئەم بۆچوونە تێچوون، یاخود فەنا قۆناغێکە کە سۆفى، یان عارف دەیگاتێ و لەو قۆناغەدا ویستى خۆى لەنێو ویستى خودادا لەناو دەبات، بە واتایەکى دیکە توانەوەى ویستى مرۆڤ لەنێو ویستى خودادا یاخود توانەوەى هەردوو ویست لەنێو یەک بۆتەدا، چونکە مرۆڤ هیچ جموجۆڵ و توانا و کردەوەیەکى بەدەست خۆى نییە، هەموو ویستێکى بەدەست خودایە، بەڵام ئەم بۆچوونە سەرەتا بەو شێوەیە نەبووە بەڵکو خەڵکانێک بەوجۆرە دایانڕشتوە، بۆ ئەوەى مرۆڤ سڵ بکاتەوە لێى.

هەروەها مەحوى بە قووڵى باسى (وحده الوجود) یەکێتى بوون دەکات، کە دەڵێت:

***تا زوڵمەتى وجودە تەریکى لە نورى عیشق***
***سێبەر نەما. هەتاوە. کە (مەحوى) نەما خودا***

مەحوى سێبەرى بە جیهانى هەستى داناوە و هەتاویش بە جیهانى نەستى، جا ئەوەى بیەوێت بە پایەى بەرز بگات و لەنێو نوورى خودادا بتوێتەوە، دەبێت دەست لە ژیانى دونیا بەربدات و دەست لە خۆى هەڵبگرێت و سێبەرى بوونى خۆى بە هەتاوى خوداناسى لەناو ببات و لەنێو ئەم عیشقەدا بسووتێت و بوونى نەمێنێت.

وحده الوجود یەکێتیی بوون واتە: پەیوەندى نێوان خالیق و مەخلوق، یاخود دەسەڵاتى تاکانەیى خودا بەسەر هەموو بوونەوەرەکاندا، چونکە بێ باوەڕان دەیانگوت: بوونەوەر چەندین خوداى هەیە، خوداى شەڕ، خوداى ئاشتى. خوداى جوانى، خوداى باران، خوداى هەتاو، هتد، بەڵام هەموو بوونەوەرەکان یەک خوداى تاک و تەنیایان هەیە و هەر ئەو خودایە بە ئیرادەى خۆى هەموو بوونەوەر دەجووڵێنێت.



هەروەها مەحوى لە دێڕێکى دیکەدا دەڵێ:

***غەیرى وەحدەت لە وجودا نییە کەسرەت وەهمە***
***سادە تەکرارى یەکە، مەنشەئى ئەوهامى عەدەد***

واتا جگە لە خالیق و ئەو مەخلوقەى کە بەدیهێنەریەتى شتێکى دیکە لە ئارادا نییە و هەموو شتەکان گوزارشت لەیەک دەکەن و هەموو شتەکان

دەگەڕێنەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی یەک، وەکو چۆن ژمارە (یەک) سەرچاوەی هەموو ژمارەکانە، یەک دوو سێ چوار پێنج هەموو ژمارەکان لەیەک کەوتوونەتەوە و ئەوەی لە ئارادایە یەکە و هەموو ژمارەکان دەگەڕێنەوە بۆ یەک، کەواتە خوداش یەکە و هەموو بوونەوەرەکانی دیکەش کە ژمارەیان لە ژماردن نایەت دەگەڕێنەوە بۆ یەکایەتی خودا، هەرکاتێک سێبەری ئەو بوونەوەرانە هەتاوی خودایان لێ هەڵهات لەناو دەچن، تەنیا یەک دەمێنێتەوە، کە خودایە. ئەمە تێگەیشتنێکی سەرەتاییە لە چەمکی (وەحدەت الوجود) یەکێتی بوون.

زۆربەی عارفە گەورەکان لە شیعرەکانیاندا باسی دڵ دەکەن کە کانگەی عیشقە و بەلای ئەوانەوە دڵ مەڵبەندی ڕەنگدانەوەی خۆشەویستی خودایە، هەر دڵێک ئەگەر مەست نەبێت بە خۆشەویستیی خودا، با هەمیشە ناوی خودای لەسەر زار ببێت، هیچ کەڵکی نییە، چونکە ئەو ناوهێنانە لە ناخەوە نییە، بەڵکو شتێکی سەرزارەکییە، تەماشای مەحوی بکەن چۆن لەم دێرەی خوارەوەدا وەسفی ئەو کەسانە دەکات کە هەمیشە (یا خودا، یا خودا) لەسەر زمانیانە، کەچی دڵیان خاڵییە لە سۆزی عیشق.

بەخودا قەسەم لەگەڵ دڵی خاڵی لەسۆزی عیشق

تەکراری حەرفە بەس دەمی پڕ یاخودا خودا

«بەگوێرەی لێکدانەوەی عارفەکان دڵ دوو چاوی هەیە، چاوی ناوەوە و چاوی دەرەوە»

بەگوێرەی لێکدانەوەی عارفەکان دڵ دوو چاوی هەیە، چاوی ناوەوە و چاوی دەرەوە، چاوی ناوەوە بەرەو مەلەکوتی ئاسمان وەرچەرخاوە، واتە بەرەو هەتاوی ناوەوە بەرەو جیهانی ڕۆحانی، بەڵام چاوی دەرەوە بەرەو دونیای هەست و بەرەو هەتاوی دەرەوە وەرچەرخاوە واتا بەرەو جیهانی شەهوانی، هەندێک جار عارفەکان دەگەنە ئاستێک عەقڵ فەرامۆش دەکەن بە شێوەیەک کە پێیانوایە عەقڵ ناتوانێت حەقیقەت دەرک پێ بکات بەڵکو دڵ دەتوانێت لەڕێگەی عیشقەوە دەرک بە حەقیقەتی خودایی بکات.

دکتۆر مارف خەزنەدار دەڵێت: (لە دونیای سۆفیزمدا مەڵبەندی بوون لە ئادەمیزاددا (دڵ) ە هەر وەکو لەداناییدا مێشکە لەبەر ئەوەیە لە داهێنانی هونەریدا دەڵێن: دڵ کارەکە هەڵدەسووڕێنێت و ملکەچی هیچ جۆرە یاسا و دەستوورێک نابێت).

**هەندێک کەس بەهەڵە لە (حەللاج) گەیشتبوون و سەرەنجام لەناویان برد، مەبەستی حەللاج لە (انا الحق)دا ئەوەیە کە تووشی ئیستیغراق ببوو، یاخود لەنێو کەشفی خودادا تووشی فەنای زات ببوو**

دڵ ئەندامێکی سەرەکییە لە جەستەی مرۆڤدا بۆیە خودای گەورەش لە زۆر شوێنی قورئانی پیرۆزدا باسی دڵی زیندوو و دڵی نەخۆشی کردووە، بەو سیفەتەی دڵ ئەندامەکانی دیکە ئاراستە دەکات، ئەگەر دڵ ساغ بێت مرۆڤ لە دونیا و دواڕۆژدا سەرفراز و ڕوو سوور دەبێت.

یوم لاينفع مال ولا بنون الا من اتى الله بقلب سليم

افلا يتدبرون القران ام على قلوب اقفالها

هەروەها خودای گەورە لە حەدیسێکی قودسیدا دەفەرموێ

(ماوسعنى ارزى ولاسمائى وسعنى قلب عبدى المومن)

واتە زەوی و ئاسمان جێگای منیان تێدا نابێتەوە، بەڵام دڵی باوەڕدار جێگای منی تێدادەبێتەوە، هەروەها خودای گەورە ئەو دڵەی وا دروست کردووە کە چەندین نهێنی و شتی شاراوەی تێدایە و زانست ناتوانێت پەی بە نهێنییەکانی ببات، بۆ نموونە لەنێو دڵی هەموو ئادەمیزادێکدا خانەیەکی بچووک هەیە، لەنێو ئەم خانەیەدا نووسراوە کە ئەم دڵە چەندجار، یاخود چەند هەزار جار لێدەدات، هەرکاتێک ژمارەی لێدانەکان تەواو بوو دڵەکە لە لێدان دەکەوێت و مرۆڤەکە دەمرێت.

# مەدیحە برادۆستی .. کابانی شیعر

نعمەت عەبدوڵڵا

لە سایەی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا لە زۆر بواری جیاجیادا، دەرفەتی باش دێتە پێشەوە بۆ وەرگرتنی زانیاری گشتی ئەوەش ناچارت دەکات ئیدی بەدواداچوون بکەیت، ئەو زانیارەش هەمە ڕەنگە (زانستی، سیاسی، یاسایی ڕۆشنبیریی گشتی، ئایینی کۆمەلایەتی، ئەدەبی مێژوویی، هونەری.

ئەگەر بێت و بەکارهێنەرەکان لە ئاستی بابەتیدا بن ئەوە زۆربەی هەرەزۆری ئەرێنی و سوود بەخش دەبن، مخابن بە پێچەوانەوە بەشێکیشی نەرێنی دەبن.

مرۆڤ ئەگەر حەز بکات دەتوانێت هەر لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەیان کتێبی جۆراوجۆر ئامادەبکات.

لە هاوینی ٢٠١٦ کە چاوم دەگێڕا بەناو فەیسبووکدا شیعرێکی چەند دێری کەوتە بەرچاوم بەڕاستی مایەی تێڕامان و سەرنج بوو وای کرد ناوەناوە ئەو شیعرانەم دەخوێندەوە کە خاوەنەکەی خاتوو مەدیحە برادۆستی-یە:

***لە دەستێکم ڕادەبینم***

***دەستت بگرێ***

***بۆ گەردنی بووکی خەیاڵ***

***ملوانکەیەک لە گوڵ چێکات***

***لە دەستەکەی تر دڵنیام***

***پەیکەری ئیشق بتاشێ***

***ڕێگە نەدات***

***نەزانێک بێ تفی تێکات***

شیعرەکان ئەوەندە بەتام و بۆیە کۆمێنتێکی یەکجار زۆری بۆ دەچێت ئەمەش دیارە دەگەڕێتەوە بۆجوان داڕشتن و بەکارهێنانی وشە لە شوێنی خۆیدا، بەمەش دیمەنی ڕازاوەی لێ دەکەوێتەوە، وشەی ڕەسەن و هەستی بەرزی کوردەواری و بیر و بۆچوونی نایاب و سوود وەرگرتن لە سرووشت، بەتایبەتی سرووشتی دەڤەری برادۆست، خاتوو مەدیحەی والێ کردووە ئەو شاعیرە هەست ناسک و بەسەلیقە و ڕەوانبێژەی لێ دەربچێت.

لە ناو شیعرەکانیدا بابەتی وای هەڵبژاردووە زۆربەیان پەیوەستن بە ویژدان و دەربڕینی ناخ و بایەخدان بەخۆشی و ناخۆشییەکانی دەوروبەر بەشێوەیەک خوێنەر بۆ خۆی ڕادەکێشێت، کە بەدووای مەبەستی شاعیردا بگەڕێت، لە نێو خودی شیعرەکە:

***خۆزگە گەڵای دارێ ئەبووم***

***لە خشپەی ئەم پاییزەدا***

***هەڵوەریبام لە سەر ڕێتا***

***تا بزانم***

***دەستەملانێی گەڵای ئەشقی خۆم ئەکەی***

***یان خەزانی گەڵای خۆزگەم***

***سەرەو ژێر ئەکەی لەبەر پێتا***

شیعر وەکو تەلارسازی (معماری) وایە دەبێت بڕیار و وەڵامی (قرار و جواب)ی تێدا ڕەنگ بداتەوە، کە دەبنە دوو کۆڵەگە بۆ ئەوەی شیعر پێی بەرز بکرێتەوە، لەم ڕوانگەوەش لێی بڕوانیت..

شیعرەکانی مامۆستا مەدیحە هەروا بە ئاسانی و لە خۆڕا نەنووسراوە بەڵکو زادەی بیر و هزری شیاو و ژانی قورسن بە ڕووخسار و ناوەڕۆکەوە لێک دەوەشێنەوە هیچیان لەسەر حیسابی ئەوەی دیکەیان نییە هەر ئەوەیە وەستایانە و هونەرمەندانە تابلۆی شیعری نەخشاندووە، کە مایەی سەرنجدان و لێ ووردبوونەوەیە.

ناوەڕۆکی شیعرەکانی بە چەندین وێنە بە ئامانج گرتووە، سۆزی نیشتمان، پەروەردە و دەروون،

سرووشت، کەلتوور، پرسی ژن، ئەڤین، بۆ کیژێکی نازداری کوردەواری و ڕووناکبیر و پڕ هەست و نەست، مایەی دەستخۆشییە، نەک تەنیا هاندان چونکە قۆناغی هاندانی تێپەڕاندووە:

***دەبا وشەی نەوتراوت***

***بپۆرژێن***

***لە دڵ سەرخەوێ بشکێنێ***

***دەبا خشپەو چپەی ڕازت تنۆک تنۆکی بێ دەنگی***

***بەسەر وتن بتکێنێ***

***من هەر یەک نیگای تۆم بەسە***

***تا نیازی***

***ڕێژنە وشەی سۆمای چاوت خڕکەمەوە***

***تا گوڵدانی مرازی دڵت***

***بە گوڵخونچەی پیتی ناوت پڕکەمەوە***

هەروەها لە شیعریکدا باس لە هۆبە و هەوار دەکات:



***ڕۆژ نییە بزنە کیویلەی خەیاڵم***

***کاوێژ نەکات بە نانە ڕەقەی شوانییت***

***شەو نییە***

***بزنە مەرەزەی خەلوەتم***

***شەوین نەکات***

***لە کوز و هەوێزی جوانییت***

***ئاواش سەیری نیشتمانیش دەکا.***

***هەر کاتێ بەژنی نیشتمان***

***باڵا بکات بەقەد بستێ***

***ئیتر خاکمان تیرۆر دەکرێ***

***بە چڕنووکی تیرۆرستێ***

***من ئەگەر نەخشەی زێڕینی کوردستانم لە نێو دڵ بێ***
***چ باکم بە نەخشەی پوول و خەونی گڵاوی ژێر گڵ بێ***

لە لایەکی دیکەوە مایەی دڵخۆشییە کە دەنگی نیوەی کۆمەڵ، نەک تەنیا لەو دەڤەرە دەنگدانەوەی خۆی دەبێ و هەیە بەڵکو ئەوەی ڕوونە، بە دەیان و سەدان لە کوردستان هاوشانی نیوەکەی دی شەیدای عیشق و ئازادین، کە لە دوارۆژێکی نزیکدا جێگای شایستەیان لە دونیای شیعر و ئەدەبیاتی کوردی دیار دەبێت، شالوور ئاساکان لەهەر کوێیەک بن وشەی شیرینی کوردی بە ئاوازی پڕ لە جۆش و خرۆش دەچڕن

هەمیشە نیشتمان بەشێکە لە ویژدانی زیندووی شاعیر و ئەدیبان ئەوەی لێرەدا بیخەینە ڕوو هەڵوێست و خۆشەویستی خاتوو مەدیحەی شاعیرە بەرانبەر ستەم و داگیرکاری سەر ناوچەکە و تایبەت بە دەڤەری برادۆست:

***لەو ڕۆژەوەی ناوچەی برادۆست دەستی دۆستداری هەڵبڕی***

***دەستی داگیرکەر و زۆردار دەستی خاک و ئاویان بڕی***

***باڵای دارمازی و بەڕوویان کردە دارەمەیتی کوشتن***

***قاسپەی کەو و هاژەی چەمیان کردە***

***ئاوازی خوێن ڕشتن***

***خاکمان دەخۆن، خوێنمان دەخۆن، قڕکردنە، مەرگە، کۆستە***

***کوێستان و باغی بێ دۆستە***

***کەچی ئەو هەر برادۆستە***

هیواخوازین خاتوو مەدیحەی شاعیر لە پێشکەشکردنی بەرهەمە تەڕ و پاراوەکانی بە چاوێکی تیژ بە بیرێکی ورد بە قەڵەمێکی درشت بەردەوام بێت، تا ئەو دەمەی دەم دەنێیتە دەمی خۆرەوە..

# هەق

- بەری ویرکشۆپێک لەسەر نووسینی داهێنەرانە
- 
- تێکستەعیشقی - کتێبێکی سوور

شیعری/ حەمە ئەحمەد جاف

- غەریبستان!

سەعدوڵلا نوری

## بەری وێرکشۆپێک لەسەر

# نووسینی داهێنەرانە

مانگی ڕابردوو، وێرکشۆپێکی نووسینی داهێنەرانە لە هەولێر کرایەوە. دوای ئەوەی چەندان کەس ناوی خۆیان تۆمارکرد، تەنیا پێنج کەس هاتنە هەڵبژاردن. ئەکادیمیای مێگامایندپڵەس وێرکشۆپەکەی کردەوە و بەڕێوەی برد. گۆران سەباح وانەکانی گوتنەوە. وێرکشۆپەکە چوار ڕۆژ بەشێوەی پڕاکتیکی بەردەوام بوو.

ئەم بابەتانە لە خولەکەدا باسکران: نووسینی پوخت، کورت و پەلکێش، شێوازەکانی هونەری گێڕانەوە، نووسینی دایەلۆگ لە چیرۆک و ڕۆمان، وشەسازی، ڕستەسازی و پەرەگرافسازی، دەستپێکی چیرۆک، ڕەگەزەکانی گێڕانەوە، دەمەکانی گێڕانەوە، گۆشەنیگا و پلۆت،


هەریەک لە بەشداربووان کورتە چیرۆکێکیان نووسی و پاشان شەن و کەویان کردن. چیرۆکەکان ڕستە بە ڕستە خوێندرانەوە و گفتوگۆیان لەبارەوە کرا.

گۆڤاری دیوان بە پێویستی زانی هەر شەش چیرۆکەکە بڵاو بکاتەوە.

**هێلین عەبدولجەبار**

ڕقی لە وێنەگرتن بوو، لێ حەفتەیەک بەر لە ڕۆیشتنی وێنەیەکی لەگەڵیان چرکاند. نەیانتوانی بپرسن ئەو گۆڕانە کتوپڕە چییە؟

هەستی بەم پرسیارەی ئەوان کرد، «ڕەنگە وێنەیەکی جوانیش پێویست بێت»



پشتی لەپاش کرد و فرمێسکەکانی سڕی.

دایکی چەند جارێک لە دەرگەی دا. چاوانی سێرەیان لە کلۆمی دەرگە گرتبوو، بەهیوای جوولەیەک بوو، تا بزانێت کوڕەکەی هێشتە زیندووە.

کە نەکرایەوە، ناچار بەهێزی هەردوو دەست و بازووەکانی پاڵی بە دەرگەوە نا. کرایەوە.

«کوڕەکەم دەتەوێ هەتاکوو کەی لەو ژووورە وەدەر نەکەوی؟»

ژوورەکە بە دوکەڵ قانگ دراوە، جگەرەیەکی نیوەسووتاویش لە کەلێنی پەنجەکانیدایە. لەپێش شاشەی کۆمپیوتەرەکە دانیشتووە.

«هەرخەریکی ئەو بەرنامانەیت، بیرت نییە ئەو نەفرەتییە چی بەسەر هێنایت؟ خۆزگە دەمزانی ئەو هاککردنە سوودی چی هەیە»

سەرنجی هەر لەسەر شاشەکە بوو.

«ئەو بێدەنگییەت خەریکە دەمخنکێنێت.» دەستی خستە سەر شانی.

«مانەوە لێرە دەمکوژێت.»

«بەتەمای چییت؟»

« لێرە دەڕۆم، ئەو وڵاتە نە خەونی تێدایە نە ژیان.»

بیری لە کردنەوەی پرۆژەیەک دەکردەوە، تەنێ ترومبێلەکەی شک دەبرد. فرۆشتی. لە گەڕانەوەیدا، تورەگەیەکیان خستە سەری و ڕفاندیان.

نەیزانی بۆ کوێی دەبەن. دەنگەکانی نەدەناسی، قسەکانیشیان هیچی بۆ ڕوون نەدەکردەوە. جارجارە بۆنی دووکەڵی جگەرە بەر لووتی دەگرت، گیزەگیزی مێش و پێشوولەش لە لایەک.

ئەو شوێنەی لێیان دابەزاند، بۆن بۆگەنی سەوزە و میوەی لێ دەهات.

یادگار چەند جارێک پێوەندی کرد، بێتەلەکە شەبەکەی نەما. ئاگەداری کەین و بەینی ترومبێل فرۆشتنەکە بوو، لەوە دەترسا ڕێیان لێی گرتبێ و پارەکەیان لێی دزیبێت.

دوای سۆراخکردن زانییان چەند چەکدارێک گرتوویانە و لێکۆڵینەوەیان دەگەڵدا کردووە. تۆمەتی دەستوەردان لەکاری ڕێکخراوەییان بۆ هەڵبەستووە. پاش ماوەیەکی زۆر لە مانەوە و ئەشکەنجەدانی بەردەوام، ئازاد کرا. پارەکەیش فت.

ئیدی نامۆ بوو بەم بوونە، لە ژوورەکەی نەدەهاتە دەرەوە.

چوارەم هەوڵی سەری گرت، ئەوجارەیان نیوەی ڕێگە یاسایی بوو، نیوەکەی تر قاچاغ. هیچ کەس نەیتوانی پەشیوانی بکاتەوە.

حەفتەیەکی لە مەملەکەت مابوو، داوای لە کەسوکاری کرد وێنەیان دەگەڵدا بگرێت. پێیان سەیر بوو، بەڵام دڵخۆشکەریش بوو، وایان دەزانی دەسپێکی خۆشییەکانیەتی.

دایکی لە ڕۆژی ماڵاواییدا شانەکانی ڕاتەکاند «با دووریت یەخسیرم نەکات، کاتی پەشیمان بوونەوەت ماوە»

«بشمرم هەر دەڕۆم»

حەفتەیەک بێ هەواڵ بوو، ئەرز و ئاسمان ئەو دایکەی بەخۆی نەدەگرت «دڵم خەبەری داوە، نایبینمەوە»

زەنگێک باوکی بەئاگا هێنا «دەتانەوێت چۆن تەرمەکەی ببەنەوە، خۆتان تێچووی بردنەوەی دەدەن، یان دەیسپێرن بە حکومەت؟»

ڕازی نەبوو هیچ ڕێکارییەک بکات تاوەکوو نەزانێت هۆکاری مردنەکەی چییە.

یەکێک لە هاوڕێگەکانی دوای ئازادکردنی لەلایەن حکومەتی پۆلۆنیا پێوەندی بە باوکییەوە کرد، چۆنییەتی گیان لەدەستدانی بۆ باسکرد.

بەرگریی لەشی دابەزیبوو بەهۆی سەرما و زۆر ڕۆیشتن لەنێو ئاودا. دوای خواردنی ماسی لە قوتوونراو، تووشی ژەهراویبوون بووبوو، دوو ڕۆژ لە کۆڵی خۆی کردبوو، ڕازی نەبووبوو بە تەنیا بەجێی بهێڵێت.

گوتبوویان ناژی و خۆتی پێوە هیلاک مەکە. دواجار لەنێو بارهەڵگرەکە گیانی سپاردبوو. کۆتا قسەی ئەوە بووە «مەمبەنەوە وڵات، لێرە بمنێژن»

*** لە دایکبووی ١٩٩٢/٥/٤ دیبلۆمی لە پەیمانگەی تەکنیکی بەشی سیستەمی کۆمپیوتەر و بەکالۆریۆسی لە زانستی دارایی و بانک لە کۆلێجی جیهان بەدەستهێناوە، نووسەری ڕۆمانی (بەفری ڕەش)ە**

# هۆڵی ژێ

بەسێ بەشیر

یەکەم جارە گۆنا ناوڵەپی ئارەقە نەکات و هەناسەی توند نەبێت. کلارنێتەکەی لە ئامێز گرتووە. چەپڵەی ئامادەبوون هۆڵەکەی تەنیوە، شاگەشکەیە بەقەد سەمفۆنیای پێنجەمی بتهۆڤن.

هەر هێندەی زانی تەوژمێک لە (دۆ ڕێ می) لەسەر تەنافی نۆتەکان سەما دەکات، لە هۆڵی ژێ. گۆنا دەوەستێ و بەخێرایی بەرەو دەرگاکە دەڕوات.

«بوەستە، تۆ لە کەیەوە دەژەنیت؟» کاوە دەستەکانی دەخاتە گیرفانی.

«١٢ ساڵە» گۆنا سەیری بەرپێی دەکات.

«چی دەژەنیت؟»

«پیانۆ و کلارنێت و کەمان»

«بیست و چوار سەعاتت لەبەر دەستە، تا میوزیکێکی چل دەقەیی ئامادە بکەیت.»

کاوە چاوەڕێی بەرسڤی گۆنا ناکات و دەڕوات.

بیست و یەک جار لە تێستی ژەنین شکستی هێناوە، بێ ئەوەی پەنجەیەکی بەر ئاڵەتەکان بکەوێت. بە مامۆستاکەی دەگوت ناتوانێت بژەنێت و ڕێک دەرۆیشت.

لەو کاتەوەی مامۆستاکەی پێی گوتووە «دەبەنگ، هەرگیز نابیتە ژەنیارێکی باش» ترس و شەرم زەفەری پێ دەبەن. لەبەر هەرکەسێک بیەوێت بژەنێت، ناوڵەپی ئارەقە دەکات و هەناسەی توند دەبێت. هەشت ساڵە وایە.

«بەڕێز کاوە هەموو شتێک ئامادەیە، تەنیا بەشی میوزیک نەبێت» ڕێکخەر دەستێکی بە نێوچەوانیدا دەهێنێت.

«ئامادەیە» زەردەخەنەیەک دەکات.

«چۆن، کێیە؟»

«گۆنا»

«گۆنا؟» دەحەپەسێت. «گۆنای کچی سامان، بەڵام ئەو تەنیا لەگەڵ باوکی ڕووناکییەکانی سەکۆ ڕێک دەخات»

هەموو شتێک ئامادەیە. بەشی شانۆ، تابلۆکان، سێرک، بایۆگرافی و وتارەکان. گۆنا لەهیچ شوێنێک دیار نییە. هۆڵی ژێ جمەی دێت، ٥٠٠ کەس ئامادەیە، هیچ کامێکیان باوەڕیان بەو لێشاوەی خەڵک نەدەکرد لە یەکەم ڕۆژی نمایشدا.

دەست بە پێشکەشکردنی فیستیڤاڵەکە دەکرێت. نمایشی گشت بەشەکان خەریکە تەواو دەبێت. ڕێکخەر سەیری کاوە دەکات، سەری با دەدات و پێدەکەنێت، بەڵام کاوە ئومێدی بە هاتنی هەیە. سامان بە ئەسپایی دێ لە تەنیشت



کاوە دەوەستێت «شلەژان و ترس دایگرتووە»

کاوە لەسەر کاغەزێکی بچووک شتێک دەنووسێت و دەڵێت بیدە بە گۆنا.

«من و ئامادەبووان چاوەڕێی ژەنینتین، با دڵۆپە ئارەقەکانی نێوان پەنجەکانت بڕژێنە سەر ئاڵەتەکان و یاری بە نۆتەکان بکەن»

گۆنا کاغەزەکەی بە دڵییەوە نووساند و بە خۆی دەڵێت «تۆ دەتوانیت هەموو ڕابردوو، ئازارەکان لە بیر بکەیت و دەست پێ بکەیت»

کۆتا نمایش، ١٥ تابلۆی هەمەجۆر پێشکەش دەکرێن. کاوە ئاماژەیەک بۆ ڕێکخەر دەکات دەست پێ بکەن. ڕێکخەر بە گاڵتەوە ئاماژەی ‹بەڵێ› دەکات.

بێدەنگی.

کەس نایەتە سەر شانۆ.

ورتە ورت.

قژی لوول تا سەر شانی، گۆنا هێواش دێ. کراسێکی لەبەرە: مۆر، درێژ، یەخەدار. سەمفۆنیای پێنجەمی بتهۆڤن.

*** لە دایکبووی ١٩٩٧ هەولێر، دەرچووی کۆلێژی پەروەردە بەشی کیمیا، هەر لەسەرەتای منداڵییەوە خولیای خوێندنەوەی هەبووە، بەتایبەت ڕۆمان و شیعر نووسین، مامۆستای کیمیایە**

# سویٚ

**هیوا پشتیوان**



هەموو بەیانیان شۆفڵێک کەلەرمێکی مام ڕەمەزان هەنجن هەنجن دەکات. بۆن کەلەرم ڕۆژە ڕێیەک دەڕوات.

لە بەرامبەر دوکانەکەم تەقەتەقی عەرەبانە دەستییەکەی مام ڕەمەزان دەبیستم. خێرایە و ئاوڕیش ناداتەوە. لەپڕ کەلەرمێکی لێ دەکەوێت. هەتا دەیگاتێ، شۆفڵەکە پانی دەکاتەوە.

پیاوێک خۆی بە دوکانەکەمدا دەکات، هەناسەبڕکێیەتی. سەر بڵند دەکەم، مام ڕەمەزانە.

«تۆزێک پشوو بدە مام ڕەمەزان، خەریکە زمانت قوت بدەیتەوە»

مام ڕەمەزان بۆ شتێک دەگەڕێت «پشوودانی چی بابە، کۆتا عەرەبانەیە، کرێکەی ئەمڕۆم وەردەگرم و دەڕۆم»

«خێر، دەڵێی کارێکی گرنگت هەیە، بۆ وا پەلەتە»

«ئەمڕۆ کۆتا پشکنین بۆ کچەکەم دەکرێت، هیوا هەیە دەردەکەی بە کۆتا هاتبێ «مام ڕەمەزان ساردی و شیرینییەکە لەبەردەمم هەڵدەگرێت. دەست دەداتە عەرەبانەکەی و تێی دەتەقێنێ.

زەنگی مۆبایلەکەم لێ دەدات، پارێزەری برازاکەمە. هەڵدەستمەوە و گوێی لێ دەگرم. دڵم خۆش دەکات بەم هەواڵە: بابەتی هۆشبەرەکە، هیچ پەیوەندی بە برازاکەمەوە نییە، لە لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە، هاوڕێیەکی بۆ ئەوەی بابەتەکە لەسەر خۆی لا بدات، ماددەکان دەخاتە گیرفانی برازاکەم.

هەناسەیەکی قوول هەڵمژم و دادەنیشمەوە. تێنووسی قەرزی دوکانەکەم دەردەهێنم، دەبێت پێوەندی بە چەند کڕیارێکمەوە بکەم، بۆ ئەوەش چەند کاتژمێرێکم پێ دەچێت.

لەگەڵ کڕیارێک قسە دەکەم. گرمەیەکی گەورە دەبیستم. ئینجا شین و هاوار. ڕا دەکەمە دەرەوەی دوکانەکەم، لەو بەری جادەکە مام ڕەمەزان دەبینم. ڕەنگی سوور تێکەڵ بە ڕەنگی شینی عەرەبانەکەی بووە. هەموو شتێک وەکو جارانە تەنێ ئەمجارە لەبری کەلەرمەکە سەری ئەوە هەنجن هەنجن بووە.

*** لە دایکبووی ٢٠٠٢/٩/١٤ هەولێر خوێندکاری قۆناغی سێیەمی بەشی کارگێری کاری کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری، زانکۆی سەلاحەدین، نووسەری ڕۆمانی ئەودیو بێدەنگی چاپی ماڵی کتێب ٢٠٢١.**

# لاس

ڕێبوار یاخی



ڕقی لاس بە منداڵەکانیدا دەڕێژن. سێ کچ و دوو کوڕیان لێ سەندووەتەوە. چڵکاویش نادەنە منداڵەکانیان.

«لەگەڵ مام ڕەسولی پێکهاتووین کچەکانمان لە کوڕی یەکدی مارە بکەین «ئەو قسانەی باوکی هەرگیز لە بیر ناچێتەوە «ڕازی نەبی، بە چەقۆ سەرت دەبڕم»

ئێستە لاس خێزانی پێشمەرگەیەکە و مانگێکە نەیبینیوە. ڕۆژانە منداڵەکەی لەکۆڵ دەنێ و لەو سەری لادێکە بە پەقرەج ئاو دەهێنێت. نەعلە دووراوەکەی لەپێ دەکاتەوە، شەکەتە و دەشبێ شتێک بۆ نیوەڕۆ ئامادە بکات.

«ئیتر بەس نییە نان و شەکراو؟» سەمیری کوڕی لێی دەپرسێت.

«داوای ستڵێک ماستم لە داپیرت کرد، گوتی چڵکاویشمان ناداتێ» لاس هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت. «دڵنیام منداڵەکانمی لە برسان کووشتووە»

یەکێک لە دەرگە دەدات. سەمیر دەیکاتەوە، کە دێتە ژوورەوە، عەلاگەیەکی بە دەستەوەیە و هەڵدەپەڕێت. «قوربانییە، دایکە.»

لاس دەسبەجێ گۆشتەکە دەخاتە ناو مەنجەڵ. لەتێکی دڵی خۆشە، لەتێکیشی لای منداڵەکانی دیکەیێتی کە لە مێردی پێشووی بوون. لەگەڵ ئەوەی خوێ لە چێشتەکە دەکات، ئەو بوختانەی بیر دێتەوە، گوایە ئەو مێردەکەی پێشووی ژەهراوی کردبوو. پاش هەرا و خەمێکی زۆر، بێ تاوان دەرچوو.

نەبەزی مێردی، کە لە سەنگەر بوو، ڕێزی دەگرت و دڵی ڕاگرتبوو.


سفرەی داخست و منداڵەکانی لێی کۆبوونەوە. یەکێکی دی لە دەرگەی دا. لاس خۆی بەرەو دەرگە چوو. لەخۆڕا دڵی خێرا لێی دا.

دەرگەی کردەوە و گوێی گرت. ئەژنۆی شکا و کەوت. نەبەز لە سەنگەر . . .

*** تەمەن ٢٧ ساڵ چالاکوانی مەدەنی و ڕاهێنەری گەشەپێدانی مرۆیی ئەزمونی چەندین ساڵ کارکردن لەبواری ڕێکخراوەیی و کاری خۆبەخشیدا، خولیای نووسین و کتێب خوێندنەوەی هەیە**

# نامەی بێ وەڵام

کارمەند خدر



لە تێرمینالەکەدا، ون بووبوو لە بیرکردنەوەکانیدا. لێم پرسی بۆچی ئاوا کزۆڵە. بە فرمێسکە قەتیسبووەکانی وەڵامەکەم وەرگرت.

چوار سەعاتم پێ چوو تا گەیشتمەوە ماڵ. یەک ساتیش چییە چاوەکانیم لەبیر نەکرد. حەزم کرد سەربردەی ئەو حەسرەتەی چاوی بزانم، بەڵام دەبایە بڕۆم.

«ئەگەر پێویستت بەشتێ بوو، تێلم بۆ بکە» کارتێکی خۆم پێدا.

دوای چەند ڕۆژێک نامەیەکم بۆ هات.

سڵاو، من هێژاوم. خەڵکی لادێیەکی دووری شارم. بەس ماوەیەکە لە شار ئیش دەکەم. سوپاس بۆ ئەو ڕۆژەی هەستت بە من کرد و منت دواند، بەڵام ئەو کات حەوسەڵەی قسەم نەبوو. ببوورە.

دیسان فزوڵی گرتمییەوە «ئەو ڕۆژە بۆچی دەگریای، بۆ وا بێ دەنگ بووی؟»

پاش سێ ڕۆژی دی، نامەیەکی دیکەی نارد. غەریبی لادێ و کەسوکارم دەکەم. لەبەر ئیش، ناتوانم سەردانیان بکەم. ئەو ڕۆژەش بە ئومێدی بینینی کەسێکی لادێ هاتبوومە تێرمیناڵ.

«بینیت؟» هەر بە نامە وەڵامم دایەوە.

«بەداخەوە بەڵێ»

«بۆ؟»

چەند سەعاتێک بێ دەنگ بوو. پەشۆکام. دڵی خۆم بەوە دەدایەوە، لەوانەیە لەسەر کار بێت و کاتی نەبێت.

دواتر هێژاو نووسی:

کەسێکی نزیک خۆمان هاتبوو، دەنگ و باسی لادێکەم لێ پرسی. گوتی لەوەتەی دەرمان دەنێری، دایک و باوکت باشن. خوشکیشت یەکەم بووە لە مەکتەب. هەواڵی ماڵی مام پیرباڵ و خەزاڵیشم زانی. باشن. هەستم بە خەجاڵەتی کرد کاتێک گوتی خەزاڵ گەورە و جوان بووە و خەڵکی لادێ چاویان لەسەرە، بەڵام ئەو حسابیان بۆ ناکات. جارجاریش نەخۆش دەبێت، پێ دەچێت دڵ و بیری لای یەکێک بێت.

بۆم نووسی: بۆ سەردانیان ناکەی؟

ئەوە سەت و یەک ڕۆژە چاوەڕێم. وەڵامی نییە.

*** لە ١٩٨٩ لە قەڵادزێ لەدایکبووە دەرچووی هونەرە جوانەکانە، بەشی دەرهێنان خەڵاتی باشترین ئەکتەری وەرگرت لەساڵی ٢٠٢١ لە پرۆگرامی کورد ئەکتەر لە ئێن ئارتی. لە چەندان شانۆگەری ڕۆڵی سەرەکی بینیوە.**

# عەبدولڕەشید

گۆران سەباح

خەڵک مەراقیان بوو بزانن عەبدولڕەشید لە ماڵەوە چۆن دەژیت.

دایمە میوانی هەموو ماڵێک بوو، تومەز هەر ئێوارەی کەناڵێک لە بەرنامەیەکی تایبەتدا دەیدواند. قسەی لەسەر هەموو شتێک هەبوو. لە ئەندازەی چاندنی دارەوە بگرە تا دەگاتە سیاسەتی ئاسایشی خۆراک، لە پەروەردە و تەندروستییەوە بگرە تا دەگاتە مافی ژنان و ئازادیی دەربڕین.

«قوربانی هەمووتان بم، ترێی مەخۆن، سەتا نۆهەتی گلوکۆزە و تووشی شەکرەتان دەکات»

بووە جێی متمانەی هەمووان. باڵادەست و ژێردەست گوێیان لێی دەگرت، وەکو ئایەتەیلی قورئان باوەڕیان پێی دەکرد. خەڵک دەیانگوت عەبدولڕەشید خدری زیندەیە، بەهەموو شتێک ڕا دەگات و قەتیش هەڵە ناکات. ژنان خۆیان بەقوربان دەکرد، پیاوان کەیفیان پێ دەهات و لاسایان دەکردەوە. وەکو ئەو سمێڵ و ڕیشیان دادەنا. ستایلی عەبدولڕەشید ببووە مۆدیل. بۆنیشی. بۆنی میسک بەبەر نەدەکەوت لە بازاڕ، گۆیا عەبدولڕەشید دایمە بۆن میسکی لێ دێت.

زمانێکی پاراو. قسەی خۆش و شیرین. چغرێکی نورانی. بێ بەڵگەش هیچ قسەیەکی نەدەکرد. هەندێک کەس پێیان دەگوت ‹عەبدولڕەشید بەڵگەدار›

«چاوی هەمووتان ماچ دەکەم، کەرتی پەروەردە زیندی بوویتەوە، مانگێک لەمەوبەر ٣٥٧ قوتابخانەی نوێ تەواو بوون»

پۆستێکی دیاریکراوی نەبوو، بەس دەیانگوت موستەشاری ‹بەڕ و بەحرە› ئەو قسەیە باوبوو لەناو خەڵکی «عەبدولڕەشید پاکترین و ڕاستگۆترین گەورە و گووخۆرمانە»

«هەمووتانم لە خۆم خۆشتر دەوێت، تاکە چارە بۆ پرسی کورد ئاشتبوونەوەیە لەگەڵ تورک و فارس و عەرەب، نابێت پشت بە غەرب قەیم بکەین»

ماڵیان لە کۆلانێکی تەسکی پشت مزگەوتی سەید غەریب بوو، لە سێتاقان. دوو خانووی کۆنی کڕیبوو، تێکی دابوو، لەسەر سێ سەت مەتر قەسرێکی خۆشی دروست کردبوو. ڕۆژانە خەڵک سناپیان لەبەر دەرگەی دەکرد، وێنەیان لەگەڵ پۆرشەکەی دەگرت. زۆرجار لە مزگەوت پێشنوێژی دەکرد. دەنگێکی خۆش. ئەو دەمەی لە ماڵ دەردەچوو، خەڵک تێی دەئاڵان هەتا دەچووە مزگەوت. کە دەهاتەوەش، هەر وەی.



«خزمەتکاری هەمووتانم، ژن و مێرد دەبێ شت لێکدی قەبوڵ بکەن و تەنازول لۆ یکدی بکەن.»

بەهیچ شێوەیەک باسی منداڵ و خێزان و ژیانی تایبەتی خۆی نەدەکرد. سەتان جار پرسیاریان لێ دەکرد.

«پرسیاری شەخسی وەڵام نادەمەوە، توخوا لێم توورە مەبن»

دوورسن نانی بەو مەراقەی خەڵکی پەیدا دەکرد. هەرچی لێت بپرسیبا لەبارەی ژیانی تایبەتی عەبدولڕەشید، دەیزانی. خەڵک باوەڕیان دەکرد چونکە ماڵیان لە تەک ماڵی وان بوو.

«ژنەکی هەیە مانگ خۆی لێ دەشاریتەوە، ئەدی کچەکانی، چار کچی هەیە هەر مەپرسە» دوورسن قسەی بۆ پێنج ژن دەکرد، هەر یەکە شتێکی وەکو دیاری بۆ هێنابوو. «عەبدولڕەشید ئەوەندە لەسەر خۆیە نەبیتەوە، ئەوجە چ کابانەکە، ژنەکەی خەنی کردییە لەگەر شیوی خۆش خۆش.» لەپڕ، دوورسن دایە قاقای پێکەنین.

«کچێ وەرن با ئەوەتان پێ بڕێم، قەت عەبدولڕەشیدتان دیتییە بە شۆرت و فانیلەی عەلاگە؟»

دوورسن بێ دەنگ بوو. لەگەڵ میوانەکانی، هەستی خۆیان ڕاگرت.

«ئەیرۆ، ئەوە دەنگی عەبدولڕەشیدی بەڵگەدار نییە؟» یەک لە ژنەکان پرسی.

دوورسن چووە حەوشەی پشتەوە. میوانەکانیش. هەرایەکە لەوێ باشتر دەبیسترا.

«کیوە دەچن هەر دەتانکوژم . . . ئەنگوم لۆ هەندێ هێنایە عەیب و عارم کەشف کەن . .

## تێکستەعیشقی

# کتێبێکی سوور

(بە «تۆ» پێشکەشە)
لەبەربارانی خەندەتا.. دڵێ
کەوتۆتە سەما و گێژی جەنگی چاو
بەرەو جێژوانی جاویدانی تۆ
دەڕوا تا دەگا بە شاجوانی ئاو

***

(تۆ)یەک لێوانلێو لە سیحری جوانیی
کەوانەی ئەبرۆی خستۆتە بینم
خەندەی لێو، لەرە و لەرزانەی لیمۆ
عیشقی کردۆتە کۆماری ژینم

***

عیشقێ لە تاڤگەی چەمی چاومەوە
ڕژاوەتە ناو پێکی سۆزیەوە
لە نیشتمانی غوربەتی ئەودا
گەڕام تا (دڵ)م تێدا دۆزیەوە

***

دڵێ، دەمێکە (دڵ) وێڵە بەدوای
دڵێ، بیکاتە لانەی هەڵبەستی
بەس ئەفسوس، دەخیل، مەرگ ڕێ نادا
لانەی دڵ پڕکا لە خۆشەویستی

***

دڵێ، هەنگ ئاسا، عەودالە بە دوای
مژینی شیلەی خۆشەویستی تۆ
دەڕوا و دەگەڕێ تا هەگبەی شیعری
پڕکا لە عیشق و حەزی تامەزرۆ

***

دڵێ.. هەڵقرچاو بەتیری سەرنج
سەرنجی نیگا و خەندە و زوڵفی خاو
جوانترین تابلۆ بۆ خۆشەویستیی
دەداتە دەستی فریشتەی هەتاو

***

لە نیشتمانی خەندە و ئەشکەوە
قردێلەی عیشق و تەسریحێکی سوور
دەدەم لە پرچی جوانترین بووکی
سپی سەفین و شاژنی سنوور

***

ئەشکی غوربەت و تاسەی دووری تۆ...
کوانووی شەوانی گەرمی سووتانە
کووچە و کۆڵانی سپی سینەتم
بۆ مەلی شیعرم کردۆتە لانە

***

مێژووی کتێبێک لە شیعری (یاخی)
تەنیا سووتانە، بۆ فریشتەیەک
بەڵام بۆ ژوانی ئیلهامی شیعرێ
دەچێتە تەکیەی نزام و نوشتەیەک

***

قردێلەی سووری بسکی کتێبێک
دەکەمە دیاری ژوانی ئێواران
دیاری ئەوژوانەی، لە (چواردەی دوو) ڕا
دەڕژێتە خەندەی سەرلێوی یاران

***



**حەمە ئەحمەد جاف**

کتێبێکی سوور له (ڤالانتایین)
چیرۆکی عیشقێک دەگێڕێتەوە
ژوانی ئێوارەش، سێوی سووری دڵ
وەک دیاری بۆ تۆ دەنێرێتەوە

***

سووتان بۆ (تۆ)یەک، سینەت کردۆتە
مەوتەنی عیشق و ژوان و ژیانم
لەنیگای گەرمی شەرمی سۆزتەوە
لە سۆمای سەوزی ئەوین دەڕوانم

***

سۆمای سەوز بۆ، بەهاری ژنێک
لە دڵیا جێگای بۆ کردوومەوە
دڵێ ..ئەودڵەی، بێدڵیم ناکا و..
جێگای سەد دڵی بۆ گرتوومەوە

***

سپی سینە و بەرزی گەردن و باڵات
شعوری هەست و هۆشی بڕیووم
خەندەی لێوان و نیگای سیحراویت
دڵسپی جەستەی هەرزان کڕیووم

***

مۆسیقای دەنگ و لەرەی گوارەو مەم
سترانی سۆزم پێدەڵێتەوە
وەحی کتێب و خەیاڵی خامەی
تێکستی عیشقم دەنووسێتەوە

***

سەرسینەی سپی و سووری کوڵم و لێو
حەزم ئاڵۆز و هەستم لوول ئەکا
سەرنج و لەرەی ستیانی سێوی
عیشقم بێ عارو دڵ عەجوول ئەکا

***

سەرنج و خولیای قەندیلی دڵێک
نیگام دەخاتە سەر درزی مەمکێ
ئەفسوس مەوتەنی سنگسپی بەفر
بەخوڕ فرمێسکی لە چاوان دەتکێ

***

هۆ ژنە پەمەیی، سوورمە پەنجەکەی
جوانی سروشت و کەژاوەی باران
جوانتر لەپڕووشەی بەفری یەکشەوەی
سەفینە شێتی هەولێری جاران

***

ژنێک .. بەپیریی خستمیە داوی
جوانترین عیشقی سەوزی ژینەوە
وەک خۆی گوتەنی: با بۆ (شیعر) بین
لە وەهم و خەیاڵ دوور کەوینەوە

***

دەوەرە و لەسەر سنووقی سینەم
دەنگدە بە عیشق و ئیلهامی بەڵێ
ببە .. پڕشنگی خۆری ئومێد و ..
لە نیشتمانی شیعرمدا هەڵێ

**٢٠٢٢/٢/١٤ – هەولێر**

# ڕۆشنبیریی گشتی

- **سوهراب سپیهری .. له گۆشەنیگایەکی دیکەوە**

وەرگێڕانی: مقداد شاسواری

- **ئایا خورافیات بەرهەمی هۆشیارییە!؟**

حەمە هاشم



# سوهراب سپێهری ..
# لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە

**نووسینی: محەمەد کازم حوسێنیان**
**وەرگێڕانی: مقداد شاسواری**

منداڵە ورتکەکان سواری سەر سەقفی ئۆتۆمبێلەکە دەبوون و هەرجارێ ئۆتۆمبێلەکە بگەیشتبایە لەمپەر و تاسەیەک زیقەزیق و دەنگ و سەداو هات و هاوار و تریقەی پێکەنینیان لەنێو گەڵا و لاسکی درەختەکان و سەرانسەری باخەکەدا دەنگی دەدایەوە و ئەو ناوەی پڕ دەکرد. لەنێوان عەرد و ئاسماندا هەڵدەپەڕین و هەڵبەز و دابەزیان ڕاوەستانی نەبوو. پێکەوە و بە تێکەڵاوی گۆرانی منداڵانەیان دەچڕی و هێندەی دەستیان پێگەیشتبایە میوەی درەختەکانیان لێ دەکردەوە. ئەو درەختە تەواو بووایە هاواری شۆفێرەکەیان دەکرد: خاڵە گیان.. ئەم دارەیان تەواو بوو ...! با بچینە دارەکەی ئەولاتر! هەڵبەت ئەو خاڵە گیانەش سوهرابی سپێهری بوو کە بەوپەڕی پشوو درێژی و حەوسەڵەوە خوشکەزاکانی دەبردە سەیران و گەڕان بەنێو هەموو گوند و لادێکانی کاشاندا...

هومایوندوخت، خوشکە گەورەترەکەی سوهراب دەگێڕێتەوە دەڵێت: «سوهراب منداڵی سێهەمی خێزانەکەمان بوو. یەکەمیان براگەورکەمان بوو، پاشان من، ئەوجا سوهراب بوو. کاتێک هاتە دنیاوە، من تەمەنم دوو ساڵ بوو. گچکە بووم و زۆر شتم نایەتەوە بیر، هێندە نەبێت کە وەبیرم دێت سوهراب منداڵێکی عەجول و لاسار بوو، ئێمە پێکەوە گەمانمان دەکرد. گەمەکانی ئێمە هاوشێوەی یاری و گەمەکانی هەر منداڵێکی دیکەبوو. وەختێک لەسەر کاغەز گەمەیەکمان دەکرد براوە و دۆڕاوی تێدابوو، من هەمووجار بە ئانقەست خۆم دەدۆڕاند تا ئەو دڵخۆش بکەم. من شەش ساڵان بووم و سوهرابیش تەمەنی چوار ساڵ بوو. پاشانیش کە گەورە بووین یاری تاوڵەمان دەکرد. لەگەڵ ئەوەیدا کوڕێکی سەربزێو و نەعەندرای بوو بەڵام زۆر حەزی بە چوونە قوتابخانە هەبوو. بەیانیان بەر لەکردنەوەی دەرگای قوتابخانە، دەچوو لەپشت دەرگاکە لە چاوەڕوانی کردنەوەیدا دادەنیشت، تەنانەت ئەو ڕۆژانەیش کە بەفر دەباری و کەش و هەوا زۆر زوقم و سارد بوو هەروای دەکرد. لە وانەکانیدا زیرەک بوو. زۆر حەزی لە وانەی بیرکاری بوو. نیگار و تابلۆی جوانیشی دەکێشا. وەکو قوتابییەکی نموونە تەنیا خەوشێکی هەبوو، یەکێک لە مامۆستاکانی هەمیشە پێی دەگۆت: تۆ لە هەموو شتێکدا باشی تەنیا عەیبێک کە هەتبێت ئەوەیە کە زۆر ڕەسم و نیگاران دەکێشیت!

ئەو لەناو پۆل، لەهەمو وانەکاندا، خۆی بە وێنە و نیگارکێشان سەرقاڵ دەکرد. هەڵبت ئەمە قسەی مامۆستای وێنە و نیگارکێشان نەبوو!

بەهرە و زەوقە شیعرییەکەی زۆر زۆر تێدا دەرکەوت: «لە منداڵییەوە خولیاو حەزی بەلای نیگارکێشان و شیعردا چوو. یەکەم شیعری خۆی لە تەمەنی هەشتساڵیدا نووسی. ئەوسا کە نەخۆش کەوت و نەیتوانی بچێتە قوتابخانە خووی دایە شیعر و نیگار:

**لە هەینی هەتا سێشەمە لەنێو جێگەدا دەمناڵاند**
**بیری قوتابخانەم هەر نەما**
**دڵ پڕ ژان و ئازار**
**ئۆقرەم لێ برا و ئارامیم نەما**

« پەروانە» خوشکە جاحێلترەکەی سوهرابە. ئەو و سوهراب لەگەڵ دایکیان پێکەوە دەژیان.

ئەویش باس لە قۆناغی منداڵیی هەردووکیان دەکات. باس لەو باخە گەورەو بێ سەروبنە دەکات کە لە شاری کاشان هەیانبوو. باس لەوە دەکات کە دایک و باوکیان هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ چالاکییە هونەرییەکانی سوهراب نەبووە لەگەڵ ئەوەیدا کە کوڕەکەیان قوتابیەکی نموونەیی و زیرەک بوو، ناچاریان نەکرد پێچەوانەی حەز و ئارەزووی خۆی لە بەشێکی دیکە بخوێنێت. ئەوەبوو سوهراب لە قۆناغی هەرزەکاریدا بۆ درێژەدان بەخوێندن دەچێتە تارانی پایتەخت و لە قوتابخانەیەکی ئێواران خۆی ناونووس دەکات، بۆ یەکەمین جار لە ژیانیدا، لە ماڵبات و خێزانەکەی دوور دەکەوێتەوە.

کاتێک باوکم مرد...

مەهدی قەراچەداغی، کە دەکاتە نەوەی گەورەی ماڵباتەکە و کوڕی هومانیوندوخت، پەیوەندییەکی زۆر نزیک و بەردەوام و باشی هەبووە لەگەڵ سوهرابی خاڵۆی کە ئەو پێی دەگوت «سوهراب خان» «یەکەم بیرەوەری کە لە سوهرابی خاڵۆم لەبیرم مابێت هی ئەو ڕۆژەیە کە تەمەنم یازدە ساڵ بوو، باوە گەورەم، کە دەکاتە باوکی سوهراب کۆچی دوایی کردبوو. منیش لە خەمبارییا چوبووم لەسەر قاڵدرەمەکانی ماڵی باپیرەم هەڵکوڕمابووم و دەگریام و سوهراب هات و دڵی دامەوە و گوتی»تۆ بوویتەتە پیاو، پیاویش نابێت بگریێت کوڕی باش! هەستە با بڕۆین لەسەر لێواری حەوزەکە دابنیشین و ئاوێک بکە بە دەموچاوتا. ئەویش تازە بە مەکینە، نمرە چوارێکی لە قژی دابوو، خۆی کەچەڵ کردبوو، بەلوعەی سەر حەزەکەی کردەوە، بۆ ئەوەی من بخاتە پێکەنینەوە ناولەپی دەستی پڕ دەکرد لە ئاو و بەسەر و قژی خۆیدا دەهێنا وەکو ئەوەی قژێکی درێژی هەبێت پەنجەکانی دەکرد بە شانە و پرچی خۆی دادەهێنا و عیرت عیرت پێدەکەنی. هەوڵی دەدا من لە دۆخە خەماوییەکەم دەربێنێت، هەر وایشی لێهات»

« مردنی باوک یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی خێزانیمان بوو لەگەڵ مەرگ «پەروانە ئەو یادەوەرییە تاڵە دەگێڕێتەوە: «بۆ درێژەدان بۆ خوێندن چوبوومە وڵاتی نەمسا. شەوەکەی لە نەمسا هاتبوومەوە و بۆ بەیانییەکەی بابە کۆچی دوایی کرد. بە درێژایی شەوەکە، سوهراب بە کڕی و بێدەنگی هەر هاتووچۆی دەکرد و ئۆقرەی لەبەر بڕابوو. پێیەوە دیاربوو چەندە خەفەتبار و وەڕەز و ئۆقرە لەبەر بڕاوبوو. بەڵام هیچ قسەیەکی نەکرد. هەموو خەمەکانی بە بێدەنگی دەڕژاندە ناو خۆی و متەقی لێوە نەدەهات. هومایوندوختیش کە لەو شەویدا سەرنجی براکەی دابوو، دەڵێت: «سوهراب هەوڵی دەدا خەفەتی قورسی دۆخی سەرەمەرگی باوکمان لەناو خۆیدا قووت بدا و دەری نەخا. بەڵام هەموومان دەمانزانی و پێیەوە دیاربوو، کە بە قووڵی خەمبارە. ئەو هەروابوو، قەت خەمو ئازارە دەروونییەکانی خۆی دەرنەدەخست».

“

**سوهراب شەیدای سروشت بوو. ئیلهام و ڕەگ و ڕیشەی هەموو شیعرەکانی دەچێتەوە ناو هەناوی سروشت**

”

لە میوانیی دنیادا

« سەفەر پەلی گرتم و بردمی بۆ گەشتێک بەنێو باخی یادەوەرییەکانی چەند ساڵەییمدا و من لە شوێنێک ڕاوەستام تا دڵم ئارام و ئۆقرە بگرێ»...

سوهراب سەفەری زۆری کرد، کەچی هیچێک لەو سەفەرانە دەروونە ئاڵۆزەکەی ئەوی هێور نەکردەوە.

مەهدی قەراچەداغی «خوشکەزای سوهراب» لەمبارەیەوە دەڵێت: «سوهراب خان لە شیعرێکدا دەڵێ: من چوومە میوانیی دنیا» ئەو لە تەمەنی ١٢-١٣ ساڵیی مندا، زیاتر لە گەشت و سەفەر و گەڕانی دەرەوەی وڵات بوو. دوای ئەوەی پەیمانگە و پاشانیش زانکۆی هونەرە جوانەکانی بە پلەی یەکەم تەواو کرد، گەشت و سەفەرەکانی بۆ چەند وڵاتێک دەست پێکرد. ماوەیەکی باش لە پاریس مایەوە. سەفەری ژاپۆن و یۆنان و نەمسا و بەریتانیاشی کرد. من هەمیشە لەبارەی ئەو گوتوومە، سوهراب لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە دڵێکی نائارام و پەشۆکاو و نیگەرانی هەبوو. بەڕادەیەکی زۆریش خەیاڵاتی بوو. بەردەوام دەچووە نێو داڵغە و خەیاڵاتەوە. زەینی وەکو کامێرای فۆتۆگراف کارگەی وێنەی شیعریی بوو. ئەو شەیدای سرووشت بوو. بچووبایە هەر شوێنێک و گەشتی بۆ هەر شوێنێک بکردبایە چاوەکانی تێر نەدەکرد و دڵی دانەدەمرکا. ئەو دەروونێکی بەردەوام ناجێگری هەبوو. سەروەختێک لە نیۆیۆرک نامەیەکی بۆ ناردم و نوسیبووی «لێرە هەر سات و کاتێک پەنجەرەی ژوورەکەت بکەیتەوە بێجگە لە ژاوەژاوی ئۆتۆمبێل هیچ دەنگێکی دی نابیستیت» پێشتریش ئەوەی لە شیعرێکدا گوتبوو «بنمیچی بێ کۆتری سەدان پاس» ئەو

بیرکردنەوەیەش چەندان ساڵی تەمەنی هەر لەگەڵیدابوو. لەوێ کە دەنووسێت «من لەنێو کراوەترین پەنجەرەدا بۆ خەڵکی ئەو دەڤەرە دوام و قسەم کرد» یان: هیچ کەسێک بایەخی بە قەڵەباشکەکەی سەر باخەکە نەدا» لێرەیە کە سوهراب دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە «ئێرە»یش ئەو شوێن و جێگەیە نییە کە لەنێو زەینی ئەو دایە، شیعرە زۆر جوانەکەی «دەبێ ئەمشەو لێرە برۆم....» دەنووسێت. ئەمەیە کە بەوپەڕی وەڕەزی و بێزارییەوە، لە نیۆیۆرک دەگەڕێتەوە بەو هیوایەی لێرە کەسانێک بدۆزێتەوە کە بایەخ بەو قەلەباچکانە بدەن کە لەسەر درەختەکان و سوچی دیوارەکانی باخەکەدا بە هەڵکوڕماوی هەڵنیشتوون، بەڵام ئەمە ڕوونادا. سەرەتا شیعری «دەنگی پێی ئاو» لەرووی خەیاڵ و وێنەی زەینی، ئەو هیواو ئارەزووانەی دەخاتە بەرباس. بەڵام ئەو بەدوای شاری خەونەکانیدا دەگەڕا و نەیدەدۆزییەوە. ئەمەیش لەلای هیچ کەسمان ڕوون نەبوو ئەو دنیایەی ئەو بەدوایدا وێڵ و عەودالە لە کوێیە. خۆی دەڵێت لە ناخمدا هەتا بێ کۆتایی تەنیام «کە ئەمەیش یەکێکە لە شاکارە شیعرییەکانی ئەو. واتە بە بەکارهێنانی وشەی» هەتا بێ کۆتایی» دەیەوێت ترۆپکی مەبەستەکەی بگەیەنێت لەوەیا کە بە ڕێژە و ئاستێکی مەترسیدار تەنیایە. مرۆڤێک بوو بە ورەیەکی داڕوخاوی ئاوهاو، ڕوانینێکی ئاوهای هەبوو بۆ ژیان.

**بچینە لێواری دەریا**

جەمیلەفاتمی کچی پەریدوختی سپێهری، یەکێکی دیکەیە لە خوشکەزاکانی سوهراب، کە یادەوەرییە خۆشەکانی قۆناغی منداڵی دەگێڕێتەوە کە لەگەڵ «خاڵۆ گیان» هەیبووە» کاتێک خاڵۆ گیان مرد من تەمەنم ١٨ ساڵان بوو» بۆیە یادەوەرییەکانی من لەگەڵ خاڵو سۆهراب دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵیی. بەڵام هەموو یادەوەرییەکانم پڕە لە خۆشی و شادی. لەهەر سەفەرێکدا و لەهەر گەشت و سەیرانێکدا، لەهەر شارێکدا و لەهەر مەجلیسێکدا کە ئەو دەهات شەپۆڵی شادی و خۆشی و پێکەنین لەگەڵیدا هوروژمی دەهێنا و دەرژایە ناومان. هاوینان دەهات و ئێمەی منداڵەکانی سواری ئۆتۆمبیلێک دەکرد و دەیبردینە نێو باخەکان. دەیبردینە سەر زورگ و تەلان و شاخەکان. دەیبردینە پیاسە و پیادەڕۆیی. لەهەمو شوێنێکی ژیان و حەوانەوەمان دا زەوی تۆپتۆپێن و

“

**کاتێک کە لە نەخۆشخانە خەوێندرابوو کچێک هەموو ڕۆژێک دەهاتە نەخۆشخانە بۆ بینینی سوهراب و چەپکە گولێکیشی بۆ دەهێنا**

”

## بابەتی دڵداری و عاشقایەتی سوهراب یەکێکە لە پرسیارە گەورەکان

یاری و شوێنی گەمەی دروست دەکرد و ئێمەی سەرگەرم دەکرد. هیوایەت و ئارەزووی ئەوەبوو منداڵەکان دڵخۆش بکات.

**لەوانەیە باخەکەی ئێمە...**


سوهراب شەیدای سروشت بوو. ئیلهام و ڕەگ و ڕیشەی هەموو شیعرەکانی دەچێتەوە ناو هەناوی سروشت. مەهدی – خوشکەزای سوهراب- دەڵێت: «سوهراب خان شەیدای سروشت بوو، هەروەها ماڵبات و خێزانەکەی خۆی خۆش دەویست. بەتایبەت دایکی خۆی زۆر خۆش دەویست. لە شیعرێکدا لە وەسفی دایکیدا دەڵێت: «دایکێکم هەیە جوانترە لە گەڵای دار» دیسان دەچێتەوە ناو سروشت. دایکی بە گەڵای درەخت دەچوێنێت لە جوانیدا. ئەو بەردەوام نرخ و بەهایەکی عاشقانەی دەدایە درەخت و گوڵ و گەڵا. جەمیلەی خوشکەزای دەڵێت: «کاتێک لەم گوند بۆ ئەو گوند دەچووین سەرنجی هەمووماني دەبردەوە ناو سروشت و دەیگوت: «سەیری ئەو باڵندانە بکەن چەند جوانن» یان ناوی گیاکانی پێمان دەگوت. کاتێک دەگەیشتینە جۆگەلە ئاوێک دەبووایە پێڵاوەکانمان دابکەنین و قاچمان بخەینە ناو ئاوەکە و هەست بە فێنکایی ئاو، هەست بە پەیوەندی نێوان ئاو و قاچەکانمان بکەین. ئەوەبوو دەنگی ترپەی دڵی ئاومان بە ڕوونی دەبیست. هەستمان بە ئاوازی ئاو دەکرد. فێنکایی و چێژی ئاو هەتا قووڵایی ناو ناخمان دەڕۆیی. هەر کاتێکیش ئێمەی سواری ئۆتۆمبێلەکەی دەکرد، هەموومان دەچووینە سەر سەقفی لاندرۆڤەرەکەی دادەنیشتین و هەر جارێک لە تاسەیەکی دەدا دەکەوتینە هەڵبەز و دابەز و زیقە زیق و قیژەو فیزاحی خۆشیمان ئەو ناوەی دەتەنییەوە. هەندێکجار دەیگوت

دەچینە فلانە دێ شاتوو دەخۆین. ئەو تەنیا دوو دانەی دەخوارد بەڵام ئێمە وەکو وەحشیەکان بەردەبووینە گیانی دارتووەکە و دەنکمان پێوە نەدەهێشت. کاتێکیش دەنکە میوەیەکمان بە درەختێکەوە نەدەهێشت بە پێلەقە لە سەقفی سەیارەکەیمان دەدا و هاوارمان دەکرد برۆ خاڵۆ.. ئێرە تەواو... هەندێکجاریش ئێمەی دەبردە باخێک پێشتر خۆی دەستنیشانی کردبوو، بە زمانی بێژەرەکانی ڕادیۆ دەیگوت «پەنجەرەکە بکەنەوە و لای ڕاستی خۆتان کەمێک سماق بمژن! من هەتا ئەوکات گیای سماقم نەبینیبوو.
هومایوندوخت خوشکە گەورەکەی سوهراب باس لە برایەک دەکات کە دەیتوانی خۆی هێندەی منداڵەکان بچووک بکاتەوە. ئەو عاشق و شەیدای منداڵ و گوڵ بوو. دیارە هەر پیاوێکیش بەردەوام سەرنجی لەسەر سروشت بێت ناتوانێت تەنیا تەماشاکارێکی سروشت بێت بەڵکو بەشدار دەبێت لە چاندن و پاراستنی گوڵ و دار و درەختیش.
پەروانە خوشکی سوهراب باس لەو درەختانە دەکات، کە سوهراب چاندبوونی «کە چووینە نێو خانوویەکی تازە حەوشەیەکی گەورە و ڕووت و قووتی هەبوو، بنچکە گیایەکی تێدا نەبوو. سوهراب درەختی ئاقیق و بەڵالوک و هەڵوژەو سێو و هەنجیری ڕەشی چاند و دواتر پاش چەند ساڵێک حەوشەکە یەکجار جوان بوو. نەمامەکانی لەسەر ڕێگەی کەرەج کڕیبوو، ئەوسا کە لە نەخۆشخانە خەوێندرابوو، ڕۆژێکیان لەماڵ پەردەی پەنجەرەی ژوورەکەیم لادا بینیم درەختی ئاقیق ئەو هەموو گوڵەی گرتبوو، لە حەژمەتی دیمەنە جوانەکەیا خەریک بوو لەهۆش خۆ بچم و خێرا پەردەکەم دادایەوە».
جەمیلەش – خوشکەزای سوهراب – لەمبارەیەوە یادەوەری هەیە.. «ئێمە لە شارەکەی خۆمان باخێکمان هەبوو، دەمانویست درەختی کاژی تێدا بچێنین. خاڵە سوهراب هات و زۆر بە وردی وەکو ئەوەی بە فیتە و مەتر شوێنەکە بپێوێ، شوێنی چاندنی درەختەکانی دیاری کرد».

**ڕووداوەکەی عیشق**

بابەتی دڵداری و عاشقایەتی سوهراب یەکێکە لە پرسیارە گەورەکان. پیاوێک بەو هەموو هەستە ناسک و جوانەی دەبێت تێڕوانینی بۆ عیشق چی بێت، خۆی هەتا چەند کەوتبووە ناو داوی عیشقەوە.
بەڵام ئەمە پرسیارێک نییە بە ئاسانی وەڵام بدرێتەوە. چونکە ئەم پیاوەی ئێمە قسەی لەسەر دەکەین زۆر دەروونگەرایە. زۆربەی کاتەکان کە باسی لە عیشق و ئەڤینداری دەکرد ئەو وا دەینواند پیاوێکی گۆشەگیر و لاتەریکە و سەری کردۆتە ناو کەوڵ و توێکڵی خۆی و کەس ناتوانێت هیچی لێ هەڵێنجێت. بۆیە کە ئەم بابەتە دەکرایەوە هەموو خێزانەکەمانی دەخستە پێکەنین و دەیانگوت: «هیچی خۆ بە ئێمە نەدەگوت و هیچی لەمبارەیەوە نەدەدرکاند. هەستمان دەکرد شتێک هەیە، بەڵام هیچ کاتێک پرسیاری ئەوەمان لێی نەکرد ئەوعیشقە ڕووی لە کام ژنە.
هومایوندوختی خوشکی دەڵێت «هەر بیریشی لە هاوسەرگیری نەدەکردەوە. هیچ ژنێک هاوبیر و باوەڕی ئەو نەبوو. دەیزانی هەر ژنێک ببێتە هاوسەری ئەو، ڕۆژگارێکی ڕەشی دەبێت.
پەروانە خوشکە جحێڵترەکەی سوهراب درێژە

**“ سوهرابیش وەکو هەر پیاوێکی دی مرۆڤێکی ئاسایی بوو. وەکو هەر پیاوێکی ئاساییش سەرنجی دەدایە ئافرەت ”**



به بۆچوونەکانی خوشکە گەورەترەکەی دەدا و دەڵێت جارێکیان گوتی: من هاوسەرگیریی ناکەم، چونکە هەر ژنێک ببێتە هاوسەری من ژیانێکی خۆشی نابێت»
سوهراب قەت لەشوێنێکدا ئۆقرەی نەدەگرت. وەکو تەیرێکی بێ باڵ وابوو. دەیگوت بەو بارودۆخەمەوە ناکرێت کچێک بەخۆمەوە گیرۆدە و بەدبەخت بکەم. ژیانکردن لەگەڵ هونەرمەندێک زۆر دژوار و ئەستەمە. کاتێک کە لە نەخۆشخانە خەوێندرابوو کچێک هەموو ڕۆژێک دەهاتە نەخۆشخانە بۆ بینینی سوهراب و چەپکە گوڵێکیشی بۆ دەهێنا، بەڵام من ڕێگەم نەدەدا سوهراب هیچ کەسێک ببینێ نەوەکا لە زمانی کەسێک ببیستێت نەخۆشییەکەی چییە! هەموو ڕۆژ دەبوومە کۆسپ لەبەردەم کچەکە و لێنەدەگەڕام بچێتە ژووری سوهراب، کەچی ئەو ڕۆژی پاشتر و ڕۆژەکانی دواتریش بەردەوام هەر دەهات و هەموجارێکیش چەپکە گوڵێکی دەهێنا. زۆر دڵم بۆی سووتا. ژنێکی زۆر لە دەوروبەری سوهراب هەبوون بەڵام ئەو پێی خۆش نەبوو کەس بخاتە ڕەنج و زەحمەتەوە.
مەهدی قەرەچەداغی دەڵێت: بەهۆی نامە ناردنەوە پەیوەندییەکی بەردەوام و نەپچراوی لەگەڵ سوهرابدا هەبوو. دەڵێت: «سوهراب خان هەرکاتێک باسی لە عیشق بکردایە مەبەستی سروشت بوو. تەنیا لە جێگەیەکدا لە شیعرەکانی، بەروونی ناوی ژنێک دێنێت و دەنووسێت:
**بینیم حۆری کچە باڵقەکەی دراوسێمان**
**لەژێر سێبەری یەکێک لە دەگمەنترین**
**درەختەکانی سەر ڕووی زەوی**
**سەعی دەکرد!**
« ئەمە چەشنێکە لە ژنگەرایی» هەڵبەت لە هەندێک شیعری دیکەیشیدا دەڵێت: «ڕۆیشتم هەتا ژن» بەڵام وەکو کەسێک ساڵانێکی زۆرم لەگەڵ سوهراب بووراندووە، دەتوانم بڵێم سوهرابیش وەکو هەر پیاوێکی دی مرۆڤێکی ئاسایی بوو. وەکو هەر پیاوێکی ئاساییش سەرنجی دەدایە ئافرەت. بینینی جوانیی پێ خۆش بوو. ڕێزی لە ئافرەتان دەگرت و قەتیش دیدێکی کۆنە پارێزی بۆ ژن نەبوو. بەڵام بابەتە تایبەتی و کەسێتییەکانی خۆی و عاشقایەتییەکانی لای کەس نەدەدرکاند .ئەمەش پێموابێت لەبەر سروشتە تایبەتییەکەی خۆی بوو. منیش بابەتە نهێنی و تایبەتییەکانی لای هیچ کەسێک باس ناکەم، چونکە دەچێتە نێو حەریمی کەسێتی خۆی لەنێو دەقە شیعریەکانی سوهراب بە بەرچاوم نەکەوتووە باسی عیشق و دڵداری کردبێت. هەرچەندە پێموایە هەموو شیعرەکانی سوهراب لە دەوروبەری عیشق دەسووڕێنەوە. بەڵام عیشقی سرووشت، عیشقی بوون و ژیان، نەک عیشقی ڕەگەزێکی بەرانبەر. زۆربەی ژنەکانی خۆش دەویست و پەیوەندی لەگەڵیان هەبوو، بەڵام مەرام و مەبەستێکی دیاریکراوی نەبوو. سوهراب پێچەوانەی پیاوە هونەرمەندەکان حەزی لە چێشت لێنان و ئیشیماڵەوە نەبوو. یەکێک لە شانازییەکانی پیاوانی کاشانی ئەوەبوو کە لەماڵ بە هیچ شێوەیەک هاوکاری ژنەکانیان ناکەن!

> **سوهراب پێچەوانەی پیاوە هونەرمەندەکان حەزی لە چێشت لێنان و ئیشی ماڵەوە نەبوو. یەکێک لە شانازییەکانی پیاوانی کاشانی ئەوەبوو کە لەماڵ بە هیچ شێوەیەک هاوکاری ژنەکانیان ناکەن!**

### خولیای وەرزش

زۆر باسی شەیدایی و حەزی سوهراب کراوە بە سروشت، بەڵام لەوانەیە کەمتر باس لەوە کرابێت کە ئەو، خولیای وەرزشیش بووە و هەموو ڕۆژانی هەینی چووەتە یاریگە بۆ سەیرکردنی یاری تۆپێن.
مەهدی قەرەچەداغی خوشکەزای سوهراب- دەڵێت: «هەموو ڕۆژانی هەینی، بێ ئەوەی هەینییەک تێپەڕێنین، دەچووینە یاریگە، سوهراب حەزێکی زۆری بە سەیرکردنی یاری تۆپی پێ هەبوو. وەرزشی ژیمناستیکیشی بە باشی و شارەزاییەکی زۆر ئەنجام دەدا.
جەمیلە خوشکەزای سوهراب دەڵێت: «حەزی بە زۆرانبازیش هەبوو. هەموو یاسا و ڕێساکانی زۆرانبازیشی دەزانی و شارەزایی لێ هەبوو. ئەوە حەز و خولیای سوهراب بە کتێب و خوێندنەوەش لەولاوە بوەستێت، جاری واهەبووە لە بەیانییەوە تا شەو دادەهات، بەدرێژایی ڕۆژەکە کتێبی دەخوێندەوە. زیاتر بە زمانی فەرانسەیی دەیخوێندەوە. ئەو زمانی فەرەنسی لە خودی فەرانساییەکان باشتر دەزانی و قسەی پێ دەکرد. زمانی ئینگلیزیشی بە باشی دەزانی.
سوهراب، وەکو لە برگەیەکی چامە شیعرییەکەی «دەنگی پێی ئاو» ڕا دیارە، هەستی بە نزیکی خۆی و خودا دەکرد.:
خوایەک لەم نزیکانەیە
**لەنێو لک و گەڵاکانی ئەو درەختی شەوبۆیەیە**
**یان لەبەر سێبەری ئەو درەختی کاژە باڵابەرزەیە**



# ئایا خورافیات بەرهەمی هۆشیارییە!؟



حەمە هاشم

دەبێ بگەڕێینەوە بۆ مێژووی بیرکردنەوە و ڕۆژگاری زۆر دووری مرۆڤ، ئەو کاتەی مرۆڤ تێیدا بیری کردۆتەوە، شارەزایانی مێژووی بوونەوەری مرۆڤ ئەوە دەزانن کە پێش ڕەگەزی (نیاندەرتاڵگەل) جۆرێکی دیکەی بوونەوەر هەبوون کە بنەچەکەیان مرۆڤی ئێستای بەرهەم هێناوە ئەویش (هۆمۆ هاپیلسەکان) بوون، کە دوابەدوای (ئۆسترالۆپیتیکۆسەکان) هاتوون کەدەکاتە (شامپازی بەپێوە وەستاو) یان هەندێک بە (مەیموونی ئەفریقی) ناوی دەبەن و لە ئەسیوپیا پاشماوەکانی دۆزراونەتەوە.

مێژووی (هۆمۆ هاپیلسەکان) دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی دووملیۆن ساڵ پێش زایین، بیرکردنەوەی سادە و خۆگونجاندن لە ڕەوشی کەش و هەواو ژینگە و خۆپارێزی و خواردن پەیداکردن لەوێوە دەستی پێ کردووە، بەڵام دواتر گەشەی سەندووە بۆ بیرکردنەوەی زیاتر و (هۆمۆ ئەیرکتۆس) و (هۆمۆساپینس) ڕۆڵی زۆرتریان هەبووە لە پێشچوونی بیرکردنەوە لە بوون و ڕووداوە سروشتی و بینین و ژیانکردن.

دوای ئەوەی زۆربەی ئەمانە لەناو چوون یان بەجۆرێکی دیکە ئاوێتەی جۆری دیکە بوون ( نیاندەرتاڵگەل) لەسەر ڕووی زەوی خۆی کرد بەدەست باڵاو لە بوونەوەرەکانی دیکەی دەورووبەری خۆی جیاکردەوە.

لەوێرا پرسیالگەلێکی زۆر بە مێشکی ئەو مرۆڤانەدا گوزەری دەکرد.


ئێمە کێین؟ لەکوێوە هاتووین؟ بۆکوێ دەڕۆیین؟ ئەی ئەو ڕووداوانە چین لەدەوروبەرماندا ڕوودەدەن؟ ڕۆژ بۆ ڕووناکە و شەو بۆ تاریکە؟ ئەو گۆرانکارییە نائاساییانە چین ڕوودەدەن ساردی و گەرمی؟ بروسکە و باران و ڕەشەبا؟ ئاگرچییە؟ ئاو چییە؟ ڕووەک چییە؟ هەموو ئەم پرسیارانە لەوکاتەدا هاتنە پێشەوە کە مرۆڤ تازە لە پرۆسەی بیرکردنەوەدا بوو لە بوونی خۆیی و گەردوون.

بۆیە ترسێکی زۆری هەبوو لەو ڕووداوانە! ئەم ترسە وای لێکرد پەنا بباتە بەر بیرکردنەوە لە خەیاڵی میتافیزیکیانە و کەشی غەیبییات، چونکە ئەو کاتە هیچی نەدەزانی لەسەر یاساکانی سروشت و زانستی چینەکانی زەوی و بایۆلۆژیای جەستەی مرۆڤ.

بۆیە وەڵامی پرسیارەکانی بۆ نەدەدرایەوە و پەنای بردە بەر خەیاڵی غەیبانی بۆ ئەوەی هێزێکی وەهمی و مەعنەوی گەورەتر لە خۆی دروووست بکات و داوای یارمەتی لێبکات و لێی بپاڕێتەوە، بێگوومان لێرەشەوە بیرۆکەی ئایندارێتی سەری هەڵداو کاردانەوەی جیاکارییەکانی نێوان ڕۆح و جەستە هاتنە گۆڕێ، ئەمەش لە تێکڕای ئایینە ئیبراهیمییەکاندا دووبارە بوونەتەوە.

بۆیەکەمین جار لە مێژووی مرۆڤدا لە شارستانێتی سۆمەرییەکان کە لە میزۆپۆتامیا (وادی الرافدین) سەریهەڵداوە، بیرۆکەی ئەوە دروست بوو کە مرۆڤ لە قوڕ درووستکراوە و خودا یەکەمینجار ئادەمی دروستکردووە و دواتر حەوای لە پەراسوەکانی دروستکردووە، لە نزیکەی ٤٠٠٠ ساڵ پێشی زایین ئەم خەیاڵە وەکو یاسایەکی بنەرەتی چەسپێنرا بۆ یاسای ژیان و سرووشت و دواتر کەوتە ناو بابەتی باوەڕدارێتی و پەیکەری ئایینیان لەسەر دروستکرد، دواتر لە زۆربەی ئایینەکاندا


چەسپا.
دواتر پرسیاری ئەوە درووست بوو ئایا (خودا بۆ مرۆڤی دروستکردووە) لەمەشدا ئەفسانەکانی سۆمەڕی بیانوویان هێنایەوە کە مرۆڤ بەندەی خودایە، بۆیە خودا نان و ئاو و خۆراکی پێشکەش کردووە، لەبەر ئەوەش مرۆڤ دەبێت ملکەچی یاساکانی ئەو بێت.
بۆیە بیرۆکەی خودا پەرستی پەیدا بوو، بەجیا لەوەی هەر گرووپ و خەڵکانێک بەهۆی کەشوهەوا و ژینگەکەی خودای جۆراو جۆریشیان بۆخۆیان دروستکرد هەر چۆن ئاینەکانیشیان لەیەک جیاکردەوە!
ئەم هەیمەنە میتافیزیکییە لە کتێبەکانی (کتێبی پیرۆز) و (ئینجیل) و (تەورات) و (قورئان)یش هەمان چیرۆک و هەمان یاسا دامەزراوە بۆ بوونی مرۆڤ.
بەڵام ئەم بیرکردنەوە ئەگەرچی لە بنەڕەتدا بەرهەمی بیرکردنەوە و هۆشیاری مرۆڤگەلی نیاندەرتاڵی پێشکەوتوو بوو، بەڵام درێژەی کێشا تا ڕۆژگاری ئێستاشمان، ئەگەرچی لە زانستی نوێی مرۆڤدا بیروبۆچوونی زۆر پەیدابوون لە ئاکامی هۆشمەندی زیاتر و بیرکردنەوەی تەندرووستی مرۆڤ و ئەو بیرکردنەوانەی پێشوو ڕەتدەکەنەوە کە مرۆڤ لە قوڕ درووستکرابێت، بەتایبەتی دوابەدوای بزووتنەوە هۆشمەندییەکانی ئەورووپا و بیردۆزی گۆڕانکاری (داروین) زانای بەناوبانگی ئینگلیزی.
بۆیە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ درووستبوونی مرۆڤ کەوتە بارودۆخێکی زانستی و لە خوارافیات هاتە دەرەوە (ئەگەرچی خەڵکانێکی زۆر ئێستاش لەسەر ئەو باوەڕانەن) بۆیە تەفسیری زانستی بۆ بوون پشت دەبەستێت بەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر پاشماوە دێرین و کۆڵین و بنکۆڵکارییانە دەوەستێ کە لەسەر زانستی چیینەکانی زەوی و گۆڕانکارییەکانی و ئەزموونەکانی مرۆڤ لەسەر بوونەوەر و جیناتە سەرەتاییەکان کردۆتی ڕووگەی ڕاستەقینەی زانیارییەکان لەسەر بوونی مرۆڤ، ئەوەی لێرەدا جێگای بایەخە ئەو جۆرە خورافیاتەی کە مرۆڤی دێرین بەرهەمی هێناوە بناغەیەک بووە بۆ هۆشمەندی و پێشکەوتنی بیرکردنەوە.





# دیدار
# سەعدی عەلی

سەعدی عەلی، نووسەر و هونەرمەند، پیاوێکی هێمن و لەسەرخۆ، لە کۆتایی حەفتاکانەوە دێتە نێو دونیای سیاسەت و هونەری شانۆ، لە مەرکەز شەبابەکانی ئەوێ دەمیەوە دەست پێدەکات و بە تونێلە تاریکەکانی سیاسەتدا تێدەپەڕێت، دووساڵ و نیو لە زیندانی ئەبوغرێب بەسەر دەبات، بۆ یەکەم جار تیپی شانۆی (کرمانج) دادەمەزرێنن و یەکەم شانۆگەری بەناوی (ژانی گوندەکەمان) پێشکەش دەکەن، خۆی بە کەسێکی نەتەوەیی دەزانێت، بەلام لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەست پێدەکات، ئێستە نەفرەت لە سیاسەت دەکات و دەڵێت: من هونەر و ئەدەبم کردە قوربانی سیاسەت.



# سەعدی عەلی:

# هەندێک جار دەڵێم نەفرەت لە سیاسەت

دیمانە: سمکۆ عەبدولکەریم

**– دوای ئازادبوونت لە زیندان تۆم ناسی، بەڵام وەکو کەسێکی نووسەری دەقی شانۆیی، کەمتر وەکو سیاسییەکی سەر بە ڕێکخستنە نهێنییەکان، دەکرێت بزانین سەرەتای کاری سیاسیت لە کوێوە دەست پێدەکات و چۆن دەستگیر کرایت؟**

+ لەساڵی ١٩٧٧-ەوە لەسەردەستی مامۆستا مەغدید هەمزە مستەفا، پەیوەندیم بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد، دواتریش شەهید یووسف دەرگەڵەیی لێپرسراوم بوو، تا ئەو ڕۆژەی، کە گیرام.

من ئاگام لێنەبووە، پێشتر کەسێک کە من بەرپرسی بووم (خەت مائیل) بووە و هەواڵی لێداوم، بەڵام هیچیان بەرانبەرم نەکرد، بۆ ئەوەی بتوانن لە ڕێگەی چاودێریکردنی منەوە کەسانی دیکەش ئاشکرا بکەن.

لێدانی ئیبراهیم زەنگەنە لە ١٩٨٦/٣/١٩ لەسەردەستی سێ پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، بووە هۆی ئەوەی بگیرێم، ئەوکاتە فەرمانبەر بووم لە دیوانی پارێزگەی هەولێر.

بەر لە دەستگیرکردنم ماوەی ٩ مانگ دەبوو، لەلایەن ئەمنەوە چاودێری دەکرام.

**– چۆن زانیت چاودێری کراویت؟**

+ دوای ڕاپەرین لە دائیرەی ئەمن فایلەکەی خۆم دیتەوە، بەوە زانیم.

**– دەکرێت بڵێین تۆ لەسەر لێدانی پارێزگاری ئەوکاتی هەولێر گیرایت؟**

+ ئەشکەنجەدانەکانم لەسەر ئەوەی نەبوو کە من لە ڕێکخستن کارم کردووە، بەڵکو لەسەر ئەوەی بوو، کە من نەخشەی لێدانی پارێزگارم داناوە.

**– جا ئەوە وابوو؟**

+ لەڕاستیدا ئەوە هیچ بنەمایەکی نەبوو، دوور و نزیک ئاگاداری ئەو چالاکییە نەبووم، ئەوکاتی کاری ڕێکخراوەیی و کاری سەربازی، یان چالاکی پێشمەرگەیی لە یەکدی جیاکرابوونەوە، ئەوەش دوای ئەوەی، کە گروپێکی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، کە ئەرکی چالاکی چەکدارییان پێسپێردرابوو دەستگیرکرابوون، پاش ئەوە چالاکی پێشمەرگە و کاری ڕێکخراوەییان لەیەک جیاکردەوە.

**– من تۆم وەکو شانۆکارێک ناسی، نووسەری دەق و دەرهێنەری شانۆیی، ئەو تێکەڵاویەی تۆ لەنێوان سیاسەت و شانۆدا چۆن بوو، دەکرێت باسێکی ئەومان بۆ بکەیت؟**

+ من کەسێک بووم، کە هەستی نەتەوایەتیم زۆر بەرز بوو، بۆیە کە شیعرم دەنووسی، دەموویست شیعرێکی دوور لەسیاسەت، یان دوور لەکوردایەتی و دوور لەنەتەوەپەرستی بنووسم، بەڵام قەڵەمەکەم دەگەڕاوە سەر مەسەلە نەتەواییەتیەکە، مەسەلەی شانۆش بەهەمان شێوە بوو، من لەساڵی ١٩٧٥-ەوە ئەندامی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی بووم، لەوێ لەگەڵ کاک تەڵعەت سامان بووم.

**– بۆچی لەوێ ئەندام بووی، هیچ بەهرەیەکی هونەریت هەبوو؟**

+ من حەزم لەشانۆ بوو شەیدای شانۆ بووم، ئەنوەر شێخانی، ئەویش ماڵی لە کوران بوو، منیش لەکوران بووم، ڕۆژێک گوتی وەرە ببە بە ئەندامی کۆمەڵە، لەگەڵ ئەو چووم بوومە ئەندامی کۆمەڵەی هونەر و وێژە، لەمانگی ١٠ ی ساڵی ١٩٧٥.

لەوێ لەڕێگای خوێندنەوەی چەند دەقێکی شانۆیی مەهدی ئومێد و تەڵعەت سامان و چەند کەسێکی دی ئاشنای دەقی شانۆیی بووم.

**– ئەوکات تەمەنت چەند ساڵان بوو؟**

+ تەمەنم ٢٤ ساڵ بوو، سەربازیم تەواو کردبوو، تازە وەکو وەزیفە دامەزرابووم، ئیدی لەوێ عاشقی شانۆ بووم، بەڵام لەساڵی ١٩٧٧-ەوە تێکەڵبوونم بەسیاسەت وایکرد لە شانۆ دووربکەومەوە، بەڵام ڕۆژێک لەساڵی ١٩٨٣ ئەرسەلان سابیر هێلەوەیی، کە برادەرتە و دەیناسی، لەگەڵ دوو برادەری دی، کە دەیانزانی دەتوانم دەقی شانۆیی بنووسم، هاتن داوایان لێکردم، دەقێکی شانۆییان بۆ بنووسم. ئەوکاتە ئەوان لە (مەرکەز شەبابی کوران) دەیانوویست تیپێکی شانۆیی دروست بکەن و شانۆ پێشکەش بکەن، منیش دەقی (ژانی گوندەکەمان)م بۆ نووسین، لەو دەقەشدا دیسان نەمتوانی خۆم لەهەستە نەتەوایەتییەکەم دەرباز بکەم.

بەشێوەیکی نهێنی باسی گوندێک دەکەم، کە دوو کەس، یان دوو گەڕەکی تێدایە، ئەو دوو گەڕەکە لەنێوان خۆیاندا ململانێیان هەیە، ئاغای گوندەکەش بەشەڕیان دێنێت، بۆ ئەوەی قەت یەکدی نەگرن، ئەوکاتێش لە شاخ گەرمەی شەڕی براکوژی بوو، کە بۆم نووسین داوایان کرد کاری دەرهێناکەشی بگرمە ئەستۆ، گوتم: شارەزایم لە دەرهێناندا نییە، بەڵام حەزێکم هەیە، چووم و تیپەکمان دانا، بەناوی تیپی (کرمانج) شانۆگەریەکەم، کە خۆم نوسیبووم کاری دەرهێنانم بۆ کرد.

**– ئەوە یەکەم بەرهەمی هونەریت بوو؟**

+ ژانی گوندەکەمان، نووسینی یەکەم دەقی شانۆیی و کاری دەرهێنانم بوو، ئەگەرچی هیچ شارەزایشم نەبوو، بەڵام توانایەکی خۆم هەبوو، بەرهەمێکی سەرکەوتوومان بۆ یەکەم جار لە دهۆک پێشکەش کرد.

**– بۆ لە دهۆک؟**

+ وابزانم پێشبڕکێیەک هەبوو لەنێوان (مەرکەز شەباب)ەکان لە دهۆک بەڕێوەچوو، دواتریش لەساڵی ١٩٨٤ لە هەولێریش بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ئەو شانۆگەریەمان نمایش کرد، ڕۆژی سێیەم بەهۆی قەرەباڵغییەوە خەریک بوو، دەرگاکان بشکێنن.

**– پێم وابێت ئێوە پلەی سێیەمتان بەدەست هێنا، بەڵام پێتان وابوو غەدرتان لێکراوە، دەبوایە یەکەم بن؟**

+ هەرچەندە بەپێی قسەی ئەو برادەرەی کە لەوێ بوو، کە یەکێک بوو لە ئەندامانی لیژنەکە (نیازی حەمە عەزیز) خەڵکی ڕانیە بوو، دەمێکە نەمدیتیە، لەدانیشتنێکی ئێوارەی دوای پێشکەشکردنی شانۆگەرییەکە، بەشێوەیەک دەقەکەی هەڵسەنگاند، خۆشم نەمدەزانی دەقەکەم ئەوەندە بەهێزە، ئەو لەمن بەتواناتر بوو، وای هەڵسەنگاند شانازیم بەخۆم کرد، کە ئەو دەقە جوانەم نووسییە، بەقسەی ئەوێ، دەبوایە دەقەکەی من یەکەم بێت، بەڵام یەکەمیان نەکردین.

**– دوای ئەوە بەردەوام بوویت لە نووسینی دەقی شانۆیی و کاری دەرهێنان؟**

+ بەڵێ ئەوە بۆمن هاندەرێکی چاک بوو، دوای ئەوە وەکو بیرم بێت دەقی (ڕێبوار)م نووسی و ویستمان پێشکەشی بکەین، بەڵام بەداخەوە ئەو لیژنەی ڕقابەیەی هەبوو ڕەزامەند نەبوو.

**– نەتزانی بۆ ڕەتیان کردەوە؟**

+ ڕۆژێکیان من و عەبدولکەریم شێخانی، کە ئەکتەر بوو، سەردانی لیژنەکەمان کرد،



**زرار مەلاشەلەو سەعدی عەلی - زیندانی ئەبوغرێب ١٩٧٢**



لەڕاستەوە: ؟، سەعدی عەلی، جەمال حەللاق، ؟

بۆ ئـەوەی بزانین بۆ ڕەتکراوەتـەوە، یەکێک لە ئەندامانی لیژنەی ڕقابە لەوێ بوو گوتی: نابێت ئـەوە چۆن دەبێت، من لەدەقەکە هیچ تێناگەم، منیش گوتم: بۆچی تێناگەیت؟ گوتی نـا، چۆن دەبێت کرێچی قسە بەخـاوەن مـاڵ بڵێت، ئێوە قسەتان بەخـاوەن مـاڵ گوتوە، من تێگەیشتم، مەبەستی ئەوەبوو ئێمە قسەمان بەڕژێم گوتووە، ڕژێم خاوەن ماڵە و ئێمە کرێچینە، ئەوە بۆچوونی ئەو برادەرە بوو بەداخەوە ئێستەش.

**– ئێستەش چی، نازانی کێ بوو؟**

+ با دەزانم کێیە، بەڵام ناوەکەی نادەم، یەکێک لە ئەکتەرە بەناوبانگەکانی هەولێرە (ناوەکەی بڵێ، بڵاوی ناکەینەوە) دواتر ئەو دەقەم بە هونەرمەند تەڵعەت سامان نیشاندا، گوتی: من دەیبەمەوە سەیری دەکەم، بردیە ماڵەوە، دوای چوار ڕۆژ هـاتـەوە بـەیـەکـەوە دانیشتین گوتی: باشترین دەقت نووسییە، زۆر سەرکەوتووە، ئەوکەسەی کە گوتویەتی تێیناگەم هەرخۆی لەهیچ ناگات بەردەوامبە، تۆ نووسەرێکی سەرکەوتووی دەقی شانۆیی، ئـەوەش بۆ من هاندانەکی باشبوو، بەڵام بەداخەوە هیچ ڕەزامەندیان بۆ نەکردین، ناچار بووین ئەوجارە دەقێکی شانۆیی، حوسێن عـارف پێشکەش بکەین (پێکەنین بەپێی یاسا) بڵاوکرابۆوە، نەیاندەتوانی ڕەتی بکەنەوە، ئەومان پێشکەش کرد. خۆم دەرهێنانم بۆی کرد، وەکو ئەکتەریش دەورم هەبوو.

دوای ئەوکارە، ئیدی بەسەردا گیرام، برادەرێکی دی هاتە جێگاکەم ناوەکەیم لەبیر کردیە، نووسەر و ڕەخنەگری شانۆییە.

> “ من هونەر و ئەدەبم کردە قوربانی سیاسەت، بەڵام کە بەئاگا هاتمەوە، کاتەکە درەنگ بوو ”

**– ئێستا کە بیر لەو شانۆگەریانە دەکەیتەوە چیت بیر دەکەوێتەوە؟**

+ زۆر خـۆشـە، زۆر لـەزەت لـەشـانـۆ دەکـەم، زۆر حەزم لەشانۆیە، بەم دواییەش و ئێستاش یەک لەو کتێبانەم ئامادەم کردووە درامایەکی تەلەفزیۆنیە بەناوی (تەڵە) درامایەکی دیکەشم نووسیوە ئەویشم ئامادەکردووە، یەک دوو برادەر بردوویانە، درامایەکی کۆمیدییە، ڕۆمانەکەم (هەگبەی دڕاو) کردمە درامایەکی تەلەفزیۆنی، دامە هونەرمەند جەوهەر ئەنوەر، ئەویش کردیە درامایەکی تەلەفزیۆنی مانگی ڕەمەزانی ڕابردوو لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستانی کەناڵی هەولێر پەخشکرا لەگەڵ تەلەفزیۆنی ڕەسـەن، بەناوی (زیندانی ژمارە ٨٨) بەشێک لەڕووداوەکانی ئەو درامایە لە ڕۆمانی (هەگبەی دڕاو) وەرگیراوە کە ڕۆمانی خۆمە، بەڵام زۆر حیواری سادە و ساکار و نا ماقوڵی تێدابوو، من زۆر گلەییم لێکردن، درامایەکەم پێباش نەبوو.

**– لەبەرچی گلەیت لێکردن، درماکەت بۆ پێ باش نەبوو؟**

+ لەبەر ئەوەی حیواری زۆر ڕەکیکی تێدابوو، سیناریۆکەیان گۆڕی بوو، لەگەڵ حیوارەکان، لاوازی کردبوو، ئەکتەرەکانیش لـەو ئاستەدا نەبوون، چونکە ئەو ڕۆمانـەم، چەندین بـرادەر لەگەڵ خوێندنەوەیدا گریاون.

**– تۆ ڕۆمانیشت نووسیوە؟**

+ خۆم حەز بە فەلسەفە دەکەم، زیاتر حەزدەکەم شتی فەلسەفی بنووسم، لەگەڵ بابەتی مێژوویی، بۆ نموونە شتێکم گەلالەکردووە، خەریکم دەست بەنووسینی بکەم، بەناوی (فەتح و تـاوان) کە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە لەنێوان سوپای موسڵمانەکان لەکۆندا، لەگەڵ داعشی ئێستا.

**– ماوەی چەند گیرای؟**

+ دوو سـاڵ و نیو گیرام. لە ١٩٨٨/٩/١٤ بەر لێبوردن کەوتم و ئازادکرام.

**– دوای بەربورنت لەزیندان، دەستت بەکاری هونەری شانۆ نەکردەوە؟**

+ دوای بەربوونم، ئەرسەلان سابیر هێلەوەیی، دیسان داوای لێکردم دەقی شانۆیی بۆ بنووسم دوو دەقم بۆی نووسی، هەردووکیانی پێشکەش کرد، یەک لەوانە (شەمۆ و شەماڵ) بوو، دەقێکی

کۆمیدی بوو، بەڵام هادف بوو. ئیدی ڕاپەڕین ڕوویدا، دوای ئەوەش شانۆگەریەکی دیم نووسی (هاواری ژووره تاریکەکان) باسی بەشێک لەو کەسانە دەکەم، کە دەگیرێن و ئەشکەنجە دەدرێن، دوایی کەسێکی خراپیان لەگەڵ دەبێت و ئیعتیرافیان لەسەر دەکات. ئەویش ئەرسەلان سابیر لەهۆڵی گەل، کە ئەوکات مابوو، لەوێ نمایشیان کرد، ئەوە دوا نووسینم بوو.

**– زیندان بۆ تۆ چی بوو، هەر تەنیا دیوارێکی ڕەق و تەق، یان ئەزموونێکی دیکە و زیاتر تێگەیشتن لە ژیان؟**

+ لەڕووی خوێندنەوە دەرفەتمان زۆرکەم بوو، تەنیا کتێبخانەیەکی لێبوو، کە هەموو ئەدەبیاتی حزبی بەعسی تێدابوو، یان مێژووی عەرەب، بەڵام هەندێکجار کتێب دزەی دەکرد و دەهاتە ناو هەڤاڵان، لەوێ بەنهێنی دەمانبینی و دەمانخوێندەوە، بەگشتی کتێب و سەرچاوە زۆر کەم بوون، بەڵام ئێمە دەرگامان لەسەر خۆمان دانەخست، کۆمەڵێک گەنجی زۆرمان لەگەڵ گیرابوو، ڕۆژانە ڕۆشنبیریی خودی ئەو گەنجانەمان دەکرد، بەو کەمە مارکسیەت و لە کوردایەتی هەمانبوو،  ئەوکاتە کۆمەڵێک خەڵکی زیرەک و بەتوانا لە ویێبوون، گیرابوون.

وەکو (باران)ی برای تەڵعەت سامان و د. موحسین برای د. مەولودی، ئەوان لەو کەسانە بوون، کە کادیر بوون هەروەها کۆمەڵێک خەڵکی دی لەگەڵ ئەو گەنجانە قسەمان دەکرد، بەڵام من بەنهێنی دەفتەرێکم هەبوو، چیرۆکم تێدا دەنووسی شوێنێکیشم دیاری کردبوو لێم دەشاردەوە، لەبەرئەوەی دەستنووس قەدەغە بوو، لەکاتی چاوپێکەوتن کە کەسوکار دەهاتن، دەفتەرەکەم ڕەوان دەکردە دەرەوە، ئێستەش دەفتەرەکانم ماوە. لەساڵی ٢٠٠١ کۆمەڵێک لەو چیرۆکانەم کردە کتێبێک و وەزارەتی ڕۆشنبیری بەسوپاسەوە لەسلێمانی بۆی چاپ کردم بەناوی (شەوە ساردەکان)

**– باشە لەوێ قەڵەم و دەفتەرت چۆن دەستدەکەوت؟**

+ لەوێ بۆیان دەهێنان، لەوێ قەڵەم و دەفتەر هەبوو ئەو شتانە هەبوو، دەیانفرۆشت، ئەگەر دەفتەر بەتاڵ بوایە هیچ دەنگیان نەدەکرد.

**– یانی دەفتەری بەتاڵیان بۆ دەهێنان و نووسینیش قەدەغە بوو؟**

+ بەڵێ قەدەغە بوو، زۆربەی نووسینەکانم لەکاتی ئێوارە، یان شەوان دەنووسی.

**– یەکەم بەرهەم، کە چاپت کرد چی بوو؟**

+ (زامەکەم مەکوڵێنەوە) کۆمەڵە چیرۆکێک بوو لەساڵی ٢٠٠٠ برای بەڕێزم عەبدولڕەحمان بێلاف ئەرکی لە چاپدانەکەی لە ئەستۆ گرت.

**– دوای ئەوە هەوڵت دا بەردەوام بیت لەسەر چیرۆک نووسین، یان وەکو دەبینرێت پەلت بۆ زۆر بواری دیکەش هاویشت؟**

+ هەندێکجار دەڵێم نەفرەت لەسیاسەت، چونکە خەڵکانێک هەن، بەسیاسەت دەچن، بەسیاسەت چوون کارێکی خراپە، من لەسەرەتاوە کە دەستمان پێکرد بەکوردایەتی دەستمان پێکرد کوردایەتی و سیاسەتیش نێوانێکی باشیان هەیە، کوردایەتی هەستێکی پیرۆزە، بەڵام سیاسەت ئەوەیە کە تۆ بۆ مەبەستێکی تایبەتی حزبێک، یان بۆ مەبەستێکی تایبەتی خۆت، یان بۆ گروپێک کار بکەیت، لەو حاڵەتەشدا هەموو شتە باش و خراپەکانی حزبەکەی خۆت پێباشە و هەموو شتە باش و خراپەکانی ڕکابەرەکەت پێ خراپە، من لەدوای ڕاپەرین نیازم نەبوو، کە جارێکی دی بچمە ناو سیاسەت، بەڵام کۆمەڵێک لەو برادەرانەی، کە هاوزیندانیم بوون، هاتن یەخەیان گرتم، ئیدی ناچاریان کردم بگەڕێمەوە ناو سیاسەت، کە گەڕامەوە ڕۆڵی لێپرسراویەتیم وەرگرت، کە ئەو ڕۆڵەشم وەرگرت نەمتوانی بچمەوە سەر نووسین بەداخەوە.

**– واتە تۆ هونەرت خستە خزمەت سیاسەت، یان سیاسەتت خستە خزمەتی هونەرەوە؟**

+ بەداخەوە، بلێ کامیانت کردووەتە قوربانی، من هونەر و ئەدەبم کردە قوربانی سیاسەت، بەڵام کە بەئاگا هاتمەوە، کاتەکە درەنگ بوو.

**– یەکێک لەو بیرەوەریانەی زیندان، کە لە خەیاڵتدا مابێت چییە؟**

> ”
> **گیرفانەکانمان لە دوانزە مانگ، جاریک فلسێکی دەکرایە ناوی، ئەویش لە هەردوو جەژنی قوربان و ڕەمەزان**
> “

> **ئەشکەنجەدانەکانم لەسەر ئەوەی نەبوو، کە من لە ڕێکخستن کارم کردووە، بەڵکو لەسەر ئەوەی بوو، کە من نەخشەی لێدانی پاریزگارم داناوە**



**سەعدی عەلی لەگەڵ هەندێک لە هاورێکانی لە فەرمانگە - ١٩٧٩**

+ زیندان هەمووی چیرۆکە هەر لەسەرەتاوە، تا کۆتایی. یەک لەو شتانەی پێمان سەیر بوو ئێمە کە چووینە دادگا وابیرمان دەکردەوە، یان ئازاد دەکرێین، یان پێنج ساڵ حوکم دەدرێین، چونکە شتێکی ئەوتۆمان لەسەر ساغ نەبووەوە، کەچی بە پێچەوانەوە عەواد بەندەر من و مەغدید هەمزە و نوری عومەر و قاسم شێروانی شاعیر لە ڕۆژی ١٩٨٧/٢/٢ بە پانزە ساڵ حوکمی داین، ئەوەمان پێ سەیر بوو. داوی حوکمدانمان، یەکسەر ئێمەیان لەگەڵ هەندێک کەس، کە حوکمی ئیعدامیان بەسەردا درابوو بردە بەشی (سەقیلە) واتە زیندانە قورسەکان، شەوێک لەوێ ماینەوە، ڕۆژی دوایی ئێمەیان هێنایە زیندانی تایبەت، شتێک هەبوو، بەر لەوەی بتبەنە ناو زیندانیانی دیکە، حەوت ڕۆژ لە شوێنێکیان دادەنای، ئێمەیان بردە ئەوێ، سەیرمان کرد سێ چوار کەسی نەخۆشی دەروونی تێدایە، یەکێکیان ناوی کامل بوو ئەویدیکەیان مامۆستایەکی بیرکاری زۆر زیرەک بوو، منیش بیرم دەکردەوە خودایە ئێمەیان بۆ هێناوەتە شێتخانە، خۆ ئێمە شێت نین، سیاسین و حوکمدراوین. یەکێ لە زیندانییەکان بە زمانی عەرەبی هاواری دەکرد و دەیگوت ڕەحمەتی خودا بۆ دایک و باوکی ئەو کەسەی، کە جگەرەیەکم بداتێ، کەس وەڵامی نەدەدایەوە دەیگوت نەفرەتی خودا لەدایک و باوکی ئەو کەسەی، کە جگەرەیەکم پێنادات.

> **"ژانی گوندەکەمان، نووسینی یەکەم دەقی شانۆیی و کاری دەرهێنانم بوو"**

کەسێکیش لەوێ بوو ناوی موحسین بوو، وابزانم مامۆستای بیرکاری بوو، لەعێراق چوار کەس ئەو بڕوانامەیەی ئەویان نەبوو، بەڵێدان شێتیان کردبوو، ئەویش لەبەر خۆیەوە قسەی فەلسەفی دەکرد، دوایی دەستی بەجنێودان دەکرد. ئێمەیان حەوت ڕۆژ لەو ژوورە هێشتەوە، هەر واماندەزانی ئێمەیان هێناوەتە شێتخانە.

**- بەم دوایە کتێبێکت نووسی دوور لە هونەر و ئەدەب، کتێبێک نزیک لە فەلسەفە؟**

لەدوای ڕاپەڕین زۆر کتێبی پاراسایکۆلۆژیم خوێندەوە، کە کاریگەریەکی زۆریان لێکردم، وایکرد بیربکەمەوە، بیرکردنەوەش دەتگەیەنێتە ئەنجامێک، گومانت لا درووست دەکات، زۆرجار باس دەکەم، گومان شتێکی باشە ئەگەر بۆ کارێکی ئەرێنی بێت، پێویستە هەموومان گومانمان هەبێت، گومانمان لەو بیروباوەڕەی خۆمان هەبێت، گومانمان لەو قەناعەتەی خۆمان هەبێت، کە بۆمان ماوەتەوە، چونکە مەرج نییە ئەو قەناعەتەی بۆمان ماوەتەوە ڕاست بێت، بۆیە من ئەو کتێبەم نووسی (هەقیقەت لە هزری مندا) ئەو کتێبە بیرکردنەوەی بیست ساڵمە.

**- بەڵام مرۆڤ خۆی هەر لەسەرەتاوە، لەزۆر زووەوە، بەر لەمێژوو، هەمیشە بیری کردووەتەوە و گومانی هەبووە، دەکرێت مرۆڤ بەدرێژایی مێژوو لەنێو ئەو گومانەدا بژییت، تۆ دوای ئەوەندە ساڵە نەگەیشتبیت بەیەقینێک؟**

+ بیرکردنەوە تا یەقین، منیش مەبەستم ئەوەیە، بەڵام دەبێت ڕێگا نەدەی خەڵکی دیکە لەجیاتی تۆ بیربکاتەوە، ڕێگا مەدە خەڵک لەجیاتی خۆت فێرت بکات، ڕێگا مەدە خەڵک لەجیاتی تۆ بڕیاربدات، ئەوە زۆر گرنگە، کە باسی ئەوە دەکەم ئەو شتانەی کە بۆمان مایتەوە ئەوانەی کە ئێستە شتێک هەیە بەپیرۆزمان زانیوە لەبنەڕەتدا هەر پیرۆز نییە.

**- تۆ چۆن دەستت بە خوێندن کرد و چیت تەواو کرد؟**

+ لە گوندێکی وشکی بێ ئاووکارەبا لە بناری زوورگەزراو، وەکو دایکم گۆڕەکەی پڕ لە نووربێت هەموو جارێک دەیگوت: باران پەری بوو، کە ئەتوم بوو. دیارە باران پەری، یان پەڵەی یەکەم لەو ناوچەیە لەنیوەی دووەمی تشرینی دووەم و سەرەتای مانگی کانوونی یەکەمە، بەڵام ساڵەکە لەوانە هەڵە بێت، یان ڕاست بێت، گرنگ ئەوەیە لەسەرژمێری گشتی دانیشتوانی ساڵی ١٩٥٧بەشەش ساڵی ناونووس کرام.

لەبیرمە زۆرکەم تێکەڵی منداڵانی لادێ دەبووم، کە لەساڵی ١٩٥٨ بۆیەکەمجار منیان لە قوتابخانە قورەکەی گوندی قوشاغلو لەبەر خوێندن دانا، لەبەر دەستوپێ سپییەکانم نەمتوانی ئەو ساڵە لە خوێندن بەردەوامبم، بۆ ساڵی ئایندە جارێکی دی چوومەوە قوتابخانە، کە دەکاتە ساڵی خوێندنی (١٩٥٩-١٩٦٠) ئەوکاتە قوتابخانەی گوند تازە دروستکرابوو، هەرچەندە دووره پەرێز و گۆشەگیربووم، بەڵام لە خوێندن سەرکەوتوو بووم. ئەوکاتە ژیانی لادێ زۆر سەخت بوو، ئاو زۆر کەمبوو، لەجیاتی بەفر ساردکەرەوە، کوندە و شەربە هەبوو، لەجیاتی کارەبا، تەنیا چوار لالە و فانۆس هەبوو، هەڵبەتە لالە و فانۆس لە شەستەکان لەتەواوی گوندەکە بڵاوبۆوە، خواردنەکان سادەبوون، گیرفانەکانمان لە دوانزە مانگ، جاریک فلسێکی دەکرایە ناوی، ئەویش لە هەردوو جەژنی قوربان و رەمەزان.

به هەژاریش پۆلی سێیەمم لەهەولێر تەواوکرد، لەڕاستیدا من خوێندکارێکی زیرەک بووم، لەگوندەکەی خۆشمان، یان پلەی یەکەم، یان دووەمم بەدەست دەهێنا، بەڵام کە هاتمە ناوەندی لەحالەتێکی هەژاریدا دەژیام، گوزەرانمان خراپ بوو، لەدەشتێ بووین، دەهاتم لەشار دەمخوێند، پۆلی سێیەمم تەواوکرد، نەمتوانی لەخوێندن بەردەوام بم. دوای تەواوکردنی پۆلی سێیەم ساڵێک مامەوە، لەساڵی ١٩٧١ بووم بە سەرباز، ماوەی بیست و سێ مانگ سەربازیم کرد، لەدوای سەربازی، کە هاتمەوە دەستم بەکار و کاسبی کرد، دواتر بە فەرمانبەر لە دیوانی پارێزگای هەولێر دامەزرام، بە بڕوانامەی ناوەندی، کە دامەزرام دەرفەتم بۆ ڕێککەوت، چۆن بڕوانامە بەدەستبێنم، حەزیشم لەخوێندن بوو، لەبەرئەوەی توانام هەبوو، بەتاقیکردنەوەی دەرەکی پۆلی شەشەمم تەواوکرد، ئەوکاتە خوێندن بەکوردی بوو، بەڵام من گوتم ناتوانم بەکوردی تاقیکردنەوە بکەم، لەبەرئەوەی بەعەرەبیم خوێندووە، یەک قوتابخانە هەبوو (الاخوە) لەتەیراوەی، لەوێ تاقیکردنەوەکەم کرد، بوومە دەرچووی ئامادەیی، ویستم لە زانکۆی بەیروت لەیاسا بخوێنم، بەڵام لەوکاتی شەڕ لە بەیروت هەڵگیرسا و کارەکەم لێ تێکچوو، نەمتوانی بخوێنم.

**– تۆ ئەوکات کەسێکی ئایندار بوویت؟**

+ نەخێر.

**– ئەی ئێستە؟**

+ من لەخانەوادەیەکی ئایندار گەورە بووم، باوکم خەلیفە بووە، تەکیەی هەبووە، هەر بەدینداری ناسراوین، بەڵام نە بەوشێوەیە ئیماندار بووم، بەردەوام ڕاکەمە مزگەوت، نە قسەشم بەئایین گوتووە، بەردەوام کەسێکی میانڕەو بوومە، ئێستەش هەر میانڕەوم، قەناعەتێکی تایبەتی خۆم هەیە، بەڵام ئەو قەناعەتە بۆ خۆم دەهێڵمەوە، دەکرێت لە ڕێگەی نووسینەکانم بیروبۆچوون و باوەڕم هەست پێبکرێت (حەلاج)یش کاتێک بیروبۆچووناکانی خۆی ئاشکرا کرد، ئەوەی بەسەری هات، کە بەسەری هات، ئەگەرنا ئەو کەسێکی ئایندار بوو، چاک دەیزانی خودا و ئاین چییە، بەڵام بۆچوونەکانی لەگەڵ بۆچوونی دەوروبەرەکەی نەدەگونجا.

**“ ئەوشتە باشانەی، کە فێربووم، لە گۆڤاری کۆمەڵە فێربووم ”**

**– ئێستەش بیروباوەڕت هەمان بیروباوەڕی ئەوکاتانەیە کە پەیوەندیت بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کرد؟**

+ من پێموایە باوەڕی مرۆڤ بەپێی گەشەکردنی ژیری دەگۆڕێت، ئێستە ئەگەر بڵێن زەمەن بگەڕێتەوە دواوە، دەبیتەوە بە کۆمەڵە، یان کوردایەتی دەکەیت، لەوانەیە نەیکەم، چونکە باوەڕی مرۆڤ لەگۆڕان دایە بەپێی گەشەکردنی کۆمەڵگە، مرۆڤ زیاتر هەست بە ئازادی دەکات، ئایدۆلۆژیا وەکو جاران ناتوانێت کۆنترۆڵی بکات.

**– ساڵی چەند هاوسەرگیرتان کرد؟**

+ ساڵی ١٩٧٦، ١٠ ساڵ پێش دەستگیرکردنم

**– چەند منداڵت هەیە؟**



**لەکاتی نمایش کردنی شانۆگەری (ژانی گوندەکەمان) لە هۆڵی ڕۆشنبیری – هەولێر**



**بەشداربووانی شانۆگەری (ژانی گوندەکەمان)**

+ زۆر.

**- زۆر چەند؟**

+ نۆ منداڵم هەیە.

**- ناوەکانیان کوردیە؟**

+ هەموو ناوەکانم کوردی داناوە، بەو مەرجەی پیتێکی تێدابیت کە لەعەرەبیدا نەبێت.

**- یانی چۆن؟**

+ وەکو (پۆڵا) پیتی (پ) لەعەرەبیدا نییە، یان (سۆلین) پیتی (ۆ) لەعەرەبیدا نییە، یان (گوڵاڵە) پیتیی (گ) لەعەرەبیدا نییە، بەمشێوەیە.

**- مەبەستت لەوەدا چی بووە، دەتەوێت چی بڵێیت؟**

+ مەبەستم بوو، چونکە پێموایە سێ نەتەوە لەدونیادا کوردیان زۆر چەوساندووەتەوە، پێشی هەموویان نەتەوەی تورکە، نەک هەر دەسەڵاتەکە، شەقامیشیان ڕاهێناوە، کە ڕقیان لەکورد بێتەوە، شۆڤێنیترین نەتەوە لەدونیادا تورکە.

دووەمیشیان نەتەوەی عەرەبە، هەموو دەمێک خۆی بەسەردەستە و لەئێمە بەگەورەتر داناوە، ڕاستە عەرەب هەموو دژی ئێمە نین، بۆیە ئێمە ئەو گرێیەمان بۆ دروست بووە، کورد بەناچاری تووشی ئەم گرێ دەروونییە بووە.

فارسیش بەهەمان شێوە، مێژوو بخوێننەوە دەزانن چەندیان ستەم لەکورد کردووە و کوردیان چەوساندووەتەوە.

**- تۆ هێندە کەسێکی نەتەوەیی؟**

+ بەڵێ نەتەوەیی بووم، ئێستەش هەر نەتەوەییم، بەڵام بەپێی عەقڵیەتی ئێستە.

**- چۆن، هێندە نەتەوەیی بوویت و لەگەڵ ڕێکخراوێکی مارکسی لینینی دەستت پێکرد؟**

+ لەدوای دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێ، چۆن دەڵێن بزن ئەجەلی بێت نانی شوان دەخوات، من بەدوای ئەوەدا دەگەڕام سەرەداوێک پەیدا بکەم و بچم کاری ڕێکخستن بکەم، کوردایەتی بکەم، لەسەرەتاوە سۆشیالیست پەیوەندییان پێوەکردم، برادەرانی دیکە لەناو پارتی لێم نزیک دەبوونەوە، بەڵام لە دواجاردا مامۆستا مەغدید هەمزە، کە ناسیاو و خزمم بوو، وەکو هاوزیندانیشم بوو، پەیوەندی پێوەکردم و گوتی: تۆ هەقت بەسەر هیچەوە نەبێت ڕێکخراوێک هەیە و ئێمە دەچینە ناو ئەو ڕێکخراوە، گوتم باشە، لەبەر ئەوەی متمانەم بەو هەبوو.

بووینە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، من پەیوەندیم بەمامۆستا مەغدید هەبوو، مامۆستا مەغدیدیش، پەیوەندی بە یوسف دەرگەڵەیی-وە هەبوو، دواتر کە بڵاوکراوەکانمان بەدەست گەیشت، تێگەیشتم ئێمە (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)ین ئەوکاتی کۆمەڵەی مارکسی لینینی بوو، زانیمان ئێمە مارکسین، بەڵام خۆ مارکسیەتیش، ڕزگارکردنی نەتەوەکان بەخەباتی چینایەتی دەزانێت، ئەوکاتیش هەروا تێگەیشتین، لێت ناشارمەوە تۆزێک بۆ من قورس بوو، بەتایبەتی هەوڵدان بۆ خۆ ڕۆشنبیرکردن بەسەرەتاکانی مارکسیەت زۆر زەحمەت بوو، ئەوەی نەیدیتبێت نازانێت، دەبێت شارەزای قۆناغەکانی گەشەکردنی مێژوو بیت، شارەزای دیالیکتیکی و شارەزای ململانێی دژەکان و یەکێتی دژەکان و کتێبی سەرمایەی مارکس بیت.

دەبوایە بخوێنینەوە و شارەزایی پەیدا بکەین و چینی کرێکار بناسین و بزانین بۆ دەچەوسێنرێنەوە. یەک لەو شتانەی، کە زۆر هیلاکی کردم و لەبیرمە، مەسەلەی زێدەبایی بوو، چەندین کتێبم خوێندەوە، تا بتوانم لەزێدەبایی بگەم.

**- جا تێگەیشتی؟**

+ بەڵێ تێیگەیشتم، بەڵام لەوانەیە ئێستەش زۆر لەو

بـرادەرانەی کە مارکسین، بەتەواوەتی لەزێدەبایی تێنەگەیشتبن، هەوڵمدا و زۆرم خوێندەوە تا تێبگەم، بەڵام باوەڕ و هەستە نەتەوایەتییەکەم وازی لێنەدەهێنام، چونکە لە بنچینەدا ئێمە نە بەهۆی چینایەتییەوە، نە بەهۆی مەزهەب و ئایینەوە ناچەوسێنرێنەوە، بەڵکو چەوسانەوەی ئێمە، چەوسانەوەیەکی نەتەوایەتییە.

**– دەکرێت بڵێین تۆ بەئاگایی و تێگەیشتنێکی تەواوەوە هاتیتە ناو کاری سیاسەت و ڕێکخستن؟**

+ بەڵێ، من لێپرسراویەتیشم وەرگرت.

**– ئەو سەردەم زیاتر چیتان دەخوێندەوە، ئەوەی پەیوەندی بەکاری ڕێکخراوەیی هەبوو؟**

+ کتێبە مارکسیەکان، زۆر کەمبوون، سەرچاوەکانیش بە عەرەبی بوون، بەڵام من کێشەم لەگەڵ عەرەبییەکەی نەبوو، لەبەر ئەوەی عەرەبییکەم باش بوو، ئەو کتێبانەی کە بەدەستمان دەکەوت، وەکو گۆڤاری کۆمەڵە، کە بەنهێنی بۆمان دەهات و دەمانخوێندەوە، بەڕاستی شتێکی باش بوو، گۆڤاری کۆمەڵە ناکرێت پشتگوێ بخرێت، ئەوشتە باشانەی، کە فێربووم، لە گۆڤاری کۆمەڵە فێربووم، ئەوکاتەش سەرچاوە مارکسییەکان لە کتێبخانەکان دەفرۆشران قەدەغە نەبوون، ئەگەرچی هەمووشیان ڕێگەپێدراو نەبوون، بەشێکیان قەدەغە بوون، بەڵام لە ڕێگەی برادەرانەوە دەستمان دەکەوت

**– ئەو خوێندنەوەی ئەوکاتی ئێوە، خوێندنەوەیەکی ئارەزومەندانە بوو، یان ڕاسپێردرابوون؟**

+نەخێر پێمان دەگوترا، کە دەبێت خۆمان ڕۆشنبیر بکەین، بەڕاستی من زۆر لەلام قورس بوو، کە ناچاربووم، دەبوایە مارکسیەت بخوێنمەوە، بۆ ئەوەی ببمە لێپرسراوی ئۆرگانێک.

**– چۆن و لێپرسراویەتی چیت وەرگرت؟**


+ من یەکەمجار بەر لەساڵی ١٩٨٤ لێپرسراوی شانە بووم، دواتر لەساڵی ١٩٨٤ لێپرسراویەتیم وەرگرت، مامۆستا مەغدید کشایەوە و گوتی حەزدەکەم تۆ ببیتە لێپرسراوی پۆل و ئەندامی کەرت، تا شەهید یوسف دەرگەڵەییش گیرا و شەهید کرا، من هەر لێپرسراوی پۆل بووم، تا ئەوکاتەی منیش گیرام.

**– بەسەرهاتێک لەو سەردەمەدا ڕوویدابێت، شایانی گێڕانەوە بێت، شتێک لە بیرماوە؟**

+ لە دیوانی پارێزگای هەولێر فەرمانبەر بووم، کەسێک ئەگەر بەعسیش نەبووایە ئاسایی بوو، بەمەرجێک لە گەڕاوەکان نەبووایە (عائیدون) چونکە ئەگەر یەکێک عائیدون نەبێت لەلای ئەوان زۆر گرنگ نەبوو، منیش لە گەڕاوەکان نەبووم، کارمەندێکی زیرەک بووم، لەقەڵەمی نهێنی، کاری ڕێکخستنیشم دەکرد، ڕۆژێک لەکاتی دەوامدا بڵاوکراوەم بۆ هات، منیش بڵاوکراوەکانم خستە ناو چەکمەجەی ژوورەکەم، نیوەڕۆ کە چوومەوە ماڵ بڵاوکراوەکانم لەبیر کرد، ترسی ئەوەم هەبوو، سبەینێ بەردەستەکە، بۆ پاککردنەوە بەر لەمن بچێتە ژوورەکە، زۆر تەنگەتاو بووم، ویستم ئێوارە بچمەوە، چونکە ئێوارەکەش فەرمانبەرێک لەوێ دەوامی دەکرد، گوتم بچمەوە ناڵێت لەبەرچی هاتوویتەوە، وازم لێهێنا، هەرچەندە زۆر قەلەق بووم، بەیانی کە چووم بڵاوکراوەکان هەر لەجێگای خۆی مابوو.

رۆژێکی دی هەندێک بڵاوکراوەم لە لابوو، دەبووایە لای باغی شار بیدەم بەبرادەرێک، واڕێککەوت، ئەو ڕۆژە ئەو برادەرە نەهات، منیش بڵاوکراوەکانم لەناو ڕۆژنامەی (الثورة) دانا و هەندێک میوەم کڕی، ڕۆژنامەکەشم خستە نێو عەلاگەی میوەکە و سواری پاس بووم (ئەمن) یێک دراوسێم بوو، هاتە ناو پاسەکەو لە تەنیشتم

> **“ مەبەستی ئەوەبوو، ئێمە قسەمان بەرژێم گوتووە، ڕژێم خاوەن ماڵە و ئێمە کرێچینە ”**



ڕەسوول گەردی و سەعدی عەلی – ساڵی ١٩٨٠

دانیشت، جار جارە سەری خوار دەکردەوە سەیری ڕۆژنامەکەی دەکرد، لەوە دەترسام چاوی بە ڕۆژنامەکە بکەوێت و بڵێت بزانم چی تێدایە، ئیدی باش بوو بەیەکەوە گەیشتین و هیچ ڕووی نەدا.

**– کە لەزیندان ئازاد بوویت، چۆن بوو بیرت لەوە نەکردەوە بچیتە شاخ؟**

+ بەداخەوە، ئێمە کە لەزیندان ئازادکراین، هاتینە سەر کوردستانێکی وێران، گوندەکان هیچ نەمابوون، بارودۆخەکە بەتەواوی گۆڕابوو، شۆڕش بەوشێوەیە نەمابوو، هەر تەنیا چەند مەفرەزەیەکی پارتیزانی مابووەوە، ئەویش کەس شوێنی پێنەدەزانین، زۆربەمان پەیوەندیەکانمان پچڕابوو، ڕێکخستن لەشار زۆر لاواز ببوو، دوای ئێمەش بەماوەیەکی کەم هەندێک ڕێکخستن مابوون، بەداخەوە ئەوانیش گیرابوون. یەک لەوانە، کاک زیاد بوو، کە من گیرام ئەو لەلای من بوو، من بەرپرسی بووم، کە گیرام ئەو لەدەرەوە مایەوە، خۆی پاراست، ناوی لە (ئەمن) نەبوو دوای ئێمە دەستی بەڕێکخستن کردبووەوە، دواتر ئەویش گیرا، لەدوای ڕاپەڕین بەربوو. ئیدی نەمانتوانی پەیوەندی دروست بکەینەوە، تا ماوەیەکی کەم پێش ڕاپەڕین.

**– ئەوکاتانەی لەڕێکخستن کارت دەکرد، هیچ جار چوویتە شاخ؟**

+ یەکجار چوویمە دەرەوە مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٨٤ بوو، وەکو ئەندامی کۆنفرانسی سێی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان پاڵێوڕام، ئەوەبوو چوومە مێرگەپان، نۆ ڕۆژ لەمێرگەپان مامەوە، لەگەڵ ئەوەی لە قەڵەمی نهێنی دیوانی پارێزگەی هەولێر فەرمانبەر بووم، تۆ کوردایەتی بکەیت، دەبێت ئەوانە لەپێش خۆت دابنێیت دەگیرێیت، لەسێدارە دەدرێیت، بەڵام ئەوکات کاری ڕێکخراوەیی و کوردایەتیمان لەمنداڵەکانی خۆمان خۆشتر دەویست.

**– جگە لەو سەرچاوانەی باست کرد، ئەو سەردەمە زیاتر چیت دەخوێندەوە؟**

+ ڕۆمانم و چیرۆکم زۆر دەخوێندەوە، زۆر کەم شیعرم دەخوێندەوە.

**– یەک لەو کتێبانەی ئەوکات خوێندووتەوە و لە یادت ماوە، یان کاریگەری لەسەرت هەبوو؟**

+ یەکەمجار ئەو کتێبەم خوێندەوە، کە لە گوند بووم داستانی (ئەمیر ئەرسەلان) زۆر کاریگەری لێکردم، ئەوکاتی لەگوند ئەو کتێبەم دەستکەوت، باوەڕبکە هەموو داستانەکانم لەبەرکرد، وەکو چیرۆک هەموویم لەبەرکرد، دەیان جار بۆ برادەرانم دوبارە کردەوە.

**– لە ژیانتدا کەسێک هەبوو پاڵنەر بێت، بۆ ئەوەی بخوێنیتەوە؟**

+ نەخێر، من سەرەتا شیعرم دەنووسی، بەڵام هەستم کرد شیعرەکانم لەو ئاستەدا نین، بە بەروارد بە برادەرەکانم، نەشمتوانی شارەزایی ئەوەندە لەشیعر پەیدا بکەم، جا هۆکارەکە هەرچییەک بووبێت. لەساڵی حەفتاکان، ڕۆژێک بابەتێکم بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری نووسی، باسی ئەو سواڵکەرە ژنانەم کردبوو، کە لەبەر دەرگای مزگەوتی خانەقا، قاپیان بەدەستەوەیە و سواڵ دەکەن، هەرچەندە بابەتەکەمیان بڵاونەکردبووەوە، بۆیان نوسیبووم ڕێگاچارەت دەستنیشان نەکردووە، بەڵام دیارە توانای باشت هەیە لەچیرۆک نووسین، ئەوە زۆر هاندەرم بوو. ئیدی چیرۆکەکانی کاوس قەفتان و حوسێن عارف-م دەخوێندەوە، ئەو دوو نووسەرە بەناوبانگە، کتێبەکانی ئەوانم زۆر خوێندەوە، دواتر شارەزاییم لەهونەری چیرۆک نووسین پەیدا کرد، بەڵام هێشتا باوەڕم بەخۆم نەبوو. ڕۆژێک چیرۆکێکم بردە لای مەحمود زامدار و نازم دڵبەند، ئەوکاتی لەدەزگای ڕۆشنبیری کاریان دەکرد، گوتم ئەو چیرۆکەم هەیە گوتیان باشە بۆت ڕەوانە دەکەین، نەمزانی باشە، یان خراپ، پاش ماوەیەک تەلەفۆنێکم بۆ کاک نازم کرد، گوتم ئەرێ چیرۆکەکەی منتان چی لێکرد، ڕەوانتان کرد، گوتی ئا وابزانم، لە تەلەفۆنەکەی گوێم لێ بوو گوتی کاک مەحموود، ئەو چیرۆکەت ڕەوان کرد، کە گوتمان چیرۆکێکی خۆشە، گوتی بەڵێ ڕەوانمان کردوە، ئیدی زۆر کەیفم بەخۆهات، ئەوەبوو یەکەم چیرۆکم بەناوونیشانی (هەناسە و هەوراز) لەساڵی ١٩٨٠ بڵاوبۆوە، دوای ئەوەش دوو سێ چیرۆکی دیکەشم ڕەوانە کرد.

**– ئێستە خەریکی چیت؟**

+ ئێستە سێ کتێبم ئامادەکردیە، یەک لە کتێبەکانم ١٦٩ کۆپلە و پارچە شیعرە، نزیکەی سێ سەد لاپەڕە دەبێت، ئەوەی دیکەشیان کتێبێکە لەسەر ئەو گەشتەی بەناچاری بۆ (حەج)م کرد، نزیکەی ١٢٠ لاپەڕە دەبێت.

# هونەری

- **چاوەش یان ناسنامەی گەلێک**

سالار کۆشار

- **زەردەشت بەمجۆرە قسەی کرد**

دەق: فریدریک نیتشە - موزیک: ڕیچارد شتڕاوس۱
ئامانج غازی

# چاوەش یان ناسنامەی گەلێک

سالار گۆشار

هونەرمەند هەمیشە تەنیایە، خەمی هونەر و زمان و ئەدەب و کلتور و موزیکی نەتەوەکەی لەکۆڵناوە، کەچی نەکۆمەڵگە لەگەڵیەتی و نە خێزان و نە دەوروبەر و نەدەسەڵات،

بێجەگە لەوەی، ڕووبەڕووی تیر و توانج و زۆرجار، قسەی سووکیش بووەتەوە، جاری واهەیە ئەگەر جنێوی سووکیان پێنەدابن، زۆر بەئاسانی پیان گوتوە چاوەش، من منداڵبووم، زۆر حەزم لەموزیک بوو، پۆلی پێنجی سەرەتایی بووم، تەنانەت زۆربەی گۆرانییەکانی هونەرمەندان، حەسەن زیرەک، حەمەجەزا، مامڵێ بەموزیک و گۆرانییەوە لەبەرمبوو، بەبێ مامۆستا و خولبینین، نازانم، عیشقێک هەمیشە دنەی دەدام، بەڵام نەم دەوێرا لای باوکم باسی بکەم، چونکە دەمزانی قبوڵی ناکا و ڕێشم لێدەگرێت، دواجار بەدزی باوکمەوە چوومە خولی موزیک و فێربووم، ساڵی ١٩٨٣ لەفێستڤاڵی عێراقی لەبەغدا، وەکو تیپی موزیکی منالانی خانەی هونەر بەشداریم کرد، هەر بە دزی باوکیشم چوبوومە ئەو فێستڤاڵە، بەڵام بەئاگاداری دایکم.

دایکم زۆر میهرەبان بوو خۆی دەخستە هەموو کێشەیەک لەگەڵ باوکم، تادڵی ئێمە ڕازی بکات، بەڵێ لەو فێستڤاڵە چوار ڕۆژمان پێچوو سەرکەوتوبووین سەری شاری هەولێرمان بەرزکردەوە، لێ وەکی هاتمەوە، یەک چینە لێدانم خوارد و باوکم پێی گوتم: ئەوە بوویتە چاوەش.

چاوش یان چاوەش، ئەم وشەیە بەمن کوردی نییە تورکییە، کاتی خۆی لەسەردەمی

عو سما نییە کا ن
جۆرێک بووە لەپۆلیس، باش چاوەش چەند پۆلیسێکی لەبەردەست بووە، وەکو عەریف و نایب عەریف هەروەکو ئەوجۆرانەی دی، لەوسەردەمە ناوینراوە، لەوانە سەرسەری، شەلاتی، کە هەردووکیان پۆلیس بوونە، لای خۆشمان ئەو دوو ناوە جنێوە، کەچی لەبنەچەدا لەسەردەمی عوسمانی ناوی دوو جۆر پۆلیس بووە.

لەناو کوردەواریشدا چاوەش بەو بەندبێژانە گوتراوە، کە لەناو شایی و داوەتدا بەند دەبێژن و بەخەڵکیدا هەڵدەڵێن.

لە ساڵی ٢٠١٩ سەفەرێکی ئێرانم کرد، من هەربچمە ئێران دەبێت سەردانی شاری مهاباد بکەم، پاش ئەوەی زیارەتی مەزاری شاعیران مام هێمن و مام هەژار و هونەرمەندان، مامڵێ و ڕەسوڵی نادری و سەرکردەی کورد پێشەوا و هاوڕێکانیم کرد، پیاسەیەکی ناو شاری مهاباد و خیابانە دڵگیرەکەیم کرد، دوو شتم لە هزربوو، یەکێکیان بچمە ناو ماڵەکەی مام هێمن-ی شاعیر کە ئێستە بووەتە موزەخانە، لەوێ ڤیدیۆیەک تۆمار بکەم، هەندێک باسی شیعرەکانی و ژیانی مام هێمن بکەم، بەداخەوە نەمتوانی، چونکە ئەو ڕۆژە پشوو بوو، ئەوان پێدەڵێن (تەعتیل)


دووەم: چاوپێکەوتنێک لەگەڵ هونەرمەند عەزیزی شارۆخی ئەنجام بدەم. ئەوەبوو چاوپێکەوتنێکی دوازدە چرکەییم لەگەڵدا تۆمارکرد و باسی زۆرشتمان کرد:

عەزیز عەبدوڵڵای سەوزی، ساڵی ١٩٣٨ لەمهاباد لەدایکبووە، تا باوکی لەژیاندا بووە نەیتوانیوە

گۆرانی بڵێت، چونکە باوکی پێیدەگوت نابێت ببیت بەچاوەش، پاش کۆچی دوایی باوکی ئینجا دەست دەکات بەگۆرانی گوتن، ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨ بۆیەکەم جار گۆرانی دەڵێت، لەسەر کوردایەتی زۆرگیراوە و چەرمەسەری زۆری دیتووە و پێشمەرگایەتی کردووە، خانەی مامۆستایانی تەواوکردوە، وەکو هونەرمەند عەزیزی شاروخی بۆی گێرامەوە، باوکی بەدەست سەوزەی فرۆشتوە، بەگەڕەک و کوچەکانی شاری مهابادداسوڕاوەتەوە، لەو شارە بەعەبدوڵڵای سەوزی بەناوبانگ بووە، لێنەگەڕاوە عەزیزی دەنگ خۆش گۆرانی بڵێت، نەکا حەیای بچێت و پێی بڵێن کوڕەکەت بۆتە چاوەش، کەچی ئەگەر بتەوێت هەرمیللەتێک بناسیت دەبێت لەڕێگەی هونەرمەند و هونەرەکەیەوە بیناسیت، زمان کاتێک زیندووە کە بەکاربێت، لە هەموو سەردەمەکانیشدا بەکارهێنانی نووسین و خوێندنی کوردی یاساغ بووە، بەڵام لەناو گۆرانی و لاوک وحەیران و بەستەکاندا هەر بەکارهاتووە و گوتراوە و دەم بە دەم زار بە زار هەڵگیراوە و گوازراوەتەوە، ئەگینا چۆن دەتوانیت زمانەکەت بپارێزیت، ئەم چەند ساڵە نەبێت، تەنیا باشوور، کەمە ئازادییەکی بەخۆوە دیتوە، دەنا لەهەر چوار پارچەی کوردستان زمان و کلتور و مێژوو چۆن پارێزراوە، بێگومان لەناو هونەر پارێزراوە، چی مێژووی کوردە بەدەستی دوژمنی کورد نووسراوەتەوە، بە چەواشەیش نوسراوە، فەرموون بڕۆن لاوکەکان بپشکنن چۆن مێژووت بەڕاستگۆیی بۆدەگێڕێتەوە، بەپاکیش بۆی هەڵگرتووی، بڕۆن یەکە یەکە گوێ لەگۆرانییەکانی حەسەن زیرەک، ماملێ، مەزهەری خالقی، عەلی مەردان، تایەر تۆفیق، خوداد عەلی، محەمەد عارف جزیری، ڕەسووڵ گەردی، حەسەن حەیران، حەسەن جزیری، ناسری ڕەزای، کۆمەڵێک هونەرمەندانی دی بگرن. دونیایەک ئیدیۆم و زاراوە و وشە و دەستەواژەی ڕەسەنی کوردەوارییان لەناو گۆرانی و لاوک و حەیران و هونەرەکەی خۆیان پاراستوە، کە ئێستەکە هەربەکار نایە و نەوەی نوێش هەر پەی پێنابات، وشە و ڕستە و زاراوە و دەستەواژەکانی ناو گۆرانییە ڕەسەنەکان بۆخۆی قاموسێکە، گوێ لە گۆرانییەکانی محەمەدی سەفایی بگرن، بزانن چ شێوەیەک باسی شێوە ژیانی کوردەواری دەکات، دێهاتەکان، شوێنەکان، ناوی شاخەکان هەتا دۆڵ و قەدپاڵ و نێشو و هەورازی شوێنەکانیشی خستوەتە ناو گۆرانییەکانی، چاکتر بڵێم بەندەکانی، ئەرێ ئەوە چاوەش بوونە، یان ئەوپەڕی هونەر و ناسنامەی نەتەوەیەکە، کە هونەرمەندان لەکۆڵی خۆیان ناوەوە و پاراستوویانە و خزمەتی دەکەن؟

ساڵی ٢٠٠٩ بەرنامەیەکم بۆ هونەرمەند جەرجیس عزەددین تۆمارکرد، کە ژەنیاری ئامێری عود بوو، ئاوازدانەر و ژەنیاری شەستەکان بوو، ڕۆحی شادبێت، کۆچی دواییکردووە، بەسەرهاتێکی خۆی بۆگێڕامەوە زۆر پێی خەمباربووم گوتی هەموو جارێک، کە دەچومە پڕۆڤەی، عودەکەم لەناو گوشەک، یان گونییەک دادەنا، هەتا کەس نەیبینێت، گوتی ڕۆژەک گوشەکەم لەبیر چووبوو، عودم بە ڕووتی بەدەستەوەبوو، لەچەند کۆڵانەک بەردیان تێگرتم و هاواریان دەکرد چاوەش چاوەش، بۆیە هونەرمەند هەمیشە تەنیایە، خزمەتی گۆمەڵگە و خاک و نەتەوە دەکات کەچی پاداشتی بە قسەی سووک و توانجی نارێک دەدەنەوە، لەکۆتایشدا ڕووت و ڕەجاڵ و کەساس و ڕەزیل دەبێت و کەس بەمەرگی نازانێت و لەشوێنێک بێ ناز دەمرێت، هەتا نەشمرێت قومەژیانێکی ئاسودەیی پێ ڕەوا نابینن، پاش مردنی ئینجا چلەی بۆدەگێڕن و پیدا هەڵدەڵێن.

“ عەزیز عەبدوڵڵای سەوزی، تا باوکی لەژیاندا بووە نەیتوانیوە گۆرانی بڵێت، چونکە باوکی پێیدەگوت نابێت ببیت بەچاوەش ”



هونەرمەند جەرجیس عیزەددین و سالار کۆشار




# زەردەشت بەمجۆرە قسەی کرد

**دەق: فریدریک نیتشە – موزیک: ڕیچارد شتراوس١**
**خوێندنەوەیەکی موزیکی بۆ شاکارێکی جیهانی لە بۆتەی سەمفۆنیا چامە (قەسیدەی سەمفۆنی)**

ئامانج غازی

(مەبەستم نووسینی موزیکی فەلسەفی نەبووە، هەروەها مەبەستیشم نەبووە کە بەرهەمە مەزنەکەی (نیتشە) بەشێوازێکی موزیکی وەربگێڕم، بەخۆم ڕاپەڕموو، شتێک لەسەر تابلۆی (بەنی بەشەر) هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە و ئەو قۆناغە جیاجیایانەی کە پێیدا ڕەت بووە لە ڕێی موزیکەوە دەربیبڕم، جا چ ئایینی و چ زانستی بێت، هەتا چەمکی (نیتشە)یی (بۆ مرۆڤی سەرکەوتوو).

ئەمەیە (ڕیشارد شتراوس) بەڕشکاوی دەربارەی سەمفۆنیا چامەی* (زەردەشت وای گوت) ڕایگەیاندووە کە داندراوێکی ئازادانەی سروشتی (ئینجیلی نیتشە)یە و حەوت ناوونیشان لەخۆوە دەگرێت، کەواتە کاری ژەنیار بەرجەستەکردنی کرێشمەی کەسێیەتییە لەکاتی خوێندنەوەی ڕێڕەوی فەلسەفە، نەک قسەکردن لەبارەیەوە.

* لەسەرەتاوە خۆر هەڵدێت، کە زەردەشت لە خەو ڕادەبێت، بڕیار دەدات بە گۆشەگیری خۆی دابەزێت کە ١٠ ساڵی خایاند، تا ڕاسپاردەکانی لەنێو مرۆڤەکاندا بڵاوبکاتەوە، وەکو چۆن خۆر تیشکی پەخش دەکات، وا بەدیاردەکەوێت کە موریدەکانی لەگەڵ زەنگی گزنگدا بێدار بوونەتەوە و دادەکەون و بەترسەوە لەگەڵ بە دیارکەوتنی، کڕنۆشی بۆ دەبەن و سەری خۆیان لاردەکەنەوە و بەڕێزەوە بۆ ئەم ڕووداوە مەزنە چاویان دادەخەن و دەکەونە هەلەکە سەما و دەهۆڵ دەکوتن، بەبزۆزییەوە بە هەردوو دەستەکانیان بۆی دەژەنن، ئاخۆ ئەمە چ دەرگایەکە کە خودای ئەوانی لێ سەرهەڵدەدا و بە مکوڕییەوە دەیانەوێت لە حەشارگەی خۆی وەدەرکەوێت، ها، ئەوەش کۆرەوە سەرکەوتووەکەی، کە لە پێشەنگییەوەیە دەنگدانەوەی مژدەی گەیشتن دەدا و لە بۆشایی ئاسماندا بەرز دەبێتەوە و ڕایدەگەنێت، کە کار لەکار ترازاوە.

من سەرکەوتم،
هیچ بەرپەچێکی حوکم و
مەلەکوتی خۆم ناخەمە ئاراوە. ڕووناکایش ئاسمانی داگرت، پاشان ئاوازی سروشت وەکو پرسیارێک دێتە پێش و لە بەرانبەر نهێنی و مەلەکوتدا گەرووی پڕ دەبێت لە گریان، کە لە بەرانبەریدا بەسەرسامی و خۆتێهەڵقورتانەوە ڕادەوەستین و سەرمان سوڕدەمێنێت و نازانین ئێمە لە کوێین و چۆن چۆنی بە ڕێگادا بڕۆین، لەنێو کەناڵێکی تاریکدا، بەڵام ئاوازی ئەو مرۆڤەی کە بەدوایدا دێت، ئەوا هاواری دەریاوانێکی نادیارە کە بەسەرکێشی بارکردنی بایەکە لەو دار ئاڵایەی قوتبۆتەوە و لەبەردەمیشی سەرکێشی مەعریفە بەسەر شۆستەی کەنداوەکەدا، بەسینگێکی واڵاوە کرێشمەی دەکا و دادەخورپێ و هەڕەشەیەکی بەباهاتووی لێکاو پێی دەڵێت، کە سواری شەپۆل دەبێت و لەباوەشی خۆهاویشتنە سەر چەقۆدا پاڵ دەکەوێت و ئاسۆی غەریب تەی دەکات.

*** ئەودیوی جیهان:**

پرس لەمەڕ گێچەڵ و میتافیزیک و مانای ژیان بەرپەرچی مێگەلی تووتی ئاسا دەهێنێت، ئایین بەڕای (شۆبنهاور) میتافیزیکی جۆرە خەڵکێکە کە ناتوانن بۆ هەژماری تایبەتی خۆیان بیر بکەنەوە، ئەوەندەیان بەسە، کە وەڵامی حازر بەدەستیان هەبێت، کە وایان لێدەکا هزریان لە جووڵە ببوردرێت.

(ئاوازی ئایین) لە برگەی (بڕوامان بەیەک خوا هەیە) لە سرووودی گریگۆردا کە بەکەڕەنای باوەڕی کۆن و هەڵوەریو، ئەو بانگە درۆیە دەژەنێت کە لەودیوی دونیادا دێت، ئەو زەنگە فێڵبازەی کە لە هەورەکانەوە دەنگدەداتەوە بانگمان دەکات ئەو زەوییە بەجێبهێڵن و بفڕین بەرەو ئاسمان، تا لە گومەزە نەبینراوەکەیدا ئەمرمان پێبکات، کڕنۆش بەرین و بنوشتێنەوە

سەر ئەژنۆ لە بەرانبەر تەوێڵمان دانەوێنین و زاتی ئەوەمان نەبێت سەرهەڵبڕین و قسە بکەین، بۆمان ڕوون نەبێتەوە، کە ئەوەی دەیبینین، ئایا شایانی ئەوەیە بیپەرستین؟

ئایین ڕووناکی بەخشە بەترس و لەرزەوە بۆی دەنوشتێنەوە، پەناگەیەکە لەو دنیایەدا نییە، ترسنۆکەکان بۆی ڕادەکەن، کە ناوێرن ڕووبەڕووی واقیع ببنەوە، ئا ئەو خۆشەویستییە بەندکراوەیان دەربهێنن و بیهاوێنە ئەو خاڵەی کە لە دەرەوەی بازنەی ئازار دایە، نەغمە هەندێک جار شێوازێکی پرسەبار بەخۆیەوە دەگرێت، وەکو کۆرەوێکی ماتەم دەپەڕێتەوە ئەو دیوی سنوور، لەگەڵ دارەمەیتدا لەنێو قەددا ون دەبێت، جا ئایا هەموو پەڕینەوەیەک بۆ ئەودیوی ئەو بوونمان نییە؟ ئایا خۆبەستنەوە بە ئاسمان ترازان نییە لە زەوی و تەگەرەسازی خۆشییەکانی نییە؟

**• ئاواتە مەزنەکان:**

سەرەتا (ئاوازی نیاز) دەتەقێتەوە کە وانەیەکی توندی سەرمەداکەیەتی و کۆمەڵەیەکی پشت ئەستوور هەموو شتێکی لە ژێر سمکۆڵیا دەپیشاندەوە، کەرەنای سەرکەوتن و حیلەی ئەسپە ڕاپەڕیوە تێربووەکانی لەگەڵدایە، ڕمبوهۆڕی جەنگ، ئایا هەموو ئارەزوویێک گێرمە و کێشە نییە لەپێناوی وەدەستهێنانی بابەتی خۆی؟ بەڵام (ئاوازی ئایین) دووبارە بەرز دەبێتەوە، تا موزیک ڕەتیدەکاتەوە، بە ماناکەی خۆی، مرۆڤ لەو پێوەندە ڕزگاری بووە و تا بەپێیەکی جاریَ بۆ پێشەوە ڕابێت و بێ ترس و سینگ کراوە لەهەرای ئازادا ڕێککەوتی متمانەی بەهێزی خۆی هەیە، بۆ گەیشتن بە ئاواتی خۆی، وەکو داشقەیەک هەموو تەگەرەیەکی لە بەردەدا نەماوە، ها ئەوەتا تێپەڕی بەرەو ڕووگە دەچێت، زەنگی برینەکانی خۆی لەنێو هەوا لێدەدا، هیچ دەسەڵاتێک بەسەر ویستەکانی ئەو مرۆڤەدا زاڵ نابێت ئەو کاتەی هاوار دەکات.

*** شادی و خۆشەویستی:**

دوو ئاوازی گەرمی تێدایە، یەکێکیان بەرزە و ئەوی دی نزم، کە تەعبیر لەو خوو ڕەوشتە دەکەن، کە سنوورێک بۆ سەربەستی تاکە کەسی دادەنێت و حوکمی لەسەر دەداو و دەیبەستێتەوە و ڕێی ئەوەی لێدەگرێت کە بەهەوەسی خۆی بژی و چێژ لە خۆشییەکانی دونیا وەربگرێت.

*** سروودی سەرقەبران:**

دەنگەکە وا نزمە لە بێدەنگییەوە نزیکە و جووڵانەوە خەریکە بەرە و وشکبوونەوە بڕوات، ئەی چۆنت دەوێت بۆ یەکێک لە هەقیقەتی لەناوچوون بگات، ئەی مردن دەرگا لەسەر ئاسۆی داهاتوو داناخات؟ ئەوەی کە کردمان هەمووی بەڕەڵلایی بوو، ئێستا تەرمی یەکدی بەڕێ دەکەین، تروسکاییەکی هیوا لێرەدا لە کۆتایی بەدەردەکەوێت و ئێمە بەهۆی ئیرادەوە بەسەر لەناوچوون زاڵ دەبین، ئەو ئیرادەیەی کە پیربوون نازانێت و لەناویش ناچێت، ئا ئەمەیە خۆشەویستی.

*** زانست:**

دوای ئاماژەکردن بۆ ساردبوونەوەی زانست



ریچارد شتراوس

و شـەرم لەخۆکردنی لە زۆرانبازیدا (کەڕەنا) بەئاشکرا بەو زانایانە دەڵێت: فەیلەسوفی سەر بەڕێبازی (نیتشە) بەسەر سەریانەوە دەسووڕێتەوە و دەگاتە جۆرە زانیارییەک کە لە توانای ئەواندا نییە بگەنە ترۆپکی.

**• داخوازییەک بۆ شادی:**

شنەبایەکی خۆشەویستی کە لەدوای ڕەشەبای نەخۆشی (کەڕەنایەکی نەی ساغ) و بەڕەونەق هەڵدەکات، تێڕوانینێکی شیرین و پان و بێگەردی ئەو جیهانەیە بەسەر مرۆڤایەتیدا دەکشێت دوای تووشبوونی نەخۆشی، پاشان ئاوازی (عودی سەمەرد)ی دەگەڕێتەوە و چۆلەکەیەک لەسەر لقی دارێک دەجریوێنێ و دەڵێت: من لێرەدام ئایا واتان بیرکردەوە بە یەکجاری لەناوچووم؟ لەگەڵ شەپۆلی ئەو تراویلکەیەدا کە لە پایزدا دەرکەوت؟ ئا ئەوەتا بەهار داهات، منیش لەگەڵ ئەودا دەگەڕێمەوە، دەچمەوە سەر گوزەرانی پێشینی خۆم، بزربوونمان ئەوەندە نابات، هەتا هەتایێ لەگەڵ لە ناوچووندا کەوتینە شەڕ، چەندجارێک شکاین، بەڵام لە کۆتاییدا سەرکەوتنمان بۆ نووسرابوو، دوای ئەم شەڕ و شۆڕەش هەوایەک دێتە گۆڕێ کە نزم دەبێتەوە و پاشان زمانی سەرکەوتن و زەفەر پێبردن و داچەسپین بەرز دەبێتەوە و بەتوندی لە ژێی ئەو زەمینە دادەت و بەجێهێشتنی ئەم خاکە ڕەتدەکاتەوە.

*** سروودی سەما:**

تەنیا خورەی سەرچاوەی بێگەرد بێدەنگی دەشکێنێ کە ئاماژەیە بۆ هەنگاونانی بەرەو ئەو سەرچاوە شیرینەی کە تەنیا ئەو گرینگە کە لە تینوویێتیدا ڕوو دەچێتە خوارەوە، (زەردەشت) لەنێو پوش و پەڵاشدا تووشی چەند منداڵێک دەبێت، کە بەشادی گەمە دەکەن، وەکو پەپوولان لە دەوری گوڵ و درەختان دەخولێنەوە و شیلەی گوڵان دەمژن یاخود قوڕولیتەی کەناری دەریا و زمانی حاڵیان دێتە گۆ و دەڵێت: ئێستە ئێمە دەمانەوێت سەما بکەین بۆ ئەوەی پیشان بدەین ژیان چەندە جوانە، چەندە لایەنی ڕەنگاوڕەنگی تێدایە، ئەو جوانیانەی ڕەنگە لە پڕێکەوە ببنە حۆرییەکی ئەفسوناوی و بە شیرینترین زمان قسەت لەگەڵ بکەن.

*** ئاوازی ئەبەدی عود:**

ئێستە ئاوازێکی سەماکەر وەردەگرێت، چەرخی بەخت دەسووڕێتەوە و داواکارە هەر بەمجۆرە لە دەوری چەقی خۆی هەمیشە بسووڕێتەوە و داوا لە هەموومان دەکات کە بچینە ناو ئەو یاری سووڕێن ئامێزە، وەرن با هەموومان لەناو ئەم گێژەنەدا بخولێینەوە، حیکمەتی گرنگ لە چیدایە، ئەمەیە کە جیهان بە دیمەنی گوڵ بینی، شوانە بە شمشاڵی نێو پەنجە نەرم و ناسکەکانی هەموو جۆرە تاری و لێڵییەک لەسەر ڕووی سروشت بسڕێتەوە.

*** سروودی شەو:**

(زەردەشت) بانگی ئەستێرە دوورەکان دەکات، چونکە تاسەیان زۆر گەورەیە و تەنیا ئەو ئامانجە بە زەحمەت دەستکەوتووانە دەتوانن خۆشەویستی لادروست بکەن، تەنیا کۆتایی نەهاتن دەتوانێت تینوێتی بشکێنێ. بەهەردوو دەستان، خۆی هەڵدەدایە بەر موتڵەق، خۆی لەبیر کردووە، دەیەوێت لەنێوان هەموو شتێکدا بتوێتەوە، هەموو شتێکیش لەودا بتوێتەوە، لە ترۆپکەی نەمریدا هاوار دەکات و بانگ دەدات، وەرە وەرە ئەی هەمیشەیی من حەز لەهیچ ناکەم، ئاوا بەتەنگاوی جگە لەتۆ، چونکە تۆ خۆشەویستترو بەنرخترین ئاواتی منی کە بەئاستەم وەدەستت دێنم ئەویش تەنیا لەبەر یەک هۆی سادە: تۆ تەماعکەری تا ئەو پەڕی ترۆپکی: تاپڕبوونی بوون، نەخێر بەڵکو تۆ خۆت بوونی، ئالێرەدایە (ئاوازی ئارەزوو) بەرز دەبێتەوە، وێنەی کەوانەیەکی تیر هاوێژە کە دەنگدانەوەی تیژی لێدەردەچێت، ئەمە ئارەزووی کپکراوی بەردەوام هەنگاو نانە، بەرەو دەسکەوتەکان، تا گەیشتن بەو پەڕی سنوور، ئیدی ناگەڕێتەوە، جگە لە ڕازیبوون بەو تاڵانەی کە دەستی کەوتووە، ئەمە تاوێکی خۆڕەخساندنە زەنگی نیوە شەو لێدەدات، کە ڕێدانە بەو کاروانە سەرکەوتووە، تا بچێتە نێو قەڵاکە هەموو خێراتێکی بەسەردا دەبەشنەوە، کە خۆزگەی بۆ دەخوات، تا دەگاتە هەموو ئەو ئاواتانەی کە ڕازیبوونی ئەوی تێدایە.

١- ڕیچارد شتراوس (بە ئەڵمانی: Richard Strauss) ئاوازدانەر و ڕێبەری بەتوانای (ئۆرکێسترای) ئەڵمانیا بوو. لە ساڵی (١٨٦٤) لە شاری میونخ لەدایک بووە. باوکیشی مۆسیقار بووە. ناوبراو لە بناغەدانەرانی مۆسیقای ڕۆمانتیکی نوێیە (سەدەی نۆزدە و بیست) ڕیچارد بەدرێژایی (٦٠) ساڵی تەمەنی خۆی خەریکی ئاوازدانان بوو، لە ٣٠ ساڵی یەکەمی ئاوازدانەرییەکەی بە داهێنان و کارە سەرنجڕاکێشەکانی دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە جیهانی مۆسیقادا هەبوو. لەساڵی ١٩٤٩ کۆچی دوایی کرد.

# خوێندنەوەی کتێب

- **ئەدەب و هونەری منداڵان - کتێبێک بەدوای کتێبێکی دیکەدا دەگەڕێت**

فازیل شەوڕۆ ـ دوبلن

- **چەند سەرنجێک لە سەر کتێبی میر محەممەدەمین دەرگەڵەیی**

دڵشاد باڵەکی

- **خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی زۆربای ئیرانی**

سەدیق سەعید ڕواندزی

# ئەدەب و هونەری منداڵان



## کتێبێک بەدوای کتێبێکی دیکەدا دەگەڕێت



**فازیل شەورۆ - دوبلن**

**ناساندن:**

کتێبی(ئەدەب و هونەری منداڵان) کە (٥٢٢) لاپەڕەی قەبارە گەورەیە و لە ساڵی (٢٠٢٢) چاپ کراوە، بەرهەمی هاوبەشی (د. هاوژین سڵیوە و ڕۆستەم خامۆش)ە جگە لە بەرکوڵ و پێشەکی و پاشکۆ، دوو بەشی سەرەکیی بوون بە مەتنی کتێبەکە. بەشی یەکەم: ڕووماڵی جیهانبینیی (٦٣) قەڵەمی بە بڕشت دەکات، لە (٧٥) لێدوان و چاوپێکەوتن لە تەوەرە دەستنیشانکراوەکاندا، کە بریتینە لە (١٦) تەوەر، بە ناوونیشانەکانی: ڕۆڵی فۆلکلۆر لە ئەدەبی منداڵاندا، دەربارەی (ئەدەبی منداڵان، شیعری منداڵان، چیرۆکی منداڵان، شیعر و چیرۆک و ڕۆمانی مێرمنداڵان، دەقی شانۆ و شانۆی منداڵان، نووسین بۆ منداڵانی باخچە، نیگارکێشانی منداڵان، کاریکاتێری منداڵان، مۆزیک و گۆرانی منداڵان، فلیمی کارتۆنی منداڵان، ڕۆژنامەنووسیی بواری منداڵان، ڕۆژی جیهانیی کتێبی منداڵان، کتێب و گۆڤاری منداڵان، ڕۆڵی وەرگێڕان لە پێشخستنی ئەدەبیاتی منداڵانی کورد، بەرنامەی منداڵان لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا).

بەشی دووەمیش تەرخان کراوە بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ (٣٦) نووسەری کورد، لە شارەزایانی جیهان و بوارەکانی منداڵان، واتە هەردوو بەشەکە (١١١) لێدوان و چاوپێکەوتنی لەخۆدەگرن، کە دید و بۆچوون و دنیابینیی (٩٠) خامەی شارەزای سەرجەم بوارەکانی منداڵانن. سەنتەری بڵاوکردنەوە و پەخشی کۆیە ئەرکی چاپکردنی کتێبەکەی گرتووەتە ئەستۆ.

**بەشی یەکەم: کتێبی ئەدەب و هونەری منداڵان**

**پووختەی ڕەخنەکارییەکەم لەم سەرەقەڵەمانەدا چڕ دەکەمەوە:**

**یەک: ناونیشان:**

داتایەکان لەسەر ئاستی جیهاندا دەربارەی کتێبی چاپکراو لە ساڵی (٢٠٢١) نزیکەی دوو ملیۆن و دووسەد هەزار ناونیشانمان، وەکو کتێبی کاغەز، دەخەنە بەردەست. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەر تۆپی هەموو جیهانن، لە خۆرهەڵاتی ناوەندیشدا، وڵاتێکی وەکو ئێران، بە پلەی شەشەم دێت، کە پتر لە (١٠٠) هەزار ناونیشانی کتێبی خستووەتە کتێبخانەی فارسی. دەربارەی عێراق زانیاریی متمانە پێکراومان دەست نەکەوت، بەڵام لە کوردستانی باشووردا، بە گوێرەی داتاکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوانی هەرێمی کوردستان، ساڵی ٢٠٢١، ڕۆژانە (٦-٧) کتێب، کەوتووەتە بەردەستی خوێنەرانی کورد. لە پێشەنگەی ساڵانەی کتێبشدا، لەهەر یەک لە هەولێر و سلێمانی، ناونیشانە نمایشکراوەکان لە سەرووی (١٠) هەزار ناونیشان بوون. لێرەدا، لەنێو ئەو قەڵاتە کتێبەدا، هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی ناونیشانێک، بۆ خوێنەر پڕ ئەستەمە، بەدەر لە حەز و چێژ و پسپۆڕایەتی. شێوازی داڕشتن و ئاستیی ڕۆشنبیریی خوێنەر، قەبارەی کتێب و کاتی بەردەست بۆ خوێندنەوە، فەزای هێمنی و دژوواری بابەتەکان، شیاویی هزریی بابەتەکان لەگەڵ کەسێتیی و لێکدانەوەکانی خوێنەر. هاندەرن بۆ ئەوەی دەست بۆ کتێبێک ببەیت، یان دەستت بکێشێتەوە.

لێرەدا، ناونیشانی کتێبی (ئەدەب و هونەری منداڵان) مینایەکی ڕوون و بێگەردە، مەتنی

کتێبەکەی تێدا دەبینرێت، بەڵام سەنگ و بەهای ناونیشان بۆ نووسەر جیاوازترە، لەچاو ئەوەی خوێنەر لێکدانەوەی بۆ دەکات. دەبێت ئەو لە دوو گۆشەنیگاوە، سەیری بکات و هەڵیبسەنگێنی:

١: ئایا، ئەو بابەتەی ئەو دەیەوێت بینووسێت، چەندە ناوازەیە و بەکەلکە و نوێکاری تێدایە و داهێنانی تێدا دەکرێت و ئەو دەسەڵاتی بەسەریدا دەشکێت؟

**دوو: ناونیشانەکە چەندە کورتبڕ و مانادار و خۆشئاواز و ئاوێنەی مەتنی کتێبەکەیە.**

د.هاوژین سلێوە، وەکو نووسەر و پسپۆڕ لە ئەدەب و زمانی کوردی، خاوەنی چەندین کتێبێکی چاپکراوە و قەڵەمێکی بە ئەزموونە، دەمێکە لەو حەقیقەتە تێگەیشتووە، کە تا (ناونیشان) نوێتر و داهێنەرانەتر و ناوازەتر بێت، پتر سەرنج ڕاکێشە و دەرگای تازە بە ڕووی (بابەتەکەدا) دەکاتەوە. نموونەی ئەو تەرزە ناوونیشانەشمان لەبەر دەستە (دایک لە جیهانبینیی شیعری لەتیف هەڵمەت)دا (جگەرە لە جیهانبینیی شیعری شێرکۆ بێکەس)دا (کاریکاتور لە شیعری کوردی)دا.

ڕۆستەم خامۆشیش، وەکو شاعیرێکی لاو، کە پتر سەرەقاڵی جیهانی شیعری منداڵانە و بەرهەمی بڵاوکراوەی هەیە و لەو بوارەشدا دەنووسێت.

لە دەستنیشانکردنی ناونیشانەکەیاندا، سەرکەوتوون و ئامانجیان پێکاوە.

**٢: ڕشتەی ئەدەبیی کتێبەکە:**

لە لاپەڕەی یەکەمی ناساندنی کتێبەکەدا نووسراوە: «بابەت: چاوپێکەوتن دەربارەی ئەدەب و هونەری منداڵان» هەر نووسەرانیش، لە دەستپێکیدا، ئاماژە بە ڕیزبەندی ئەو خوێنەرانە دەکەن، کە ڕەنگ بێت کتێبەکە بۆ ئەوان بایەخدار و پێویست بێت نۆ توێژ، یان دەستە و تاقمیان دەستنیشان کردوە، وەکو شاعیران و نووسەرانی بواری ئەدەبیاتی منداڵان، هونەرمەندانی بواری مۆزیک و گۆرانی و شانۆی منداڵان، پێشکەشکارانی بەرنامەی منداڵان، ڕۆژنامەنووسانی جیهانیی منداڵان، دایک و باوک و مامۆستایانی باخچەی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی، دەروونناس و منداڵناس و پسپۆڕانی سیسیۆلۆژ، ئەوانەی نەخشەساز و نەخشە داڕێژەری ئایندەی وڵاتن.

لە دیدی مندا، ڕووبەری ڕشتەی کتێبەکە پانتایەکی فراوانتر دادەپۆشێت لەوەی ئاماژەی پێدراوە، تێکەڵەیەک، یان گێراوەیەک یان پێکهاتەیەکە لە (پەخشان، ڕەخنە، سروود و گۆرانی، مۆزیک، نیگار، شانۆ، فلیمی کارتۆن، ڕۆژنامەوانی، هونەری شیعر و چیرۆک و ڕۆمانی مێرمنداڵان) بەڵام ئەگەر تیرۆتەسەڵتر، زاراوەکانی جیهانیی ئەدەب و هونەری منداڵانیان، بەشێوەیەک لە شێوەکان جێگەیان بۆ بکرابووایەوە، ئاسایی بوو بنووسین، ڕشتە: (فەرهەنگی ئەدەب و هونەری منداڵان) بۆ کتێبخانەی کوردی، وەکو سەرچاوە، کتێبەکە چلچرایەکی ڕەنگاوڕەنگی بە شەوق و درەوشاوە و جوانە.

**٣: کاری مەیدانی:**

کورد دەڵێت «بێڵە قوڕ، بەدەست کەسانی دیکەوە سووکە» نووسین، کار و چالاکییەکی فرە سەخت و دژوواری هزری و خەیاڵی و جەستەی و دەروونییە. کاتێک بەرهەمەکە دەچێتە چوارچێوەیەکی ئەدەبی، یان ئەکادیمی و بۆ خەڵکی دی ئامادەدەکرێت، ئەرک و ئێشەکانی قورستر دەبێت. هەر ڕشتەیەکی ئەدەبی و زانستیی، ئاستێکی تایبەمەندیی خۆی هەیە لە شێواز و زمان و پەیام و ڕێزمان و داڕشتندا. دەست و قەڵەمی نووسەریش، دیوێکی دیکەی ڕوخساری ئەو بەرهەمەیە. هەمیشە ئەو بەرهەمانەی بەدەر لە بنەما سەرەکییەکانی نووسین و داڕشتن، عەوجە بەکاری مەیدانین، زەحمەتتر و پڕ ئێشترن، کێشە و بگرە و بەردیان زۆرترە لەچاو نووسینی یادداشتنامەیەک، یان ڕۆمانێک، یان چیرۆکێک.

بلیمەتییەکی شاراوەی ئەو کتێبە لە (هاوبەشیی جووتە قەڵەمەکەی) دایە (د. هاوژین سلێوە و ڕۆستەم خامۆش) درکیان بە قورسی و پڕ ئێشی نووسینی ئەو جۆرە کتێبە کردووە، کە لە ڕاستیدا، ئەوان ئێشی دەزگایەک، یان مەڵبەندێکی ئەدەبی و ئەکادیمی و چاپەمەنیان گرتووەتە ئەستۆی خۆیان. هەرچەندە، خۆشبەختانە، هاوکار و نووسەرانی ئەو کتێبە نوخبەیەکی ڕۆشنبیری دیار و ناسراوی ئەدەب و هونەری هاوچەرخی کوردی خۆبەخشن، لەسەر ئاستی کوردستان و جیهاندا، بەڵام سرووشتی ئێش و بەرهەمەکە پڕ کێشەیە،

> **“ بە گوێرەی داتاکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوانی هەرێمی کوردستان،ساڵی ٢٠٢١، ڕۆژانە (٦–٧) کتێب، کەوتووەتە بەردەستی خوێنەرانی کورد ”**

> **(د. هاوژین سڵیوە و ڕۆستەم خامۆش) درکیان بە قورسی و پڕ ئیشی نووسینی ئەو جۆرە کتێبە کردووە. لە ڕاستیدا، ئەوان ئیشی دەزگایەک، یان مەڵبەندێکی ئەدەبی و ئەکادیمی و چاپەمەنیان گرتووەتە ئەستۆی خۆیان**

بەداخەوە ژمارەیەکی بەرچاو، بە گوتەی ئەو دوو نووسەرە، لەو ئەدیب و هونەرمەندانەی پرسیارەکانیان بۆ چووە، لەبەر هەرهۆکارێک بووبێت، وەڵامەکانیان پێنەگەیشتۆتەوە.

دیوێکی شاراوەی دیکەی ئەو بەرهەمە، تەوزیفکردن و کەڵکوەرگرتنە لە تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکان و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی سەردەم، کە هاسانکاریی زۆری بۆکردن، نەک لەنێو ئەدەب و هونەرمەندانی کوردستان، بەڵکو لە پەیوەندیگرتن بەوانەی لەهەر چوار ئیقلیمی جیهانن. تەنانەت لەنێو دوو نووسەرەکەشدا، کە هەریەکەیان لە شارێک دەژی.

ئەزموون و دەستڕەنگینی لەهەموو کارێکدا، بەردی بناغەی کاری سەرکەوتووە، بۆیە لە وڵاتانی خۆراواد، دەبێت پسپۆڕ و پیشەوەر و شاگرد و دەرچووەکان، خۆبەخشانە، بۆ بە دەستهێنانی ئەزموون، کارێک پەیدا بکەن، تا بتوانن بە فەرمی لە پۆستێک، یان پیشەیەکدا دامەزرێن.

د. هاوژین سڵیوە، خەرمانێکی جوانی لە ئەزموونیی کاری هاوبەشی بۆخۆی هەڵداوەتەوە. چەندان کتێبی هاوبەشی لەگەڵ مامۆستایانی پسپۆڕی ئەدب و زمان و هونەر نووسیوە، وەک د. دەریا جەمال حەوێزی، د. هێمن عەبدولحەمید شەمس، د. کەیفی ئەحمەد. نزیکەی (١٢٠٠) لاپەڕەی لە چەندان بوردا، وەکو کاری هاوبەش لەگەڵ فازیل شەوڕۆدا، نووسیوە، گەرچی مەودای نێوانیان، کۆیە و دوبلن) نزیکەی (٥٥٢٠) کیلۆمەترە. کەواتە کاری هاوبەشیی نێوان (د. هاوژین و ڕۆستەم خامۆش) خۆشتر و بەرهەمدارتر و جوانتر بووە. ئەرکەک و چالاکیەکانیان لەنێو خۆیاندا دابەشکردووەوە و تێکڕای بەرهەمەکانیش، لە پەیوەندیکردن و کۆکردنە و پێداچوونە و داڕشتنەوەدا، بە هاوبەشی جێبەجێکراوە.

**٤: پرسیار و چاوپێکەوتنەکان:**

بونیاتی سەرەکیی بەرهەمهێنانی ئەو کتێبە لەسەر دوو ئەستوونگ ڕاوەستاوە: دەستنیشان کردن و پۆلین کردنی تەوەرەکان، کە شازدە تەوەرەی فرە ڕەنگن. بژاردەی ناوونیشانی تەوەرەکان پرۆفیشناڵانە و پسپۆڕانەیە. ڕووبەرێکی فراوان و هەمەلایەنەیان داپۆشیوە لە جیهانی ئەدەب و هونەری منداڵاندا، تەنانەت سنوورشکێنی زەمەنی ئێستای ئەو ئەدەب و هونەرەیان کردووەتە ئەرکی خۆیان، چونکە دەزانین، کتێبخانە و میدیای کوردی چەندە هەژارن لە بوارەکانی وەکو: ڕۆمانی منداڵان و ڕۆژنامەوانی منداڵان و فلیمی کارتۆن و بەرنامەکانی بیستراو و بینراو و وەرگێڕان و پەخشان و شیعری زادەی هزر و خامەی منداڵان.

هەرچەندە ، وەکو ڕەخنەکارێک، وایدەبینم چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند منداڵانێکی تەمەن (٥ – ١٣) ساڵانی (کوڕ و کچ) یاریدەدەر بوو، تا باشتر لە مەرام و خەون و جیهانبینی و ئارەزووەکانی ئەوان حاڵی بین، بتوانین باشتر خزمەتیان بکەین. دەشکرا ڕاوبۆچوونی چەند مامۆستایەکی بە ئەزموونی باخچەی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتیش وەرگرین، دەکرێت ئەو پێشنیارانە بۆ چاپی دووەم لەبەرچاو بگیرێن.

فەیلەسوفی ئینگلیزیی، فرانسیس بیکۆن (١٥٦١ ـ ١٦٢٦) دەڵێت: «پرسیاری بلیمەتانە، نیوەی حیکمەتە» بۆیە ئەو زمانەی نووسەرانی کتێبەکە، دیمانەیان پێکردووە و هزر و هۆش و ئاگایی نووسەر و هونەرمەندەکانیان پێ گرداوە، پرسیارەکانن. کە وەستایانە جۆر و ڕەنگەکانیان هەڵبژاردراوە و چنراونەتەوە. دەکرێت بە گوێرەی ڕشتەی فەوەرەکان پرسیارەکان بەسەر چوار هۆبە دابەش بکەین: هۆبەی ئەدەبی، نووسین، شیعر و چیرۆک، ڕۆمان، هونەری گۆرانی و سرود و مۆزیک و شانۆ و فلیم، نیگار و کاری دەستکرد، میدیا و میدیاکاران.

تەوەرە هەیە دوو پرسیاری بۆ داندراوە، وەکو تەوەرەی ئەدەبی منداڵان، هەشە ١٠ پرسیارە، وەکو دیمانە لەگەڵ ئهمین گهردیگلانی.

دەکرێت بڵێین، ڕێژەی پرسیارەکان بەگشتیی لەنێوان (٤ ـ ٥) پرسیارە، ڕووبەرێکیشیان هێشتۆتەوە، بۆ ئەوەی نووسەر لە دەرەوەی بازنەی پرسیارەکانیشدا قسەی خۆی بکات.

داڕشتنی پەرسیارەکان بەگشتی کورتبڕن، ڕێزمانین، ڕەووان و بێگەردن، بێ تومووومژن، مەغزایان دیارە. تاق و لۆقەیان هەیە دەکرێت جوانتر، لە بۆتە بدرێنەوە، وەکو: (ڕۆڵی ئەفلام کارتۆن لەئاراستە کردنی منداڵان چییە؟)

د. هاوژین سڵیوە دەربارەی ئەم بڕگەیە

دەنووسێت: «هەندێک چاوپێکەوتن بەناوی من و بەناوی ڕۆستەم خامۆش بڵاوکراونەتەوە، هەندێک چاوپێکەوتنیش تەنیا بەناوی من لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاوکراونەتەوە، هەندێکیشی تەنیا بەناوی ڕۆستەم خامۆش. زۆربەی زۆریان دەکەونە ساڵی (٢٠١٩ ـ ٢٠٢٠ـ ٢٠٢١) بەڵام لەم پرۆژە هاوبەشەدا هەموو بابەتەکان موڵکداری هەردووکمانی پێوەیە، وەکو سەرچاوە وەرگرتن ئاماژە بەناوی هەردووکمان دەکرێت، چونکە لەماوەی ئەو سێ ساڵەدا، بە دەیان شەو تاوتوێی ئەو بابەتەمان کردووە، بۆیە ئەو پرسیارانەی من دامناون، یان ڕۆستەم خامۆش دایناون، ڕەنگدانەوەی ناخی هەردووکمانی پێوەیە. تەنیا دوو چاوپێکەوتن نەبێت، کە هەریەک لە: هیوا کەریم مەلا، عەبدولعەزیز ئەلکی لەگەڵ ڕۆستەم خامۆشیان کردووە، موڵک و ختمی ئەو دوو کەسەی پێوەیە«

## ٥: وەڵام و دیمانەکان:

لە هەڵسەنگاندن و لە سەرە دوبێژینگدانی ئەم بڕگەیە، پووختەی بۆچوونەکانمان بەسەر دوو خانە دابەش دەکەین: وەڵامی پرسیارەکانی ١٦ تەوەرەکە و وەڵامی پرسیارەکانی دیمانەکان:

لە خانەی یەکەمدا، دەبینین دەستپێک و پێشەکی و کۆتایی وەڵامەکانی خڕ نووسەر و هونەرمەندەکان، تا ڕادەیەکی زۆر لێک نزیکن و وێکدەچن، بۆ نموونە، لە دەستپێکدا، ڕۆشنایی دەخەنەسەر بایەخ و بەهای سەردەمی منداڵ، لە دوایین وتەشدا، قامێتک پێشنیاز، گلەیی و گازندە، کەموکوڕی، هیوا و مەرام دەخەنە بەردەم بەرپرس و لایەنە پەیوەندیدارەکانی جیهانی منداڵان، بەڵام لە مەتنی وەڵامەکاندا، هەرکەس بە گوێرەی ئاستی ڕۆشنبیریی و ئەزموون و دید و فەلسەفەی خۆی، گوزارشتی خۆی دەربڕیوە. بۆیە چەندە نیشانەی پێکاوە، یان سەرچیغ چووە، ئەوە بابەتێکی دیکەیە.


لە خانەی دیمانەکاندا، پرسیارەکان بۆ خودی نووسەرێک داڕێژراون و وەڵامەکانیش پتر لای ئەو نووسەرە دەست دەکەن، گوزارشتەکان جیاوازن و شێواز و دەستووری خۆیان وەرگرتووە، بۆ نموونە، وەڵامەکانی بەکر بەهرەمەندی زۆر تایبەتمەندیان تێدایە، دەبێت واش بێت، چونکە کرۆک و بازنەی پرسیارەکان جارنامەی مافەکانی منداڵە و ئەو زاتە چالاکوانەش سەرۆکی ڕێکخراوی (بەهرەمەند بۆ هۆشیاریی منداڵان)ە. بۆیە تەرخانکردنی بەشی دووەمی کتێبەکە بۆ ئەو دیمانە و چاوپێکەوتنانە، پۆلینکردنێکی ئەکادیمیانەی جوانە و خوێنەر دەتوانێت بە دیقەتتر لێیان وەردبیتەوە، وەکو ژێدەریش جارێکی دیکە لەبەری بگرنەوە.

لە هەڵسەنگاندنی هەردوو خانەکەدا، ڕەخنەکار تێدەگات، کە وەڵامدەرەوەی پرسیارەکان، لە ئاست بەرپرسیارەتیی و ئەمانەت و ئەمەکداریی مێژووی دان، دەزانن کە هێزی پرسیار داینەمۆی پێشکەوتنی هزر و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە و وەڵامەکانیشیان دروستکەری جیاوازیی و پرد و وورووژاندنی جیهانی خەیاڵی داهێنەرانەیە بەرەو ئاسوی جیهانێکی دیکە، کە ڕەنگە لە مێشکی خوێنەردا چەکەرە بکات و فەراهەم بێت.

## ٦: وردە تێبینی:

١) لە سەروبەندی ڕێکخستنی هێندێک لە پرسیارەکانی ١٦ تەوەرەکەدا، نەختێک لێڵی دێتە

**"ئێستە، ئێمە بۆ باخچەی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی، پێویستیمان بە کتێبێکی وەکو (ڕابەری مامۆستا)یە"**



> **"باشتر و شیاوتربوو، لە پەراوێزدا، پووختەی ژیاننامە و بەرهەمەکانی نووسەر و هونەرمەندەکان زۆر بە کورتی، ئاماژەیان بۆ کرابا"**



بەرچاوی خوێنەر، کاتێک قامتە پرسیارەکان لە پێشەکی تەوەرەکە ڕیزکراون و چوار، یان پێنج، یان شەش نووسەر/ هونەرمەند وەڵام دەدەنەوە، خوێنەر لە پرسیارەکان دوور دەکەوێتەوە، جار هەیە دەبێت بگەڕێتەوە سەر پرسیاری چوارەم، تا بزانێت پرسیار و وەڵامەکان، چەندە هاوسەنگ و هاوتەریبن لەگەڵ یەک. واتا ئەگەر بۆ وەڵامی هەر پرسیارێک (کلیلێک یان کۆدێک) هەبێت، هاسانکاریمان بۆ دەکات. دەزانم نووسەرانی کتێبەکە حەزیان نەکردووە پرسیارەکان بۆ هەر نووسەرێک/ هونەرمەندێک دووبارە بکەنەوە و ببێتە بارگرانییەکیش بەسەر کتێبەکەوە، بەڵام ئەو لێڵییەش، لەچەند شوێنێکدا هەیە.

٢) باشتر و شیاوتربوو، لە پەراوێزدا، پووختەی ژیاننامە و بەرهەمەکانی نووسەر و هونەرمەندەکان، زۆر بە کورتی، ئاماژەیان بۆ کرابا. ئەگەرچی بۆ ژمارەیەکی کەمیان کراوە، بەڵام زۆرینەکە وەلانراوە، نازانم بۆ؟

٣) چونکێ هێندێ دیمانە و چاوپێکەوتن، لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا، کۆپیکراونەتەوە، مانشێتی لابەلای (ڕێکلامی بابەتەکە) پەڕیوەتەوە نێو کتێبەکە، بۆ نموونە، لە سەرەتای دیمانەی بەکر بەرهەمەندی نووسراوە: «من باوەڕم بەڕێککەوتننامەی جیهانیی مافەکانی منداڵ هەیە و برگە بە برگە کارم بۆ بەدیهێنانی کردووە» خوێنەر هەست بە زەقی و نەگونجاوی و لەنگی ئەو ڕستە خوازراوەیە دەکات لەو جێگەیەدا، بەڵام سەرەتا نازانێت مەسەلەکە چییە.

٤) لەسەرەقەڵەمی نووسەرەکانی کتێبەکەدا، خاڵ هەیە، دەکرێت دەوڵەمەندتر بکرێت، بۆنموونە، لەبرگەی «ئەم کتێبە بۆ کێ گرنگ و پێویستە؟» هەرچەندە نۆ خاڵیان تۆمارکردووە و دەستەواژەی (بۆ ئەو کەسانەی...) دووبار بۆتەوە، لێ دەکرێت، ئەم خاڵەشیان بخرێتە سەر (بۆ لێکۆلەر و توێژەر و مامۆستا و خوێنکارانی زانکۆ و پەیمانگەکان، وەکو سەرچاوە و ژێدەر، پڕ بایەخن).

٥) خاڵبەندیی کتێبەکە پەسند و شیاوە، بەڵام دەکرێت جوانتر و ئەکادیمیانەتر پەیڕەو بکرێن، ئاساییە، دوو نووسەرەکە، خاڵبەندیی نووسراوی کەسەکانی دیّ، دەستکاری بکەن، چونکە ئامانج، وەدیهێنانی بەرهەمێکی جوان و پووختە.

٦) بەگشتی گلەییمان لە وەڵامەکان نییە، خاڵێن لە ئاماژەکردن بە ژێدەر و سەرچاوە و یاسا و ڕێساکانی نووسینی بابەتی ئەکادیمی، چونکە سرووشتی چاوپێکەوتن و دیمانە لە هەموو شوێنێک هەر وایە، هەرچەندە پرسیارلێکراو، سەربەستە لەشێوازی وەڵامدانەوەی خۆی، بەتایبەتی کە پرسیارەکانی بە نووسراو بۆ پۆست دەکرێت.

**بەشی دووەم: کتێبێک بە دوای کتێبێکی دیکەدا دەگەڕێت:**

دوای خوێندنەوەی کتێبێ (ئەدەب و هونەری منداڵان) ئەم بەشە، بۆ منی ڕەخنەکار بووە پاڵنەر و هاندەری ئەم نووسینەم.

ئەگەر بە دیقەت سەرنج لە پرسیارەکانی دوو نووسەرەی کتێبەکە بدەیت و ڕەخنەکارانە، کنە و پشکنین لە وەڵامی نووسەرەکان و هونەرمەندەکاندا بکەیت، بۆت بەدیار دەکەوێت، کە هەردوو لایان (نووسەرانی کتێب و نووسەرانی وەڵامەکان) بەگشتی و بە شێوەیەک لە شێوەکان، درکیان بەو مەسەلەیە کردووە، کە من لێرەدا دەورووژێنم.

بونیادی ئەم کتێبە، بازنەیەکەی سێ ئەلقەیە، کە قوڵفەکانیان بەیەکەوە بەستراونەتەوە )نووسەر/ دەق / پەیامگر) قسەمان لەسەر دوو ئەلقەی یەکەم نییە (نووسەر/ دەق).

**بەڵام (پەیامگر) جێگەی هەڵوەستەیە، چۆن؟**

لێرەدا پەیامگرەکە منداڵە، بە گوێرەی ئەو

پێناسەیەی کە منداڵناسان بۆ تەمەنی منداڵ دیارییان کردووە و سنووریان بۆ داناوە. کەواتە هەر هەموو نووسەران و هونەرمەندان و مامۆستایان و دایک و باوکان، مەبەستیانە ئەو بەرهەمانەی بۆ منداڵان ئامادە دەکرێن (بڕوانە ١٦ تەوەرەکەی ئەو کتێبە) بۆ دوو ئامانج بێت:

یەک: بگاتە منداڵەکان.

دوو: بەشێوەیەک پێشکیش و نمایش و ئەدا بکرێن، کە سوودە خوازراوەکانیان بهێننە دی.

شاعیران شیعر بو منداڵان دەنووسن، هەروەها چیرۆکنووس و ڕۆمانووس و شانونامەنووس بەرهەمەکانیان بۆ ئەوان دادەڕێژن. میدیاکار و پێشکێشکار و ڕۆژنامەوانەکانیش بە هەمان شێوە. کەواتە ئێستا ئێمە خەرمانێکی قەڵاچنکراومان لە بەرهەم بۆ ئەو منداڵانە ئامادەکردووە.

بەڵام دەبێت بپرسین: ئەو بەرهەمانە چۆن پێشکیش بەو منداڵانە دەکرێن و چۆن دەگەیێندرێنە مێشک و هزر و دەروونی ئەوان؟

دوو: نووسەرەکە و هێندێک لە وەڵامدەرەوکان، ویستوویانە لە هێندێک جێگە، سەر بەو پەنجەرەیە دابگرن بەڵام، شەرمنانە و سەرپێیانە، تەنانەت، نووسەر هەیە، لەو بارەیەوە بۆچونێکی لەم شیوەیەی هەیە: «منیش نازانم چۆن ئەو بەرهەمە بگەیێنم، چونکە پسپۆڕایەتیم لەو ڕشتەیەدا نییە، من چیرۆکنووسم، بۆ نموونە، نەک مامۆستا، زاتیش ناکەم قەرەی خۆم لە شتێک بدەم کە ئیشی من نەبێت و قسەی خۆشم لە عاردی نادەم».

با واقایعبینانە تەماشایەکی ژینگەی پەروەردەیی (فەرمی و نافەرمی / خوێندن و ماڵەوە) ی کوردرەواری خۆمان لە باشوور بدەین، دەبینین: هەرچەندە کۆلێژ و پەیمانگەی تایبەت هەیە بۆ پێگەیاندنی مامۆستایانی باخچەی منداڵان و خوێندنی بنەڕەتی، بەڵام لە زانستیی چۆنیەتی گەیاندن و پێشکێش کردنی ئەو بەرهەمانە بۆ منداڵان، هەژار و لاواز و کەم ئەزموونن، ئەگەر نەڵیم بێ ئەزموونن. ئەسڵەن زۆربەی مامۆستایانی باخچەی منداڵان، لە قوتابخانەکانەوە گواستراونەتەوە بۆ ئەو پۆستە نوێیەیان، واتە هیج پەروەردە و ئامادەکارییەکی ئەکادیمیانەی سەردەمییانەیان نییە و ناشارەزان، دەربارەی چۆنیەتیی بەرجەستەکردن و



تەوزیفکردنی بەرهەمەکان بۆ منداڵان.

**پووختەی قسەکانم ئەوەیە:**

دوای ڕاپەڕین، کە پڕۆگرامی خوێندنی بابەتی زمانی ئینگلیزی لە باشووردا گۆڕدرا و بوو بە بەرنامەی (Sunrise) کە دووازدە بەرگە. بۆ هەر قۆناغیکی خوێندن سێ کتێب ئامادەکرابوو، دوو بۆ فێرخوازان: (خوێندەوە و چالاکییەکان) کتێبێکیش بۆ مامۆستا بەناوی (ڕابەری مامۆستا) لەڕاستیدا ئەو کتێبەی (ڕابەری مامۆستا) زۆر پڕ بایەخ بوو، ئەگەرچی زۆرینەی مامۆستایان هەر نەیاندەخوێندەوە و پەیڕەویان نەدەکرد.

خاڵ بە خاڵ، هەنگاو بە هەنگاو، بڕگە بەبڕگە، بۆ مامۆستایان ڕاڤە دەکرد، ئەو بابەتە چییە و چۆنە و چۆن ئەدا دەکرێت و وەڵامەکانی چیین؟ واتە ئەو کتێبە چرا و فانۆس و دەستگری مامۆستا بوو، هەرچەندە مامۆستاکە ئەزموونیشی هەبوو، بەڵام وردە سەرنج و زانیاریی تێدا بوو ئەو پێی ئاشنا نەبوو. ئەو کتیبە، گۆپاڵی دەستی مامۆستا بوو.

ئێستە، ئێمە بۆ باخچەی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی، پێویستیمان بە کتێبێکی وەک (رابەری مامۆستا)یە، تادەستی مامۆستای کورد بگرێت و بزانێت چۆن بەرهەمەکەی پێشکەش بە منداڵان دەکات.

(کتێبێک بەدوای کتێبێکی دیکەدا دەگەڕێت) ئامادەکردنی ئەو کتێبە دەکرێت ببێتە ئەرکی

“

**کتێبی (ڕابەری ئەدەب و هونەری منداڵان) باسی چۆنیەتی نووسینی شیعر و چیرۆک، یان ئامادەکردنی مۆزیک، یان شانۆ بۆ منداڵان ناکات، بەڵکو فێرمان دەکات، چۆن ئەو شیعر و چیرۆک و شانۆنامە و مۆزیکە، لە ناوپۆل، یان لە ماڵەوە، پێشکێش بە منداڵ بکرێن؟**

”

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، یان وەزارەتی پەروەردە، یان هەر مەڵبەند و ناوەندێکی ئەکادیمی و ڕۆشنبیریی لە هەرێمدا. دەشکرێت زانکۆکان ئەو ئەرکە بگرنە ئەستۆ. ئەگەرچی لەبەر پەرشوبڵاوی و فراوانی پانتایی بابەتەکان، بۆ تاکە نووسەرێک، یان بۆ دووسێ نووسەری هاوبەشیش، ئەوە کارێکی پڕ زەحمەتە.

کتێبی (ڕابەری ئەدەب و هونەری منداڵان) باسی چونیەتی نووسینی شیعر و چیرۆک، یان ئامادەکردنی مۆزیک، یان شانۆ بۆ منداڵان ناکات، بەڵکو فێرمان دەکات، چۆن ئەو شیعر و چیرۆک و شانۆنامە و مۆزیکە، لە ناوپۆل، یان لە ماڵەوە، پێشکێش بە منداڵ بکرێن؟ چۆن ئەدا دەکرێن؟ چۆن دەخوێندرێنەوە؟ چۆن فێرە نیگار و وێنەکێشان و کاری دەستییان دەکەین؟

ئەدی مامۆستا و باوانی منداڵان، خۆیان ئەمانە نازانن؟

نەخێر، ئەوان بە شێوە ئەکادیمی و زانستییەکەی، کە ئیمڕۆ لە جیهان پەیڕەودەکرێت و زانا و دانا و پسپۆرانی مەزن، دەستوور و بەرنامە و پرۆگرامیان بۆ داناوە، نایانزانن، یان باش پێیان ئاشنا نین. لەو وڵاتانەی پەروەردە و فێرکردن بایەخی باشیان پێدراوە و پێشەنگن، دەمێکە خاوەن ئەو (ڕابەر)ەن و ئەزموونی باشیان بۆ خۆیان چنیوەتەوە.

بۆ ئەوەی کۆی بەرهەمی نووسەر و هونەرمەندان، کە تایبەت بۆ منداڵانیان ئامادەکردووە و وەبەرهێنراون، لەنیو چالەبەفران دەریان بێنین و ڕۆحیان بکەینەوە بەر و زیندوویان بکەینەوە و منداڵەکانیان، هەم پێ دڵخۆشکەین و هەم خزمەتیشیان بکەین، دەبێت بە جددی کار بۆ ئامادەکردن و چاپکردنی ئەو (ڕابەر)ە بکەین. بێگومان ئەوە خزمەتیش بە مامۆستایان دەکات، ئەرکی سەرشانیان سووک دەکات، کاتەکان باشتر بەسەردەبەن و ڕەنج و ماندووبوونیشیان لەگەڵ منداڵەکان پڕ خێر و بێرتر دەبێت.

ئایا کە مامۆستا لە پۆلدا، شیعرێک، یان گۆرانییەک، یان چیرۆکێک، دەربارەی (خۆشەویستی و مەزنایەتیی باوک) بۆ منداڵان پێشکێش دەکات، ئەوە لەبەرچاو دەگرێت، کە ڕەنگبێت لە پۆلەکەدا منداڵی باوک مردوو، یان جیابۆوە لە باوک، یان باوکی پەککەوت و خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکانی هەبێت؟ هەمان شت بۆ ئەو منداڵانەی بێ دایکن و دوور لە دایک؟ چۆن شیعرێک بۆ ناشیرینکردنی (جەنگ) پێشکێش دەکەیت و لە پۆلەکەتدا، قوربانیانی جەنگت هەیە؟ هەمان شت دەرباری توندوتیژی و مردن و نادادی و ڕەگەزی نێر و مێ و زۆر شتی دیکەش. کەدەبێت زانستیانە و بە بەرنامە ئەدا بکرێن لە جیهانی منداڵاندا. منداڵ هیچ نازانێت دەرباری بایەخ و مەزنی و بەهای کتێب و شانۆ و فلیم و سینەما، بۆ نموونە. ئەوانەی دەبێت ئەکادیمییانە بۆ مامۆستاکان و باونی منداڵان، بخرێنەڕوو و مەشق و ڕاهێنان و خوولی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە. هەروەکو چۆن، بۆ دایکێک، کە نوبەرەی دەبێت، لە نورینگە و ناوەندەی تەندرووستی تایبەتمەندا، فێر دەکرێن چۆن مەمک بدەنە منداڵاکانیان و فێرە شیرگرتنەوەیان دەکەن.

### ئەم کتێبانە، وەک سەرچاوە سوودیان لێوەرگیراوە:


١- ئەدەب و هونەری منداڵان (٢٠٢٢) د. هاوژین سڵیوە و ڕۆستەم خامۆش، چاپخانە (؟)

٢- Children›s Literature: An Issues Approach. Third Edition.

Rudman, Masha Kabakow

٣- Children›s Literature in the Elementary School. Fifth Edition.

٤- Huck, Charlotte S.; And Others

٥- Teaching Children›s Literature. It's Critical!

ByChristine H. Leland, Mitzi Lewison, Jerome C. Harste, ٢٠١٧

٦- JOURNAL ARTICLE

Issues in Selecting Multicultural Children›s Literature

JUNKO YOKOTA

Language Arts

Vol. ٧٠, No. ٣, Multicultuarlism and the Language Arts (March ١٩٩٣), pp. ١٥٦-١٦٧

٧- Four good reasons to use literature in primary school ELT

٨- ELT Journal, Volume ٥٦, Issue ٢, April ٢٠٠٢,

# چەند سەرنجێک لە سەر کتێبی
# میر محەممەدەمین دەرگەڵەیی


دلشاد باڵەکی

کتێبی میر محەمەدەمین دەرگەڵەیی لەنووسینی (محـەمـەد گـۆران) کتێبێکی خنجیلانە لـەدوو توێی (١٢٥) لاپـەڕە ئـەم ساڵ (٢٠٢٢) چاپ و بڵاوکرایەوە. گۆران دوو کتێبی دیکەیشی هەیە، بەناوەکانی (ڕەمزی نافیع، ڕۆڵەیەکی هەولێری فیداکاری سەربەخۆی کوردستان، خانەی لەپ زێڕین و شەڕی شەش مانگەی قەڵای دمدم).

بەسەرنجدان لـەم سێ چەمکانە، یەکیان (میر، ئاغا، خان) ئەوەمان پێ دەڵێت کەوا ئەو نووسەرە پاشخانێکی یەک لەم دەستەواژانە هەبێت یاخود خۆی تموحی ئەوەی هەبێت، خۆشی ئەو پرسیارە دەکات، بەڵام پرسیارەکان فرێ دەدات و دەیەوێت خوێنەر و نوخبە بەو بابەتە بوروژێنی و قسەی لەبارەوە بکەن.

بەکارکردن لەگەڵ ئەو نووسەر و ڕۆژنامەنووسە لەساڵانی پێشوو کە لەگۆڤاری «سڤیل» (٢٠١١-٢٠١٣) بەیکەوە کارمان دەکرد ئەو بەرپرسی مەلەفی کۆمەڵایەتی بوو و منیش پەیامنێر زۆر شتمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، وەکو کورد گوتەنی «دەستی لەشانە زەنگەسۆر وەردەدا» ئەوکاتیش زۆر حـەزی لـەدیـداری سـەرۆک هـۆز و ئەو کەسانە هەبوو، بۆ نموونە جارێک دیداری لەگەڵ «حاجی فازل گەردی» سەرۆک هۆزی گەردیاندا لەخەبات کرد، دیدارەکە دەنگی دایـەوە، خەڵکی گوندی بەرحوشتر و کەوڕەبەن، محەمەد سەلەمە موختاری گوندی بەرحوشتر کە ماوەیەک پێش ئێستا کۆچی دوای کرد تەلەفۆنی بۆ کـردم و گوتی: دڵشاد لەگۆڤاری «سڤیل» موقابەلەی حاجی فازل گەردی کراوە، مێژووی شێواندووە، دەربـارەی ئـەو دوو گوندە دەمانـەوێ وەڵامی بدەینەوە، من زوو زانیم محەمەد گۆران ئەو دیـدارەی کـردووە، ڕوونکردنەوە بڵاوبوویەوە لەسەر قسەکانی حاجی فازل بەناوی ڕیش سپی و کەسایەتیەکانی هەردووک گوند.

جارێکی دیکەیش من دیدارێکم لـەگـەڵ قەشە پەترون – قەشەی کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی ئاشووری لەدیانا کرد، قەشە لەهەندێک بابەت لەسنوری سۆران نیگەران بوو، پرسیاریکم لێ کرد لەنێو مەسیحیەکانی دیانا مادده کحولییەکانی (شەراب) دەفرۆشرێت ئەمە کێشەی بۆ ئێوە درووست نـەکردووە؟ قەشە پەترون گوتی: پرسیارێکی زۆر باشە، ئەوە کێشەیە بۆ ئێمە، ئێستا کچەکانی



ئێمە ناوێرن بچنە دەرەوە خەڵکانێک مەشروب دەخۆنەوە، بیستوچوار کاتژمێر ئۆتۆمبیل لەسەر جادەکانمانن. گوتی نابێت دوکان و فرۆشگای مەشروب لەناو ماڵان یان نزیک کەنیسە بێت، محەمەد گۆران مانشێتەکەی وا لێ کردبوو.

قەشە یەترون- قەشەی کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی ئاشووری لەدیانا: «لەسۆران کچەکانی ئێمە ناوێرن بێنە دەرەوە« لەسەر ئەو مانشێتە و موقابەلەیە کە قسەی دەردە دڵیشی تێدابوو کاریگەر بوو، یەک لەپەیامنێرانی هەفتەنامەی زاری کرمانجی تەلەفۆنی بۆ کردم گوتی «چەند گەنجێک هاتوونەتە لامان لەدەزگای زاری کرمانجی دەڵێن خۆپیشاندان دەکەین، یان دەبێت لەزاری کرمانجی وەڵامی قەشە بدەینەوە. هەر لەسەر ئەو بابەتە لەژمارەی نوێی گۆڤاری «کۆوار» کە دەزگای زاری کرمانجی دەری دەکرد، ڕاپۆرتێکیان لەسەر پێکەوەژیان لەسۆران کرد، ئەو ڕاپۆرتە وەڵامێک بوو بۆ ئەو دیدارە، چونکە من خوێندنەوەم بۆ دەسەڵاتی خۆجێی و نوخبە و گرووپەکانی فشار و پارت و گروپەکان لەو سنورە هەیە، وەکو کورد دەڵێت: «دەمزانی کەر لەکوێیە و کوندە لەکوێ دڕاوە«.

تەلەفۆنم بۆ محەمەد گۆران کردەوە، گوتم ئەو دیدارە دەنگدانەوەی هەبوو، گوتی: «چۆن نایبی قەشە بەناو کەوتبوو» ئەو دوو نموونەی سەرەوە شت گەلێکمان پێ دەڵێت لەسەر ئەو نووسەرە، تەواوکەری دەستبردنی ئەو گەنجەیە بۆ نووسینەوە و بەچاپ گەیاندنی ئەو کتێبانە. محەمەد گۆران نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی سادە و سەر ڕاستە و دەیەوێت کارێک بکات کەس دەستی بۆ نەبردبێت.

دەستبردنی گەنجێکی دەشتی هەولێرێ بۆ نووسینەوە و هەڵدانەوەی دیوە شاراوەکانی هەندێک کەسایەتی و سیاسی مانای زۆر هەڵدەگرێت، وەکو لەسەرووتر باسی هەندێک کارکردنی ئەو نووسەرە و ڕوئیایی کارکردنیم کرد، لەکتێبی (میر محەمەدەمین دەرگەڵەیی) ئەوەمان پێ دەڵێت کەوا نووسەر سەرسامی کەسایەتی (میر محەمەدەمین) بووە، لەڕابردوو پەی بەزۆر شت بردووە، ئەگینا چۆن لەهەولێرێ دێت بۆ گوندێکی پەناگە و دوور لەشار، باسی وێستگەکانی ژیانی بکات، ئەو لەنووسینەوەی ئەو دیوە شاراوانەی کە مێژووی سەرکردە و واقیعی ئەوکاتی کەسایەتییەکان و خەڵکیش بۆ

> "میری دەرگەڵە چاوی لە پێگەی میرایەتی و بنەماڵەی خۆی بووە، ئەوەتا ئەگەرچی عەباس ئاغای سەرکەپکان زاوای میر محەمەدەمین بووە، بەڵام نەیهێشتووە لە ناوچەکە دەسەڵاتدار بێت"

بارودۆخەکە دەخاتەڕوو. ئەگەر چی کتێبەکە سەرنجی زانستی و ئەکادیمی لەسەرن، دەبووا باشتر بووایە و دەوڵەمەندتر بکرێت، بەڵام قسەی من زیاتر لەسەر ناوەڕۆکی فیکرەی پڕۆژەکە و خودی کەسایەتیەکەیە.

میر محەمەدەمین پیاوێکی ئازا و تێگەیشتوو و خاوەن هەڵوێست بووە. ئەو دیدی بۆ پرسی پێکەوەژیان و ئاینزاکان زۆر باش بووە، هەروەها بەگرنگەوە ڕوانیوویەتیە پرسی ئافرەت و بایەخی پێداون.

لەکەمترین ماوە کتێبی (میر محەمەدەمین)م خوێندەوە. لەکتێبەکەدا چەند هەڵوێستێکی گرنگم لێ بەدی کرد، هەڵوێستێک لەکاتی کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکاندا کە هێشتا ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بەشێک بووە لەعێراق سەر بەخەلافەتی عوسمانی (نوێنەری والی موسڵ سەردانی قەزای ڕواندز دەکات هەموو کەسایەتی و سەرۆک عەشیرەتەکانی دەڤەرەکە کۆدەکاتەوە، پێیان دەڵێت بەبڕیاری والی ئێوەش دەبێت لەشکر کۆکەنەوە بۆ قەتلوعامی ئەرمەنەکانی دیانا، هاودیان، هەریر، هەموویان بەفەرمانی والی ڕازی دەبن، کە نۆرە دەگاتە میر حەمەدەمین پێی دەڵێت تۆ چەند لەشکرت پێ ئامادە دەبێت؟ لەوەڵامدا دەڵێت من نە لەشکری ئامادە دەکەم، نە بەشداریش دەکەم. نوێنەرەکە تورە دەبێت، چۆن شتی وا دەبێت و میر دەڵێت: من ئەوە بەتاوان دەزانم. تەنیا میر محەمەدەمین ڕازی نابێت، دوایی دەبێتە دەمەقاڵێ (حەمەد عەلی ئاغا)ش پەشیمان دەبێتەوە و دەڵێت: منیش پشتگیر میر دەکەم، بەمجۆرە کەسایەتی و سەرۆک هۆزەکانی ڕواندزێ بوونە دووبەرە. نوێنەری والی دەڵێتە میر هەموو خەتای تۆ بوو، دەچمەوە لای والی دەبێت لەسێدارەت بدات. ئەویش بێ منەت دەبێت لێی و لەکۆتاییدا فەرمانەکە پوچەڵ دەکرێتەوە.

میر بۆ پرسی نەتەوایەتی و خیانەت نەکردنیش لەسەرکردە و کەسایەتییە کوردەکان هەڵوێستی هەبووە. بۆ نموونە لەساڵی (١٩٤٣) مستەفا بارزانی بەدەڤەرەکەدا گەڕاوە داوای لەهەموو سەرۆک عەشیرەت و کەسایەتییەکان کردووە، گوتویەتی شۆڕش دەکەین پێویستە هاوکاری بکەن، هەمووان بەڵێنی هاوکاری و پاڵپشتیان پێداوە، تەنیا میر محەمەدەمین بەڵێنی هاوکاری کردنی نەداوە، گوتوویەتی من بەڵێنی ئەوەت پێ دەدەم کە خیانەتت لێ نەکەم، بەڵام بەڵێنی

**دەبووایە هەڵوەستەی لەسەر (عزەت سلێمان بەگ) و (زرار سلێمان بەگ)یش کە دوو کەسایەتی بوون، بکردایە!**

هاوکاریت نادەمێ. بارزانی کاتێک دەستی بەبزوتنەوەی چەکداری کرد، ئەوانەی بەڵێنیان پێدا، نەک هاوکاریان نەکرد، بەڵکو هەندێکیان لەدژی چەکیشیان لەحکومەت وەرگرت، تەنیا میر چەکی لەحکومەت وەرنەگرت و دژی نەوەستا.

میری دەرگەڵە چاوی لەپێگەی میرایەتی و بنەماڵەی خۆی بووە، ئەوەتا ئەگەرچی عەباس ئاغای سەرکەپکان زاوای میر محەمەدەمین بووە، بەڵام نەیهێشتووە لەناوچەکە دەسەڵاتدار بێت. هەروەها (زرار سلێمان بەگ) کە نەوەی میرە لەکتێبی «بیرەوەرییەکانم» دەنووسێت: میر ڕێگری کردووە لەوەی قوتابخانە لەگوندی دەرگەڵە بکرێتەوە. ئەوەش بەقسەی میر لەژێر کاریگەری هەندێک کەسی نزیکی بووە. لەدوای مردنی میر محەمەدەمین، (جەلال بەگ) کوڕی بچووکی دەست نیشان دەکات بۆ میرایەتی و جەلال بەگ دەبێتە میر، ئەو تێگەیشتنی باشی بۆ پرسی ژن و پرۆسەی پەروەردە هەبووە و لەساڵی (١٩٥٣) هاوکار دەبێت و قوتابخانە لەو گوندە دەکاتەوە. کچەکەی بەناوی (بەهار) و بەهیەیی دۆتمامی بەهار دەچنە قوتابخانە. میر محەمەدەمین ویستوویەتی قەڵەمڕەوی خۆی و میرایەتی فراوان بکات و لەڕێگەی ژن و ژنخوازی پەیوەندی بەهێز لەگەڵ ناوچە گرنگ و ستراتیجییەکاندا هەبێت، وەکو ڕانیە و هەولێر و چەندین شوێنی دیکە.

ئەوەی تێبینم کرد، لەو کتێبەدا و دەبووایە هەڵوەستەی لەسەر کردبا، بەئەرێنی و بە نەرێنی، (عزەت سلێمان بەگ) و (زرار سلێمان بەگ)ن، کە دوو کەسایەتین، دەکرا قسەیان لەبارەوە کرابایە! دەتواندرا بەدوو ئاراستە یەکیان بەئاراستەی شیوعییەت، لەسەر ئەوەی دیکەیشیان بەڕێگەی پارتایەتی و (مەلایەتی) دۆستایەتی نێوان ئەو بنەماڵەیە لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەی بارزان بوو. بۆ نموونە لەدوای مردنی (عزەت سلیمان بەگ) کتێبێکی بەناونیشانی (شانێک بەبن باری نیشتمان)ەوە، کە بیرەوەری عزەت سلێمان بەگ بوو ساڵی (٢٠٢١) بڵاوکرایەوە، کە پێشمەرگە و دڵسۆزێکی سەر ڕاستی نێو خەباتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بووە، بەڵام لەم کتێبەیدا گۆران ئاماژەیەکی ئەوتۆ، کە جێگەی باسکردن بێت، بەو کەسایەتییەی نەوەی میر محەمەدەمین نەکردووە، ئەوەش بۆ خۆی گومان هەڵدەگرێت!.

کە دەشڵێم (زرار سلێمان بەگ) ئەو ئەفسەری کۆماری مهاباد بوو، پیاوێکی ڕۆشنبیر و دڵسۆز و نیشتیمانپەروەر بوو، تا وەفاتیشی کرد لەهەولێر و سۆران بەردەوام سەردانم دەکرد، دیدارێکیشم لەگەڵی کرد و لەگۆڤاری سڤیل بڵاوکرایەوە و کتێبەکانی بەدیاری پێبەخشیم، کە لێشم پرسی ئەی کتێبی بیرەوەریەکانت؟ گوتی: لەسنوری هەولێر نییە و لێ ناگەڕێن، دواتر کتێبەکەم لەسلێمانی و دەزگای جەمال عیرفان بەدەست گەیشت.

کە لە سۆران بوو، زوو زوو سەردانم دەکرد. پێش مردنی جارێک سەردانم کرد لەژوورەوە بوو، نەخۆش بوو، سەروەری کوڕیشی هاتە لامان ئەو وێنەی قازی و ئاڵای سەردەمی کۆماری کوردستانی لەسەر سەری هەڵواسی بوو، بەئەستەم گوێی لەقسەکان دەبوو، مێزەکەی پێشی ڕۆژنامە و کتێبی لەسەر بوون، ئەو ڕۆژە خۆم بۆ نەگیرا تێر بۆی گریام، بۆ ئەوە گریام تێکۆشەرێکی وا گەورە ئاوڕی لێ نەدرێتەوە. من هەستم دەکرد زرار سلێمان بەگ چاوی لەدەرگا بێت و پێش مردن و بەو تەمەنە پیرییەوە، فەرموو لە کاک مەسعود بارزانی بکات، پێی بڵێ بەخێر بێیت، بەڵام نەی بینی و ئۆغری کرد.

«مێزەکەی پێشی ڕۆژنامە و کتێبی لەسەر بوون، ئەو ڕۆژە خۆم بۆ نەگیرا تێر بۆی گریام، بۆ ئەوە گریام تێکۆشەرێکی وا گەورە ئاوڕی لێ نەدرێتەوە»

بۆیە گرنگە نووسەری کتێبی (میر محەمەدەمین دەرگەڵەیەیی) لەچاپی دووەمی کتێبەکەدا ئاوڕێک لەو دوو کەسایەتییە بداتەوە، هەڵوەستە لەسەر بیروباوەڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوانە بکات، بەراوردێکیش لەنێوان میر محەمەدەمین و نەوەکانی بکات، ئایا بۆچی لەدوای میر، جەلال بەگ وەکو جێنشین دەستنیشان کرا، لەدوای جەلال بەگیش قۆناغەکە گواسترایەوە بۆ ماڵی سلێمان بەگ و پاشانیش عزەتی کوڕی.

**(*) گوندی دەرگەڵە (٢٥)کم دەکەوێتە سنوری قەزای ڕواندز، سەر بەناحیەی وەرتێی قەزای ڕواندزە- ئیدارەی سەربەخۆی سۆرانە، لەئێستادا نزیکەی (١١٠) ماڵە.**

# خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی زۆربای ئێرانی

سەدیق سەعید ڕواندزی

مرۆڤەکان، هەمیشە بەو ئومێدەوە بەشداری شۆڕشەکان دەکەن، کە دواجار شۆڕش دونیای پێشوویان بۆ بڕوخێنێت و دونیایەکی دیکەیان بۆ بونیاد بنێت. بەڵام نازانم کێیە دەڵێت: ( شۆڕشەکان زیندانێک دەڕوخێنن بۆ ئەوەی زیندانێکی دیکە بونیاد بنێن) گەلێک جار شۆڕشەکان لەبری ئەوەی خەونی هەمووان بێننەدی، بە پێچەوانەوە ئەو خەونانەش دەژاکێنن، تا ئەو ڕادەیەی جۆرێک لە پەشیمانی دامان بگرێت. لە دەروەی شۆڕش، مرۆڤ وێناکردنێکی هەیە بۆ ژیانی دوای شۆڕش، بەڵام کاتێک ئەزموونی ئەو ژیانە نوێیەش دەکات، ڕەنگە جۆرێک لە پەشیمانی دایبگرێت و شۆڕش بە وەهم و خۆخەڵەتاندن بزانێت. سوڵتانی پاڵەوانی ڕۆمانی (زۆربای ئێرانی)ش لەو کەسانەیە، کە بەشداری شۆڕش و لە چاوەڕوانی شۆڕشدا، دە ساڵی تەمەنی خۆی لە زیندانەکانی شادا، بە بیانووی پەیوەندی بە چەکدارە یاخیبووەکانەوە دەباتە سەر و کاتێکیش ئازاد دەکرێت، نەک تەنیا کامێراکە و تۆمارگەکەی، بگرە خۆشی شوێنێکیان لەو شۆڕشە نوێیەدا نابێتەوە.

زۆربای ئێرانی، ڕۆمانێکە پڕ لە سیحری گێڕانەوە و سەرگوزشتە و ڕووداوی وەهمی و ئایینی و کۆمەڵایەتی، کە هەموویان پەیوەندییان بە ژیانی سوڵتان و وڵاتەکەیەوە هەیە. لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە بەردیالۆگێکی سادە، بەڵام قووڵ دەکەوین، ئەویش ئەوەیە، کە مەلەکان دەفڕن و یەکدی لەو فڕینە بە ئاگادێنن. ئەم سەرەتایە، کە دەکرێت وەکو بەشێکی سەربەخۆ لە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە ببینین، پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە ژیانی پاڵەوانی ڕۆمانەکەوە هەیە. چونکە ئەویش هەر لە منداڵییەوە بەردەوام خولیای شکاندنی سنوورەکان و گەڕان و ڕامانی هەیە و هەمیشە بە دووربینەکەیەوە لە قوڵەی قەڵاکەوە، لەهەموو شتێک ورد دبێتەوە و سەرنجیان دەدات. فڕینی مەلەکان و ئەو خولیایەی پاڵەوانی ڕۆمانەکە لێرەدا یەک دەگرنەوە. مەلەکان بەردەوام بە یەکدی دەڵێن: (هەموومان هەر دەفڕین، جا لە پێشەوە بێت، یان لە دواوە، هەموومان هەر یەکین) بێگومان فڕین بە مانای سەربەستی و ژیانێکی بێ کۆت و بەند دێت، بەڵام ئەوەی بەلای مەلەکانەوە گرنگە خودی فڕینەکەیە، نەک ڕیزبەندی فڕینەکە. کە ئاخۆ کامەیان لە دواوەیە و کامەشیان لە پێشەوە. ئەوەی لێرەدا بۆ ئەوان گرنگە، خودی فڕین و هاوشێوە بوونییانە. هەمیشەش لە فڕیندا، سنوورێک نییە و ئازادانە دەتوانرێت هەموو جێگە و شوێنێک تەی بکرێت. ئەم فڕینەی مەلەکان، بە بڕوای من ڕەهەندێکی سیاسی هەیە لای ڕۆماننووس، چونکە ئەویش لە وڵاتەکەی خۆیدا، ئازاد نەبووە و ناچار بەوە کراوە بۆ شوێنێکی دوور کۆچ بکات. کەواتە ئەوەی یەک دەگرێتەوە، دیاردەی کۆچکردنە لە نێوان مەلەکان، خودی نووسەریش، ئەوێی خۆی بە بەراورد لە گەڵ ئێرەی ئەواندا، وەکو قەفەسێک دەبینێت. ئەمە لە لایەک، لەلایەکی دیکەوە کاتێک مەلەکان بە یەکدی دەڵێن هەموومان وەکو یەکین، واتە جیاوازیمان نییە و کەسمان لەوی دی زیاتر نییە، ئەمەش بە مانای هاومافی و

یەکسانیبوونی مرۆڤەکان دێت. ئەم دیالۆگە لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا، جوانییەکی تایبەت و چێژێکی تایبەتی بە دەسپێکی ڕووداوەکان داوە، کە دەکرێت وەکو دەقێکی کورت و مانادار، لەنێو ڕۆمانەکەدا بیبینین. ئیدی لێرە بە دواوە، ڕۆماننووس دێتە سەر باسی سوڵتانی پاڵەوانی ڕۆمانەکە.

ئەم ڕۆمانەی ڕۆماننووس، بە بەراورد لەگەڵ ڕۆمانەکانی پێشووی، بە تەکنیکێکی جیاواز نووسراوە. بۆنموونە: لە ڕۆمانی مەککەدا، گێڕانەوەکان بازنەیین، بەڵام لە زۆربای ئێرانیدا، گێڕانەوەکان بەشێوەی مۆنتاژ و تێکەڵکردن و پاش و پێشخستنی ڕووداوەکان و گۆڕینی زەمەن و شوێن و یادەوەرییەکانی سوڵتانە. ئەم ڕۆمانە، بەشێوەی سیناریۆیەکی سینەمایی نووسراوە، کە هەرلۆکەیشنەکی لە شوێنێکدا تۆمار کرابێت. چونکە خودی سوڵتانیش سینەماکارە و کاری فلیمسازی دەکات. بۆیە ڕۆماننووس بە ئاگایەکی زۆرەوە، ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە و ژیانی خۆی، لە دووتوێی نووسیندا بەرجەستە دەکات. پاڵەوانی ڕۆمانەکە، هەر لە سەرەتاوە و لە منداڵییەوە لە قوڵەی قەڵاکەوە، خواستی ئەوە بووە لە زوومی دووربینەکەیەوە ڕووداوەکان ببینێت. کاتێکیش بە ڕێکەوت لە ڕێگای ڕیکلامی کۆمپانیاییەکەوە، دەبێتە خاوەنی کامێرایەکی پێشکەوتوو، ئیدی خواستەکانی ئەویش لەپێناو تۆمارکردنی ڕووداوەکانی مێژوو، گەورەتر دەبن و پاشانیش ئەکادیمیای هونەر تەواو دەکات و دەبێتە فیلمسازێکی بەناوبانگ. ئەم ناوبانگییە بۆ سوڵتان سەرەتای سەرکێشییەکی گەورەی ژیانیەتی. سوڵتان دوای ئەوەی دەبێتە دەرهێنەرێکی بەناوبانگی سینەمایی، ئیدی سەرکردەی پارتیزانەکان پەیوەندی پێوەدەکات و داوای لێ دەکات لەڕێی کارەکەیەوە، بچێتە نێو ژیانی بنەماڵەی شاو کارێک بکات تا شاژنی وڵات بڕفێنێت و بە چەکدارە ئۆپۆزسیۆنەکانی بگۆڕنەوە.




لە سەرێکی دیکەشەوە، سوڵتان چونکە لەلایەن ڕەزا شا و خێزانەکەشی کارەکتەرێکی بواری سینەمای نیشتمانی دیارە، ئیدی کارەکە بۆ ئەو ئاسان دەبێت. بەم شێوەیە فیلمێکی دیکۆمێنتاری لەبارەی ژیانی شاوە ئامادە دەکات و ئەمەش بە دەرفەتێک دەزانێت بۆ ڕفاندنی خانمی یەکەمی وڵات. کارەکەی سەر دەگرێت و دوای ئەوەی دەیەوێت هەڵبێت، لە سنووری پاکستان دەگیرێت و (١٠) ساڵ زیندانی دەکرێت. سوڵتان لە چاوەڕوانی ئازادبوونیدایە کاتێک شۆڕشی ئیسلامی دەست پێ دەکات. ئەو بڕوای وایە، کە ئیدی خۆری ئازادی هەڵدێت و شۆڕش ژیانێکی تازەی پڕ لە بەختەوەری و خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان بونیاد دەنێت.

> **“ ئەم ڕۆمانەی ڕۆماننووس، بە بەراورد لەگەڵ ڕۆمانەکانی پێشووی، بە تەکنیکێکی جیاواز نووسراوە ”**

بەڵام زۆری پێ ناچێت، دەکرێتە سەرباز و بەشداری شەڕی ئێران و عێراق دەکات. سوڵتان بەردەوام دەبێت لە سەرکێشیکردن بە ژیانی خۆی و ئەمجارە لە بارەی ژیانی خومەینی و شۆڕش و دەسەڵاتی مەلاکان، دیکۆمێنتارییەک ئامادە دەکات و وڵات جێدێڵێت. بەتایبەتیش کە مەلاکان دەست بەسەر هەموو ژیان دادەگرن. ئیدی لەڕێی فلاشباکەوە دەگەڕێتەوە ژیانی ڕابردووی خۆی و خێزانەکەی و کۆمەڵگەکەشی. واتە لەنێوان ژیانی ئێستای کە لە هۆڵەندایە و ژیانی ڕابردووی کە لە ئێران بووە، دێت و دەچێت و دیمەنەکان لە شێوەی فیلمێکی سینەمایی، بە گرتەی جیاواز بۆ (ئاورێلیا) دەگێڕێتەوە. لێرەدا لەسەر کەسییەتی سوڵتان دەوەستین. چونکە کۆی ڕۆمانەکە، سەرگوزشتەی گێڕانەوەی ژیانی ئەو کارەکتەرەیە، کە وەکو گەواهیدەرێک بەسەر مێژووی سیاسی وڵاتی ئێراندا، بۆ ماوەی سێ دەیە دەردەکەوێت. سوڵتان هەر لە منداڵییەوە چەند خاسیەتێکی کەسی و کۆمەڵایەتی هەن، کە وای لێدەکەن جیاواز لەوانی دیکە دونیا ببینێت و بیر بکاتەوە. بۆیە بەردەوام لە قوڵەی قەڵاکەوە، بە دووربین دوور دەڕوانێت و لە شتەکان ڕادەمێنێت. ئەو دوور ڕوانینە، دەسپێکی خۆپچڕاندنی سوڵتانە لەو ژیان و فەزا کۆمەڵایەتییە داخراوەی کە بڕوایان بە جنۆکە و چیرۆکی ئەفسانەیی و وەهمی هەیە. لە کەسیەتی

**لە ناونانی ڕۆمانەکەش بە زۆربای ئێرانی، وەرگێڕ سەرکەوتوو بووە. چونکە ئەم ناوونیشانە، بە بەراورد لەگەڵ ناوونیشانی بنەڕەتی کتێبەکە، هەم ناوونیشانێکی کورت و جوان و مۆزیکییە، هەمیش سەرنج ڕاکێش**

سوڵتاندا، دوو ڕەفتار هەن، ئەویش گومان و پرسیارکردنە. سوڵتان هەموو سیمایەکی بوون و ژیان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، گومانی لا دروست دەبێت. ئەم گومانکردنە، هەستێک لای سوڵتان دروست دەکات، کە ئەو سنوورە کۆمەڵایەتی و ئایینیانە ببڕێت و ئەو وێنە دۆگمایانە تێکبشکێنێت، کە لەو قەڵایەدا و لەنێوان کۆی خێزانی ئەوان هەن. ئەگەرچی ئەو سەرکێشییەی ژیانی سوڵتان وەکو منداڵێک، دەیخاتە بەردەم مەترسی و دەستدرێژی و ئەتککردن (وەکو چیرۆکی بردنە ناو ئەشکەوتی لەلایەن کوڕی قەسابەکەوە ل٧٦) بەڵام ئەو داکۆکی لەو سەربەستی و بوونەی خۆی دەکات و خۆی ناداتە دەست. سوڵتان دەزانێت هەموو سەربەستییەک و تێکشکاندنی کۆت و بەندێک، قوربانی و خۆڕاگری دەوێت، بۆیە ئەویش لەپێناو دەرچوون لە ژیانی ئەو قەڵا داخراوە، ڕووبەڕووی سەختی دەبێتەوە. چونکە دایک و خێزانی سوڵتان هەر لە سەرەتاوە، وایان لە ئەو گەیاندووە، کە قەڵا بۆ ئەوان هێمای هەموو شتێکە و نابێت پیرۆزییە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو قەڵایە بشکێنرێت. وەکو ئەوەی سوڵتان لە چەند شوێنێکی ڕۆمانەکەدا ئاماژەی پێ دەدات.

بۆنموونە: (دایکم دڵشاد بوو کە کتێب دەخوێنمەوە ناچمەدەر ل٦٠، پردە دارینەکە سنوور بوو، نەدەبووایە هەرگیز بپەڕمەوە ئەوبەرل٧٥، بۆچوونە ناو ئەشکەوتەکە بە تاسەتر بووم ل٧٦، هەر بە ڕاستیش سەخت بوو قەڵاکە جێبێڵم ل ٢٣٥) ئەو سنووردارکردنەی ژیانی سوڵتان، ئەوەندەی دی سوڵتان هان دەدەن کە پرسیار بکات و بگەڕێت. لە ڕوانگەی ئەو، ئەم سنوورە کۆمەڵایەتیانە بۆچی پیرۆزن؟ بۆ نابێت بپەڕێتەوە ئەو دیوی پردەکە؟ ئایا ژیان هەمووی ئەوەیە کە ئەوان لە قەڵاکە دەیبەنە سەر؟ کەسیەتی سوڵتان، کەسیەتییەکی بزۆز و پڕە لە سەرکێشی، ئەو هێشتا لە تەمەنی شانزە ساڵیدایە، کە خولیای وێنەگری دەکەوێتە خەیاڵ و لە ڕێگەی کۆکردنەوەی لەزگەی کۆمپانیایەک،

دەبێتە خاوەن کامێرایەک. هەڵبەتە بوونی کامێرا لای سوڵتان، دایکی دەخاتە دوو دڵی و ترسەوە، چونکە هەست دەکات ئیدی سوڵتان کەسیەتییەکی دیکەیە و لە بازنەی کۆمەڵایەتی ئەوان نامێنێتەوە. بۆیە دەستی دەگرێت و دەیباتە لای هۆشەنگ یەک دەستی دۆتامی و لەوێ دەبێتە گارسۆنی دوکانی فرۆشتنی کرێمستی ئالاسکاوە. سوڵتان لەوێش سنوورەکان ناناسێت و چەندین وێنەی شاراوەی ژنی هۆشەنگ دەگرێت و دیکۆمێنتی دەکات. لەکاتێکدا پێشتر ئاگاداری کردبووەوە کە نابێت چاو لەو ژنە ببڕێت. ئەگەرچی، ژنی هۆشەنگ یەکدەست بە جۆرە جل و بەرگێک دەردەکەوێت، کە هێمایە بۆ خۆپارێزیی و پابەندبوون بە نەریتە کۆمەڵایەتی و مۆڕالییەکان، وەلێ بە دیوەکەی دیکەیشدا، جەستەی بۆ زوومی کامێراکەی سوڵتان ڕووت دەکاتەوە و ڕێگە دەدات وێنەی ئەو جەستە ڕووتە بگرێت، کە لەژێر عەبا و چارشێوەوە خۆی حەشارداوە. لێرەدا، بەر وێنەیەکی شاراوەی ڕۆمانەکە دەکەوین، ئەویش کەسیەتی دوالیزمی مرۆڤەکانە. کاتێک ژنێک خۆی لە ژێر عەبا و چارشێو دەشارێتەوە، وەکو هێمایەک بۆ پاندبوون بە ئایین، وەلێ بە دیوەکەی دیکەیشدا وەکو کەسێکی پابەند نەبوو، دوور لە نۆڕمە ئایینییەکان ڕەفتار دەکات. ڕۆماننووس بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەخنە لەو سیستەمە ئایینی و پاشخانە کۆمەڵایەتییە دەگرێت، کە لەو وڵاتەدا هەیە. کاتێک هەمووان دەست بە ئایین و کولتوور و نۆڕمە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان دەگرن، بەڵام هەر هەمان ئەو کەسانە، خەون بە ئەمەریکا و فیلمی کاوبۆیی و سینەمای هۆڵیۆدەوە دەبینن. کاتێک سینەما لە شارەکە دەکرێتەوە، پشت دەکەنە مزگەوت و ڕوو دەکەنە سینەما. یاخود لە فرۆشی ساردەمەنی ئاڵاسکاوە، دەبنە فرۆشی گوێز! بۆیە ئەمە بۆ سوڵتان جێی سەرنجە. پاڵەوانی ڕۆمانەکە، بەردەوام دەبێت لە سەرکێشییەکانی و ئەمجارەیان بە هاوکاری ئەکرەم جونی دۆتمام و مامۆستای زمانی ئینگلیزی، کچان فێری زمان و کرانەوەی کۆمەڵایەتی دەکات و چەندان خولیان بۆ دەکاتەوە. ئەم سنوور بەزاندنەی نێو قەڵاکە، لەلایەن ئەکرەم جونەوە، بە شکاندنی نەریتە ئاینی و کولتووریی و چەقبەستووەکان دادەنرێت. بۆیە گرووپێک لە شەوێکدا ئەکرەم جون دەرفێنن و دوای ئەتککردن و ئەشکەنجەدانی، هۆشەنگ یەک دەست و سوڵتان بە دوایدا دەچن و لە کوخێک دەیدۆزنەوە. دوای ئەو ڕووداوە، ئەکرەم جون و هۆشەنگ یەک دەست ون دەبن و سوڵتانیش قەڵا جێدێڵێت و دەبێتە قوتابی بەشی سینەما لە ئەکادیمییا. لەوێش ئەو کەسیەتە بزۆزە لە سەرکێشی ناوەستێت و چەندین فیلمی سینەمایی دەردەهێنێت، کە دەبێتە جێگەی سەرنجی هەمووان و بەتایبەتیش بنەماڵەی شا. ئەو هەموو بزۆزیەی سوڵتان، یەکێکە لەو خەسڵەتە

> **بۆچی سوڵتان هەموو جارێک لە سنووری مەرگ دەگەڕێتەوە و نامرێت؟ بێگومان ئەم ڕۆمانە بە شێوەی تەکنیکی سینەمایی و گێڕانەوەی مێژوویێک نووسراوە**

سایکۆلۆژییانەی لە کەسییەتی سوڵتاندا هەن و لە گەڵیشیدا گەورە دەبن. بۆیە بەردەوام ئارەزووی سەرکێشی بە ژیانییەوە دەکات و هەموو جارێکیش تا سنووری مردن دەڕوات. ئەم خولیا زۆرەی سوڵتان، بۆ گەڕان و سەرچیغکردن بە ژیانی، بەشێکە لە تێگەیشتنی هزریانەی خۆی. بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە، بۆچی سوڵتان هەموو جارێک لە سنووری مەرگ دەگەڕێتەوە و نامرێت؟ بێگومان ئەم ڕۆمانە بە شێوەی تەکنیکی سینەمایی و گێڕانەوەی مێژوویێک نووسراوە. بگێڕەوە سوڵتانە، کە هاوکات پاڵەوانی ڕۆمانەکەشە. لە دنیای سینەمادا، پاڵەوان یەکێکە لەو کارەکتەرانەی کە تاکو کۆتای فیلمەکە بوونی هەیە و بە تەواوبوونی، دیمەنەکانی فیلمەکەش کۆتایی دێت. بۆیە

هێشتنەوەی سوڵتان لە دیدی ڕۆماننووس، هێشتنەوەی بگێڕەوەی ڕووداوەکانە، چونکە ئەگەر سوڵتان بمرێت، ڕووداوەکان کۆتاییان دێت و شتێک نامێنێتەوە بۆ گێڕانەوە. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە هەرکاتێک سوڵتان ڕووبەڕووی مەرگ ببێتەوە، دەنگێکی شاراوە کە لە منداڵییەوە گوێبیستی بووە، هانی دەدات کە بەردەوام بێت و دەبێت ئەو ڕێگەیە ببڕێت. ئەم دەنگە شاراوەیە، وزەیەکە بۆ مانەوەی سوڵتان و بەردەوامی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان. بەڵام وێڕای هەموو ئەمانە، بە بڕوای من وەکو خوێنەرێک مانەوەی سوڵتان، مانەوەی مێژووە. بە دەربڕینێکی دی، سوڵتان کارەکتەرێکی فلیمسازە و مێژوو و ڕووداوەکان دیکۆمێنت دەکات، ئەو وەکو گەواهیدەرێکە بەسەر ڕووداوەکاندا، بۆیە مردنی سوڵتان، بە مانای مردنی کامێراکە، نەمانی کامێراش، بە مانای کۆتایی هاتنی نووسینەوەی مێژوو لای ڕۆماننووس. بۆیە دەبینین لەکۆی ئەو هەموو ڕووداوانەدا، سوڵتان وەکو پاڵەوانێکی نەمر دەمێنێتەوە و لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەڕوات و ئەرشیفییان دەکات. مانەوەی سوڵتان، مانەوەی مێژوویێکە کە دەبێت پیشان بدرێت و وەکو بەشێک لە تۆماری ڕووداوەکان بمێنێتەوە. لێرەوەش مانەوەی سوڵتان، مانەوەی ئەو مێژوەیە. بۆیە ڕۆماننووس، ئەو ڕۆڵە بە سوڵتان دەدات، چونکە سوڵتان هەرتەنیا گوزارشت لە خۆی ناکات، بەڵکو لە مێژووی سیاسی و هونەریی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی ئەو کۆمەڵگەیەش دەکات کە تیایدا دەژیت. سوڵتان دوای ئەوەی هەموو ئەو ڕووداوانە دەکاتە مێژوو، ئومێدێکی زۆریشی بە شۆڕش هەبوو، ئیدی شۆڕش نائومێدی دەکات، ئیدی نەک تەنیا شوێنێک بۆ کامێراکەی، بەڵکو بۆ ژیانی تایبەتی خۆشی نامێنێتەوە. سەرەنجام وڵات جێدێڵێت و ئاوارەی هۆڵەندا دەبێت و لەنێو کێڵگەیەکی بچووکدا، لەگەڵ ئاورێلیا و گۆرگێ و ڕەخشی دەژیت. کوخی نێو ئەو کێڵگە بچووکە، دەبێتە شوێنی دوا ساڵەکانی ژیانی سوڵتان و لەوێوە هەر ڕۆژەی دیمەنێک دەگێڕێتەوە و نیشانی ئاورێلیای دەدات. سوڵتان کە لە پێناو نیشتمانەکەیدا، تەمەنێک ژیا و بەشداری شۆڕش و شەڕی بە ناو نیشتمانی کرد و هەموو ڕووداوەکانی تۆمارکرد، کەچی دواجار ناچار دەکرێت پشت لەو نیشتمانەی بکات. ئەمەش بۆ سوڵتان مایەی نیگەرانییەکی قووڵە. ئەو کە تەمەنێکی لە پێناو نووسینەوەی مێژووی وڵاتەکەی بەسەربرد، کەچی لەو نیشتمانەدا، شوێنێک بۆ خۆی و کامێراکەی نەبوو، ناچار ڕوویکردە هۆڵەندا. لەوێش کاتێک ئەو ڕووداوانە وەکو پانۆرامایەکی مێژوویی بۆ ئاورێلیا دەگێڕێتەوە، بەلای ئاورێلییاوە، وەکو ڕووداوێکی دیکەی ئاساییە. بەمەش ڕۆماننووس دەیەوێت ئەو پەیامە بگەیەنێت، کە نەهامەتی و ژیانی پڕ لە تراژیدیای خۆرهەڵاتییەکان و مێژووە خوێناوییەکەیان، بۆ خۆراوایەکان هیچ بایەخێکی نییە. بۆیە دواجار هەموو ئەو ڕووداوانە وەکو مێژوویێکی بریندار و هەست پێنەکراو، دەمێننەوە و دەچنە پەراوێزی ژیانی ئەوانەوە. دەستخۆشانە لە وەرگێڕی ڕۆمانەکە دەکەم کە بە کوردییەکی پاراو و جوان، ڕۆمانەکەی لە زمانی هۆڵەندی وەرگێڕاوە، کە وەرگێڕان لەو زمانەوە بۆکوردی، قورس و کەمیشە. لە ناونانی ڕۆمانەکەش بە زۆربای ئێرانی، وەرگێڕ سەرکەوتوو بووە. چونکە ئەم ناونیشانە، بە بەراورد لەگەڵ ناوونیشانی بنەڕەتی کتێبەکە، هەم ناوونیشانێکی کورت و جوان و مۆزیکییە، هەمیش سەرنج ڕاکێش.


## زۆربای ئێرانی، ڕۆمانێکە پڕ لە سیحری گێڕانەوە و سەرگوزشتە و ڕووداوی وەهمی و ئایینی و کۆمەڵایەتی

*** پەراوێز: زۆربای ئێرانی، ڕۆمان، نووسینی: قادر عەبدوڵا، وەرگێڕانی شەفیقی حاجی خدر، ساڵی چاپ ٢٠٢٠**

# لەبری پیرەوەری

- شەو لەکێوان ( بەشی ٩ )

د. ئەرسەلان بایز






د. ئەرسەلان بایز

(٩)

گوندی (سەرگەڵوو) ئەوسا نزیکەی هەشتاماڵێک دەبوو. خانووەکانی هەمووی قوڕ و بە قەدپاڵی شاخەکان و لە باوەشی زنجیرە چیای (دابان) دابوون. گوندێک سەر بە (ناحیەی سورداش) و پڕ لەکانی و کانیاو و ڕەز و باخی وەبەرهێنەر، ئاوێکی باشیش بە دۆڵەکەی بەرگەڵوودا بەرەو خـوار دەبــووەوە. خـاوەنـی قوتـابخانـەیەکی سـەرەتـایی و مزگـەوتێگی گــەورەی پـاک و خاوێن بوو. خەڵکەکەی زیاتر سەرقاڵی ڕەز و باخ و ئاژەڵداری بوون. ئەو گوندە لە سێ لاوە کەوتبووە نێوان چەندین زنجیرە شاخی سەخت و بەرز. دەربەندێکی بەر تەسک و پڕ لە داری گوێز بە (بەرگەڵوو)ی گرێدەدا و دەیگەیاندیتە دۆڵی جافایەتی. شیاوی باسە سەرانسەری قوتە و تەپۆڵکەکانی زنجیرە چیای (دابان) بە ڕەبیەی سوپای عێراق تەنرابوون. بارەگای (فەوج)ێکیش لەسەر یەکێ لە کانیاوەکانی گوندی (شەدەڵە)ی نێوان چیای دابان و (پیرە مەگرون) بوو. ئەو ڕەبیانەی سوپای عێراق جارجارە بە چەکی دۆشکاو (بی.کەی.سی) تەقەیان لەناو گوندەکە دەکرد.

گوندی (سەرگەڵوو) جیا لە گوندەکانی دیکەی ناوچەکە، چەند تایبەتمەندییەکی هەبوو. دەڵێن زیاتر لە سەد و پەنجا ساڵ پێشتر جێی خەڵوەتگای (بهاء الله) بوو. ئەو مرۆڤە کە لە بنەچەدا بەناوی (حوسەین عەلی نوری (١٨١٧-١٨٩٣) ناسراو بە (بەها) خۆی وەکو پەیامبەر ڕاگەیاندووە و داهێنەری ئایینێکی نوێیە بە ناوی (البهائیە) کە یەکێکە لە ئایینە نا ئاسمانیەکانی دوای ئاینی ئیسلام، ئایینی بەهائی ئایینێکی یەکتاپەرستییە، تێکەڵەی هەموو ئایینە ئاسمانی و نا ئاسمانییەکانی پێش خۆیەتی (زەردەشتی، کریستیان، جوولەکە، براهما، ئیسلام، بوژا، کۆنفوشیوس)و کە دەڵێت: (خودا هیچ سیفەتێکی نییە، نە ناو نە کار نە ڕەنگ) لەهیچ شوینێک نییەو لەهەموو شوێنێکیش هەیە. بێگومان ئەمەش لەگەڵ ئایینی ئیسلام ناکۆکە کە لەدوو توێی قورئانی پیرۆز و قسەکانی پەیامنێری خودا (محەمەد) (س.خ) هاتووە. ئایینی بەهائی داوای یەکێتی هەموو ئایینەکانی سەرگۆی زەوی دەکات بە ئاسمانی و نا ئاسمانییەوە. بڕوایان بە خاوەنداریێتی تاک و ئاشتی سەرانسەری دونیا هەیە کە پێیان وایە تەنیاوتەنیا لە ڕێگەی ڕێبازی (بهاء الله) دێتە دی. هیچ بۆنەو (مەراسیم)ێکیان نییە. داوا دەکـەن لەهـەر شـار و شارۆچکە و گوندێک ئەنجومەنێکی نۆ کەسی لە خەڵکی خودی ناوچەکە بەناوی (دار العدل) بۆ ئیدارەدانی خەڵک و چـاودێری جێبەجێکردنی دادپــەروەری پێک بهێنرێت. گۆڕ و مەرقەدی (بهاء الله) لەشاری (حەیفا)ی فەلەستینە، کە ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ئیسرائیلە. شیاوی باسە ساڵانە بە هەزاران کەس لە هەڵگر و موریدەکانی ئەو ئایینە وەکو حەج سەردانی مەرقەدەکەی دەکەن.

ئەو ئایینە لە چەندین وڵاتانی دونیا بە وڵاتانی ئیسلامیشەوە بوونی هەیە. بەڵام ژمارەیان زۆر نییە. لەسەرانسـەری دەوڵـەتـانی موسڵمانیش قەدەغەیە. جارێ ئیسلام پێی وایە ئیسلام و (محەمەد)ی پەیامهێنەر دوایین پەیامنێری خودا، ئایینی ئیسلامیش دوایین ئایینی خودایە بۆسەر زەوی. لەلایەکی دیکەیشەوە ئیسلامەکان پێیان وایە بەهائییەکان دۆستی جوولەکەن، بۆیە ئەو ئایینە لە دەوڵـەتـانی موسوڵمانان، نـەک هەر قەدەغەیە، بەڵکو ئاشکرا بوونیشیان مەترسی دەخاتە سەر ژیان و ئایندەی هەڵگرەکانی. کاتێ (ئەوان) لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە زیندانی (أبو غريب-بەغدا) زیندانیی بوون. دەیان کەسی بەهائی لەپیر و گەنج لەسەرانسەری عێراق بەو تۆمەتە زیندانی کرابوون.

تایبەتمەندی دووەمـی ئەو گوندە (سەرگەڵوو) ئـەوەیە کە لـە سـەردەمـی نـاکـۆکـی نـێوان تەریقەتەکانی (قـادری) و (نـەقشی) یـەکێ لە مەڵبەندەکانی تەریقەتی نەقشبەندی بووە. شێخ

و جوتیارەکانی ئەو گوندە هەمووی سەر بەو تەریقەتەن. چونکە هەر وەکو دەڵێن کاتێ (مەولانا خالید)ی ڕێبەری تەریقەتی نەقشی بە هاوکاری (شێخ ئەحمەدی سەردار) لە سلێمانی ڕایکردووە بۆ ماوەیەک لە (سەرگەڵوو) نیشتەجێ بووە.


دوای دوو ڕۆژ مانەوە لەژێر سێبەری درەخت و کانیاوە سازگارەکانی، کێشتەنگاوێک بە دەربەندی نێوان سەرگەڵوو و بەرگەڵوو چوونە خوارەوە. لە ڕاستیدا ئەو ساڵانە هاوینی ئەو دەربەندە هەتاوی بەخۆیەوە نەدەبینی، لق و پۆپە سەوزەکانی دار گوێز و چنارە سوورە و هەنجیر و درەختی سێو و هەرمێ چەترێکی ڕەنگاوڕەنگ و کەشێکی فێنکیان دروست کردبوو، دڵت دەیخواست ساتەوەختێکی زۆر لەوێ ژیان بەسەر ببەیت و پشوو بدەیت. لە بەرگەڵوو تا دەگەیتە گوندی (چالاوە) جۆرێک لە تەختاییەکی بەردەڵانە. سووکە هەورازێک دەتگەیەنێتە (گوندەکە) ژمارەی خانووەکانی سی ماڵێک دەبوون ئەو گوندە زیاتر خەریکی ئاژەڵداری بوون. بۆیە دیاردەی گەوەڕ و قشپل بە کۆڵانەکانییەوە دیاربوو. لەوێوە بە شاخی سەختی (ژیلوان) سەرکەوتن. بەڕاستی هەورازێکی کوڕ و سەخت و ماندوو پڕوکێن بوو. بەڵام لە تەختاییەکەی سەرەوەی شاخەکە چەند کانیاوێکی سازگاری لێبوو بە ناوی (گۆمە داڵ) چەند ماڵە ڕەوەندێک لەسەر کانیاوەکان ڕەشماڵیان هەڵدابوو و خەریکی ئاژەڵداری بوون. نیوەڕۆ لەوێ بەسەر ماڵەکاندا دابەش بوون. هەندێکیان ساوارە سوورە و هەندێکیشیان نان و ماست و پەنیر و ژاژی و دۆیان بە نانەوە خوارد.

لە (گۆمەداڵ)ەوە تاکو گوندی (سەفرە) هیچ ئاوەدانیەکی ئەوتۆی لێ نەبوو، ئەبوو دەیان هەوراز و نشێو و شاخ و دۆڵ و تەختایی ببڕیت. بەڵام دار سماق دۆڵەکانی تەنی بوو. بۆیە لە وەرزی پایزاندا خەڵکەکە بۆ سماق ڕنینەوە دەچوونە دۆڵەکە (سەفرە) گوندێکی بەردەم دەربەندێکی هەزار بە هەزاری شاخاوییە، دەربەندێک هەر دەڵێی خودای مەزن بە بەرنامەیەکی تایبەت دوو دیواری بەردینی بەرزی بۆ دروست کردووە. ئەگەر لەنێو دەربەندەکە سەیری پانتایی ئاسمان بکەیت کوردەواری وتەنی کڵاو و جامانەت دەکەوێتە خوارەوە. ئەو دەربەندە لە زستاناندا ئاوێکی باشی پێدا دەڕوات، لە هاوینانیش جۆگەلەیەکی باشبوو. هەر کاتێکیش بەو دەربەندە سەختەدا تێدەپەڕی ئەبوو دەیان جار لە ئاوەکە بپەڕییەوە.

لە ناوەڕاستی دەربەندەکە بەقەدپاڵی شاخەکانەوە گوندی (زەروون) هەیە. هەر دەڵێی هێلانەیەکی باڵندەیە بەقەد پاڵی شاخەوە. جیا لە پیادە و وڵاخ هیچ ئامێرێکی دی ناگاتە ئەو گوندە. ماوەی زیاتر لە سەعات و نیوێک ڕێگای دەرچوونە لەو دەربەندە. لەو سەرەوە بە (چەمی هەرزنەت) دەبەستێتەوە. ئاوەکە (زێی بچووک)ە دەڕژێتەوە نێو دەریاچەی دووکان. ئەو ڕووبارە سنووری نێوان کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵاتە لە ڕووکاری باکوورەوە. بۆ پەڕینەوەش لەو چەمە لە وەرزی هاویندا دەتوانی لە هەندێک بوار و تەنکاودا بپەڕیەوە، بەڵام لە زستاناندا دەبوو لە ڕێگای سیمێکەوە بپەڕیەوە کە ئەمبەرو ئەوبەری ئاوەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

دەگێڕنەوە: جارێکیان لە وەرزی زستاندا (مام جەلال) بە هەمان سیم لە ڕووبارەکە پەڕیوەتەوە. لە ناوەڕاستی ئاوەکە، سیمەکە هەندێک کێشەی بۆ دروست بووە و بۆ چەند خولەکێک لە ئاسمانی ناوەڕاستی ئاوەکە گیری خواردووە. تاکو

**"گوندی (سەرگەڵوو) جیا لە گوندەکانی دیکەی ناوچەکە، چەند تایبەتمەندییەکی هەبوو. دەڵێن زیاتر لە سەد و پەنجا ساڵ پێشتر جێی خەڵوەتگای (بهاء الله) بوو"**





دواتر بەپەلە سیمەکەیان چارەسەر کردووە.

دوای پەڕینەوە لە ئاوەکە و تێپەڕبوون بە گوندی (هەرزنە) (ئەشکان) بەرەو گوندی (بێتووش) ڕێیان کرد. گوندێکی قەشەنگی ئاودار. سووره چنارەکانی تا کەشکەلانی ئاسمان بەرز بووبوونەوە، لەژێر سێبەری ئەو سووره چنارانە چەندین چایخانەو ڕەستۆرانتی هاوینەی سادە دانرابوون. کورسییەکانی لە دیواری بەرد و قوڕ دروست کرابوون. قاوە جاغەکەی لەو دەشتە و لە هەوایەکی ئازاد بوو. ڕاستە شوێنەکە زۆر سادە بوو. بەڵام فێنکی ژێر سێبەری درەختەکان و ئاوە سازگارە ڕۆیشتووەکەی کانیاوەکە و جۆری هەڵسوکەوتی خەڵکەکەی، لار و لەنجەی کچە شۆخە پشتێن لە کەمەرەکانی دیمەنێکی سروشتی دڵڕفێنیان دروست کردبوو. بۆیە ساتی دانیشتنی ئەو چایخانانە جیا لە ئاسودەیی، لەڕووی دەروونیشەوە دڵنەواییان پێت دەبەخشی. ئیدی پەڕینەوە لە سنووری دەستکردی نێوان هەردوو پارچەی کوردستان هیچ مەترسییەکی هێرشی سوپای عێراقی لەسەر نەهێشتن.

> **"گوندی (سەرگەڵوو) ئەوسا نزیکەی هەشتا ماڵێک دەبوو. خانووەکانی هەمووی قوڕ و بە قەدپاڵی شاخەکان و لە باوەشی زنجیرە چیای (دابان) دابوون"**

دەگێڕنەوە: لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا، کاتێک (شێخ مەحموودی حەفید) سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانی کرد لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان. سوپای عێراق و هێزی زەمینی و ئاسمانی حکومەتی بەریتانیا بە دڕندانەترین شێوە پەلاماری شاری سلێمانی و شۆڕشەکەیاندا. بەهۆی نابەرابەری هێزو چەکی هەردوولا ئینگلیزەکان توانیان سوپای کوردستان بشکێنن. ئیدی سەرکردەکانی شۆڕشەکە و بنەماڵەی (شێخ مەحموود) لەترسی ڕاوەدوونان و سووکایەتی پێکردن و زیندانی هەریەکە و بەلایەکدا لە شاری سلێمانی دەرچوون. ئەو سەردەمە (شێخ محەمەد)ی برا گەورەی (شێخ مەحموود) کە زانا و سەرپەرشتیاری قوتابخانە و پێش نوێژی مزگەوتی گەورەی شار بوو، جێنشینی (کاکە ئەحمەد)ی شێخ بوو. ئەویش بەهەمان شێوە شاری سلێمانی جێهێشتووە و ڕووی کردۆتە گوندی (بێتووش) و (مەندوبی سامی) ئینگلیزیش چەندین جار هەواڵی بۆ ناردووە کە ئەگەر بگەڕێتەوە شاری سلێمانی و بچێتەوە مزگەوتی گەورە و کارەکانی خۆی بکات ڕێزی لێدەگرن و هیچ فشارێکی ناخەنەسەر. بەڵام دیارە (شێخ محەمەد) ئەو داوایەی ئینگلیزەکانی ڕەتکردۆتەوە و گوتوویەتی: پشتی گەلی کورد و براکانم بەرنادەم، چارەنووسم لەگەڵ چارەنووسی برا و گەلەکەی خۆمە و ناگەڕێمەوە. کەی فشارتان لەسەر سلێمانی و براکانم هەڵگرت و ئەوان گەڕانەوە، منیش لەگەڵ ئەوان دەگەڕێمەوە. پاش ماوەیەک لە مانەوەی (شێخ محەمەد) لە بێتوش نەخۆش دەکەوێت و کۆچی دوایی دەکات، هەر لەوێش بە خاکی دەسپێرن. دوای ئەوەی ئینگلیزەکان سلێمانیان جێهێشتوو شێخ گەڕایەوە سلێمانی کەس و کارەکەی هەوڵیاندا جەنازەکەی (شێخ محەمەد) لە گوندی بێتوشەوە بگوازنەوە سلێمانی. دانیشتووانی گوندەکە ڕێگرییان لەو گواستنەوەیە کردو پێیان گوتن: هەر وەکو چۆن لەکاتی ژیانیدا میوانی ئێمە بوو. لەناو گۆڕیش هەر میوانی ئێمەیە. ئیدی گۆڕەکەی لەوێ ماوەتەوە و ئێستاش ڕۆژانە چەندین موسوڵمانی ناوچەکە، نەخۆش، کچان و کوڕان بۆ مراز و دوعا سەردانی ئەو گۆڕە دەکەن.

(شێخ محەمەد) مامی (شێخ جەلالی) باوکی (شارا) خان و باپیرەیەتی لە دایکیەوە.

+ + + +

ژیان و ڕۆژگار دێن و دەڕۆن. دوێنێ کۆن و بەیانی نوێیە. هەر نەوەیەک نەوەی پێش خۆی بەڕێدەکات. قۆناغ قۆناغ گۆڕانکاری بەسەردا دێت و کۆمەڵگە پێش دەکەوێت. هەر نەوە و قۆناغێک لەگەڵ پێش خۆیان جیاوازە و تایبەتمەندی خۆیان هەیە. هەرکەس و کۆمەڵگەیەک لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانە خۆی نەگونجێنێت دوادەکەوێت. هەروەکو چۆن گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەشوێنی خۆیان چەقیان بەستووە و ناتوانن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم خۆیان بگونجێنن. ئاخر

له ژیان و دونیادا هیچ شتێکی وەستاوی تاسەر نییە.

لێرەدا مرۆڤ دەبێت خۆی لەگەڵ دونیایەک بگونجێنێت، کە دوێنێ واقیع و ئەمڕۆ لای هەندێکی زۆر لە گەنجەکان زیندە خەون و خەیاڵ پڵاو بەولاوە شتێکی دی نییە. تەنانەت هەندێکیشیان بەلاقرتێوە سەیری بە ساڵاچووەکان دەکەن، بە زەردەخەنەیەکی بێ بایەخ بەسەر قۆناغ و نەریتەکانی پێش خۆیاندا گوزەر دەکەن. ماوەی چل و سێ ڕۆژ، ئەو دەیان جەنگاوەرە بە متمانەیەکی تەواو بە ڕێبازی سیاسی شۆڕشەکەیان. شەو و ڕۆژیان بۆ نەبوو. هەندێک جار بە شەوێکی ئەنگوستە چاوی نوتەک. تولە ڕێگە سەختەکانیان دەبڕی و شەقیان لەبەرد هەڵدەدا. هەندێک جاریش بە قرچەی گەرمای نوێژی نیوەڕۆ، هەندێک جاریش بە کورە کوڕ بەتەک ڕەبیەکانی سوپای عێراقدا تێدەپەڕین. دوور لە ئاوەدانی، دوور لە سۆزی ماڵ و منداڵ و ژەمە نانێکی گەرم. هەندێک جاریش تینوو پەنجە لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگ نەوەکا بکەونە بۆسەی دوژمن. جل و بەرگێکی کۆن و چڵکن لەبەر. فلسێک لە گیرفانیاندا نەبوو. چەکی سەرشانیان گەورەترین شانازی و سەرمایەیان بوو. ڕۆژانە بە ورەیەکی بەرز و هیوایەکی ڕوون بە دەزوولەی هەنگاوەکانیان دەشتایی و هەورازی سەخت و کوڕ، ڕێگای بەردەلان، ڕووبار و دۆڵ و چەم و لێرەواریان بەیەکەوە گرێ دەدا و نەخشەی کوردستانێکی سەربەخۆیان دروست دەکرد. نەشیان دەزانی ئەو ژیانە سەختە تاکەی هەروا دەبێت. بەڵام مەشخەڵانی لوولەی تفەنگەکانیان تیشکی هەتاوی هیواو ئومێدی دڵنایی بۆ دەخشاندن (گەورە بیرمەند و نووسەری ناسراوی ئینگلیز دەڵێت: چەند شتێک گەڕانەوەی بۆ نییە دەرچوونی قسە لە دەم، کات ئەگەر تێپەڕی، متمانە ئەگەر لە دەستتدا. دەرچوونی تیر لە کەوان...هتد) متمانەی ئەوانیش بە شۆڕش هێزی ئەژنۆو بیری ژیانێکی خۆش و سەربەرزی نیشتمان بوو. متمانە لە قەڵایەکی سەخت بوو بە هیچ هێزێک نەدەلەقی.

مرۆڤ بوونەوەرێکی سەیرە، کاتێک گەنجی، هەرگیز بیر لە هەڵکشانی تەمەن بەرەو پیری ناکەیتەوە. هەست بە تەمەنی ساڵاچووەکان ناکەیت. کاتێکیش ئاوڕ بۆ دوواوە دەدەیتەوە شەمەندوفێری ژیان تێپەڕیوە. هیچ کەس ئەو مرۆڤە نییە کە بەرانبەرەکەی دەیبینێ. مرۆڤ چەند کەسایەتییەکە. ئەوەی نهێنی مرۆڤەکەیە. ئەوەی لە ناخی مرۆڤەکەدا هەیە. ئەوەی بە نهێنی دەیکات مرۆڤێکی دیکەیە. جیاوازە لە مرۆڤە ڕووکەشە قسە خۆشە دەم بە زەردەخەنە خێر خوازەکە. زۆربەی مرۆڤەکان لەناخی خۆیاندا دڕندەن، بەڵام بۆیان نالوێ. بۆیە بە شێوەیەکی نەرم و نیانتر خۆیان دەنوێنن. ئێوە سەیری سیاسییەکان بکەن لەکاتی هەڵبژاردندا چۆن دژی گەندەڵی دەوەستنەوە و وەکو فریشتە خۆیان دەنوێنن و دەیان بەڵێن بە دەنگدەر دەدەن. بەڵام دوای دەرچوون لە هەڵبژاردنەکان خۆیان لە دەنگدەرەکانیان نەبان دەکەن و سڵاویشیان وەرناگرنەوە. ئێوە سەیری مام حاجی و ڕیش دارەکان بکەن، سەیری تەزبیحە سەدو یەک قلیەکە بکەن، چۆن یەک بە دوای یەکدا بەناوی خودا ئاوا دەکرێت. کەچی هەندێکیان لەکاتی معاملەو بازاڕیدا قوڵی خەڵکە هەژارە موسوڵمانەکان دەبڕنەوە. گەورە زانای کۆمەڵناسی ناسراوی عێراقیش (د.عەلی وەردی) دەڵێت: من لەو کەسانە ناترسم کە نکۆڵی لە بوونی خوا دەکەن. بەڵکو لەو کەسانە دەترسم کە لە ژێر ناوی خودا پەرستی خەڵک دەکوژن و سەر دەبڕن.

سەرباری بڕوابوونی تەواوی (ئەو) و هاوڕێکانی بەو جۆرە ڕێباز و ژیانەی هەڵیانبژاردبوو جارجارەش بیریان لەوە دەکردەوە. ئەو ژیانە سەختە بۆ...؟ بۆچی گەلی کورد لەهەموو جۆرە ژیانێکی ئاسایی بێ بەشە..؟ لەوەتەی (ئەو) چاوی کردووەتەوە و پێش (ئەوانیش) بە دەیان ساڵ ئەمە شێوە و جۆری ژیانی کورد بووە. چەوسانەوە و ژێردەستی، ڕاوەدوونان، دەربەدەری، زیندانیی، لە سێدارەدان و گوللە بارانکردن...! تۆ بڵێی هەر وەکو لە هەندێک کتێبە ئایینیەکان نووسراوە

**"دەڵێن کاتێ (مەولانا خالید)ی ڕێبەری تەریقەتی نەقشی بە هاوکاری (شێخ ئەحمەدی سەردار) لە سلێمانی رایکردووە بۆ ماوەیەک لە (سەرگەڵوو) نیشتەجێ بووە"**



“

**(مام جەلال) بە هەمان سیم لە ڕووبارەکە پەڕیوەتەوە. لە ناوەڕاستی ئاوەکە، سیمەکە هەندێک کێشەی بۆ دروست بووە و بۆ چەند خولەکێک لە ئاسمانی ناوەڕاستی ئاوەکە گیری خواردووە**

”



خودا پێشتر ئەو جۆرە ژیانەی بۆ کوردەکان نەخشاندبێت..؟ یان گوناهی کورد خۆیەتی...؟! ئایا لەو میللەتانەی دەوروبەر هەر ئەوان خراپن و شایستەی ژیانێکی ئاسایی نین...؟!. (ئەو)و هاوڕێکانی لە کادیرو پێشمەرگەکان سەرباری ئەو جۆرە بیرکردنەوانەش پێیانوابوو شۆڕشی ئەمجارە بە بەرنامە ڕێژییەکی وریا و سەردەمیانە داڕێژراوە. بۆیە بەدڵنیاییەوە سەر دەکەوێت و گەل بە ئامانجە ڕەواکانی خۆی دەگات.

\+ \+ \+

ئیدی هێزەکە کەوتە سنوورێکی ئارام و بێ ترس. ئەوسا بارەگای (م.س) سیاسی و سەربازییەکانی (ی.ن.ک) لەسەر سنووری هەردوو وڵات عێراق–ئێران بوون. تاک و تەراش چەند سەد مەترێک لە دیوی سنووری دەوڵەتی ئێران بوون. بەو شێوەیە دەرفەتی ئاسان بۆ پەلامارەکانی سوپای عێراق نەدەڕەخسا. لەلایەکی دیکەیشەوە ناکۆکی لەمێژینەی نێوان هەردوو دەوڵەت (عێراق–ئێران) بواری بۆ ئۆپۆزسیۆنی هەردوولا خۆش کردبوو پەناگەیەک بۆ خۆیان دابین بکەن. بە درێژایی سەدان ساڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێران بە شیعە و سوننە و عەرەب و کوردەکانەوە لەکاتی ڕاوەدوونان و لێقەومان پەنایان بۆ عێراق دەهێنا لێرەش پەنایان دەدان و ڕادەستی ئێران نەدەکرانەوە بگرە سووکە جێگا و ڕێگا و ژیانێکی سادەشیان بۆ دابین دەکردن. بەهەمان شێوەش ئۆپۆزسیۆنی عێراق. ئەو دوو دەوڵەتە وەنەبێ لەبەر چاوی ڕەشی ئۆپۆزسیۆن ئەو هەڵوێستەیان وەرگرتبێت. بەڵکو لە ئەنجامی دژایەتیکردنی یەکدی بوون. حیزبە کوردستانییەکانی هەردوو پارچەی ڕۆژهەڵات و باشووریش لەو پێوەندییەی هەردوولا لەگەڵ حکومەتە نەیارەکانیان نیگەران نەدەبوون. بە درێژایی ئەو ساڵانەی خەباتیش مەگەر بە دەگمەن ئەگینا ئەو پێوەندییانە کاریگەری خراپی نەدەکردە سەر کارو چالاکی حزبە کوردستانییەکان و زیانی بۆ لاکەی دی نەدەبوو. بەڵکوو جار جارە هاوکاری یەکدیشیان دەکرد. شاعیر و نووسەرە گەورەکانی وەکو (هەژاری موکریان و هێمن)ی شاعیر سێ بەشی ژیانیان لە عێراق و کوردستانی باشوور بەسەر بردووە. ژمارەیەک لەو سیاسیانەش تاکو ئەمڕۆ گۆڕەکانیان لە شوێنی ئاوارەییانە و نەگوزراونەتەوە بۆ زێدی خۆیان.

هەر لە پەڕینەوە لە چەمی هەرزنە. فەرماندەی هێزەکە جیا لە دەستەکەی خۆی هەموو پێشمەرگەکانی ئازاد کرد لەوەی بگەڕێنەوە سەرکردایەتی، یان چەند ڕۆژێک بۆ پشوو سەر پشک بن (ئەو)یش لەگەڵ هێزەکە بەرەو ناوزەنگ ڕێیان کرد، بەڵام بە هەنگاوی وردی دوور لە پەلە کردن. لە هەرزنەوە تاکو سەرکردایەتی ماوەی ڕۆیشتنی زیاتر لە شەو و ڕۆژێک بوو. ئەوان لەهەر چەند سەعات و لەیەکێ لەسەر کانیاو و گوندەکان پشوویان دەدا. تاکو بەرەبەری پاش نیوەڕۆی دوای عەسرێکی درەنگ گەیشتنەوە ناوزەنگ. ئیدی هەریەکە و بەرەو بارەگا و ماڵی خۆیان بڵاوەیان لێکرد (ئەو) و (مەلا بەختیار)یش بە حوکمی بەیەکەوە ژیانی هەردوو هاوسەرەکانیان بەرەو یەک چادر ڕۆیشتن و بە هاوسەرەکانیان شاد بوونەوە. تۆ ئەو ساتە وەختە بێنە بەرچاوی خۆت، دوای چڵ و پێنج ڕۆژ دابڕان، دوای ڕۆژانێکی سەخت و مەترسیدار، ڕۆژانێکی برسی و چڵکن، ڕاکە ڕاکە، بە بووکی سێ مانگە شاد دەبیتەوە، دەبێت چ زەماوەندێک لەناخی ئەو دوو هاوسەرە خۆشەویستە بەرپابووبێت. بۆیە زۆر بە پەرۆشەوە و بێ شەرم کردن ماوەیەک (شارا)ی هاوسەری گرتە باوەش.

ئای بۆ ئەو ڕۆژانە، ڕۆژانێک ئامادە بووی ژیانی خۆت و هاوسەرەکەت و ماڵ و منداڵت بکەیتە قوربانی ڕێبازێکی سیاسی و شۆڕش.

ئایدۆلۆژیا لە ناخت جێگیر دەبێت و دەبێت بە بەشێک لە بوونت ئیدی لەوە بەولاوە چاوت هیچ شتێکی دی نابینێت. ئامادەی هەموو شتێکی لە پێناودا بەخت بکەیت.

# وێستگەی دیوان

- **(١) پرسیار (ڕێباز مستەفا)**
- **واجیدە هیبەتوڵلا پێشەنگی کچانی خوێندەواری ئاکرێ**

محەمەد گۆران

- **بیبلیۆگرافیای گۆڤاری دیوان و سەرنجێک**

ستار محەمەدئەمین

- **سەبارەی بە نازناوی «مەزن»**
- **لەدەفتەری نەمریدا (هونەرمەند گۆڤار ئەنوەر)**
- **گۆشەی دیوان**
- **ساڵۆنی لاپەڕە (٩)**

# چۆن کتێبێک هەڵدەبژێریت بۆ وەرگێڕان؟




وەڵام: ئەگەرچی ڕەنگە کتێبێک تا کتێبێکی دیکە جیاوازی هەبێت، بەڵام ئەگەر زۆر بە کورتی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، دەبێ بڵێم: تا خۆم لە کتێبێک دڵنیا نەبمەوە و تەواو خواستی خۆمی لەسەر نەبێت، هیچ کارێکی وەرگێڕان ناکەم. ئەم پرەنسیپە هەر لەو ڕۆژەی کە بە وەرگێڕانی چیرۆکێکی عەزیز نەسین دەستم پێکرد و هەر بە بەرهەمی ئەدەبییش وردە وردە خولیای وەرگێڕان بووم و چوومە نێو دنیای وەرگێڕانەوە، تا ئێستا پرەنسیپێکی جێگیری من بووە. من بە وەرگێڕانی کاری ئەدەبی دەستم پێکرد، بەڵام لە ماوەی سی و دووساڵ کاری وەرگێڕان و چاپکردنی زیاتر لە ٣٠ بەرهەمی وەک کتێب و نامیلکە، وێڕای کاری ئەدەبی لە بوارەکانی دیکەی وەک مێژوو، کۆمەڵایەتی و ئابووری و بواری فیکر و فەلسەفەش هەندێک کارم کردووە. تا ئێستا وەکو خوێنەرێک کاری وەرگێڕانم هەڵبژاردووە، کاتێک کتێبێک، وتارێک، بابەتێک دەخوێنمەوە و سەرنجم ڕابکێشێت و پێم وابێت ڕەنگە بۆ خوێنەری کورد سوودێکی دەبێت، وردتر دەیخوێنمەوە و ئەگەر زانیم دەرەقەتی وەرگێڕانەکەی دێم و کاتی پێویستیشم هەیە بۆ وەرگێڕانی، بە پێی توانا هەوڵی وەرگێڕانی دەدەم. جاری واش هەبووە دەزگایەک، یان هاوڕێیان و خوێنەران پێشنیازی وەرگێڕانی کارێکی دیاریکراویان لێ کردووم، بەڵام ئەگەر لەگەڵ ئەو پێوەرانەی خۆم کە باسم کردن یەکی نەگرتەوە، کارەکە ناکەم. بەمشێوەیە تا کتێبێک سەرنجم ڕانەکێشێت و پێم وانەبێت بۆ خوێنەری کورد و کتێبخانەی کوردی سوودێکی دەبێت، لەسەر داوا و داخوازیی هیچ کەس و دەزگایەک وەرگێڕانم نەکردووە، بەڵام لە چەند کارێکی وەرگێڕانیشدا دوای

"(میراو) بۆ دونیای چیرۆکنووسی من، قۆناغی یەکەممە، دەتوانم بڵێم قۆناغێکی ڕوانگەییانەی پڕ هێما بوو"

ئەوەی کتێبە پێشنیازکراوەکەم خوێندووەتەوە و بە دڵم بووە، کتێبە پێشنیازکراوەکەم وەرگێڕاوە، کە دەتوانم لانی کەم ئاماژە بە چوار بەرهەمی وەرگێڕانم بدەم:

١-سەرکەوتنی بیر، نووسینی ئورایزن سویت ماردن، لەسەر داوای هاوڕێم کاک جەرجیس گەلالی.

٢- ڕۆمانی ماڵی ئیدریسییەکان، نووسینی غەزالەی عەلی زادە، لەسەر داوای وەرگێڕی ئینگلیزی ڕۆمانەکە خاتوو ڕۆزا جەمالی، بە داخەوە هێشتا ئەو ڕۆمانە چاپ نەبووە

٣- ڕێگای بێ سەرەنجام، نووسینی سیروان خوسرەوزادە

٤- سمکۆ و بزووتنەوەی نەتەوەیی، نووسینی ڕزگار بەرفروخت، ئەو دوو کتێبە کتێبی مێژوویین و لەسەر داوای مامۆستا محەمەدی حەمەباقی وەرمگێڕاون و هێشتاش چاپ نەکراون.

جاری واش هەبووە پێشنیازی کارێکم بۆ کراوە و منیش دوای خوێندنەوەی، کتێبەکەم بەلاوە باش بووە و بە دڵم بووە، بەڵام سەیرم کردووە

**ئەولەویەتی کار لای من ئەوەیە، کە ئەو کارەی وەریدەگێڕم مایەی پەسندی خۆم بێت و هەرگیز بیرم لە سوود و فرۆشتن و خواستی ئەم و ئەو نەکردووەتەوە**

دەرەقـەتـی وەرگـێـڕانـی نـایـەم، بۆیە کـارەکـەم نەکردووە، یەکێک لەو کتێبانەش ڕۆمانی (هێڵنج) ی (ژان پۆل سارتەر)ە کە کاتی خۆی دەزگای موکریانی داوایـان لێ کردم وەریبگێڕم، بەڵام سەرەڕای ئەوەی بەلامەوە ڕۆمانێکی زۆر باشە، نەمتوانی وەرگێڕانەکە بگرمە ئەستۆی خۆم، جا نازانم زمانی ڕۆمانەکە و شێوازی نووسەر ئاوا سەخت و ئاڵۆزە، یان ئەو نوسخە فارسییەی من خوێندمەوە بە باشی وەرنەگێڕدرابووە سەر زمانی فارسی.

ئەدەبی و مێژووییە و پێم باشترە لەو دوو بـوارەدا کـار بکەم. ئەولەویەتی کار لای من ئـەوەیـە، کە ئـەو کـارەی وەریـدەگـێـڕم مایەی پەسندی خۆم بێت و هەرگیز بیرم لە سوود و فرۆشتن و خواستی ئەم و ئەو نەکردووەتەوە، مـەگـەر تێڕوانینم لـەسـەر بابەتەکە، لەگەڵ تێڕوانینی ئەوانـەی داوایـان لی کـردووم ئەم کتێبە، یان ئەو وتارە وەربگێڕم، یەکیگرتبێتەوە.

**ڕێباز مستەفا**



ئەم پرسیارەی ئێوە شتێکی بە بیردا هێنام، کە وەرگێڕان لە سەر خواستی دەزگا و دامەزراوە و کەسانی دیکە، کارێکی باشە، یان نا؟ من پێم وایە بۆ وەرگێڕێک کە ژیان و بژێوی بەندە بە کاری وەرگێڕانەوە، یان فەرمانبەری شـوێـنـێـکـە، ئـەنـدامـی حزبێک، یان ڕێکخراوێکی دیـاریـکـراوە، ڕەنگـە ڕێی تێ بچێت لەسەر داوا و داخوازیی دەزگا و حزب و ڕێکخراوەکەی خۆی و کەسانی دیکە ئەو کارە بکات، بـەڵام بۆ کەسێک کـە گـرنـگـی وەرگـێـڕان لە باشی و پێویستبوونی ئەو بابەتە بۆ خوێنەرانی خۆی و دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی گەلەکەیدا دەبینێت، کارێکی سـەخـت و تـەنـانـەت مەحاڵیشە بتوانێت شتێکی ئاوا بکات، ئەگەر بشیکات بـە دڵنیاییـەوە کارێکی کرچوکاڵ و ناتەواو دەردەچێت.

سـەبـارەت بـە خـۆم وەکـو وەرگـێـڕێک، دوای ئەو هەموو ساڵەی کار و ئەو کەمە ئەزموونەی لەو ماوەیەدا لە بواری وەرگێڕاندا بەدەستم هێناوە، ئێستا زیاتر حەزم لە وەرگێڕانی بەرهەمی

# واجیدە هیبەتوڵڵا

## پێشەنگی کچانی خوێندەواری ئاکرێ

ئەگەر لەتەواوی ناوچەی سۆراندا، لەهەولێر مەلافەندی (نەفیسە)ی کچی و لەکۆیە مەلای گەورە (نەجیبە)ی کچی و لەهەڵەبجە ئەحمەد موختار جاف (شەمسە) و لەپێنجوێن موفتی پێنجوێنی (ڕابیعە) و لەدەرگەڵە جەلال بەگ (بەهار)ی کچی ناردبێتە قوتابخانە، ئەوا لەتەواوی بادیناندا، تەنیا لەشاری ئاکرێ (هیبەتولا ئەحمەد سەعید)ی موفتی ئەو شارە (واجیدە)ی کچی ناردووەتە قوتابخانە تاکو خەڵکی دیکەش کچەکانیان بنێرن و قوتابخانەی کچان لەو شارەدا بکرێتەوە.



**محەمەد گۆران**

ساڵی ١٩٣٦ یەکەمین قوتابخانەی کچان لەئاکرێ لەگەڕەکی چوستەیی (گەڕەکی جووەکان) کراوەتەوە. بینایەی قوتابخانەکە لەسەر موڵکی سەرۆکی شارەوانی ئەو کاتەی شارەکە (موستەفا مەلا جوبرایل) بنیاتنراوە. بەپێی تۆماری گشتی قوتابخانەکە (مدرسە عقرە اولی للبنات) ئەو کچانەی لەدەسپێکی ساڵەکانی بەرایی خوێندن لەقوتابخانەی کچان لەئاکرێ ناویان تۆمار کراوە (٤٥ خوێندکار)ی کچ بووینە، بەپێی ناوەکانی ناو تۆمارەکەش وا دیارە کە بەشێکی زۆر لەکچەکان فەلە (مەسیحی) و جوو بووینە و قوتابخانەکەش هەر لەگەڕەکی جووەکان بووە.

کچی موفتی ئاکرێ (واجیدە هیبەتولا) سەرلیستی ناوەکانی ناو تۆمارەکەی قوتابخانەکەیە و ئەمانەی دیکەش بەزنجیرە و یەک بەدوای یەکدا ئاوا ڕیز کراون:

(تانیە ئەحمەد، فەزیلە داود، زەریفە سفر یکو، ئالشو سفر یکو، جەمیلە هورمز، شمیران شەمعوون، فەوزیە یەحیا، فەوزیە سدیق، عفت سەبری حاجی عەبدولا، نعیمە شعیا، خانمی ساسون، منیرە داود، سەلیمە داود، شمیران لاجین، حسنیە حمیم، فەزیلە ڕەشید حاجی حەسەن، دەولەت سەلیم، زوزی شماس هلو، گوزل مراد، حەلیمە سەبری، ماری تۆما، فەزیلە عودیش، وەحیدە عەبدولڕەحمان، ناهیدە عەبدولحەمید، لەتیفە مستەفا، حەزیمە سەلیم، شوکریە سەبری، فەلەک ناز تیب، زبێدە ساڵح، نەجیبە موسا، مەرجان محەمەد، زوهرە خالد، لوسیە وەزیر، غەریبە عزو، زولێخا عزو، حەیات محەمەد، دەولەت ئەحمەد، فەلەک ڕەشید، حەیات عەبدولڕەحمان، رفقا شموئیل، شینی ڕەحیم، عفت حاجی عەزیز، مەریەم ئەحمەد، سەبیحە خورشید).

قوتابخانەی ئاکرێی یەکەمی کچان، پاش ئەوەی ساڵی ١٩٣٦ بەفەرمی دەکرێتەوە، تاوەکو ماوەیەکی زۆر تەنیا لەپۆلی یەکەم تا پۆلی پێنجەمی هەبووە، هەر قوتابییەکی کچ ئەگەر بیویستبا بڕوانامەی شەشی سەرەتایی بەدەست بهێنێت، دەبووایە بچێتە موسڵ، چونکە ئەو کاتە و ئێستاشی لەگەڵدا بێت (بەپێی ماددەی ١٤٠) قەزای ئاکرێ سەر بەشاری موسڵ بووە. ئەم قۆناغەی مەکتەبی کچان لەئاکرێ و نەبوونی پۆلی شەش، تاکو پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو بەردەوام دەبێت، تا ئەو کاتەی (شاکر فەتاح) وەکو سەرۆک شارەوانی و قایمقامی قەزای ئاکرێ دەستبەکار دەبێت.

خەیریە ڕەشید حاجی حەسەن، کە لەئێستادا تەمەنی لەسەرووی ٨٥ ساڵیدایە، باسی ساڵانی سییەکانی ئاکرێ دەکات و دەڵێت: «ئاکرەیی ئەوکاتە کەم کچی خۆیان دەنارده قوتابخانە، کچەکان زیاتر فەلە و جوو و موسڵاوی بوون. کۆمەڵی ئەوکاتی ئاکرێ دەیانگوت ئێمە کچ نانێرینە قوتابخانە، دوایێ لەدەست دەردەچن و بێئەخلاق دەبن، بەڵام باوکی من، خوالێیخۆشبێت، کەسێکی پێشکەوتنخوازبوو، ئاوا بیری نەدەکردەوە، لەلای ئەو هیچ جیاوازییەک لەنێوان کچ و کوڕدا نەبوو» خەیریە ڕەشید، دوای سێ ساڵ لەکردنەوەی

**واجیدە هیبەتوڵڵا، پێشەنگی کچانی خوێندەواری ئاکرێیە و پاش چوونی بۆ قوتابخانە، ئینجا خەڵکی دەڤەرەکە کچانی خۆیان ڕەوانەی مەکتەب کرد**

قوتابخانەکە، ساڵی ١٩٣٩ وەکو گوێگر دەچێتە (قوتابخانەی ئاکرێی یەکەمی کچان) و لەو کاتەدا زیرەکترین کچە قوتابی ئاکرێ بووە. ئەو ژنە خوێندەوار و بەتەمەنەی ئاکرێ، لەماڵی یەکێ لەکوڕەکانی لەشاری ئاکرێ قسەی بۆ کردین و گوتی: «ساڵی ١٩٣٩ وەک گوێگر لەقوتابخانە وەرگیرام و لەگەڵ خوشکەکەی گۆرانبێژ (شەماڵ سائیب) کە ناوی (پەروەر) بوو بەیەکەوە لەیەک پۆل دەمانخوێند و زۆریش یەکترمان خۆشدەویست»

ئاکرێیە بەتەمەنەکان تاکو ئێستاکەش ستایشی (شاکر فەتاح) دەکەن کە چۆن لەناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو لەدوای هاتنی و دەستبەکاربوونی وەک قایمقامی شارەکە، ئاکرێی لەهەموو ڕوویێکەوە بووژاندۆتەوە، بەڵام پێش هاتنی ئەو و زووتر، وەکو ئەوەی هەر لەسەردەمی مەلەکییەوە بیانەوێت ئەو شارە دڵفڕێن و مێژووییەی بادینان زیاتر بەکلتوور و کەسێتی دەڤەری سلێمانی و گەرمیان ئاشنا بکرێت، زووتر (جەلال سائیب) باوکی (شەماڵ سائیب)ی گۆرانبێژ قایمقامی ئاکرێ بووە و دواتر شاکر فەتاح ڕەوانەی ئاکرێ دەکرێت.

خەیریە لەبارەی (شاکر فەتاح)ەوە دەڵێت: «شاکر فەتاح ئاکرێ و خەڵکەکەی زۆر خۆشدەویست، زۆر هاموشۆی ماڵی بابمی دەکرد و دۆستی براکەم (ئەکرەم) بوو. لەیەککاتدا سەرۆک شارەوانی و قائیمقامی ئاکرێ بوو. سیپە ئەو نۆژەنی کردەوە و ئاوای لێکرد، سەرێ گری و زۆر شوێنی دیکەی ئاکرێ لەسەردەمی ئەو چاک کرانەوە و بنیاتنران».

خەیریە لەگەڵ واجیدەی کچی موفتی ئاکرێ کەسی نزیکی یەکدین، واجیدە ژنبرای خەیریە بووە و خەیریەش ژنبرای واجیدەیە، خەیریە دەڵێت: «مەسەلەکە ژن بەژن نەبوو، هەردوولا لەیەککاتدا بگوازرێینەوە و لەجیاتی یەکدی بەبووک چووبین، بەڵام دواتر وایلێهات». خەیریە گوتیشی: واجیدە هەم ئامۆزای دایکمە، هەم بابی واجیدە مامی دایکم بووە.

دەتوانین ئەوە بڵێین: «ئەگەر قوتابخانەی کچان لەئاکرێ بەهۆی ناردنی واجیدە لەلایەن باوکییەوە کرابێتەوە، ئەوە کردنەوەی پۆلی شەشی سەرەتایی کچان و تاقیکردنەوەی بەکالۆریاش لەسەر خاتری خەیریەی ژنبرای واجیدە بووە!».

وەک (خەیریە ڕەشید)، ئاماژەی پێدا، پاش ئەوەی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی تەواو دەکات، بەهۆی نەبوونی پۆلی شەش لەئاکرێ، براکەی (دکتۆر فازیل) کە ئەودەم لەکەرکووک دەیخوێند، دەیباتە لای خۆی لەکەرکووک و ماوەی هەفتەیەک لەوێ دەخوێنێت، بەڵام دواتر بەهۆکاری کاروباری خێزانی و سەرپەرشتیکردنی دایوبابی دەگەڕێتەوە ئاکرێ و ماوەی چوار ساڵ لەماڵ دادەنیشێت.

قوتابخانەی کچانی ئاکرێ بەوجۆرە دەمێنێتەوە تاکو هاتنی قایمقامی تازە (شاکر فەتاح) خەیریە دەڵێت: «شاکر فەتاح بەهۆی تێکەڵاوی لەگەڵ ماڵی بابم و براکەم، لەسەر خاتری من پۆلی شەشی سەرەتایی لەئاکرێ بۆ کچان کردەوە، ئێمە ئەو ساڵە تەنیا چوار کچ بووین و شاکر فەتاح بۆ ئەو چوار کچە پۆلی شەشی کردەوە، ئینجا پاش ئەوەی هەر یەکەمان چەندین ساڵ لەماڵ دانیشتبووین، هەر ساڵی یەکەم لەتاقیکردنەوەی بەکالۆری هەر چوارمان دەرچووین و نمرەی من لەسەر ئاکرێ و دەوروبەری، لەهەمووان باشتر بوو» خەیریە ئەوەشی گوت: هەموو کەسێک زیرەکە، ئەگەر هەوڵ و کۆشش بکات، بۆیە وەکو ئەو گوتی: «من ڕەغبەتم هەبوو و لەوانی دیکە زیاتر تێکۆشام، هەر لەبەر ئەمەش ڕێژەی نمرەکانم لەسەدا ٨٨ بوو کە بۆ ئەو کاتە گەلەک زۆربوو»

جلوبەرگی ئەوکاتەی قوتابخانەی کچانی ئاکرێ، یەکپۆشی «سەدریە و یەخە و قردیلەی سپی بوو، کچەکان پرچیان بەدەرەوە بوو، باڵاپۆش نەبوون» بەڵام وەکو خەیریە گوتی: «پاش ئەوەی پۆلی پێنجم تەواوکرد، چوارساڵ لەماڵ دانیشتم تاکو پۆلی شەش کرایەوە، ئەوکاتەش تەواو گەورە ببووم، براکەم (ئەکرەم) گوتی ئاکرێ بچووکە و خەڵک ئێمە دەناسی و پێویستە عەبا لەسەرکەی، بۆیە من لەپۆلی

**“ ساڵی ١٩٣٦ یەکەمین قوتابخانەی کچان لەئاکرێ لەگەڕەکی چوستەیی (گەڕەکی جووەکان) کراوەتەوە ”**





شەش عەبام بەسەر خۆمدا دا».

خەیریە ئاماژەی بەوەشدا، لە ئاکرێ بەشی زۆری کچەکان تا پۆلی چوار و پێنجیان دەخوێند و پاشتر لەماڵەوە دەیانگەڕاندنەوە و بەشوویان دەدان، بۆیە تەنیا چەند کچێکی بەژمارە کەمی وەکو خۆی و خوشکی گەورەی (فەزیلە) و لوسیە وەزیر و هند محەمەد عەلی کوردی و واجیدە توانیان پۆلی شەشەم تەواوبکەن. خەیریە دواتر خۆیشی وەکو تەواوی هاوپۆل و دەستەخوشەکانی، پاش ئەوەی ساڵی ١٩٥٢ و ١٩٥٣ پۆلی شەشەم تەواو دەکات، بۆ ساڵی دواتر ١٩٥٤ لەگەڵ (محەمەد شوکری) کوڕەکەی موفتی ئاکرێ پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام دەدات.

“
**ئێمە ئەو ساڵە تەنیا چوار کچ بووین، شاکر فەتاح بۆ ئەو چوار کچە پۆلی شەشی کردەوە**
”

خەیریە ئەگەرچی تەمەنی لەنەوەت ساڵ نزیک بووەتەوە، بەڵام تاکو ئێستاکەش بەشێکی زۆر لەو هۆنراوانەی لەبیرماوە، کە لەقۆناغی سەرەتایی لەبەری کردوونە، هاوکات باسی لەهەندێک لەهاوپۆلەکانی و یادەوەرییەکانی ئەو کاتە کرد و گوتی: «ئەو کچانەی ئەوکاتە پێکەوە دەمانخوێند، ئەو هێندەی لەژیاندا ماوین، تاوەکو ئێستاکە هەواڵپرسین و تەلەفۆنکردنمان لەنێواندا ماوە».

ئەو ژنە بەتەمەنە ئاکرێیە، کە وەختایەک زیرەکترین کچی شارەکەی بووە، دواجار هاتە سەر باسکردنی خانەوادەکەی و گوتی: «ئێمە خانەوادەیەکی خوێندەوار و شۆڕشگێڕ بووین، خوشک و براکانم هەموو خوێندەوار بوون، خۆم شووم بەکوڕی موفتی ئاکرێ کرد، فەزیلەی خوشکم هاوسەری موقەدەم عەزیز عەقراوی بوو (هاشم عەقراوی) مامم، کەسایەتییەکی دیاری ئاکرێ و بادینان بوو، مامێکی دیکەم، سەردەمی مەلەکی و ساڵی ١٩٣٥ لەسەر کوردینی لەبەردەم قشلەی ئاکرێ لەسێدارە درا».

بنەماڵەی موفتی لەئاکرێ، بنەماڵەیەکی زانستخواز و ئەدەب دۆست و خانەدانی بادینانن، ماوەی ٢٠٠ ساڵ مەلا و موفتی بووینە لەکوردستان و عێراقدا (مەلا یەحیا مزووری) باپیرە گەورەیان کەسێکی بەناوبانگی دەڤەری بادینانە و چەندین پەرتووکی دانراوی هەیە، لەدوای خۆیشی کوڕەکەی (ئەحمەد سەعید) یەکێ لەهۆزانڤانە دیارەکانی ناوچەکەیە، پاشتریش (هیبەتوڵا)ی کوڕی کە موفتی ئاکرێ بووە، دەستپێشخەری لەکردنەوەی قوتابخانەی کچان دەکات و کچەکەی (واجیدە) دەنێرێتە قوتابخانە.

بنەماڵە دیارەکانی کوردستان، وەکو بنەماڵەی مەلافەندی لەهەولێر، مەلای گەورە لەکۆیە، ماڵی وەسمان پاشا و عادیلەخانم لەهەڵەبجە، بەرزنجەکان و ماڵی شێخ مەحموود لەسلێمانی، زۆر بنەماڵە و ماڵی دیکەی کوردستان، وەکو بنەماڵەی موفتی لەئاکرێ و بادینان، بۆچی نەیانتوانی بەردەوامی بەو ڕێ و ڕێبازەی باپیرانیان بدەین و لەدەسەڵات کەوتن؟ چونکە بنەماڵەیەکی دیاری وەکو ماڵی مەلافەندی لەهەولێر، ماوەی ٦٠٠ ساڵ حاکمی سیاسی و دینی و ئیداری هەولێربوون و دواتر ئەم مێژووە چۆن ئاوا پێچرایەوە و سووک و ئاسمان لەبەرچاوان ون بوون؟! بنەماڵەیەکی دیاری وەکو (مەلا یەحیا مزووری) بۆچی پاش ٢٠٠ ساڵ لەبادینان ناووناوبانگیان نەما؟

بڵند محەمەد شوکری هیبەتوڵا، کە دەکاتە کوڕە گەورەی (خەیریە ڕەشید) و نەوەی موفتی ئاکرێ، بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە گوتی: «ئێمە لەبەغدا دەژیاین، ماڵی باوکم (محەمەد شوکری) لەگەڕەکی وەزیریە لەخۆشترین شوێنی بەغدا بوون، بەڵام بەهۆی کوردبوون و کوردایەتییەوە،

## بنەماڵەی (مەلا یەحیا مزووری) ماوەی ٢٠٠ ساڵ لە ئاکرێ و دەڤەری بادینان، مەلا و موفتی بوونە

باوکم ماڵی هێنایەوە ئاکرێ و لێرە بووە موفتی و کەسایەتییەکی دیاری ناوچەکەش بووە، پاشتر حوکمی مەلەکی گۆڕا و بووە کۆماری، دواتر کودەتا بەردەوامەکانی عێراق، هەرچی دەشهات لەوەی پێشەخۆی زیاتر دژی ڕەسەنایەتی و بنەماڵە دینی و ناودارەکان بوو، بۆیە دونیاکە گۆڕا و هەمووان بەجارێ بوونە دژی مرۆڤی باش و بلیمەت» ئەو نەوەیەی موفتی ئاکرێ، گوتیشی: «مرۆڤی ناودار و ئایینی، سەرباری لایەنە عیلمییەکەی، مەرجە پارە و موڵکیشی هەبێت، ئێمەش لەزۆر کۆنەوە موڵک و پارەمان هەبووە، منداڵەکانی مەلا یەحیای مزووری بەناوچەکانی ئامێدی و بامەڕنێ و ئاکرێ و موسڵ و بەغدا و تەواوی ناوچەکاندا بڵاوببوونەوە، دواتر هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی ڕوویدابێ، ئێمە باجەکەیمان داوە و بەشێک لەموڵکەکانمان دەستی بەسەردا گیراوە، ئێمەش لەهیچ قۆناغ و سەردەمێک بەشداری کاری سیاسی نەبووینە«.

ئەو نەوەیەی موفتی ئەوەشی گوت کە «ئەو سیستەمەی ئێستاکە، خەڵکی غولام دەکاتە بنەماڵە، ئەوانەشی پێشتر بنەماڵە بوون، ڕەشی دەکەنەوە و لەناوی دەبەن».

هێژای گۆتنییە، موفتی ئاکرێ (هیبەتولا ئەحمەد سەعید) کە هاوکات ئەندامی ئەنجوومەنی پیران (مەجلیس ئەعیان) بووە لەپەرلەمانی عێراقیشدا، ساڵی ١٩٥٥ وەفات دەکات. کچەکەشی (واجیدە هیبەتولا) لەدایکبووی ١٩٢٧ پاش ئەوەی لەتەمەنی ٩ ساڵی لەسەر داوای باوکی دەچێتە (مدرسە عقرە اولی للبنات) تاوەکو قوتابخانەی کچان لەئاکرێ بکەوێتە سەرپێ و خەڵکی دیکەش کچی خۆیان ڕەوانەی قوتابخانە بکەن، دواتر (واجیدە)ش وەکو زۆربەی هاوپۆلەکانی دیکەی، پاش ئەوەی قۆناغی شەشی سەرەتایی دەبڕێت، لەگەڵ (سەلاح ڕەشید حاجی حەسەن) هاوسەرگیری دەکات و بەرهەمی ئەو زەواجەشی هەشت منداڵ دەبێت. واجیدە ساڵی ١٩٩٦ لەتەمەنی ٦٩ ساڵیدا وەفات دەکات و تەرمەکەشی هەر لەشاری ئاکرێ دەنێژرێت.

**“ ئاکرێیە بەتەمەنکان تاکو ئێستاکەش ستایشی (شاکر فەتاح) دەکەن، کە وەکو قایمقامی شارەکە، ئاکرێی لەهەموو ڕوویێکەوە بووژاندۆتەوە ”**



# بیبلیۆگرافیای گۆڤاری دیوان و سەرنجێک

لەیەک ساڵی تەمەنی گۆڤاری دیـوان-دا کتێبی (گۆڤـاری دیـوان، لـە یـەک سـاڵی تـەمـەنیدا) کە پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر ئەحمەد حەمەدەمین بە قەبارەی ١٢٠ لاپەرە ئامادەی کردووە، کەوتە بەر دیدی خوێنەران.

ئەمەش یەکێکە لە کارە جوانەکانی دکتۆر، لەکاتێکدا ئیشکردن لە کاری بیبلیۆگرافیادا سەلیقە و لێزانی و وەستاییەکی باشی دەوێت، دکتۆر ئەحمەد-یش بەسەلیقە و شـارەزایی و پسپۆڕی خۆی لەو بـوارەدا، بە ووردی و جوانی کـاری لەسەر کردووە و ماندووبوون و شەونخونی پێوەدیارە، دەستخۆشی لێ دەکەم.

بـەڵام ئـەوەی من لـێرەدا دەمـەوێت باسی بکەم، ئەوەیە کە دوای خوێندنەوەی هەر سەد و بیست لاپەرەکەی یەک دوو سەرنجم لام دروست بوو، حەزدەکەم لێمی قبوڵ بکەن.

هەرچەندە لە کۆڕی یەک ساڵی تەمەنی دیواندا سەرنجەکانی خۆم خستە بەرچاوی هەموو لایەک، بـەڵام دکتۆر ئەحمەد گوتی ئـەو سەرنجەی تۆ وەڵامەکەی لای برای بەڕێزم سمکۆ عەبدولکەریم-ە کە سەرنووسەری گۆڤارەکەیە، بۆیە من چاوەڕوان بووم لە ژمارەی دوایی ڕوونکردنەوەیێک بدەن، بـەڵام کە نـەبوو، من ئـەو ڕوونکردنـەوەیـەم بە پێویست زانی.

هەر لەژمارە یەکەوە، تا ژمارە دووانزەی گۆڤاری دیوان، بە شانزە بابەت و نامەیەکی دۆکیۆمێنتی بەشداری ئەو گۆڤارەم کردووە.


لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەو چوار بابەتە و ئەو نامەیەی پەشێوی شاعیر بکەم، کە لە ژمـارە (٨ و ١١)ی گۆڤـاری دیـوان بـڵاوکـراونـەتـەوە، کە دەبوایە دکتۆر ئەحمەد لە بیبلیۆگرافیاکەدا ئاماژەی بەوە کردبوایە، کە ئەم نامەیە و ئەو بابەتانە لە ئەرشیفی ستار مەحمەدئەمین وەرگیراوە، نەک گۆڤاری دیوان.

لە ژمارە (١١)ی گۆڤاری دیوان، لە تەوەری جووەکان، بابەتەکانی (جووەکان، کە هێشتا لەهەلێربوون) کە وەکو وتاری دکتۆر مارف خەزنەدار بڵاوکراوەتەوە، هـەروەهـا (دانـیـال قـەسـاب) یـەکـەم نیگارکێشی کوردستان، کە ئەمیشیان هەروەکو وتار بەناوی فەرهاد پیربال بڵاوکراوەتەوە، بابەتی (کوردبوونی جووەکانی هەولێر)یش کە ئەمیشیان هەروەکو وتـار بە نـاوی (نـەژاد عەبدوڵڵا) بـڵاوبووەتـەوە، دواین بابەتیش کە بەناوی (یەهوودییەکان نەوەی یەهوودان) مەلا ئەحمەد وەرتی.

هەموو ئەو بابەتانە وەکو لە پاراوێزیاندا لە گۆڤاری دیوان ئاماژەیان بۆ کراوە، لە بنچینەدا بریتی بوونە لە دیـداری ستار محەمەدئەمین لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی دیکۆمێنتاری بۆ تەلەفزیونی گەلی کوردستان- هەولێر ئامادەکراوە.

بۆیە دەبوایە لە بیبلیۆگرافیاکەدا بە ناوی منەوە بێت، نەک گۆڤاری دیوان، لەبەر ئەوەی، ئەو دیمانانە هەر هەموویان لەساڵی ٢٠٠٨ من ئەنجامم داون.

**ستار محەمەدئەمین**




# سەبارەت بە نازناوی مەزن

ئەوانەی بنەماڵەکەمان دەناسن، دەزانن کە نازناوی (مەزن) پشتاوپشت لە بابوباپیرانمانەوە لۆ ئێمە مایتەوە، مەبەستمە بڵێم، لەسە کێشی (لەنینی مەزن) هەڵمنەبژاردیە.

باوکم (سمایل مەزن) مامم (حەمەد مەزن) باپیرانم، هەروا براکانم بەو نازناوە ناسراینە.

ئەمن لۆخۆم لەسەرەتای حەفتاکانەوە لە بواری نووسین و کاری سیاسی نێوی (سەڵاح مەزن) بەکاردێنم، جگە لەوەی نەمهێشتییە ناسنامەی بنەماڵەکەمان بزر بی.



سەبارەت بە نازناوی
«مەزن»

ئەوانەی بنەماڵەکەمان دەناسن، دەزانن کە نازناوی «مەزن» پشتاوپشت لە بابوباپیرانمانەوە، لۆ ئێمە مابێتەوە، مەبەستمە بڵێم لەسەکێشی «لەنینی مەزن» هەڵمنە بژاردیە.
باوکم «سمایل مەزن»، مامم «حەمەد مەزن»، باپیرانم، هەروا براکانم بەو نازناوە ناسراینە.
ئەمن لۆخۆم لەسەرەتای حەفتاکانەوە، لە بواری نوسینەو کاری سیاسی نێوی «سەلاح مەزن» بەکاردێنم، جگە لەوەی نەمهێشتییە، ناسنامەی بنەماڵەکەمان بزر بێ، هەروا وامکردبیە بە زیندوی و درەوشاوەیی بهێنینەوە.
سودیشم لێی وەرگرتییە، لەکۆڵ ناوە عەرەبییەکان بویمەوە، ناوەکەم لەسەر زار خۆشتر بوو، لەلایەکیدی لە ڕۆژانی سەختی زەمەنی دیکتاتۆری پێشوودا، بەهۆی ئەوەی لەسەر پسولەکانم، لە دۆسیەی فەرمی و دەزگا ئەمنییەکان بەناوی سێینە تۆمارکرابووم، لە سەیتەرەو مەفرەزەکان پارێزراو بووم.
سەبارەت بە وشەی مەزن مێژوونوسی ڕەوانشاد «زوبێر بیلال ئیسماعیل»، لە دەستنوسی کتێبێکی خۆیدا، بەنێوی «تأريخ قبيلة بلباس الكوردية» وای باسدەکا:
(ئەوکەسەی سەرۆکایەتی چەند تیرەو هۆزێکی عەشیرەتی «بلباس» دەکا، پێی دەگوترێ «مەزن».)
بەڵێ باولیشم پیاوێکی مەزن بوو، نەک بە پارەو موڵک و سامان بەڵکو بە ڕابردوی جوان و هەستی جوانی خاک و نەتەوە خۆشویستن، پاک و ڕاستگۆ بە مانای وشە.

سەلاح مەزن

سوودیشم لێی وەرگرتییە، لەکۆڵ ناوە عەرەبییەکان بوویمەوە، ناوەکەم لەسەر زاری خۆشتر بووە، لەلایەکیدی لە ڕۆژانی سەختی زەمەنی دیکتاتۆری پێشوودا، بەهۆی ئەوەی لەسەر پسوولەکانم، لە دۆسیەی فەرمی و دەزگا ئەمنییەکان بەناوی سێینە تۆمارکرابووم، لە سەیتەرە و مەفرەزەکان پارێزراو بووم.

سەبارەت بە وشەی مەزن مێژوونووسی ڕەوانشاد (زوبێر بیلال ئیسماعیل) لە دەستنووسی کتێبێکی خۆیدا، بەنێوی (تاریخ قبیلة بلباس الکوردیة) وای باسدەکا: (ئەو کەسەی سەرۆکایەتی چەند تیرە و هۆزێکی عەشیرەتی بلباس دەکا، پێی دەگوترێ مەزن)

بەڵێ باویشم پیاوێکی مەزن بوو، نەک بە پارە و موڵک و سامان، بەڵکو بە ڕابردووی جوان و هەستی جوانی خاک و نەتەوە خۆشویستن، پاک و ڕاستگۆ، بە مانای وشە



سەڵاح مەزن

## لە دەفتەری نەمریدا



**هونەرمەند گۆڤار ئەنوەر (١٩٧٨ – ٢٠٢٢/٨/٢٠)**

## عەبدولخالیق مەعرووف:

# ئارەزووی ئێستام ئەوەیە، ژیانێکی مام ناوەندی بۆ منداڵەکان بەدەست بێنم


شەهید عەبدولخالیق مەعرووف

چل و چوار ساڵ دەگەڕێینەوە دواوە و ڕێک لە ساڵی ١٩٧٨، بە یەکەوە جارێکی دیکە ئەو قسانەی شەهید عەبدولخالیق مەعرووف دەخوێنینەوە، کە سەبارەت بە کتێبە زانستییەکەی (ئەنتێنا) و پرۆژەی داهاتوویی و ئارەزووەکانی خۆی قسە دەکات.

لەبەر ناوداری ئەو کەڵەپیاوەی کورد، بەباشمان زانی ئاوڕ لەو گوتانەی بدەینەوە و بیخەینەوە بەرچاوی خوێنەران.

ئەنتێنا وشەیەکی لاتینییە، بە گەیێنەرێک دەگوترێت، کە شەپۆلی ئەلیکترۆماگنەتیک، واتە ئەو شەپۆلانەی لە هەوادا بڵاودەکرێنەوە، بەهۆی ئێزگەی نێرەر بڵاوبکا و لە ڕادیودا- دەزگای وەرگر- وەربگری.

ئەم گەیێنەرەش بە پێی پێوانەی تایبەتی ئەندازەی درێژی و بەرزی لە زەویدا بۆ هەر (شەپۆل)ێک دیاری دەکرێ.

ئەنتێنا جۆری زۆرن، هەیە بۆ شەپۆلی ناوەڕاست و درێژ، هەیە بۆ شەپۆلی سەروی کورت.

بۆ هەریەک لەم شەپۆلانە، چەند جۆر هەیە بەکاردەبرێ بە پێی زروف و جێگە. ئەنتێنا هەیە بۆ ئاراستەکردنی ناوچەیێک، یاخود شوێنێک بەکاردەبرێ بۆ ئەوەی ئەم شوێنە بە چاکی ئێزگەکە وەربگرن، وەک ئەنتێنای (فی) و ئەنتێنای (رومێک) یا وەک ئەنتێنای تەلەفزیون بۆ ناردن و وەرگرتن سوودیان لێ وەردەگرێ.

بەڵام هەر جۆرە (ئەنتێنا)یێک پێوانەی تایبەتی هەیە بۆ دروست کردن و دامەزراندنی، بەبێ ئەو پێوانانە ئەنجامی باش نابێ، دیسان بە زمانی ئینگلیزی پێی دەگوترێ ئەریال AERIAL هەوائی. لەبەر ئەوەی لە زۆر، لە زمانەکانی جیهان ناوی ئەبەن بە ئەنتێنا، بۆیە منیش سەردێری نامیلکەکەی خۆم




بەم ناوە هەڵبژاردوە.
لە ساڵی ١٩٥٣دا خوی خۆم داوەتە کارەبا و لەو مەعهەدانەی لەو سەردەمیدا هەبوون بەشداریم کردوە، بە نووسین و ئالوگۆری نامە، یەک لەوان مەعهەدی عومان لە ئوردن، کە سوودێکی زۆرم لێی وەرگرت لە کاتی خۆیدا. لەبارەی ئەنتێناوە بە تەواوی لە ساڵی ١٩٥٨ بەرەنگاری بوم و تا ئێستا هەر خەریکم، بڵاوکراوە و کتێب لە بارەی دەخوێنمەوە و زۆریشم هەوڵداوە خوێندنەوەکانم بە کردەوە جێبەجێیان بکەم، بەڵام کۆسپ و تەگەرە هاتوەتەپێش لەوانە: دەست نەکەوتنی دەزگایێک بۆ پیوانەی چاکی و خراپی ئەنتێنا، کە بەکاردەبرێ و پێی دەڵێن پێوەری مەودای هێز. لە لایێکی دی ئەو شەپۆلانەی لێرە بەهێز بوون شەپۆلی ناوەڕاست بوون، کە کورت ترین ئەنتێنای پێویست لە ئەنتێنای ئەستونی چواریەکە شەپۆلە، چواریەکە شەپۆلیش بۆ شەپۆلی ناوەڕاست (٥٣٠- ١٦٠٠) کیلوهیرتز بڵندی لەنێوان (١٣٥-٤٣) مەتردایە.

ئەمەش جێبەجێکردنی ئاسان نییە بە نیسبەت جۆرەکانی تری ئەنتێنا، وەک ئێل وتی لەوێشدا تواندراوە هەشتێکە شەپۆل و دەیێکە شەپۆل بەکاربیرێ، ئەمەش بە تەواوەتی ئەنجام دەست ناخا لە ڕاستیدا زۆر خۆم لەگەڵ ئەنتێنا ماندوکردوە، تا ئەوها بگەمە ئەنجامێک کە خراپ نییە. لە ئەنجامی تاقی کردنەوەی ئەنتێنا ئەنتێناییکم بۆ سازبو، کە باشیش بوو، لە کتێبەکان و بڵاوکراوەکانی بەردەستم ئەوەبو نەم دیبوو، نەشم دەزانی ئەم ئەنتێنا تازەیە ناوبنێم چی. بەڵام لە ساڵی ١٩٧٥ دا نامیلکەیێکی ئەڵمانیم بەردەست کەوت بە ناوی: (ئەنتێنا بۆ ئێزگەی رادیۆ و تەلەفزیۆن وەرگر) لەم نامیلکەیەدا باسی ئەم ئەنتێنایە دەکرێ و ناوی دەبرێ بە (ئەنتێنا یەک تەلی لار) پتر لەمە بەسێ تەلی تاقی کراوەتەوە و لە نامیلکەی ئەنتێنادا ناوبراوە بە (ئەنتێنای سێ تەلی لار)
* بەرهەمی ئایندەم کتێبێکە دەربارەی (تەکنیکار) لە بارەی چۆنیەتی پەیدابونی (ماگنیت=موگناتیس) و کارەبا و ئەی سی و دی سی و لەمپا و ترانزیستور و دەزگای رادیۆ و گەورەکەری دەنگ و ترانسیفە، زۆر دەزگای تری ئەلیکترو بازنەکانی و هەمو ئەو پێوانانەی بەکاردەبرێن بۆ دروست کردنی ئەم دەزگایانە و ماگنەتیک، ئێستا ئەم کتێبە لەبەر دەستمدایە و پاکنوسی دەکەم و نزیکەی ٤٠٠ لاپەڕە دەبێ لەگەڵ نمونە و نەخشەکانی دەزگاکان.
* دەڵێم مەبەست و ئارەزو و ئاوات بەپێی چەرخ و کات و مرۆڤ دەگۆڕێ، مرۆڤیش تاقەیەک دڵخواز و ئارەزوی نییە، بەڵکو ئاواتەکانی یەجگار زۆرن، یەک لەدوای یەک بە پێی زروف وەدەردەکەون. جا ئارەزووی ئێستام ئەوەیە کە ژیانێکی مام ناوەندی بۆ منداڵەکان بەدەست بێنم و ئەوەندەی لە دەستم بێ پێیان بخوێنم، نازانم پاش ئەمە ئارەزوم چی دەبێ! هیوا و ئارەزو زۆرن، وەک لە پێشەکی کتێبی (تەکنیکار)دا نووسیومە.

*** ئەم بابەتە لە ژمارە (٤١٣)ی ساڵی ١٩٧٨-ی ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکراوەتەوە و لە ئامادەکردنی (عەبدولغەنی عەلی یەحیا)یە**


# سالۆنی لاپەڕە (٩)




**شەممە ٢٠٢٢/٧/٢٣**

بەئامادەبونی ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنوسان و نوسەران لەسالۆنی لاپەڕە (٩) دەزگای ستاندەر کۆڕێکی بۆ مەسعوود عەبدولخالیق بەناوونیشانی (چارەنووسی هەرێمی کوردستان لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەژێر ڕۆشنایی لوتکەی جەددە و حەوتەمین لووتکەی سێ قۆڵی تاران) سازکرد.





**شەممە ٢٠٢٢/٧/٣٠**

لە درێژەی چالاکییەکانیدا، سالۆنی لاپەڕە (٩)ی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) بەئامادەبوونی ڕۆژنامەنوسان و ڕۆشنبیران و نوسەران، کۆڕێکی بۆ نووسەر و ڕۆژنامەنوس محەمەد گۆران لەبارەی ناساندنی کتێبی میر محەمەدەمین دەرگەڵەیی سازکرد.



**شەممە ٢٠٢٢/٨/٦**

لە درێژەی چالاکییەکانیدا، سالۆنی لاپەرە (٩) ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) بەئامادەبوونی مامۆستایانی زانکۆ و ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسان، کۆڕێکی بۆ دکتۆر ئەیوب سماقەیی بەناوونیشانی (ناساندنێکی ئابووریانەی سۆشیال دیموکرات) سازکرد.






**شەممە ٢٠٢٢/٨/١٣**

لەدرێژەی چالاکییەکانیدا، بەئامادەبونی ڕۆشنبیران و نووسەران و ڕۆژنامەنووسان سالۆنی لاپەرە (٩)ی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) کۆڕێکی بۆ نوسەر و ڕۆژنامەنوس سەرتیب جەوهەر سازکرد بۆ خستنەڕوو و ناساندنی کتێبی خاکی ڕەش.




**شەممە ٢٠٢٢/٨/٢٠**

لە درێژەی چالاکییەکانیدا، سالۆنی لاپەرە (٩)ی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) بەئامادەبونی نوسەران و ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنوسان کۆڕێکی بۆ نوسەر هەڤاڵ کوێستانی سازکرد بۆ خستنەڕوو و ناساندنی کتێبی (ئافرەت و ژانی لەدایکبوونێکی نوێ).

REKLAM

بۆ زانینی نوێترین هەواڵ و راپۆرت و زانیاریی دروست، بینەر و بیسەر و خوێنەری کەناڵ و ئێستگە و چاپکراوەکانی مەکتەبی راگەیاندنی ی.ن.ک بن و لایک و شێری بابەتەکانمان بکەن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی فەیسبووک و تویتەر و یوتیوب ئینستاگرام و تیلیگرام تا هەمیشە لە پەیوەندیدابین لەگەڵتان.



# گۆڤاری (دیوان) ڕەنگی هەموو ڕەنگەکانە

هەرجارەی گۆڤاری (دیوان) لە چاپخانە دێتەوە، ئەوە بێجگە لەوەی پێی دڵخۆشدەبم، کە دەبینم ئەم گۆڤارە هەموو مانگێک لەکات و ساتی خۆیدا دەردەچێت، دڵخۆشتریشم کە دەبینم سیمای هەموو قەڵەمە ڕەنگاوڕەنگەکانە.
دیارە بۆ ئەمڕۆ، دەرچوونی گۆڤارێک، یان ڕۆژنامەیەک، کە لە کوردستان دەردەچێت، ئەگەر لەگەڵ خودی خۆماندا ڕاستگۆبین، لێک جودابوونەوەیەک لە هزر و بیرکردنەوەی حیزبیانە لەناو نووسەران خۆی مەڵاس داوە، کە دەکرێت ناوی بنێین جۆرێک لە (توندڕۆیی)
هەندێک نووسەر هەن لەبەر (توندڕۆیی) حزبیانەوە، یان لەبەر بەرژەوەندی گوزەرانی ژیانیان ئامادەنین، یان ناوێرن لە چاپەمەنییەکی غەیرە حزبەکەی خۆیان بنووسن، یان بەشداری لە کۆڕێکی ئەدەبی و هونەری غەیرە حزبەکەی خۆیان بکەن.





گوتم: (هەندێک لەمانە) بەڵام ڕەنگە هەندێکی دی قەڵەمەکەی خۆیان خۆشتر بوێت لە ئینتیمای حزب و دەنگوسەدای ئەو گۆڤارە، یان ڕۆژنامەیەشی لاپەسند بێت، واشی ببینێت، کە ئەو چاپەمەنییە هیچ بۆنێکی خراپی دژ بە حزبەکەی ئەوی لێنایێ و ئەوەی تیایدا دەنووسرێت تەنیا داهێنانی ئەدەبی و شیعر و هونەر و نووسینە پڕ لە بایەخەکانی ڕۆژە، زۆرینەی ئەو قەڵەمانەش، کە تێیدا دەنووسن ئەمڕۆ ئامادەباشیان لەسەر شتێکی نووسین هەیە.
ئەو دۆسیانەی لەسەر کەسایەتییەکانیش بڵاویدەکەنەوە دژی حزبەکەی ئەونین، بەپێچەوانەوە زۆرجار ناوهێنانی حزبەکەی ئەو لە ڕووداوەکاندا لە پێشەوەی هزری گۆڤارەکە، یان ڕۆژنامەکە دایە، بۆیە خەریکە ئەو دەرگا و پەنجەرەیە دەشکێنێت، کە ئەو بیرکردنەوە و تێڕوانینەی دوێنێی بەخۆوە گرتبوو.
گۆڤاری (دیوان) بە نموونەیەکی زیندووی ئەم تەجاوزکردنەی قەڵەم، کە هەرگیز بەلایدا ناچێت، بووەتە بوارێک تا هەموو قەڵەمە ڕەنگاوڕەنگەکان خۆیانی تێدا نەخش بکەن، ئەمەش لای من بیرکردنەوەی ئەوانەیە، کە بوونەتە سەرکارێکی زیرەکی ئەم گۆڤارە و گەیشتوونەتە ئەو باوەڕ و تێڕوانینە، کە بەرتەسکردنەوەی قەڵەمە ڕەنگاوڕەنگەکان نامانگەیەنێتە هیچ وێستگەیەک، کە بۆنی لێک جودابوونەوەی لێبێت.
ئەو چەند سەرە قەڵەمەی منیش لەخۆڕا نییە، لاپەڕەکانی گۆڤاری (دیوان) بەڵگەی سەلمێنەرن، بێشک ئەمەش بەشێکە لە خۆشحاڵییەکانی خوێنەر، لەدەست واڵاکردنی نووسەر لەڕووی دەربڕینی تەواوی هزر و دەربڕینی هەستە ئازادەکان، کە هەرگیز لە گۆڤاری (دیوان)دا ئەو ڕێگایەی لێناگیرێت، لە هەمانکاتیشدا تا ئێستاکەشی لەگەڵدا بێت هەندێک قەڵەم بەدەست هەن خوێندنەوەیان بۆ گۆڤاری (دیوان) تەنیا خوێندنەوەیەکی حزبییە، کە لە بنەڕەتدا ئەمە هیچ ڕاستییەکی تێدانییە و ئەوانە لەخت و خۆڕایی لای خۆیان دەڕنەگەی ئەوەیان لێداوە، چونکە ئەو پەیوەندە بە حزبێکیدیکەوە و نابێت نووسینەکانی، یان شیعرەکانی لەم گۆڤارەدا بڵاوبکاتەوە، چونکە ئەو شوێنەی لێی دەردەچێت لەگەڵ هزری ئەو ناگونجێت، کە ئەمەش لای نوسەری ڕاستەقینەی گەل بیرکردنەوەیەکی دڕدۆنگانەیە، نە خزمەت بەخۆی و نە خزمەت بە قەڵەمەکەشی دەکات، بۆ ئەویش بیرکردنەوەکانی خۆی ناگۆڕێت و چاو لە قەڵەمبەدەستەکانی حزبەکەی خۆی ناکات کە لەم گۆڤارە دەنووسن؟ ئەوەش دیار و سەلمێنەرە، کە ئەم گۆڤارە، گۆڤاری حزب نییە، بەڵکو گۆڤاری ئەو قەڵەمانەیە، کە تیایدا دەنووسن بە هەموو ڕەنگەکانەوە.

نازم دڵبەند